زنجیرەی کتێبی بەشی ڕۆشنبیری و هونەری بەحرکە (١)

ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی

دەڤەری مزووری باڵا



محەممەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری مزووری باڵا

محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)

زنجیرەی کتێبی ***بەشی رۆشنبیری و هونەری بەحرکە*** ـ سەر بە ***بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر/ هەولێر*** (١)

ناوی کتێب: ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری مزووری باڵا
نووسین: محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)
پیتچنین: نووسەر
دیزاینی بەرگ: هۆگر سدیق
دیزاینی ناوەڕۆك: مەهدی تەیب گویزی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٧٠٠٠ دینار
چاپخانە: ڕۆژهەڵات
ساڵ: ٢٠٢٠
چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٩٦٩)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

پێرست

- دەستپێك ٥
- سوپاس و پێزانین ٨
- ناوی مزووری لە چییەوە هاتووە؟ ٩
- دیرۆکی پەیدابوونی عەشیرەتی مزووری باڵا. ١١
- شوێنی نیشتەجێبوونی عەشیرەتی مزووری باڵا ٢٣
- ناسنامەی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا ٢٦
- دەڤەری مزووری باڵا لە ڕووی جوگرافییەوە ٤١
- دەڤەری مزووری باڵا لە ڕووی کارگێڕی(ئیداری)یەوە ٧٧
- پەیوەندیی مزوورییەکان بە شێخەکانی بارزانەوە ٧٩
- مزوورییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەندەران ٨٠
- شێوەزاری خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا ٩٢
- ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا ١٠٠
- مێژووی بەکارهێنانی دەرمانی کوردەواری لە دەڤەری مزووری باڵا ١١٦
- ڕۆڵی مزوورییەکان لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستاندا ١١٨
- پێگەی مزوورییەکان لە ناو عەشیرەتەکانی کوردستاندا ١١٩
- پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا ١٢٠
- ئایین و ئاییندارى لە دەڤەری مزووری باڵا ١٢٧
- ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە دەڤەری مزووری باڵا ١٣٧
- ناسنامە و زێدی زانایانی ئایینیی دەڤەری مزووری باڵا ١٤٥
- مێژووی قوتابخانە لە دەڤەری مزووری باڵا ١٥٨
- ڕۆڵی قوتابخانە لە دەڤەری مزووری باڵا ١٦٠
- ڕۆڵی ژن لە دەڤەری مزووری باڵا ١٨٣
- داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا ١٨٥
- ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ٢٠٩

- جلوبەرگی پیاوان ٢١٥
- جلوبەرگی ژنان ٢٢٠
- ڕاگواستنی زۆرەملێی مزوورییەکان ٢٢٢
- خۆراکە ڕەسەنەکانی کوردەواری ٢٤٠
- گەمە و یارییەکان ٢٤٤
- سەرچاوە دارایی و ئابوورییەکان ٢٤٥
- خانووبەرە ٢٧٣
- شێوازی دروستکردنی خانووبەرە ٢٧٩
- پیشە خۆماڵییەکان ٢٨٢
- بەکارهێنانی پارە لە دەڤەری مزووری باڵا ٣٠٦
- مێژووی ئاشی ئاو لە دەڤەری مزووری باڵا ٣١٢
- ئەڵبۆمی وێنەکان ٣١٧
- سەرچاوەکان ٣٤٢
- نووسەر لە چەند دێڕێکدا ٣٥٠
- کورتەیەك دەربارەی گروپی کۆمپانیاکانی تانج (TANJ Group).. ٣٥١

دەستپێک

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

نووسینەوەی مێژووی کەسێك یان بنەماڵەیەك یان هۆزێك یاخود نەتەوەیەك، ئەرك و بەرپرسیارەتییەکی مەزن و هەستیارە، بۆیە ئەو کەسەی دەستی بۆ دەبات، دەبێت پێش هەموو شتێك، کەسێکی ڕاستگۆ و ڕاشکاو و دادپەروەر بێت و، بەشێوەیەکی وردبینانە و واقیعبینانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات و لە ئاست ئەو بەرپرسیارەیەتەدا بێت و بتوانێ خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت و تەم و مژەکان بڕەوێنێتەوە و ڕاستییەکان وەك خۆی بخاتە ڕوو و زانیارییەکان بەئەمانەتەوە بگوازێتەوە و بیخاتە بەردەستی خوێنەر و وەرگر.

ئەم پەرتووکەی ئێستا لەبەردەستی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویستدایە، بەناوی (ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری مزووری باڵا)، بابەتێکی مێژوویی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییە، واتە زیاتر تیشك دەخاتە سەر لایەنە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە، بەڵام ئەمە کارێکی سانا نییە؛ چونکە تا ئێستا شتێکی وا لەسەر ئەو دەڤەرە نەنووساراوەتەوە، کە شایانی باس بێت و بتوانین وەك بەڵگەی نووسراو؛ پشتی پێ ببەستین.

هەڵبەت دەبوایە تا ئێستا بە دیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لەسەر ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئەو دەڤەرە بکرابایە، بەڵام بەداخەوە نەکراوە، بۆیە کورد وتەنی: زیان لە نیوەش بگەڕێتەوە، هەر قازانجە.

هەر لەو سۆنگەیەوە و، بۆ ئەوەی مێژووی کۆمەڵایەتیی ئەو دەڤەرە ون نەبێت، شانم داوەتە بەر ئەو مەسئولیەتە گرانە، چونکە یەکێك لە کێشەکانی گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو، ئەوە بووە: لە زۆر قۆناغی مێژوویدا، مێژووی خۆی نەنووسیوەتەوە و ون بووە.

زۆر جاریش نەیارانی کورد، بە ئەنقەست مێژووی ئێمەیان شێواندووە و ڕاستییەکانی دیزە بەدەرخۆنە کردووە!

بۆیە هەر گەلێك، خاوەن مێژووی خۆی نەبێت، ناتوانێت پەند و سەربۆر لە ڕابردووی خۆی وەربگرێت و ئێستا و ئایندەی خۆی لەسەر ئەو ئەساسە بنیاد بنێت.

هەڵبەت ئەم بابەتە، زیاتر بابەتێکی مەیدانییە تا تیۆری، واتە زیاتر پشتم بەو کەسە ژیرە بە تەمەن پیرانە بەستووە، کە کاتی خۆی لەوێ ژیاون، یان ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو دەڤەرەبوون، یاخود لە باب و باپیرانیانەوە بیستوویانە و لەسەر زاری ئەوانەوە بوویەر و بەسەرهاتەکانی ئەو دەڤەرەیان بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە.

هەروەها لەم کتێبەدا چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆر لەسەر ئەو دەڤەرە خراونەتە ڕوو، کە بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە و دەبنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ توێژەران و لێکۆڵەران و نەوەکانی ئایندە.

بۆیە لێرەوە دەمەوێ بە خوێنەرانی ئەم پەرتووکە بڵێم: ئەمە تەنیا لاپەڕەیەکە لە مێژووی ئەو دەڤەرە پان و بەرینە، واتە مشتێکە لە خەروارێك.

هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە سەرەتایەك، بۆ ئەوەی لاپەڕەکانی دیکەی مێژووی ئەو دەڤەرە بنووسرێتەوە و بخرێتە سەر خەرمانی مێژووی کورد و کوردستان، تاکوو سوودێك بە نەوەکانی ئێستا و ئایندەمان بگەیەنێت.

هەڵبەت یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا، بەرەوڕووی بوومەوە و تەنگی پێ هەڵچنیم، کەمی سەرچاوە و بەڵگە و دیکیۆمێنت بوو، لەسەر ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری مزووری باڵا.

بۆیە ئەگەر ناوی کەسێك، یان شوێنێکی ئەو دەڤەرە لەبیرکرا بێت و لەم کتێبەدا نەنووسرا بێت و ئاماژەی پێ نەکرابێت، بە مەبەست و بە ئەنقەس نەبووە، لەوما هیوادارم تەفسیری هەڵەی بۆ نەکرێت، چونکە هێشتا ئەمە نیوەی ڕێگایە، نیوەکەی دیکەی هێشتا ماوە.

لەم سۆنگەیەوە، داوا لە هەموو خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا دەکەم، نەخاسمە پیرە خاوەن ئەزموونەکان و گەنجە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانیان، کە هاوکار و پشتیوانم بن، لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکانی ئەو دەڤەرە، بۆ ئەوەی لە چاپی دووەمدا، جێیان بکەینەوە و لە فەوتان و لەناوچوون بیان پارێزین؛ چونکە ئەو دەڤەرە وەك گەنجینەیەکی شاراوە وایە، تا ئێستا شتێکی زۆر کەمی لەبارەیەوە وتراوە و نووسراوەتەوە.

هیڤیدارم لە ئایندەدا دەرفەتێکی باشترمان بۆ بڕەخسێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕتر لەسەر ئەو دەڤەرە ئەنجام بدەین و زیاتر بە دونیای ناوخۆ و دەرەوەی بناسێنین.

هەر لێرەوە، دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش بکەم، کە هاوکار و یارمەتیدەرمبوون، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە قورسە. دڵنیام ئەگەر لوتف و پشتیوانی خودا، ئینجا هاوکاریی ئەوان نەبوایە، نەمدەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەم.

هەروەها دەمەوێ سوپاسی بەڕێز (عەبدولەتیف سەعید شەرەف گوێزی) بکەم، کە هاوکارم بوو لە ڕاستکردنەوەی هەندێ چەمك و وشەی ناو کتێبەکە و دیاریکردنی ئاراستەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە بە پێی ڕیزبەندی گوندەکان.

دیسان دەمەوێ سوپاسی ئەو کەسانەش بکەم، کە دەستخۆشیم لێ دەکەن، هەروەها ئەوانەش کە گلەیی و گازندەم لێ دەکەن.

دڵنیام هەموو خاوەن ویژدانێك، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەزانێت کە نووسینەوەی مێژووی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی دەڤەرێکی بەرفراوانی وەك مزووری باڵا، کارێکی سەخت و پڕ زەحمەتە، نەخاسمە ئەوە زیاتر لە (٤٠) ساڵە ئەو دەڤەرە چۆڵ کراوە و بەشی هەرە زۆری پیاو و ژنە بە ئەزموون و بەتەمەنەکانیان لە ژیاندا نەماون.

بۆیە حەز دەکەم بزانن ئەوەی لە توانامدا بووە و پێم کراوە کردوومە، ئەوەش کە نەکراوە؛ پێم نەکراوە. بە ئیزنی خودا، ئینجا بە هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەك، هەوڵ دەدەین ئەوەی کە ماوە و نەکراوە، لە ساڵانی دابێ بەئەنجامی بگەیەنین.

لە کۆتاییدا، هیوادارم ئەم کتێبە کەلێنێکی بچووك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و سوودێکیش بەخوێنەرانی ببەخشێت و ببێتە ژێدەرێکیش بۆ توێژەر و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی، بۆ ئەوەی زیاتر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو دەڤەرە بکەن.

براتان

محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)

٢٠١٩

تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٤٨٥٨٩١

muhammad.s.pendroi@gmail.com

سوپاس و پێزانین

- زۆر سوپاسی بەڕێز (خورشید عەبدولەتیف مزووری)، بەڕێوەبەری گروپی کۆمپانیاکانی (تانج) دەکەم، کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی. هیوادارم نموونەی زۆر بێت.

- سوپاس بۆ بەڕێز (حسێن عەلی مێرووزی) کە لەم پرۆژەیەدا هاوکارییەکی زۆری کردین.

- سوپاس بۆ (بەشی ڕۆشنبیری و هونەری بەحرکە) و بەڕێز (مەهدی تەیب گویزی)، بەڕێوەبەری بەشەکە، کە وەك نێوەندگیرێك ئەرکی زۆریان کێشا بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم کتێبە.

ناوی مزووری لە چییەوە هاتووە؟

هەڵبەت تا ئێستا بە بەڵگەی زانستی ساغ نەبووەتەوە ئاخۆ ناوی مزووری لە چییەوە هاتووە، چونکە ئەم عەشیرەتە یەکێکە لە کۆنترین عەشیرەتەکانی کوردستان، بەڵام هەندێ سەرچاوەی مێژوویی لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ناوی (مزووری) کردووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١. محەمەد ئەمین زەکی بەگ، لە کتێبەکەیدا بەناوی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)، لەبارەی مزووریەکانەوە دەڵێت: " هۆزی مزووری لە بنەچەکەی (میسوری)ن، کە لە ڕۆژگاری پادشا (سەنحاریب)ی ئاشووریدا لەو ناوچەیە دەژیان."

٢. هەندێ پێیان وایە" ناوی مزووری لە (مضر)ی عەرەبییەوە هاتووە، واتە ڕەچەلەکی مزووریەکان دەبەنەوە سەر عەرەب، بەڵام (سێر ئولستید)، پێیوایە ناوی مزووریەکان لە میسوری ئاشوورییەوە هاتووە، بۆیە دەڵێ مزووریەکان لە بنەڕەتدا عەرەب نین، چونکە داب و نەریت و ئەدگار و سروشتیان وەك سروشتی عەرەب نییە."

٣. نەوشێروان مستەفا پێی وایە وشەی مزووری لە کرێکار (پاڵە)وە هاتووە، بۆیە لەمبارەوە دەڵێت: " کە گەنم پێ دەگەیی دروێنە دەکرا، بۆ دروێنە خاوەنی گەنم هەندێ کەسی بە کرێ دەگرت، پێیان دەوت: پاڵە یان (مزوور)."

٤. هەژار موکریانیش، پێی وایە ناوی مزووری لە (مزوور)ەوە هاتووە، واتە، بەهێز و تاقەت.

هەڵبەت ڕووبارێك و ویلایەتێکیش لە ئەمریکا هەن، بە ناوی ڕووباری (میزوری)و ویلایەتی (میزوری)، ئەم ناوەش لە هۆزێکی هیندەسوورەکانەوە وەرگیراوە، کە لە دێرزەمانەوە لەسەر ئەو ڕووبارە ژیاون، دوایی ناوی میزوری، کە ناوی ئەو هۆزە هیندیە بووە، لەو ڕووبارە و ویلایەتە نراوە، مێژووی میزورییەکانی ئەو ویلایەتە ئەمریکییە بۆ (١٢٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

لە سەرەتاوە ویلایەتی ناوبراو لەژێر ڕکێفی فەرەنسییەکاندا بووە. بەڵام لە ساڵی(١٨٠٣)، ئەمریکا بە گۆڕمەی(١٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە فەرەنسای کڕیوە.

ویکیپیدیای عەرەبی لەبارەی ویلایەتی میزورییەوە نووسیویەتی: "میزوری، کە بە (ئینگیلیزی: Missouri)یە، ویلایەتێکی ئەمریکایە، دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژئاوای ناوەڕاستی ئەمریکا، مێژووی ژیان لەو ویلایەتە بۆ (١٢٠٠٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و دانیشتووانی

ئەو ویــــلایەتە ســــەر بەم نەژادانەن: ئەڵمانەكـــان (٢٣,٥٪)، ئێرلەنـــدییەكان (١٢,٧٪)، ئەمریكییەكان (١٠,٥٪)، ئینگلیزەكان (٩,٥٪)، فەرەنسییەكان (٣,٥٪) پێكدەهێنن.[1]

هەندێ كەس وای بۆ دەچن، كە جـۆرە پەیوەنـدییەك لە نێـوان(مزووری) و (میـزوری)دا هەیە، ڕاستە وێكچوونێك لە نێوان پەیڤی (مزووری) و (میـزوری)دا هەیە، بەڵام بە پێـی ئەو لێكـۆڵینەوە و بە دواداچـوونەی كە بـۆ ئەم بـابەتە كـردوومە، دەركەوتـووە كە هـیچ جـۆرە پەیوەندییەكی نەژادی و مێژوویی لە نێوان (مزووری) و (میزوری)یەكاندا نییە. چونكە بە پێی بەڵگە مێژووەكان، مێژووی میزورییە ئەمریكییەكان بۆ (١٢٠٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

بەڵام مێـژووی مزوورییەكـانی كوردسـتان بـۆ (٣٠٠٠)سـاڵ پـێش ئێسـتا دەگەڕێـتەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، نەژادی میزورییەكان بریتین لە ئەڵمانـی، ئینگلیـزی، ئێرلەنـدی، فەرەنسی و ئەمریكی، كەچی نەژادی مزوورییەكان بریتین لە كورد.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر، بگەڕێوە بۆ ویكیپیدیای عەرەبی. (نووسەر)

دیرۆکی پەیدابوونی عەشیرەتی مزووری باڵا

عەشیرەتی مزووری بە یەکێك لە عەشیرەتە هەرە دێرینەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەژمار دەکرێت، کە مێژوویەکی کۆنی هەیە، ناوی ئەو عەشیرەتە لە چەندین کتێبی مێژوویدا هاتووە، کە مێژووەکەیان بۆ پتر لە (٣٠٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، لە وانە:

١. کتێبی (شوینوارێن خنس): کە لە نووسینی دکتۆر (حەسەن ئەحمەد قاسم بەرواری) یە.(٢).

ناوبراو، بە بەڵگە و دیکیۆمێنت ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ناوی خنس(٣) لە تێکستە بزمارییەکاندا بۆ یەکەمین جار دەگەڕێتەوە بۆ پادشای ئاشوورییەکان بە ناوی "تجلات بلاسری یەکەم"، لە دەوروبەری ساڵی (١١٠٠پ. ز)، کە دەکاتە (٣١١٩)ساڵ بەر لە ئێستا. کە هەر بە ناوی kharusa یا khanusa هاتووە، کە یەکێکە لە شارەکانی دەوڵەتی"میتانی"، لەوکاتەدا بەشێکی زۆری شوێنەوارەکانی خنس تێکشکێنراون. تێکشکاندنی شوێنەوارەکانی خنس، مانای وایە کە لە سەردەمی دەوڵەتی میتانی ناوبانگێکی زۆری هەبووە، بۆیە پێ دەچێت ناوی (خنس)یش لە ناوی خوداوەندی میسری "خنس"ەوە هاتبێت، کە خوداوەندی شاری "تیبە"(٤) بووە و ناوەکەیشی لە قورئانی پیرۆزدا بە: "فَلا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ* الْجَوَارِ الْكُنَّسِ"(٥) هاتووە.

هەروەها دکتۆر (حەسەن ئەحمەد قاسم بەرواری)، لەبارەی سەرچاوە مێژووەکانی خنسەوە دەڵێت: "لەبەر ئەوەی خنس یەکێك بووە لە شارە گرنگەکانی دەوڵەتی میتانی و خاوەن شارستانییەتێکی بەهێز بووە، نەخاسمە لە بواری بیناسازی و هونەریدا، بۆیە دەوڵەتی ئاشووری، هەر لە سەرەتاوە بیری لە داگیرکردنی ئەو شارەی کردووەتەوە، چونکە کونترۆڵکردنی ئەو شارە، واتە گرتنی هەموو سەرزەمینی مزوورییەکان، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، چەند دەق (تێکست)ێکی بزمارین، کە بە زمانی ئەکەدی، بە دیالێکتی ئاشووری نووسراون؛ لەلایەن (تجلات بلاسر)ی یەکەمی قەڕاڵی ئاشوورییەوە، کە فەرمانڕەوایی ئەو دەڤەرەی کردووە لە نزیکەی (١١٠٠پ.ز)." تێکستەکانیش(٦) ئەمانەن:

---

(٢) شوینوارێن خنس، دکتۆر (حەسەن ئەحمد قاسم بەرواری)، چاپخانا هاوار، دهۆك، چاپا ئێکێ،٢٠١٣.

(٣) خنس، دەکەوێتە نزیك گوندی باڤیان،سەر بە قەزای شێخان، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی نەینەوا کە (٥٦)کم لە مووسڵەوە دوورە و یەکێکە لە گوندەکانی دەڤەری مزووری ژێری، لە ڕووی ئیداریشەوەسەر بە قەزای شێخانە.

هەڵبەت مرۆڤ لە دوو ڕێگاوە دەتوانێ سەردانی ئەم شوێنەوارانە بکات، یەکەم لە ناحیەی مرێباوە لە لای ڕۆژهەڵاتەوە، دووەم: لە قەزای شێخانەوە لە لای ڕۆژئاواوە. (نووسەر)

(٤) شوینوارێن خنس، دکتۆر (حەسەن ئەحمد قاسم بەرواری)، چاپخانا هاوار، دهۆك، چاپا ئێکێ،٢٠١٣.

(٥) **ڕامانی ئەو ئایەتە پیرۆزە بە کوردی**:"سوێند بەو ئەستێرانەی کە پەنهان دەبن و ون دەبن لەچاو، یاخود بەهۆی سووڕانەوەی زەوی و خۆیانەوە (بەهۆی هەڵهاتنی خۆرەوە) ون دەبن، بەو هەسارانەی کە پەنا دەگرن و دیار نامێنن." سورەتی التکویر (١٥-١٦). (نووسەر)

(٦) بڕوانە نەخشەی تێکستەکانی بزماری، خشتەی ژمارە (١-٦). (نووسەر)



دێر	وەرگێران	تێکست ب پیتێن لاتینی	تێکست ب بزماری
٥٥	تجلات بلاسر قەهرەمانێ بهێز	(m)Tukulti(ti)-apil-E-šar-ra idlu[2] ķar-du	
٥٦	بی کڤانێ راستی بێ دگریت	ta-me-ih (işu)ķašta[6] la-a ša-na-an	
٥٧	وەدەستهەلات داری بێ ل دەڤەرێ دکەت	mu-gam-me-ru mu'-'-ur şi-ri	
٥٨	خوداوەندێن نەینەوا وخوداوەند نرگال	(ilu)Nin-ib u (ilu)Nergal kakkê(pl)-šu-nu	
٥٩	چەك و کڤانێن بترس و سەهم	iz-zu-te u (işu)ķašat-su-nu şi-ir[8]-ta	
٦٠	هێزدکا مەزن دایە من	a-na i-di bêlu-ti-ia iš-ru-ku	
٦١	دەست پێکێ خوداوەندێ نەینەوا حەز ژ من دکر	i-na si-ķir (ilu)Nin-ib ra'imi-ia	
٦٢	چار گایێن کویڤی یێن بهێزو مەزن	4 bu-ḫal rimâni(pl) dan-nu-te šu-tu-ru-te[1]	
٦٣	ل چولێن وەلاتێ میتانی یا	i-na ḫu-rib-te i-na (mâtu)Mi-ta-a-ni	

خشتەی ژمارە (١)

دێڕ	وەرگێڕانی تێکستە بزمارییەکە بە شێوەزاری سۆرانی
٥٥	تجلات بلاسری، قارەمانی بەهێز
٥٦	ئەوەی کە کەوانەی ڕاستیی دەگرێت
٥٧	هەروەها فەرمانڕەوایی دەڤەرەکە دەکات
٥٨	خواوەندەکانی نەینەوا و خواوەند نرگال
٥٩	چەك و کەوانە بە ترس و سامەکان
٦٠	هێزێکی گەورەیان پێ بەخشیووم
٦١	لە سەرەتاوە، خواوەندی نەینەوا منی خۆشدەویست
٦٢	چوار گای بەهێز و گەورەی کێوی
٦٣	لە چۆڵەوانی وڵاتی میتانییەکان



دێر	وەرگێران	تێکست ب پیتێن لاتینی	تێکست ب بزماری
٥٩	شەش ژبازیرێن وان یێن ل بن چیایێ بیسری	6 alâni (pl)(ni)[6] šu-nu ša šêp (šadû) Bi-eš-ri	
٦٠	من داگیرکرن و سوتن ب ئاگری	ak-šud i-na išâti(pl) aš-ru-up	
٦١	ل نالیێ رۆژ ئاڤا من شکاندن و ژناڤبرن خوداوەندێن وان	ab-bul ak-kur šal-la-su-nu bu-ša-šu-nu	
٦٢	وتالانی وان من بر بازاری خو جهێ خوداوەند ئاشور	u mar-ši-su-nu a-na ali-ia (ilu) A-šur	
٦٣	وتالیێ دی من دەست بسەردا گرت	ub-la	
٦٤	تجلات بلەسەر ویرانکەرێ ئاڤدارا	(m) Tukulti (ti) -apil-E-šar-ra ka-bi-is al-ṭu-te	
٦٥	سەکودکەرو مەلیل کەرێ رکابەرا	mu-šim-kit la-a[8] ma-gi-ri mu-šar-bi-bu	
٦٦	هەمی هێزا خو	ka-liš mul-tar-ḫi	
٦٧	بکار ئینا بو داگیرکرنا دەڤەرا مزیری یا خوداوەند ئاشوری ریزدار	a-na ka-šad (mâtu) Mu-us-ri (ilu) A-šur bêlu	

خشتەی ژمارە (٢)

دێڕ	وەرگێرانی تێکستە بزمارییەکە بە شێوەزاری سۆرانی
٥٩	شەش شاری ئەوان، کە دەکەونە بناری چیای بێسرێ
٦٠	داگیرمکردن و بە ئاگر سووتاندم
٦١	لەلای ڕۆژئاواوە، ئەوانم تێکشکاند و خواوەندەکانیانم لەناوبردن
٦٢	هەروەها تالآنی ئەوانم برد بۆ شارەکەم، جێگەی خواوەندی ئاشوور
٦٣	هەروەها دەستم بەسەر دیوەکەی تردا گرت
٦٤	تجلات بلاسری، خاپوورکەری ناودارەکان
٦٥	سەرکۆتکار و زەلیلکەری ڕکابەرەکان
٦٦	خواوەند ئاشووری بەڕێز هەموو هێزی خۆی
٦٧	بەکارهێنا، بۆ داگیرکردنی دەڤەری مزوورییەکان



دێر	وەرگێران	تێکست ب پیتێن لاتینی
٦٨	هێرشکر د ناڤبەرا چیایێن ئیمینکی	u-ma..ra-ni-ma bir-ti (šadu) E-la mu-ni
٦٩	وتەلوە و خەنەس و بسەرداگرت من داگیرکر	(šadû) Ta-la u (šadû) Ḫa-ru-sa lu aṣ-bat
٧٠	دەڤەرا مزیری یا بان و بەرین	(mâtu) Mu-uṣ-ri a-na si-ḫir[1] ti-ša ak-šud
٧١	شەرکەرێن وان من بەزاندن	ḳu-ra-di-šu-nu u-šim-ḳit
٧٢	بازارێن وان من ئاگر بەردایێ من سەرکەوت کرن و ژناڤ برن	alâni (pl)(ni)[2] i-na išâti (pl) aš-ru-up ab-bul
٧٣	من شکاند لەشکەرێ دەڤەرا کانێ	aḳ-ḳur um-ma-na-at (mâtu) Ḳu-ma-ni-i
٧٤	بێ هاتی هەوارا دەڤەرا مزیری یا	a-na na-ra-ru-ut[3] (mâtu) Mu-uṣ-ri
٧٥	ل سەر چیا هەمبەری وان	lu il-li-ku-ni[4] i-na šadê (e) it-te-šu-nu
	من شەری وان کر و رەڤاندن	lu am-da-ḫi-is a-bi-ik-ta-šu-nu[5] aš-ri

خشتەی ژمارە (٣)

دێڕ	وەرگێڕانی تێکستە بزمارییەکە بە شێوەزاری سۆرانی
٦٨	هێرشی بردە نێوان چیایەکانی ئێمینکێ و
٦٩	دەستی بەسەر تەلوە و خنسدا گرت.
٧٠	من دەڤەری پان و بەرینی مزووریییەکانم داگیرکرد
٧١	شەڕکەرەکانیانم ڕاونا
٧٢	گڕم لە شارەکانی ئەوان بەردا و سەرکوتم کردن و لەناوم بردن
٧٣	من لەشکری دەڤەری (کانێ)م تێکشکاند
٧٤	ئەو لەشکرەی بە هانای دەڤەری مزوورییەکانەوە هاتبوو
٧٥	لەسەر چیا بەرامبەر بە وان
٧٦	لەگەڵیان کەوتمە جەنگ و ڕاوم نان



تێکست ب بزماری	تێکست ب پیتێن لاتینی	وەرگێران	دێر
[illegible]	a-na išten (en)[1] ali (alu) A-ri[2]-mi ša[3] šêp (šadû) A-i-sa	د بازێرێ هارینادا ل بلندی یا چیایێ ئیسیا	٧٧
[illegible]	lu[4] e-si-ir-šu-nu-ti šêpê (pl)-ia	من ئێخستنە بن پێست خو	٧٨
[illegible]	lu[5] is-ba-tu ala šu-a-tu e-ṭi-ir	هاتە گرتن ئەو بازار من بەردا	٧٩
[illegible]	li-i-ṭi (pl) bita u ma-da-at[6]-ta	من گرتی برن و خیڤك ل سەر سەپاند	٨٠
[illegible]	i-na[7] muḫ-ḫi-šu-nu aš-ku-un[8]	هوسا من ژێر دەست کرن و هێلان	٨١
[illegible]	i-na u-mi-šu-ma[9] kul-lat (mâtu) Ḳu-ma-ni-i[10]	دوی وەختی دا هەمی مێرێن دەڤەرا کانی	٨٢
[illegible]	ša a-na ri-ṣu-ut (mâtu) Mu-uṣ-ri iš-ša[11]-ak-nu	ئەوێن هاتینە هەوارا دەڤەرا مزیری یا	٨٣
[illegible]	nap-ḫar mâtâti (pl)-šu-nu lu id-ku-ni-ma[12]	یێن بەرنیاس ب خەلکێ زەدرڤە ناکنجیێن ڤان دەڤەرانە	٨٤
[illegible]	a-na e-piš ḳabli u ta-ḫa-zi[13]	دهاتنە بکار ئینان وەك جەنگاوەرێن ڤان شەرا	٨٥

خشتەی ژمارە (٤)

وەرگێڕانی تێکستە بزمارییەکە بە شێوەزاری سۆرانی	دێر
لە شاری هاریناداا، لە بەرزایی چیای ئیسییا	٧٧
ئەوانم خستە ژێر قاچەکانمەوە	٧٨
ئەو شارە گیرا و بەرم دا	٧٩
دیلەکانم بردن و باجم بە سەردا سەپاندن	٨٠
ئاوا ژێردەستم کردن و بە جێم هێشتن	٨١
ئا لەو کاتەدا، هەموو پیاوەکانی دەڤەری کانێ	٨٢
ئەوانەی بە هانای دەڤەری مزوورییەکانەوە هاتبوون	٨٣
ئەوانەی وا ناسراون، کە خەڵکی ئەم دەڤەرانە نین و نیشتەجێی دەرەوەی ئێرەن	٨٤
وەك جەنگاوەرانی ئەم شەڕانە بەکاردەهێنران	٨٥

دێر	وەرگێران	تێکست ب پیتێن لاتینی	تێکست ب بزماری
٨٦	هاتن بن نورەبی یا چەکێ من یێ ب سەهم	u iz-zi-zu-ni-ma[14] i-na šu-mur kakkē (pl)-ia	[illegible]
٨٧	دژی بیست هەزارا ژ لەشکەرێ وان یێ بەلاڤ بووی	iz-zu-te it[1] 20,000 um-ma-na-te-šu-nu	[illegible]
٨٨	ل چیایێ تەلوە من شەرکر	rapšāti (pl) i-na (šadû) Ta-la lu am-da-ḫi-iṣ	[illegible]
٨٩	و من بەزاندن	a-bi ik-ta-šu-nu lu-u[2] aš-kun	[illegible]
٩٠	من شکاند ئاڤداری و هێزا وان	ki-ṣir-šu-nu gab-ša lu-pi-ri-ir[3]	[illegible]
٩١	و بدرێژاهی یا سرتا چیایێ خەنەس یێ هەمبەری دەڤەرا مزیری یا	a-di (šadû) Ḫa-ru-sa ša pa-an (mātu) Mu-uṣ-ri	[illegible]
٩٢	ل پشت ژی من راهێلا بدویڤ ڤە و لاشێن کوشتی یا	ab-ku-su-nu lu ar-du-ud šal-ma-at	[illegible]
٩٣	شەرکەرێن وان ل بلنداهی یا چیای	ḳu-ra-di-šu-nu i-na gi-šal-lat šadî(i)	[illegible]
٩٤	من بەلاڤ کرن و پرت پرت کرن	ki-ma šu-u-be lu-u-mi-ṣi	[illegible]

خشتەی ژمارە (٥)

دێر	وەرگێڕانی تێکستە بزمارییەکە بە شێوەزاری سۆرانی
٨٦	هاتنە ژێر تووڕەیی چەکە بە سامەکەمەوە
٨٧	دژی بیست هەزار کەس لە سوپای بڵاوەپێکراوی ئەوان
٨٨	لە چیای تەلوە جەنگام و
٨٩	ڕاوم نان
٩٠	ناووبانگ و هێزی ئەوانم تێکشکاند
٩١	بەدرێژایی زنجیرە چیای خنس، کە دەکەوێتە بەرامبەر دەڤەری مزووریەکان
٩٢	لە دیوی پشتەوە، پەلامارم دان و لاشەی کوژراو، یان
٩٣	شەڕکەرانی ئەوانم لە بەرزایی چیایەکە
٩٤	پەرشوبڵاوم کردن و پارچە پارچەم کردن



تیکست ب بزماری	تیکست ب پیتێن لاتینی	وەرگێران	دێر
[illegible]	*dámē (pl)-šu-nu ḫur-ri u ba-ma-a-te ša[5] šadi (i)*	خوینا وان بدول و نهالا دا دهات ژچیین بلندین چیای	٩٥
[illegible]	*hu-šar-di ma-ḫa-zi-šu-nu rabûti (pl)*	ــن لەهیەك بى راكر	٩٦
[illegible]	*ak-šud i-na išâti (pl) aš-ru-up*	من داگیر کر و من سوت ب ئاگری	٩٧
[illegible]	*ab-bul ak-kur a-na tili u kar-me[1]*	من ویران کر و شکاند و کاڤل کر	٩٨
[illegible]	*(alu) Ḫu-mu-sa al dan-nu-ti-šu-nu*	بازاری خەنەس یێ ئاسی	٩٩
[illegible]	*ki-ma til a-bu-be aš-ḫu-up* »[(١)]	من هەرفاند تاکو سەبا کاڤلین پشتی لەهیێ بی لێ هاتی	١٠٠

خشتەی ژمارە (٦)

دێر	وەرگێڕانی تێکستە بزمارییەکە بە شێوەزاری سۆرانی
٩٥	خوێنی ئەوان، لە بەرزایی چیاکانەوە بە دۆڵ و نەهالەکاندا دەهاتە خوارەوە
٩٦	وەك لافاوێکی بەخوڕ
٩٧	داگیرم کرد و بە ئاگر سووتاندم
٩٨	وێرانم کرد و شکاندم و خاپوورم کرد
٩٩	شاری خنسی سەخت
١٠٠	ئەو شارەم ڕووخاند، تا وەك کەلاوەکانی پاش لافاوەکەی لێهات!

دەق (تێکست)ی بزماری

هەروەها دکتۆر (حەسەن ئەحمەد قاسم بەراوی)، لەبارەی بەڵگەنامە دۆزراوەکانی ئەو شوێنەوارە، هەروەها سەبارەت سەردەمە جیاوازەکانی دەڤەری مزووری دەڵێت: "بەڵگەنامەکانی شوێنەواری خنس، دەیسەلمێنن کە زمانی کوردی لە هەزاری دووەمی پێش زایین، زمانێکی زیندوو بووە و وێڕای ئەوە، ئەو زانیارییانەی ناوی، ناوچە و بازێڕ و گوندەکانی دەڤەری بادینانیش روون دەکاتەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر شوێنەوارەکانی خنس بکرێت، ئەوا زانیاری زیاترمان پێ دەبەخشێت لەمەڕ زمان و شارستانیەت و کەلتووری کوردیمان، چونکە شوێنەوارەکانی خنس، بەپێی بەڵگەنامەکان، بە سێ قوناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: سەردەمی میتانی: "خوری"، وەك لە تێکستەکانی ئاشوورییەکاندا هاتووە، ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتی میتانییەوە بەڕێوە دەبرا و ناوی ناوچەکەیش بە ناوی"مزیری"ناو دەبرد، کە خنس لەو کاتەدا یەکێك بووە لە شارەکانی میتانی و بە سێ شوورەی بەردین پەرژین کراوە.

قۆناغی دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووری نوێ. پاشای ئاشوورییەکان بە ناوی"سەنحاریب" دوای دەستبەسەرکردنی، پرۆژەیەکی زۆر گەورەی ئاوی لە ناوچەکەی دروستکردووە.

قۆناغی سێیەم: دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی"میدی"، ئەمە دوای شکستی دەوڵەتی ئاشووری بووە لە ساڵی ٦١٢پ.ز. دوایی بیروباوەڕەکانی زەردەشت لەو ناوچەیەدا زاڵبوون، چونکە ئەوان وێنەی چەندین "ناوسك"، "ئاگردان" و "جوی ئاو"یان لە خنس هەڵکەندووە، بەڵام دوایی ناوچەکە کەوتە دەست موسڵمانەکان و لەوکاتەوە کۆتایی بەو بیروباوەڕانە هات."(٧)

٢. کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی: کە لە نووسینی مێژوونووسی گەورەی کورد (شەرەفخانی بەدلیسی)یە، کە لە نێوان ساڵانی (١٥٤٣ - ١٥٩٩) ژیاوە، ناوبراو لە کتێبەکەیدا بە ناوی (شەرەفنامە)، لە لاپەڕە (١٦٨)دا لەبارەی عەشیرەتی مزووورییەوە دەڵێت: "ژ عومدێد (ستونێن)عەشایرێد عمادیەێ (ئامێدیێ)، ئەوەلەن تایفا مزووریانە." واتە لە ئەستوونەکانی عەشائیرەکانی ئامێدی، یەکەمینیان تائیفەی مزوورییە (٨).

کە لە میرنشینی بادیناندا لە ڕووی هێز و چەکداری و زانست و زانیارییەوە، شوێنپەنجەی دیار بووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

٣. کتێبی (سیاحەتنامە)ی ئەولیا چەڵەبی: لە نووسینی گەڕیدەی بەناوبانگی عوسمانی (ئەولیا چەڵەبی)یە، کە لە نێوان ساڵانی (١٦١١ز-١٦٨٢ز)ژیاوە، ناوبراو لە کتێبەکەیدا بە ناوی (سیاحەتنامە)، باس لە مزوورییەکان دەکات و دەڵێت:کاتێ لە ساڵی ١٦٥٦ز سەردانی میرنیشینی بادینان (ئامێدی)م کرد، دوو دەروازە لەو شارە هەبوو، یەکێکیان لەلای ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەوە بوو، کە پێیان دەوت: (دەروازەی زێباری)، یەکێکیش لە لای ڕۆژئاوای ئەو شارەوە بوو، کە پێیان دەوت: (دەروازەی مزووری).

هەروەها مێژوونووسی ناوبراو، ئاماژەشی بەوە داوە کە میرنشینی بادینان، جگە لەوەی کە (ئامێدی)ی پایەتەختەکەی بوو، (سنجاق[٩])یشی هەبوو، یەکێك لەو سنجاقانەش سنجاقی مزووری بوو، میری ئەو سنجاقەش (یووسف بەگ) بوو، سەرایەکەیشی لە ئامێدی بوو. ناوبراو باس لەو ڕۆژانە دەکات کە لە ئامێدی ژیاوە و دەڵێت چەندین جار سەردانی سەرای

(٧) ماڵپەڕی وشە، چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر حەسەن ئەحمەد قاسم بەرواری، بەڕێوەبەری شوێنەوارەکانی پارێزگای دهۆك، ڕێکەوتی چاوپێکەوتنەکە ٢٠١٦/٠٦/٢٥

(٨) عەشیرەتێن بەهدینان، هێرش کەمال ڕێکانی، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆك، چاپا ئێکێ، ٢٠١٩.

بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی شەرەفنامەیا شەرفخانێ بەدلیسی، وەرگێڕانی مەلا مەحمودێ بایەزیدی، ل١٦٨ . (نووسەر)

(٩) سنجاق: یەکەیەکی ئیداری بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ویکیپیدیا- ئینسایکلۆپیدیای ئازاد بکە. (نووسەر)

مزوورییەکانم کرد و بوومە میوانیان، کە دەکەوێتە نزیك دەروازی مووسڵ، ئەوانیش ڕێزێکی گەورەیان لێ نام و چەندین جار بوومە میوانی میر و قسەم لەگەڵیدا کرد.(١٠)

٤. کتێبی (خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)ی مێژوونووسی کورد محەمەدئەمین زەکی بەگ: ناوبراو لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠ - ١٩٥٨) ژیاوە، لە کتێبەکەیدا؛ لە لاپەڕە ٢٤٦ دەڵێت: "مزووری (مەیسوری)عەشیرەتێکی زۆر قەدیمە، خەریکی چاندن و باخەوانی بووە، بەگوێری (سێر ئولستید)، ئەبێ لە میسوری میسری دەوری ئاسوورییەوە هاتبێتە خوارەوە."

هەروەها ناوبراو لە کتێبەکەیدا، بە ناوی (خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)، باس لە گەڕیدەی بەریتانی (مارك سایکس) دەکات و دەڵێت: ناوبراو لە ساڵی (١٩٠٩)، ناوی ئەم عەشیرەتەی هێناوە.(١١)

هەمدیسان مێژوونووسی کورد محەمەدئەمین زەکی بەگ لەبارەی عەشیرەتی مزوورییەوە دەڵێت: "ئەم عەشیرەتە زۆر کۆنە و لە تیرەی هەکارییەکانە، کە ئەم عەشیرەتانە لەخۆ دەگرێت: جەلۆ، شێروان، ئورەماری، شەمدینان، عیمادییە، مزووری، زێباری، هاویری، بەرواری، بارچێلا، سیوالان و لائی هونان."(١٢)

٥. کتێبی (تەواریخێ جەدیدێ کوردستان)ی مێژوونووسی کورد (مەلا محموودی بایەزیدی)یە، کە لە نێوان ساڵانی (١٧٩٧ز-١٨٦٧ز)ژیاوە. ناوبراو لە کتێبەکەیدا، ناوی هەندێك عەشائیری ئامێدی دەهێنێت، کە یەکێك لەو عەشیرەتانە مزوورییە، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە ئامێدی سێ عەشیرەتی گران (مەزن) هەن:زێباری، مزووری و هەرکی."(١٣)

٦. هەروەها ناوی عەشیرەتی مزووری لەگەڵ ڕووداوەکانی پەلاماری میر (عیماددەدین)ی میرنشینی هەکاری هاتووە، کە لە نێوان ساڵانی (١٦٣٤ز-١٦٣٩ز) ڕووی داوە.

ناوبراو لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "یەکەم پەلاماری میری ناوبراو بۆ سەر سەرزەمین و میرنشینی بادینان، بۆ پێش ئەو زەمەنە دەگەڕێتەوە کە بووە بە میری میرنشینی هەکاری،

---

(١٠) عەشیرەتێن بەهدینان، هێرش کەمال ڕێکانی، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆك، چاپا ئێکێ، ٢٠١٩.

(١١) کتێبی خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، محمدأمین زکی بگ.

(١٢) کتێبی خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، محمدأمین زکی بگ.

(١٣) عەشیرەتێن بەهدینان، هێرش کەمال ڕێکانی، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆك، چاپا ئێکێ، ٢٠١٩.

یەکێك لە پەلامارەکانی، دوو جار لەسەر یەك هێرشی کردۆتە سەر عەشیرەتی مزووری ژووری و (٥٥)کەسی لێ کوشتوون، پاساوەکەشی بۆ ئەو کارە ئەوە بووە، گوایە مزوورییەکان سنووری خۆیان بەزاندووە و چوونەتە سەر زەویوزار و پاوانی عەشیرەتێن هەکاری لە دەڤەری (گەڤەڕ) و مەڕومالاتی خۆیانی لێ چەراندووە (لەوەڕاندووە)."(١٤)

٧. عباس العزاوی، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (العمادیة فی مختلف العصور)، باس لە هۆزەکانی سەر بە ئامێدی دەکات و پێش هەموان ناوی عەشیرەتی مزووری دێنێت و دەڵێت: "گرنگترین عەشیرەتەکانی ئامێدی بریتین لەمانەی خوارەوە: "مزوری (معروفة)، زیباری (معروفة)، ریکانی، برواری و هتد."(١٥)

تا ئێستا بە بەڵگە ساغ نەبۆتەوە ئاخۆ مزووریەکان لە چ شوێنێکەوە هاتوون، بەڵام هەندێ کەس پێیان وایە کە لە (جەزیرەی بۆتان)ەوە هاتوون و پەنایان بۆ ئەم هەرێمە هێناوە، هۆکارەکەشی دیار نییە، ئاخۆ سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری بووە.

هەڵبەت عەشیرەتی مزووری دابەش بووە بۆ دوو بەش: (مزووری باڵا) و (مزووری ژێری). شوێنی نیشتەجێبوونی عەشیرەتی (مزووری باڵا)، دەکەوێتە پارێزگای هەولێر، کە پێشتر سەر بە ناحیەی (مزووری باڵا) و (قەزای زێبار) بووە. بەڵام ئێستا سەر بە ناحیەی (شێروان مەزن) و قەزای (مێرگەسۆر)ە.

بەڵام شوێنی نیشتەجێبوونی عەشیرەتی (مزووری ژێری)، دەکەوێتە پارێزگای دهۆك، سەربە قەزای ئامێدی و ناحیەی ئەترۆش و قەسرۆك و شێخان. ئەوەی ڕاستی بێت، تا ئێستا لە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویدا ساغ نەبۆتەوە ئاخۆ هۆکاری لەتبوونی ئەم عەشیرەتە چی بووە، هەروەها کامەیان ماڵی خۆی لەوی دیکە جیا کردووەتەوە، هەر چەند هەندێ مێژوونووس و لێکۆڵەر پێیان وایە خەڵکی مزووری ژێری (خواروو)، بۆ یەکەمجار لە دەڤەری مزووری باڵا کۆچیان کردووە بۆ سنووری پارێزگای دهۆك.

لەمبارەیەوە (بشیر سعید عبدالرحمن) لە کتێبی خۆیدا بەناوی: (بهدینان و عشائرها)، دەڵێت: "زۆربەی مزووری ژێرییەکان لە دەڤەری مزووری باڵا ڕۆیشتوون و هەمان ناویان هەڵگرتووە، وەك: بەنانی و ئەرگوشی و شیڤی."

---

(١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٥) العمادیة فی مختلف العصور ،عباس العزاوی، الطبعة الاولی، مطبعة الاولی ١٩٩٨

هەروەها مێژوونووسی کورد (هێرش کەمال ڕێکانی)، لە کتێبەکەیدا، بە ناوی (عەشیرەتێن بەهدینان)، کاتێ باس لە ئویجاخ (بنەماڵە)کانی مزووری ژێری دەکات، یەکەم ئویجاخ، ناوی ئویجاخی ئەرگوشی دێنێت و دەڵێت: "ئویجاخ (بنەماڵە)ی ئەرگوشی، بنەماڵەیەکی مەزنە و زیاتر لە (٣٠) گوند لەخۆ دەگرێت، بە سەرۆکایەتی (حاج نەبی)یە. ناوی یەکێك لە ئاغاکانیان بە ناوی (کەلەش ڕیش سفید) هاتووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزەیەمدا، کە لە ساڵی (١٨٣٥ز) بەشداری لەو نەڕازیبوون و گلەیی و سکاڵانامەیەدا کردبوو کە هەندێ لە زانا و گەورە و میر و بەگ و ئاغایەکانی دەڤەری بادینان دژی میر (محەمەد)ی میری ڕواندوز نووسیبوویان و بۆ مووشیر سیواس (ڕەشید پاشا)یان ناردبوو"[١٦].

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە مزووری ژێرییەکان لە دەڤەری مزووری باڵا کۆچیان کردووە بۆ دەڤەری دهۆك و ئامێدی و شێخان و قەسرۆك، هەرچەند تا ئێستا دیار نییە چ هۆکارێك لە پشت ڕۆیشتنی ئەو مزووریانەوە بووە بۆ دەڤەری دهۆك.

پێدەچێت هۆکارگەلێك لەپشت ئەو کۆچکردنەوە بووبێت، وەك: هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەڵام پێویستە ئەمە بە لێکۆڵینەوە ساغ بکرێتەوە، بۆیە ئەگەر خودا تەمەن بدات و زەمینە لەبار بێت و دەرفەت هەبێت، لە پلانمدا هەیە دوای تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکیش لەسەر عەشیرەتی (مزووری ژێری) ئەنجام بدەم، چونکە لە ڕاستیدا هەردووکیان سەربە یەك عەشیرەتن و یەك ناو و ناسنامەیان هەیە.

---

(١٣) عەشیرەتێن بەهدینان، هێرش کەمال ڕێکانی، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆك، چاپا ئێکێ، ٢٠١٩.

شوێنی نیشتەجێبوونی عەشیرەتی مزووری باڵا

دەڤەری مزووری باڵا ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیە و تا سەر سنووری (تورکیا) درێژ دەبێتەوە، هەروەها لەگەڵ عەشیرەتەکانی: "ڕێکان، هەرکی بنەجی، شێروانی، بەڕۆژی و گەردی سنوورێکی هاوبەشی هەیە."

خەڵکی دەڤەری (مزووری باڵا)، بەسەر سێ ناوچەدا دابەش بووە، پێیان دەڵێن:

١ـ مزووری.

٢ـ وەلاتێ ژووری.

٣ـ وەلاتێ ژێری.

١. **گوندەکانی مزووری**: بە پێی ڕیزبەندی گوندەکان، بریتین لەمانە: " گلانە، ماوەت، ئەرگوش، بەنان."

ئینجا گوندی شیڤێ دێت، بەڵام لە دوای گوندێ شیڤێ، ڕێڕەو و ئاراستەی گوندەکانی مزووری دەگۆڕێت و بەسەر دوو ئاراستەی ڕاست و چەپدا دابەش دەبن:

ـ ئاراستەی ڕاست: لە شیڤێ دەستپێدەکات، بەرەو: " سومێ، سلۆر، ڕەوین و توێ."

ـ ئاراستەی چەپ: لە شیڤێ دەستپێدەکات، بەرەو: "بەرکەلێ و مێرۆز."

لە مێرۆز، دیسان ڕێڕەو و ئاراستەی گوندەکان مزووری دەگۆڕێت و بەسەر چەند ئاراستەیەکدا دەبەش دەبن:

ـ ئاراستەی یەکەم: لە مێرۆز دەستپێدەکات بەرەو: "گویزا ئاستەنگێ و سینا."

ـ ئاراستەی دووەم: لە مێرۆز دەستپێدەکات بەرەو: "بۆسێ و بژیان."

ـ ئاراستەی سێیەم: لە مێرۆز دەستپێدەکات بەرەو: "کوڕان و پاڵانا(١٧)."

کەچی هەندێ مێژوونووس(١٨)، گوندەکانی سەرەوە، بەسەر سێ بلۆکدا دابەش دەکەن، سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

---

(١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولەتیف سەعید شەرەف، لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٦ لە بەحرکە.

(١٨)أبو بكر. د. احمد عثمان و أصدقائه. عشائر كردستان، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٤٧ص٦٩

بلۆکی ئەرگوش	بلۆکی بەنان	بلۆکی مێرۆز
ئەرگوش	بەنان	مێرۆز
ماوەت	شیڤێ	کوڕان
گلانە	سۆمێ	بەرکەلێ
ئاکیك	سلۆر	بۆسێ
	گویزا ئاستەنگێ	بژیان
	پاڵانا	توینێ
	ڕەوین	سینا

کەونە گوندەکانی مزووری بریتین لە: " ئاکیکا، چەمیانێ، تویانێ، بزینا، شەهێ، ئاڤیکێ، سالیا، بنەبەرێ، ئاراپێ و بۆسا میرا."

٢. **گوندەکانی وەلاتێ ژووری**: گوندەکانی وەلاتێ ژووری، بەسەر دوو ئاراستەدا دابەش دەبن:

- ئاراستەی یەکەم: بە پێی ڕیزبەندی گوندەکان، بریتین لەمانە: "مەمووودان، سپینداری، دێزۆ، پێندرۆ و ئێدلبێ."
- ئاراستەی دووەم: بە پێی ڕیزبەندی گوندەکان، بریتین لەمانە: " مووکا، ناڤکوڕکا، بناڤێ، گویزا وەلاتی، سێلکێ و ستوپێ."

کەونە گوندەکانی وەلاتی ژووری بریتین لە: "کانی هنارکێ(١٩)، سلۆتێ، کانیا میرا(هیژیا)، بەرکلۆخکی."(٢٠)

- **گوندەکانی وەلاتێ ژێری**، بە پێی ڕیزبەندی گوندەکان، بریتین لەمانە: "شیفکێ، هیزان، تێل، ئاڤەدوور، بابسێفا، هەلەوین، داویتکا، بێکۆڵ، شنگێڵ، ئەردێل."(٢١)

---

(١٩) کانی هنارکێ: یەکێکە لە کەونە گوندەکانی مزووری باڵا و کاتی خۆی گوندی مەسیحییەکان بووە و ئەوان تێیدا ژیاون، تا ئێستاش شوێنەواری ئەو گوندە هەر ماوە و لەگەڵ مووکا و پاڵانا هاوسنوورە.
کاتی خۆی خەڵکی کانی هنارکێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون. بەڵام لەمێژە چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە. (نووسەر)
(٢٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیسا محۆ عیسا بژیانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٠ لە بەحرکە.

ئەو گوندانەش کە دەکەونە دەشتازێ و ناحیەی دێرەلۆك، لە بناری چیای لینك، بریتین لەمانە: "بناڤێ، حەسەنبەکرا، باوان، مێرگێ، چەلکێ، کولان و هێتیت، گوندی هێتیت لە ساڵی ۲۰۰۱ وەك کۆمەڵگا، لە نێوان شێلادزێ و دێرەلۆك ئاوەدانکراوەتەوە، واتە خەڵکی هێتیت لەو کۆمەڵگایە نیشتەجێکراوە."(۲۲)

کەونە گوندەکانی وەلاتێ ژێری(۲۳) بریتین لە: "ماسەکا(۲٤)، شیفکا مەلا زادەی(۲٥)، سەندی(۲٦)، وەربەخ، زێوە، زێوکا ساما و سرێل).

---

(۲۱)پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، ئەفسەری ڕێکخستن لە هێزی ۳۲ی تایبەت و بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەتالیونی (۳)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ۲۰۱۹/۹/۱۱.

(۲۲) عەشیرەتێن بەهدینان، هێرش کەمال ڕێکانی، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆك، چاپا ئێکێ، ۲۰۱۹.

(۲۳) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، ئەفسەری ڕێکخستن لە هێزی ۳۲ی تایبەت و بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەتالیونی (۳)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ۲۰۱۹/۹/۱۱.

(۲٤)**ماسەکا**: ماسەکا، یەکێکە لە کەونە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا لە دیوی (وەلاتێ ژێری)، کاتی خۆی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزانی، بەشێك لە دانیشتووانی گوندی چێیی،سەر بە عەشیرەتی دۆسکی، لەو گوندە نیشتەجێ بوو بوون. بەڵام لەمێژە وەك گوندەکانی دیکەی وەلاتێ ژێری چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە. پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. (نووسەر)

(۲٥) **شیفکا مەلا زادەی**: گوندێکی دیکەیە لە کەونە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا لە دیوی (وەلاتێ ژێری)، لە کۆندا جوولەکەکان لەو گوندە ژیاون، بەڵام لەمێژە چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە.

پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. (نووسەر)

(۲٦) **سەندی**: سەندی یەکێکی دیکەیە لە کەونە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا لە دیوی (وەلاتێ ژێری)، لەگەڵ گوندەکانی ماسەکا و هیزان هاوسنوورە.

لە کۆندا جوولەکەکان لەو گوندە ژیاون، بەڵام لەمێژە چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە.

پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. (نووسەر)

ناسنامەی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا

بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر بە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، تیشکێك دەخەینە سەر ناسنامەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە، بۆ ئەوەی خوێنەران و نەوەی ئێستا و ئایندەمان، بەرچاویان ڕۆن بێت و هەندێ زانیاری سەرەتایی لەسەر کۆی گوندەکانی ئەو دەڤەرە و شوێنی جوگرافی هەر گوندێك بزانن، ناوی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا بە پێی ڕیزبەندی گوندەکان:(٢٧)

١. **گلانە**: گلانە کاتی خۆی یەکێك بووە لە گوندە بچووك و خۆشەکانی دەڤەری مزووری باڵا، شوێنەواری ئەو گوندە تا ئێستاش ماوە. لەگەڵ گوندەکانی ئەرگوش و ماوەت و ئاکیکا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی گلانە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون، بەڵام لەمێژە ئەو گوندەیان چۆڵکردووە و هۆکاری چۆڵکردنەکەشی تا ئێستا نەزانراوە..

٢. **ماوەت**: گوندی ماوەت، دەکەوێتە نزیك سنووری باکووری کوردستان و بە یەکێك لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا هەژمار دەکرێت.

سروشتی ئەو گوندە زۆر جوان و دڵگیرە و لەگەڵ گوندەکانی ئەرگوش و گلانە و ئاکیکا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی ماوەت وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر دەژین.

٣. **ئەرگوش**: ئەرگوش، بە گەورەترین گوندی دەڤەری مزووری باڵا دادەنرێت لە ڕووی دانیشتووانەوە. هەروەها یەکێکە لە گوندە جوان و قەشەنگەکانی ئەو دەڤەرە، چونکە سروشتێکی جوان و دڵرفێنی هەیە، دەکەوێتە بناری چیای گۆڤەند و سەر سنوری باشوور و باکووری کوردستان.

ئەو گوندە کەشوهەوایەکی فێنکی هەیە و خاکەکەیشی بەپیت و فەڕە بۆ کشتۆکاڵ و چاندن و شینبوونی ڕووەکی خۆڕسك.

---

(٢٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولەتیف سەعید شەرەف، لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٦ لە هەولێر.

جاران گوندی ئەرگوش ژمارەیەکی زۆر کانیاوی هەبووە، بۆیە وتراوە چەند ڕۆژ لە ساڵدا هەیە، ئەوەندە کانی لە ئەرگوش هەیە، تەنانەت کانییەکانی ئەو گوندە لە کۆندا لە نێوان (٣٠٠-٣٧٠)کانی بووە.(٢٨)

ئەرگوش لەگەڵ ماوەت و ئاکیکا و سلۆر و بەنان هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی ئەرگوش وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا.

ئەرگوشییەکان ئێستا لە هەریر و هەولێر و پیرمام و سۆران و قۆشتەپە و دهۆك و بەحرکە و شاخۆڵان و هەندەران دەژین.

٤. **بەنان**: بەنان، یەکێکی دیکەیە، لە گوندە گەورە و جوانەکانی دەڤەری مزووری باڵا. لەگەڵ گوندەکانی ئەرگوش و شیڤێ و پێندرۆ هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی بەنان خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی بەنان وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا.

ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و بەحرکە و قۆشتەپە و شاخۆڵان دەژین.

٥. **شیڤێ**: شیڤێ، دووەم گەورە گوندی مزووری باڵایە لە ڕووی دانیشتووانەوە. سروشتی گوندی شیڤێ زێدە جوان و دڵگیرە، دەکەوێتە ناو دۆڵێکەوە، لە بناری چیای کارە، بە شاخ و کێو دەورە دراوە.

هەروەها ئاوێکی زۆری لێیە و وەك جۆگە و جۆبار بە ناو گوندەکەدا تێپەڕ دەبێت.

جاران دەتوانرا سێ ئاشی ئاو بە ئاوی شیڤێ بخرێتە گەڕ. هەمدیسان ئاوەکەی بەشی باخ و بێستان و مەڕ و ماڵات و برنج چاندن و بەروبوومە کشتۆکاڵییەکانی دیکەیشی دەکرد.

هەڵبەت تا ئێستا نەزانراوە سەرچاوەی ئەو ئاوە لە کوێوە هەڵقوڵاوە، بەڵام بە قسەی ڕیشسپی و پیاوماقولانی ئەو گوندە، کاتی خۆی (٦٠-٧٠)کانیی خوڕسکی لێ بووە و ئاوی ئەو کانیاوانە یەکیانگرتووە و بووە بە جۆگە و جۆبار.(٢٩)

---

(٢٨) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز کازم فەقی برایم ئەرگوشی، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی٢/٩/ ٢٠١٩

(٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز نایف صەبری ئالی شیڤی، ڕێکەوتی ٣/٩/ ٢٠١٩، لە بەحرکە. (نووسەر)

شیڤێ لەگەڵ بەنان و سلۆر و سۆمێ و بۆسێ هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی شیڤێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی شیڤێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا شیڤییەکان لە هەریر و هەولێر و پیرمام و سۆران و قۆشتەپە و بەحرکە و شاخۆڵان و هەندەران دەژین.

٦. **سۆمێ**: سۆمێ، یەکێکی دیکەیە، لە گوندە بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە، ئاوێکی زۆری هەیە، بە داهات و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دەوڵەمەندە، تەنانەت کاتی خۆی سێ ئاشی ئاوی لێ بووە.

سۆمێ لەگەڵ گوندەکانی سلۆر و شەهێ و شیڤێ هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی سۆمێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا.

ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر و بەحرکە دەژین.

٧. **سلۆر**: سلۆر، گوندێکی دیکەیە لە گوندە جوانەکانی دەڤەری مزووری باڵا. ئەم گوندە سروشتێکی قەشەنگ و دڵڕفێنی هەیە، لەگەڵ گوندەکانی ئەرگوش و ڕەوین و سۆمێ و شیڤێ هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی سلۆر خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، ئەو گوندە وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و بەحرکە و قۆشتەپە دەژین.

٨. **ڕەوین**: ڕەوین، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا. گوندێکی خۆش و قەشەنگە و لەگەڵ گوندەکانی تویێ و سلۆر هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی ڕەوین خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی ڕەوین وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر دەژین.

٩. **تویێ**: تویێ، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە جوان و قەشەنگەکانی دەڤەری مزووری باڵا. تویێ لەگەڵ گوندی ڕەوین هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی تویێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر و بەحرکە دەژین.

١٠. **بەرکەلێ**: بەرکەلێ گوندێکی دیکەیە، لە گوندە دێرین و بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆشە، لەگەڵ گوندەکانی مێرۆز و بژیان و شەهێ هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی بەرکەلێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون، بەڵام ماوەیەکی زۆرە چۆڵکراوە و هۆکاری چۆڵکردنەکەشی نەزانراوە.

١١. **مێرۆز**: مێرۆز، گوندێکی دیکەیە لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا. ئەو گوندە سروشتێکی جوان و ئاوێکی سازگار و خۆشی هەیە و لەگەڵ گویزا ئاستەنگێ و بەرکەلێ و کوڕان و بژیان هاوسنوورە.
کاتی خۆی خەڵکی گوندی مێرۆز خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون، بەڵام ساڵی ١٩٧٨، ئەو گوندە وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە هەولێر و پیرمام و سۆران و دهۆك و زاخۆ و بەحرکە و شاخۆڵان و هەندەران دەژین.

١٢. **گویزا ئاستەنگێ**: گویزا ئاستەنگێ، گوندێکی دیکەیە لە گوندە جوان و خۆشەکانی دەڤەری مزووری باڵا، چونکە ئاوێکی سازگار و خۆش و زۆری هەیە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەکانی پاڵانا و مێرۆز و سینا و کوڕان هاوسنوورە، خەڵکی گویزا ئاستەنگێ لە کۆندا خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.
بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گویزا ئاستەنگێش وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا زۆربەی دانیشتوانی ئەو گوندە لە قۆشتەپە و هەندێکیش لە هەولێر دەژین.

١٣. **سینا**: سینا، گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی گویزا ئاستەنگێ و پاڵانا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی سینا خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨، گوندی سینا وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر و قۆشتەپە دەژین.

١٤. **بۆسێ**: بۆسێ، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە جوانەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و دڵڕفێنە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی هلارا و بژیان و شیڤێ هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی بۆسێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی بۆسێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر دەژین.

١٥. **بژیان**: بژیان، گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا و گوندێکی خۆش و جوانە، ئاوێکی زۆری هەیە، تەنانەت لەسەردەمی پێش ڕاگواستن، خەڵکی ئەو گوندە سەرقاڵی چاندنی گەنم و جۆ و برنج و دانەوێڵە و کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییبوون.

بژیان لەگەڵ گوندەکانی بۆسێ و مێرۆز هاوسنوورە. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە بەحرکە و پیرمام و سۆران و شاخۆڵان دەژین.

١٦. **کوڕان**: کوڕان، گوندێکی دیکەیە لە گوندە جوانەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و قەشەنگە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی پاڵانا و مووکا و مێرۆز و بژیان و سپیندارێ هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی کوڕان خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی کوڕان وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە بەحرکە و پیرمام و سۆران دەژین.

١٧. **پاڵانا:** پاڵانا گوندێکی دیکەیە، لە گوندە جوانەکانی دەڤەری مزووری باڵا و سروشتێکی خۆش و دڵڕفێنی هەیە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی مووکا، کوڕان، گویزا ئاستەنگێ و سینا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی پاڵانا وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە دیانا و حەریر و قۆشتەپە و شاخۆڵان و بەحرکە و پیرمام و هەولێر دەژین.

١٨. **مەموودان**: مەموودان گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەکانی سپینداریێ، دێزۆ، مووکا، پێندرۆ، ناڤکوڕکا و بناڤێ هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی مەموودا خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی مەموودان وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە بەحرکە و شاخۆڵان و پیرمام و سۆران و هەریر و کوڕێ دەژین.

١٩. **سپینداریێ**: سپینداریێ، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەکانی مەموودان، دێزۆ، مووکا، پێندرۆ، ناڤکوڕکا و بناڤێ هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی سپینداریێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی سپینداریێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە بەحرکە و شاخۆڵان و پیرمام و سۆران و هەریر و گووڕەتوو دەژین.

٢٠. **دێزۆ**: دێزۆ، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی پێندرۆ، سپینداریێ، مەموودان، ناڤکوڕکا و بناڤێ هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی دێزۆ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی دێزۆ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە سۆران و بەحرکە و خەبات و بلێ و پیرمام و هەولێر دەژین.

٢١. **پێندرۆ:** پێندرۆ، یەکێکە لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا، ئەو گوندە دەکەوێتە بناری چیای بۆتین، کە بەرزایی ئەو چیایە لەسەر ئاستی دەریا دەگاتە (٢٤٨٠)م و، بە یەکێك لە چیایە جوانەکانی دەڤەری مزووری باڵا و هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

سروشتی ئەو گوندە زۆر خۆش و دڵڕفێنە، شوێنەکەی نیمچە دۆڵە، بە چیا دەورە دراوە و چەندین ئاو و کانیاوی خۆشی لێیە. گوندی پێندرۆ لەگەڵ گوندەکانی ئێدڵبێ و دێزۆ و ستوپێ و سێلکێ و گویزا وەلاتی و ناڤکوڕکا و بناڤێ و بەنان و شیڤێ هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی پێندرۆ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی پێندرۆ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە هەولێر و پیرمام و سۆران و دهۆك و زاخۆ و بەحرکە و شاخۆڵان و هەندەران دەژین.

٢٢. **ئێدڵبێ:** ئێدڵبێ یەکێکی دیکەیە، لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا. ئەو گوندە دەکەوێتە سێگۆشەی سنووری هەر سێ عەشیرەتی: (گەردی- شێروانی- مزووری).

هەروەها ئەو گوندە سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە و بە چیا و شاخ دەورە دراوە و لەگەڵ پێندرۆ و زێت و هووپە و لێرا هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی ئێدڵبێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨، گوندی ئێدڵبێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا ئێدڵبییەکان لە هەولێر و پیرمام و سۆران و دهۆك و بەحرکە و هەندەران دەژین.

٢٣. **مووکا:** مووکا، گوندێکی دیکەیە، لە گەورە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە و گردێکی بەرز و ئاوێکی زۆری هەیە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەکانی ناڤکوڕکا و بناڤێ و سپیندارێ و پاڵانا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی مووکا خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨، مووکا وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی گوندی مووکا لە قۆشتەپە و بەحرکە و پیرمام و سۆران و هەریر و شاخۆڵان دەژین.

٢٤. **ناڤكوڕكا**: ناڤكوڕكا یەكێكە لە گوندە بچووكەكانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێكی خۆش و قەشەنگە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەكانی بناڤێ و مووكا و گویزا وەلاتی و سپیندارێ و پێندرۆ هاوسنوورە، كاتی خۆی خەڵكی ناڤكوڕكا خەریكی ئاژەڵداری و كشتوكاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، ناڤكوڕكا وەك باقی گوندەكانی دیكەی دەڤەری مزووری باڵا، كەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور كرا. ئێستا خەڵكی ئەو گوندە لە شاخۆڵان و بەحركە و هەریر ژیان بەسەر دەبەن.

٢٥. **بناڤێ**: بناڤێ، گوندێكی یەكێكە، لە گوندە زۆر بچووكەكانی دەڤەری مزووری باڵا. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەكانی ناڤكوڕكا و مووكا و دێزۆ و سێلكێ و سپیندارێ و گویزا وەلاتی و پێندرۆ هاوسنوورە، كاتی خۆی خەڵكی ئەو گوندە خەریكی ئاژەڵداری و كشتوكاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی بناڤێ وەك باقی گوندەكانی دیكەی دەڤەری مزووری باڵا، كەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور كرا. ئێستا خەڵكی ئەو گوندە لە شاخۆڵان و بەحركە و هەریر دەژین.

٢٦. **گویزا وەلاتی**: گویزا وەلاتی، یەكێكی دیكەیە، لە گەورە گوندەكانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێكی خۆش و قەشەنگە، ئاوێكی زۆر و خۆشی هەیە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەكانی سێلكێ و ستوپێ و پێندرۆ و ناڤكوڕكا و بناڤێ هاوسنوورە.

كاتی خۆی خەڵكی گویزا وەلاتی خەریكی ئاژەڵداری و كشتوكاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی گویزا وەلاتی وەك باقی گوندەكانی دیكەی دەڤەری مزووری باڵا، كەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور كرا. ئێستا خەڵكی ئەو گوندە لە بەحركە و پیرمام و سۆران و هەریر و هەولێر دەژین.

٢٧. **سێلكێ**: سێلكێ، یەكێكە لە گوندە گەورەكانی دەڤەری مزووری باڵا. ئەو گوندە دەكەوێتە بناری چیای مووسەكا و سروشتێكی جوانی هەیە، نەخاسمە لە بەهاران. گوندی سێلكێ، لەگەڵ گوندی گویزا وەلاتی و ناڤكوڕكا و بناڤێ و پێندرۆ و ستوپێ و دێزۆ هاوسنوورە.

كاتی خۆی خەڵكی سێلكێ خەریكی ئاژەڵداری و كشتوكاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی سێلكێ وەك باقی گوندەكانی دیكەی دەڤەری مزووری باڵا، كەوتە بەر شاڵاوی

ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە هەولێر و پیرمام و سۆران و دهۆك و سێلکێ و بەحرکە و هەریر و هەندەران دەژین.

٢٨. **ستوپێ**: ستوپێ، گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و دڵڕفێنە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندەکانی سێلکێ، گویزا وەلاتی، پێندرۆ و لێڕا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی ستوپێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٨، گوندی ستوپێ وەك باقی گوندەکانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە بەحرکە و پیرمام و هەولێر و دهۆك دەژین.

٢٩. **شیفکێ**: شیفکێ گوندێکی دیکەیە، لە گوندە بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندی داویدکا هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی شیفکێ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٥، گوندی شیفکێ وەك گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە قۆشتەپە و سۆران و هەریر دەژین.

٣٠. **هیزان**: هیزان یەکێکە لە گوندە بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، ئەو گوندە بە یەکێك لە گوندە جوان و خۆش و پڕ داهاتەکانی دەڤەری مزووری باڵا هەژمار دەکرێت، چونکە ئاوێکی زۆری هەیە و ڕووباری شین بەکەنار ئەو گوندەدا تێپەڕ دەبێت.

گوندی هیزان لەگەڵ گوندەکانی تێل و شیفکێ هاوسنوورە، خەڵکی ئەو گوندە کاتی خۆی خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٥، گوندی هیزان وەك گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا چۆڵە و هیچ ماڵێکی لێ نییە، بەڵام بەشی زۆری دانیشتوانی ئەو گوندە لە کۆمەڵگەی دازان و سیرێ دەژین.

٣١. **تێڵ**: تێڵ، گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا. سروشتیی ئەو گوندە جوان و دڵڕفێنە و لەگەڵ گوندەکانی هیزان و ئاڤەدوور هاوسنوورە. کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون.

بەڵام ساڵی ١٩٧٥، گوندی تێل وەك گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا خەڵکی ئەو گوندە لە پیرمام و سۆران و هەریر و قۆشتەپە دەژین.

٣٢. **ئاڤەدوور**: ئاڤەدوور، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە دێرین و بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی جوان و خۆشە، لەگەڵ گوندەکانی تێل و زێوە هاوسنوورە.

کاتی خۆی خەڵکی گوندی ئاڤەدوور خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون، بەڵام ساڵی ١٩٧٥، ئەو گوندەش وەك گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە لە کۆمەڵگەی دازان و سیرێ و دەژین.

٣٣. **بابسێفا**: بابسێفا، گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و جوانە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی هەلەوین هاوسنوورە.

ساڵی ١٩٧٥، گوندی بابسێفا وەك گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە لە کۆمەڵگەی دازان و سیرێ و دەژین.

٣٤. **هەلەوین**: هەلەوین، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە زۆر بچووك و دێرینەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش بووە، ئەو گوندە لەگەڵ گوندی داویتکا هاوسنوورە، دانیشتوانی ئەو گوندە، کاتی خۆی خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون، بەڵام لەمێژە چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە.

کاتی خۆی خەڵکی ئەو گوندە بەرەو گوندەکانی دیکە باریان کردووە و هۆکاری چۆڵکردنەکەشی نەزانراوە، بەڵام زۆر کۆن نییە؛ چونکە شوێنەواری مزگەوتی گوندەکەیان تا ئێستاش ماوە.

٣٥. **داویدکا**: داویدکا، گوندێکی دیکەیە، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و دڵڕفێنە، ئاوێکی زۆری هەیە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی بێکۆڵ و شیفکێ هاوسنوورە. ساڵی ١٩٧٥، گوندی داویدکا کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە لە کۆمەڵگەی دازان و سیرێ و دەژین.

٣٦. **بێکۆڵ**: بێکوڵ، یەکێکە لە گوندە دێرین و زۆر بچووکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆشە. کاتی خۆی مەسیحییەکان لەو گوندە ژیاون، بەڵام زۆر لەمێژە چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە. ئەم گوندە لەگەڵ گوندی شنگێڵ هاوسنوورە، کاتی خۆی خەڵکی بێکۆڵ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون. ئێستاش شوێنی نیشتەجێبوونیان دیار نییە.

٣٧. **شنگێڵ**: شنگێل گوندێکی دیکەیە، لە گوندە گەورەکانی دەڤەری مزووری باڵا، گوندێکی خۆش و دڵڕفێنە، ئاوێکی زۆری هەیە. ئەو گوندە لەگەڵ گوندی سرێل هاوسنوورە.

کاتی خۆی خەڵکی شنگێڵ خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵبوون، بەڵام ساڵی ١٩٧٥، شنگێڵ کەوتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خاپوور کرا و خەڵکەکەی بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزرا. ئێستا زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە لە کۆمەڵگەی دازان و سیرێ دەژین.

٣٨. **ئەردێل**: ئەردێل، گوندێکی دیکەیە، لە گوندە جوان و دێرینەکانی دەڤەری مزووری باڵا. کاتی خۆی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزانی، بەشێك لە دانیشتووانی گوندی ئەرگوش لە گوندی ئەردێل نیشتەجێ بوو بوون. بەڵام لەمێژە وەك گوندەکانی دیکەی وەلاتێ ژێری چۆڵکراوە و ژیان تێیدا نەماوە.[٣٠]

خشتەی ناوی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لە گەورەوە بۆ بچووك، بۆ ساڵی ٢٠١٩ بەپێی ئامارە نافەرمییەکان.[٣١]

---

(٣٠) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، ئەفسەری ڕێکخستن لە هێزی ٣٢ی تایبەت و بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەتالیونی (٣)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١١.

(٣١) ئاماری گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا لەم بەڕێزانە وەرگیراوە: گوندی (ئەرگوش) لە بەڕێز (ڕەبیع محەمەد عادل ئەرگوشی) و (ئارام ئیسماعیل عوسمان ئەرگوشی) وەرگیراوە. گوندی (شیڤێ) لە بەڕێز (ناسح بەهائەدین مەحموود شیڤی) وەرگیراوە. گوندی (ئێدلبێ) لە بەڕێز (زوهری جەبەلی ئێدلبی) وەرگیراوە. گوندی (پێندرۆ) لە بەڕێز (محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی) وەرگیراوە. گوندی (مێرۆز) لە بەڕێز (عوسمان صەبری مێرۆزی) وەرگیراوە. گوندی (سێلکێ) لە بەڕێز (عەلی دەسکۆ سێلکی) وەرگیراوە. گوندی (مووکا) لە بەڕێز (نزار صەبری عەلی مووکی) وەرگیراوە. گوندی (سپیندارێ) لە بەڕێز (ڕەشید شەوکەت ڕەشید) وەرگیراوە. گوندی (گویزا وەلاتی) لە بەڕێز (ڕێکارێ مزویری) وەرگیراوە. گوندی (دێزۆ) لە بەڕێز (ساڵح جبرائیل دێزۆیی) وەرگیراوە. گوندی (بەنان) لە بەڕێز (یوسف ئەحمەد ڕەشید بەنانی) وەرگیراوە. گوندی (ماوەت) لە بەڕێز (عەزیز عوسمان ماوەتی) وەرگیراوە. گوندی (شنگێڵ) لە بەڕێز (نەوزاد صادق عوسمان شنگێڵی) وەرگیراوە. گوندی (ستوپێ) لە بەڕێز (کازم تاهیر ستوپەیی) وەرگیراوە. گوندی (بژیان) لە بەڕێز (ماهر مستەفا بژیانی) وەرگیراوە. گوندی (گویزا ئاستەنگێ) لە بەڕێز (عەبدولەتیف سەعید شەرەف گویزی (گویزا ئاستەنگێ) وەرگیراوە. گوندی (مەموودان) لە بەڕێز (موحسین جادر عەزیز مەموودی) وەرگیراوە. گوندی (بابسێفا) لە بەڕێز (عەبدال زکری حەجی بابسێفی) وەرگیراوە. گوندی (سلور) لە بەڕێز (سەید خالید عەبدوڵڵا سلۆری) وەرگیراوە.گوندی (تێل) لە

ژ	ناوی گوند	ژمارەی سەرخێزان
١	ئەرگوش	١٣٠٠
٢	شیڤێ	١١٠٠
٣	ئێدڵبێ	٦٦٣
٤	پێندرۆ	٦٥٦
٥	مێرۆز	٣٨٠
٦	سێلکێ	٣٥٥
٧	مووکا	٢٦٠
٨	سپینداریێ	٢٥٠
٩	گویزا وەلاتی	٢٥٠
١٠	دێزۆ	٢٤٠
١١	بەنان	٢٣٠
١٢	ماوەت	٢٣٠
١٣	شنگێل	٢١٨
١٤	ستوپێ	١٧٥
١٥	بژیان	١٥٧
١٦	گویزا ئاستەنگێ	١٥٠

بەڕێز (ئینزار محەمەد تاهیر سەعید تێلی (طێلی) وەرگیراوە. گوندی (توێ) لە بەڕێز (جادر حاجی ئەحمەد تویی) وەرگیراوە. گوندی (پاڵانا) لە بەڕێز (تەحسین عیسا عەلی پاڵانی) وەرگیراوە. گوندی (کوڕان) لە بەڕێز سلێمان وەحید کوڕانی وەرگیراوە. گوندی (داویدکا) لە بەڕێز (عوسمان حەجی عوسمان داویدکی) وەرگیراوە. گوندی (سینا) لە بەڕێز (فەهری سلێمان ناسر سینی) وەرگیراوە. گوندی (گلانە) لە بەڕێز (شەوکەت محەمەد ئەمین عەبدولکەریم گلانی) وەرگیراوە. گوندی (بۆسێ) لە بەڕێز (ئەحمەد شەریف ئەحمەد نەبی بۆسی) وەرگیراوە. گوندی (هیزان) لە بەڕێز (صدقی حاجی ئادەم هیزانی) وەرگیراوە. گوندی (ئاڤەدوور) لە بەڕێز (عیسا صەبری بەکر ئاڤەدووری) وەرگیراوە. گوندی (ناڤکوڕکا) لە بەڕێز (کەریم قادر محەمەد تاهیر ناڤکوڕکی) وەرگیراوە. گوندی (ڕەوین) لە بەڕێز (صابر سوڵتان سەعید ڕەوینی) وەرگیراوە، گوندی (شیفکێ) لە بەڕێز (سەردار محەمەد ئەیوب شیفکی) وەرگیراوە. گوندی (سۆمێ) لە بەڕێز (سمایل مەحموود سۆمەیی) وەرگیراوە. گوندی (ئەردێل) لە بەڕێز (فکری محەمەدئەمین محەمەد شەریف ئەردێلی) وەرگیراوە. گوندی (بەرکەلێ) لە بەڕێز (دلاوەر فەتاح بەرکەلەیی) وەرگیراوە. گوندی (بێکۆل) لە بەڕێز (خورشید ڕەشید خورشید بێکۆلی) وەرگیراوە. گوندی (بناڤێ) لە بەڕێز (کەریم قادر محەمەد تاهیر ناڤکوڕکی) وەرگیراوە. گوندی (هەلەوین) لە بەڕێز (سەلیم ئیبراهیم سەعید هەلەوینی) وەرگیراوە. (نووسەر)

١٧	مەموودان	١٤٠
١٨	بابسێفا	١٣٠
١٩	سلۆر	١٢٨
٢٠	تێل	١٢٦
٢١	توێن	١١٦
٢٢	پاڵانا	١٠٥
٢٣	کوڕان	١٠٥
٢٤	داویدکا	٩٥
٢٥	سینا	٩٠
٢٦	گلانە	٩٠
٢٧	بۆسێ	٨١
٢٨	هیزان	٧٣
٢٩	ئاڤەدوور	٦٨
٣٠	ناڤکوڕکا	٦٢
٣١	ڕەوین	٦١
٣٢	شیفکێ	٥٦
٣٣	سۆمێ	٥٠
٣٤	بەرکەلێ	٤٤
٣٥	ئەردێل	٤٣
٣٦	بێکۆل	١٦
٣٧	بناڤێ	١٥
٣٨	هەلەوین	٩



نەخشەی فەرمی قەزای مێرگەسۆر ژمارە(١)، کە دەڤەری مزووری باڵاش دەگرێتەوە.

ئەم نەخشەیە لەلایەن کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و دیزاین و کارتۆگراف دروستکراوە، لە ئامادەکردنی ڕەواج حاجی ئەحمەد و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو



نەخشەی فەرمی قەزای مێرگەسۆر ژمارە (٢)، کە دەڤەری مزووری باڵاش دەگرێتەوە
ئەم نەخشەیە لەلایەن کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و دیزاین و کارتۆگراف دروستکراوە، لە ئامادەکردنی ڕەواج حاجی ئەحمەد و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو

دەڤەری مزووری باڵا لە ڕووی جوگرافییەوە

جوگرافیای دەڤەری مزووری باڵا، کە هەموو پێکهاتەکانی وەك: چیا و زەوی و دۆڵ و زێ و ڕووبار و درەخت و سەقا و ڕووەك و گژوگیا و گیانەوەر و زیندەوەرەکان دەگرێتەوە، بە گرنگترین هۆکاری نیشتەجێبوونی خەڵکی ئەو دەڤەرە هەژمار دەکرێت. چونکە وێڕای سوودەکانی، جوانییەکی زۆری بەو دەڤەرە بەخشیوە، کە مرۆڤ بە بینینی دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی تێر نابێت.

هەڵبەت دەڤەری مزووری باڵا، بە دەڤەرێکی چیایی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە بەشی هەرە زۆری لە چیا و دۆڵ و گرد و پەسار و دارودرەخت پێکهاتووە و دەشت و جێگەی تەختایی کەمی تێدایە، کە بۆ چاندنی بەرهەمە کشوکاڵییەکان بشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی ناوچەکە، بۆ خۆبژێوی، بەشی ئەوەندە زەویوزاریان هەبووە، کە پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆیانی پێ دابین بکەن، وەك چاندنی گەنم و جۆ و هەرزن و تاڵە و ماش و نیسك و نۆك و هتد. لە هەندێ گوندیش برنجیان چاندووە، چونکە ئاوێکی زۆریان هەبووە، وەك گوندەکانی: "کوڕان، بژیان، بۆسێ، سۆمێ، مێرۆز، شەهێ، مووکا، شیڤێ، بەرکەلێ، سلۆر، ڕەوین و پاڵانا و گویزێ."

ئەوەی ڕاستی بێت، هەر ئەم سروشتە جوانەی دەڤەرەکە بووە، وای کردووە لە دێرزەمانەوە خەڵك ڕوو لەو دەڤەرە بکات و هۆگری بێت و خۆی لەگەڵ ئەو ژینگە سەخت و دژوارەدا دەستەمۆ بکات!

وەرزەکانی ساڵ لە دەڤەری مزووری باڵا

وەرزەکانی ساڵ لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان چەندین سیما و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە هەر وەرزێك لە وەرزەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. لە خوارەوە تیشکێك دەخەینە سەر سیما و تایبەتمەندییەکانی هەر چوار وەرزەکانی ساڵ لە دەڤەری مزووری باڵا :

وەرزی بەهار

وەرزی بەهار، لە دەڤەری مزووری باڵا، بە جوانترین وەرزی ساڵ و بووکی وەرزەکان هەژمار دەکرێت، چونکە وەك بەهەشت دەڕازێتەوە و بەرگێکی سەوز دەپۆشێت و سروشتێکی جوان و دڵڕفێن بە دەڤەرەکە دەبەخشێت.

هەروەها وەرزێکی فێنك و خۆشە، ڕۆژەکانی درێژ و شەوەکانیشی کورتن، هەروەها ساڵانە لەم وەرزەدا بارانێکی زۆر دەبارێت و بەهۆی ئەو بارانەوە، سەرلەنوێ گژوگیا شین دەبێتەوە و دەڤەرەکە سەوزپۆش دەکات. پلەی گەرما لە دەڤەری مزووری باڵا، لە وەرزی بەهاردا مامناوەندە، واتە نە زۆر گەرمە، نە زۆریش ساردە.

بۆیە هەموو ساڵێك لەو وەرزەدا خەڵکی ئەو دەڤەرە بەمەبەستی گەشت و سەیران و هێنانی گژوگیای بەهاری، کە بە (پانجاڕ) ناسراوە، وەك: کڤارك (قارچك) و ڕێواس و خەلەندوور و کەنگر و چۆرین و سۆریاز و لووشە و هندرش و تولکە و کاردی و سترك و گاسۆس و هتد. ڕوویان دەکردە چیا و زۆزان و دەشت و قەدپاڵ و کێوەکانی ئەو دەڤەرە و تام و چێژیان لە خۆشی و جوانییەکانی بەهار وەردەگرت و کات و ساتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد.

هەروەها قوتابی و مامۆستایانی ئەو دەڤەرە، لە وەرزی بەهاردا دەچوونە گەشت و سەیران و تام و چێژیان لە دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ئەو دەڤەرە وەردەگرت. لە وەرزی بەهاردا، بەهۆی بارانی بە لێزمە و توانەوەی بەفری چیا و کوێستانەکانەوە، ئاوی کانیاوەکان زۆر دەبوو و هەندێ جاریش لافاو هەڵدەستا و پردی مەڕوماڵات و نێوان ماڵەکان و گەڕەکەکانی ڕادەماڵی.

گیای بەهاری (پانجاڕ)

هەروەها لە وەرزی بەهاردا، جووتیاران بە گوێدرێژ و گا جووتیان دەکرد و زەوییان دەکێڵا و تۆویان دەچاند، نەخاسمە گەنم و جۆ، کە بە گەنم و جۆی بەهاری ناسرابوو. هەمدیسان لە وەرزی بەهاردا، دەرگای خێر و خۆشی بەڕووی مەڕوماڵاتەکاندا دەکرایەوە، چونکە لە دەست برسییێتی ڕزگاریان دەبوو و سەرلەنوێ تێر گژوگیا و وێنجەی سەزیان دەخواردەوە.

وەرزی هاوین

وەرزی هاوین لە دەڤەری مزووری باڵا لە چاو وەرزەکانی دیکە، بە گەرمترین وەرزی ساڵ دادەنرێت، چونکە پلەی گەرما لەو وەرزەدا تا ئەندازەیەك بەرزە، هەروەها ڕۆژەکانی گەرم و شەوەکانیشی فێنکن..

هەڵبەت جاران لە دەڤەری مزووری باڵا، وەرزی هاوین، وەرزی دروێنە و خەرمانکردن و کۆکردنەوەی داهاتەکان بوو، چونکە خەڵکی ئەو دەڤەرە بە ژن و پیاوەوە لەم وەرزەدا سەرقاڵی کارکردنبوون، چونکە هەموو هیوای خۆیان لەسەر ئەو وەرزە هەڵچنیبوو، واتە وەرزی ڕنینەوە و کۆکردنەوەی بەروبووم و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بوو.

وەرزی پاییز

وەرزی پاییز، کە سێیەم وەرزی ساڵە و بە وەرزی خەزان و گەڵاڕێزان ناسراوە، لە کوردستان وەرزێکی فێنك و خۆشە، لەو وەرزەدا، ڕۆژەکان کورت و شەوەکانیش درێژن و پلەی گەرماش نە زۆر بەرزە، نە زۆریش نزمە، بەڵکوو مامناوەندە.

هەروەها زۆربەی ساڵەکان لە دەستپێکی پاییزدا، باران لە دەڤەری مزووری باڵا دەبارێت، بۆیە جووتیاران لەو وەرزەدا بە گوێدرێژ و گا جووتیان دەکرد و زەوییان دەکێڵا و تۆویان دەچاند، نەخاسمە تۆوی گەنم و جۆ، کە گەنم و جۆی پاییزییان پێ دەوت.

شایانی ئاماژەپێدانە، خەڵکی ئەو دەڤەرە، لە وەرزی پاییزدا، زیاتر خۆیان بۆ هاتنی وەرزی زستان ئامادە دەکرد و پێداویستییەکانی خۆیان، وەك: گەنم و جۆ و هەرزن و برنج و شەکر و خوێ و نەفت و پۆشاك و پێڵاو دابین دەکرد، هەروەها ئالف و ئالیکی مەڕو ماڵاتی خۆشیان لەو وەرزدا، بۆ وەرزی زستان بەرهەڤ دەکرد. بۆ ئەوەی لە وەرزی زستاندا ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگ نەبنەوە و بتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی ژیانی خۆیان بەسەر بەرن.

هەروەها خەڵکی دەڤەرەکە، پەنایان دەبردە بەر دابینکردنی سووتەمەنی، وەك دار برین، چونکە جگە لە دار، هیچ جۆرە سووتەمەنییەکی دیکەی وەك کارەبا و نەفت و غاز نەبوو، بۆ خۆگەرمکردنەوە و چێشت لێنان و نان کردن. تەنانەت بۆ داگیرساندنی فانووس و چرا و لامپای ماڵەکانیشیان، دەبوایە لە شوێنە دوورەکانەوە نەفت بە تەنەکە بهێنن.

وەرزی زستان

وەرزی زستان لە دەڤەری مزووری باڵا، بە درێژترین وەرزی ساڵ هەژمار دەکرێت، چونکە زۆرجار بەهۆی بارینی بەفر و بارانێکی زۆر، هەروەها دابەزینی پلەکانی گەرما، زستان زووتر لە کاتی خۆی دەهات و درەنگتریش لە کاتی خۆی گۆڕەپانەکەی بۆ بەهار چۆڵ دەکرد، تەنانەت ساڵی وا هەبووە، زستانی ئەو دەڤەرە زیاتر لە (٤-٥) مانگی خایاندووە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وەرزی زستان لە دەڤەری مزووری باڵا، بریتی بوو لە بەفر بارین، واتە، جاران بەفرێکی زۆر دەباری و دەبووە شەختە و بەستەڵەك. بە قسەی شایەتحاڵەکان، جاری وا هەبووە چەندین مەتر بەفر لەو دەڤەرە باریوە و ڕێگا سەرەکییەکان بەهۆی بەفرەوە گیراون و پەکیان کەوتووە و خەڵك بەدەستییەوە گیری خواردووە و تا چەند ڕۆژێك لە توانایاندا نەبووە بەفری بانەکانیان ڕاماڵن و ئاڵیك (ئالف) بە مەڕ و ماڵاتەکانیان بدەن.

لەمبارەیەوە، بەڕێز (عیسا محۆ بژیانی)، ئەم بەسەرهاتە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: "باوکم وتی: لە کۆندا، ساڵێك بەفرێکی زۆر باری، ماڵێك بە تەنیا لە (دێرکا)ی نزیك بژیان دەژیا، ئەو بەفرە زۆرە، تەنگی بەو ماڵە هەڵچنی بوو و سەمیانی ماڵ نەیدەتوانی بەتەنیا بەفری سەربانەکەی ڕاماڵێت، بۆیە خەڵکی گوندی بژیان بەهانایەوە چوون و لەو تەنگانەیە نەجاتی دا."

هەروەها ناوبراو وتی، لە باب و باپیرانمەوە بیستوومە کەوا: "ساڵێك لە ساڵەکان، بەفرێکی زۆر لە دەڤەری مزووری باڵا باری بوو، تەنانەت (١٤)بست ([٣٢])لەسەر زەوی کەوتبوو."([٣٣])

---

(٣٢) بست: پێوەرێکی دەستییە، پانیی دەست لە سەری پەنجەتووتە، تا سەری پەنجەگەورە بستێکە. (نووسەر)

(٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیسا محۆ عیسا بژیانی، لە بەحرکە، ڕێکەوتی٢٠١٩/٥/٨

بۆیە لەم حاڵەتانەدا، خەڵکی ئەو دەڤەرە وەك تیمێك كاریان دەكرد و بەهانای یەكترییەوە دەچوون و یارمەتیی یەكترییان دەدا و زۆربەی كارەكانیان بە زبارە و هەرەوەزی ئەنجام دەدا.

هەروەها ئەگەر كەسێك یان ڕێبوارێك یان كاروانچییەك ڕێگای خۆی ون كردبوایە، یان لەناو بەفر گیری خواردبوایە، چ بە تەقەكردن یان بە داگیرساندنی ئاگر، یان بە ناردنی قاسیدێك، خەڵكی ئاواییان ئاگادار دەكردەوە كە لێییان قەوماوە، خەڵكەكەش زۆر بە دڵسۆزی و بە هەستێكی بەرزی مرۆڤدۆستانەوە، بەهانایانەوە دەچوون و لێقەوماوەكانی نەجات دەدا، چونكە جاران وەك ئێستا نەبوو، بە تەلەفۆن یەكتری ئاگادار بكەنەوە، یان تیمی فریاگوزاری بە ماشێن یان كۆپتەر بە هانایانەوە بچن و قورتاریان بكەن.

هەڵبەت بە حوكمی ئەوەی زستانی دەڤەری مزووری باڵا زۆر سەخت و درێژ بووە و بەفر و بارانێكی زۆریشی لێ باریوە، بۆیە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە، نەیانتوانیوە لەو وەرزەدا وەك پێویست كار و كەسابەت بكەن، بەڵكوو هەر لە وەرزی پاییزەوە خۆیان بۆ دابینكردنی پێداویستییەكانی زستان و چارەسەركردنی ئەو كێشە و گرفتانە ئامادە دەكرد، كە لە وەرزی زستان بەرەوڕوویان دەبوونەوە.

هەمدیسان لە كۆندا، ڕاوچییەكانی ئەو دەڤەرە لە هەر چوار وەرزەكانی ساڵ، نەخاسمە لە وەرزی زستان، خۆیان بە ڕاوكردنی باڵندە و ئاژەڵە كێوییەكان (٣٤) سەرقاڵ دەكرد، چونكە سوودیان لە گۆشت و پێست و پەڕەكانیان وەردەگرت.

هەڵبەت ئەو ماڵباتانەی كە لە دەڤەری مزووری باڵا مەڕوماڵاتێكی زۆریان هەبوو، یان كێشە و گرفتی ئاڵیكیان هەبوو، زۆربەی جار لە وەرزی پاییز و بەهار، مەڕ و ماڵاتی خۆیان دەبردە ناوچە گەرمەكانی وەك گەلی پایزی(٣٥).

تاكو لە دەست ئەو كێشە و گرفتانە ڕزگاریان بێت و بەسەلامەتی زستانەكەیان بەڕێ بكەن.

---

(٣٤)لەسەردەمی حوكمڕانی شێخەكانی بارزاندا، لە پێناو پاراستنی مافی ئاژەڵان و پاك ڕاگرتنی ژینگە، ڕاوكردنی كەو و بزنە كێوی لە دەڤەری بارزان، بە مزووری باڵاشەوە بە هەموو شێوەیەك قەدەغە بوو و، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت كەس بووی نییە كەو و بزنەكێوی ڕاو بكات، بەڵام كوشتنی بەراز و ئاژەڵە دڕندەكانی وەك گورگ ئاسایی بوو، چونكە مزڕ و زیانبەخش بوون. (نووسەر)

(٣٥) **گەلی پاییزی**: دەكەوێتە دەڤەری مزووری باڵا، زۆر ئاو و ئەشكەوتی لێیە، كەشوهەواكەشی بە بەراورد بە ناوچەكانی دیكەی مزووری باڵا، بۆ بەخێوكردنی مەڕوماڵات گونجاو و لەبارە، پلەی گەرماش لەو گەلییەدا لە چاو ناوچەكانی دیكەی ئەو دەڤەرە بەرزە. شوانەكان لە وەرزی پاییز و بەهاردا مەڕ و ماڵاتی خۆیان دەبردە ئەو گەلییە و خەریكی بەخێوكردن و لەوەڕاندنی دەبوون، چونكە لەو دوو وەرزەدا تێرەخۆر (لەوەڕ) لە گەلی پاییزی زۆر بوو، بەڵام لە ناوچەكانی دیكە كەم بوو. (نووسەر)

هەروەها ئەوانەی کە لە وەرزی زستاندا تووشی کەمی دار یان ئالیکی ئاژەڵان دەبوونەوە، لە کاتی شەختەدا، کە بەفر ڕەق دەبوو و دەبووە کورشە [٣٦]بە کولی [٣٧] دەچوونە دەرەوەی گوندەکان و دار و ئالیکیان دەهێنا، نەخاسمە گوینی [٣٨].



مامۆستا زەکەریا بارزانی پێڵاوی ڕەشك و ساقەی لەپێیە، لە گوندی ئێدلّێ، بە (کولی) ئالّیك بۆ مەڕومالّات دەگواستەوە.

فۆتۆ: مامۆستا زەکەریا بارزانی، ساڵی ١٩٧٥ ئێدلّێ

---

(٣٦)**کورشە**: بەو بەفرە دەوترا، کە بەهۆی سەرماو سۆڵەوە وەك بەرد ڕەق دەبوو. (نووسەر)

(٣٧) **کولی**: لە دوو داری درێژ دروست دەکرا و باری لێ بار دەکرا و لەسەر بەفر، نەخاسمە کە دەبووە کورشە ڕایاندەکێشا و تا دەیانهێنایە شوێنی مەبەست. (نووسەر)

(٣٨)**گوینی**: جۆرە گیایەکی ڕەگداری خۆڕسك بوو، ئالّیکێکی زۆر وزەبەخش بوو بۆ ئاژەڵان. (نووسەر)

سەقا (کەشوهەوا)ی دەڤەری مزووری باڵا

سەقا (کەشوهەوا) لە دەڤەری مزووری باڵا، بەپێی وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕا، چونکە هەر وەرزێکی ساڵ لەو دەڤەرە سیما و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، بۆیە لەگەڵ گۆڕینی کەشوهەوا، وەرزەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دەهات و بەرگی تایبەت بەخۆیان دەپۆشی!

هەڵبەت ئەو ئامار و داتایانەی کە باس لە ڕەگەزەکانی کەشوهەوا دەکەن لە دەڤەری مزووری باڵا زۆر کەمن، چونکە لە سەدەکانی ڕابردوو، هیچ ناوەند و مەڵبەندێکی کەشناسی لەو ناوچەیە نەبووە، تاکوو ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە، ڕێژەی باران بارین و بەفر بارین و پلەکانی گەرما تۆمار بکات.

ئەمەش چوار هۆکاری لە پشتەوە بووە:

یەکەم: دەڤەرێکی شاخاوی و دوورەدەست بووە.

دووەم: فەرمانگە حکوومییەکانی ئەو سەردەمە، ئامێری پێشکەوتوویان لەبەردەستدا نەبووە.

سێیەم: ئەو دەڤەرە، بەهۆی ڕاپەڕین و شۆڕش و بوویەرە سیاسییەکانەوە ئارام و سەقامگیر نەبووە و ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە بۆ ئەوەی پلەکانی گەرما و ڕێژەی باران بارین و بەفر بارین بە شێوەیەکی ڕێکوپێك تۆمار بکرێت.

چوارەم: چەندین جار خەڵکی ئەو دەڤەرە کەوتۆنەتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و لە زێدی باب و باپیرانی خۆیان دوورخراونەتەوە و ئەو دەڤەرە چۆڵکراوە، وەك ڕاگواستنی ساڵی١٩٧٥ و ١٩٧٨، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بووە.

بەڵام لەو سەردەمەدا، ئەو دەڤەرە حیسابداریان هەبووە، بۆ دیاریکردنی ڕەوشی کەشوهەوا، بۆ ئەم مەبەستەش، پشتیان بە دیاردە سروشتییەکان بەستووە، وەك ئەستێرەکان: بۆ نموونە هەڵاتن و ئاوابوونی کۆمەڵە ئەستێرەیەکیان دەکردە نیشانە، وەك: (ئەستێرەی گەلاوێژ، ترازی، پیرۆ، کاکێشك، کاروانکوژ، ستێرەزەرك و لەیل و مەجنون)، هەروەها کاتی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان نیشانە بوون بۆ گۆڕانکارییە وەرزییەکان و سروشتییەکانی ئەو دەڤەرە.

لەبارەی ڕۆژە سەختەکانی زستانەوە وتراوە:

"گەلاڤێژێ گۆتە ستێرە سۆرێ
ناڤچاڤ مۆرێ
ئەز جیاتی تەبامر، دا خەلکی کوژمر
لسەر لولکە سۆرێ."
هەروەها لەبارەی ستێرە زەرکیشەوە وتراوە:
"ستێرە زەرکا سەرێ نیسانێ
گریەکە ژ بێت زستانێ
دیا مەزن بهێلن ل قوینەبانێ
بۆ گریا سەرێ نیسانێ[٣٩]."
لەبارەی مانگەکانی ساڵیشەوە وتراوە:
نیسان
ئەگەر بارانێن نیسانێ بوونە کەر، ل ناڤ دەخلا نەکەنە دەر.
گوڵان:
گوڵانێ، توی کەفتنە کولانێ.
خەزیران (خێڤە، پۆشپەر):
خەزیران خنزری، گیا ل عەردی کوزری.
تەباخ (تیرمە، خەرمانان):
تەباخێ، تری کەفتە مشتاخێ
گەڵاڤێژ:
گەڵاڤێژە، شەڤا درێژە.
ئەیلووڵ (کەوچەرێن، رەزبەر):
ئیلونێ، ب سەڤیکا چوونێ. مەبەست تریە.
چریا ئێکێ (گەڵارێزان):

---

(٣٩) بۆ ئەم بابەتە، سوود لە دەستنووسی (گوندی دێزۆ) وەرگیراوە، لە نووسینی ساڵح جبرائیل دێزۆیی. (نووسەر)

چریا ئێکێ، بەلگ وەریانە ڕێکێ.

چریا دووێ (سەرماوەرز):

چریا دووێ، ئاڤ وەرگێڕا لسەر جووێ.

کانینا کچکە (بەفربارا ئێکێ):

کانینا کچکە، بەفر ب عەردیڤە بییە مچکە.

کانینا مەزن (بەفربارا دووێ، ڕێبەندان):

کانینا مەزن، گا لسەر کورشەی دبەزن، مەبەست لسەر بەفرێ.

شوبات (ڕەشەمێ):

شوباتێ، بەفر و باتێ، تیزیکا ل بنێ گیاتێ.

ئادار (نەوروز):

(١٨)ی ئادارێ

(١٨) بست هاتنە خارێ

ئێرە نە، ل بەڕیا شنگارێ

گا ڤەکوشتن، لبەر سیبەرا دارێ. [٤٠]

ڕەگەزەکانی سەقا (کەشوهەوا)

لە خوارەوە تیشکێك دەخەینە سەر ڕەگەزەکانی کەشوهەوا لە دەڤەری مزووری باڵا:

١- **پلەی گەرما**: پلەی گەرما لە دەڤەری مزووری باڵا، لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە و لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی دیکە جیاوازە، بەپێی ئاماری وێستگەی کەشناسی مێرگەسۆر[٤١]، بۆ ساڵی٢٠٠١-٢٠٠٥، تێکرای پلەی گەرما، بەپێی مانگەکانی ساڵ، لە سنووری دەڤەری مێرگەسۆر، کە مزووری باڵاش دەگرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

---

(٤٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤١)ئاماری ناو ئەم خشتەیە، لە توێژینەوەی (عەشیرەتی مزۆری باڵا) وەرگیراوە، کە توێژینەوەیەکی سۆسیو ئەنتروپولۆژییە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریوس ئەنجام دراوە، لە ئامادەکردنی بەڕێزان: عومەر سەلیم بابەکر و محەمەد جەمیل ئیبراهیم و زیرەك محەمەد تاهیر ڕەشید.
ساڵی ٢٠٠٩، دەستنووس. (نووسەر)

پلەی گەرمای تۆمارکراو لە وێستگەی شێروان مەزن	مانگەکان
٢-م°	کانوونی دووەم (کانینا مەزن)
٩، .م°	شوبات (شات)
٣ ، ٦م°	ئازار (ئادار)
٨م°	نیسان (نیسان)
١٤، ٧م°	مایس (گوڵان)
١٩، ٧م°	حوزەیران (خزیران)
٢٣م°	تەمووز (تیرمە)
٢٤، ١م°	ئاب (ئاب)
٢١، ٤م°	ئەیلوول (ئیلون)
١٣، ٦م°	تشرینی یەکەم (چریا ئێکێ)
٧، ٥م°	تشرینی دووەم (چریا دووێ)
١، ٤م°	کانوونی یەکەم (کانینا بچیك)
١١، ١٧م°	تێکڕای ساڵانە

٢. **باران بارین:** ساڵانە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بارانێکی زۆر دەبارێت، نەخاسمە لە وەرزی زستان و پاییز و بەهار، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە، هەروەها لە وەرزەکانی ساڵیشدا ئەم جیاوازییە بەدی دەکرێت، واتە هەموو ساڵێك بەیەك ئاست و ڕادە باران نابارێت، بەڵکوو ساڵ هەیە زۆر دەبارێت و ساڵیش هەیە کەم دەبارێت.

بەڵام لە کوردستان ڕێژەی باران بارین لە وەرزی زستان زیاترە، لە چاو وەرزەکانی دیکەی ساڵ، نەخاسمە لە دەڤەری مزووری باڵا.

بەپێی ئاماری وێستگەی کەشناسی مێرگەسۆر([٤٢])، تێکڕای ڕێژەی باران بارین لە قەزای مێرگەسۆر، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٥)، کە دەڤەری مزووری باڵاش دەگرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

(٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو

مانگەکان	تێکڕای باران بارین بەملم لە قەزای مێرگەسۆر
کانوونی دووەم	٤، ٢٧٥ملم
شوبات	٣، ٣٠٤ملم
ئازار	٢ ، ١١٠ملم
نیسان	٧، ٢٠٥ملم
مایس	١، ٧١ملم
حوزەیران	٧، ٠ملم
تەمووز	—
ئاب	—
ئەیلوول	—
تشرینی یەکەم	٩، ١٢٤ملم
تشرینی دووەم	٤، ١٩٦ملم
کانوونی یەکەم	٦، ٦٣ملم
تێکڕای ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥	٤١، ٣٧٨ملم

٣. **بەفر بارین**: ساڵانە لە کوردستان بەفرێکی زۆر دەبارێت، نەخاسمە لە ناوچە کوێستانی و شاخاوییەکان، چونکە کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە و چیا و کێوی بەرزی لێیە. بەڵام ڕێژەی بەفر بارین لە کوردستان، لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە و لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی دیکە دەگۆڕێت و کەم و زیاد دەبێت، وەرزی زستان، لە چاو وەرزەکانی دیکە، بەفر زۆرتر دەبارێت و بەشی شێری بەردەکەوێت، ئینجا وەرزی پاییز و بەهار دێت.

ساڵانە لە دەڤەری مزووری باڵا بە ڕێژەی جیاواز بەفر دەبارێت، بەڵام زۆرترین بەفر لە وەرزی زستاندا دەبارێت، ئینجا وەرزی پاییز بە پلەی دووەم و وەرزی بەهاریش بە پلەی سێیەم دێت.

سەبارەت بە مانگەکانیش، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا دەهات، بەڵام ساڵانە، لە مانگەکانی: کانوونی دووەم و شوبات و کانوونی یەکەم زۆرترین ڕێژەی بەفر لەو دەڤەرە دەبارێت. بەپێی ئاماری وێستگەی کەشناسی مێرگەسۆر، تێکڕای مانگانە و

ساڵانەی ئەستووری بەفر بارین لە قەزای مێرگەسۆر([٤٣])، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦)ی کە ناوچەی مزووری باڵاش دەگرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

مانگەکان	٢٠٠٥	٢٠٠٦	تێکڕای مانگانە
کانوونی دووەم	———	١٥٤	١٥٤
شوبات	———	٤٠	٤٠
ئازار	———		
نیسان	———		
مایس	———		
حوزەیران	———		
تەمووز	———		
ئاب	———		
ئەیلوول	———		
تشرینی یەکەم	———		
تشرینی دووەم	———		
کانوونی یەکەم	٣٧		
کۆی گشتی ڕێژەی بەفر بارینی ساڵانە بە (سم)	٣٧سم	١٩٤ سم	١١٥، ٥ سم

هەروەها بەپێی ئاماری کەشناسی مێرگەسۆر([٤٤])، بۆ ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) تا ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩)، ڕێژەی بەفر و باران بارین لە قەزای مێرگەسۆر، کە دەڤەری مزووری باڵاش دەگرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

---

(٤٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤٤) ئەم ئامارە لە بەڕێز محەمەد ڕەشید مەلا مێرگەسۆری، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی٢٠١٩/٤/١١. (نووسەر)

ساڵ	بڕی باران/ ملم	بڕی بەفر/ سم
٢٠٠٠-٢٠٠١	١٠٢٩٩	١٨٤
٢٠٠١-٢٠٠٢	١٣٥٣٦	٣٠٥
٢٠٠٢-٢٠٠٣	١٣٩٣٣	٢٦٨
٢٠٠٤-٢٠٠٥	١١٧٨٨	٢٩٠
٢٠٠٥-٢٠٠٦	١٥٦٢٥	٢٣١
٢٠٠٦-٢٠٠٧	٧٥٣١٩	٢٥٤
٢٠٠٧-٢٠٠٨	٧٠٠٤	١٣٢
٢٠٠٨-٢٠٠٩	٢٠٠١٨	١٠٦
٢٠٠٩-٢٠١٠	١٦٢٩٥	٢٢
٢٠١٠-٢٠١١	١٣٢٨٩	٨٥
٢٠١١-٢٠١٢	١٠٥٥١	٢٩٣
٢٠١٢-٢٠١٣	١٩٦٣٥	١٤٠
٢٠١٣-٢٠١٤	١٠٩١٦	٨٢
٢٠١٤-٢٠١٥	١٣٥٩٦	٨٥
٢٠١٥-٢٠١٦	١٨٩٩	١٣٦
٢٠١٦-٢٠١٧	١٢١٠	٢١٦
٢٠١٧-٢٠١٨	١١٨٠	١٧
٢٠١٨-٢٠١٩	تا ٢٠١٩/٣/٢٤	٩٧

ئەزموونی کەشناسی لە دەڤەری مزووری باڵا

پێشان هیچ دەزگایەکی کەشناسی لە دەڤەری مزووری باڵا نەبووە، تا پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر کەسی حیسابدار (کەشناس) لەناو خەڵکی ئەو دەڤەرەدا هەڵکەوتبوون، کە لە ڕێگەی ئەزموون و لێکدانەوەی دیاردە سروشتییەکان و چاودێریکردنی دۆخەکانی کەشوهەواوە، دەیانتوانی تا حەددێکی باش پێشبینی کەشوهەوای ئەو دەڤەرە بکەن و زۆربەی جارەکانیش پێشبینییەکانیان ڕاست دەردەچوون.

ئەو کەسانەی کە لە دەڤەری مزووری باڵا، لە پێشبینییەکانی کەشوهەوا شارەزا بوون، بریتی بوون لەمانە: "حەسەن بازید باپیر ئەرگوشی، مەجید ئەحمەد عەلی ئەرگوشی، سلێمان محەمەد جەوهەر ئەرگوشی، ساڵح حەسەن بازید ئەرگوشی، سەعدی غەفور ئلیاس ئەرگوش، جانگیر جادر مێرۆزی، خورشید مووکی، مەلا ئەحمەد گویزی (گویزا ئاستەنگێ)." (٤٥)

بەڕێز (عیسا بژیانی)، لەبارەی شارەزایی (جانگیر جادر مێرۆزی)یەوە وتی: "جانگیر لە پێشبینیکردنی کەشوهەوای ناوچەکە، کەسێکی زۆر شارەزا و کارامە و ورد بوو، زۆربەی پێشبینییەکانی ڕاست دەردەچوون، جارێکیان لە گوندی بژیان پارچە زەویەکمان کردبوو بە برنج، بەڵام برنجەکە بە باشی گەشە و چرۆی نەکردبوو! بۆیە بڕیارماندا بیکەین بە هەرزن! لەو سەروبەندەدا، جانگیر مێرۆزی ڕێی کەوتە بژیان و هاتە ناو زەویەکەمان و سەیرێکی کرد و وتی: ئەگەر بە گوێی من دەکەن، زەوییەکەتان هەر برنج بێت باشترە لە هەرزن، ئێمەش قەناعەتمان بە قسەکانی ئەو هەبوو، یەکسەر بە گوێی ئەومان کرد. دواجار برنجەکە بەبێ هیچ کێشەیەك گەشەی کرد و دانی گرت، ئەمەم بە چاوی خۆم دیت."

هەر لەمبارەیەوە، ناوبراو وتی: "زۆر جار بیستوومە، جانگیر بە خەڵکی دەڤەرەکەی گوتووە: ئەگەر تا نیوەڕۆ زەوییەکەتان تۆو کرد، ئەوا سوودی دەبێت، بەڵام ئەگەر کەوتە پاش نیوەڕۆ، سوودێکی ئەوتۆی نابێت، پێشبینییەکانیشی ڕاست دەردەچوون."(٤٦)

هەروەها لە چاوپێکەوتنێکیدا، کە بەڕێز ساڵح جبرائیل دێزۆیی، لە ڕۆژی٢٠١٣/٨/٢٧، سەبارەت بە هەندێ دیاردەی کەشوهەوا لە دەڤەری مزووری باڵا، لەگەڵ (خورشید مووکی) ئەنجامی دابوو، ناوبراو بەم شێوەیە، چەند بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە ساڵی ٢٠٠٨، ئێمە لە (دەربێ پەلێ)بووین، لە سنووری گوندی (لێرا)ی نزیك شێروان مەزن، ئاسمان ساماڵ بوو، هیچ پەڵەهەورێك لە ئاسمان بەدی نەدەکرا، بە جەماعەتم وت: پێویستە دار خڕکەینەوە، چونکە دەبێتە بەفر و باران!

یەکێك وتی: من ئامادەم شەرتت لەگەڵدا بکەم کە تا سبەی بەفر و باران نابارێت، ئەگەر باری، من ئامادەم حەیوانێك سەربڕم، بەڵام ئەگەر نەباری، پێویستە تۆ حەیوانێك سەربڕی!

---

(٤٥)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیسا محۆ عیسا بژیانی لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی ١/٥/ ٢٠١٩، هەروەها پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز صدقی سعدی ئەرگوشی بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی١٠/١٧/ ٢٠١٩. (نووسەر)

(٤٦)هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بڕوا بکەن، هەر ئەو ڕۆژە هێشتا شیومان نەخواردبوو، بەفرەکە دەستی پێکرد و تا ئێستاش کابرا هەر قەرزدارمە!"(٤٧)

هەروەها ناوبراو وەك شارەزایەکی ئەو بوارە، بەم شێوەیە باسی کەشوهەوای دەڤەری مزووری باڵای کردووە:

١.ئەگەر لە وەرزی زستان، (با)یەکی بەهێز هەڵی کرد و بەردەوام بوو، ئەوا بەفر هەم لەسەر لووتکەی چیاکان دەبارێت، هەمیش لەسەر زەوی، بەڵام ئەگەر بایەکە، بەشێنەیی هات، ئەوا تەنیا لەسەر زەوی دەبارێت.

٢.بۆ ئەوەی بزانم بەفر و باران دەبارێت یان نا، ئێوارە سەیری خۆر دەکەم، ئەگەر تیشکی خۆر بریقەدار بوو، ئەوە نیشانەیە بۆ بارینی باران یان بەفر.

٣.سەبارەت دەرکەوتنی گەڵاوێژ، ناوبراو وتی: "گەڵاوێژ هەندێ نیشانەی هەیە، لە وانە: گۆڕانکاری بەسەر پلەکانی گەرمادا دێت و شەوان هەوا تۆزێك سارد دەبێت، هەروەها نیشانەیەکی دیکە بۆ دەرکەوتنی گەڵاوێژ، پەیدابوونی مازووی سپییە. واتە، ئەگەر ئەمڕۆ گەڵاوێژ لە ئاسمان بینرا، بەیانی هەندێ مازووی سپی پەیدا دەبن.

هەمدیسان پێگەیشتنی هەنجیریش، نیشانەیەکی دیکەیە لە نیشانەکانی هاتنی گەڵاوێژ."

٤.بۆ دەستنیشانکردنی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان، ناوبراو وتی: لە (١٤)ی شەعبانەوە، دەست بەژماردنی ڕۆژەکان دەکەین، تا (٣٠)ی شەعبان، ئینجا ڕۆژی دوای(٣٠)ی شەعبان دەبێتە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان.

٥.سەبارەت زانینی کاتی نوێژەکان، ناوبراو وتی: ئەگەر کەڵەباب بەیانیان بقووقێنێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە نوێژی بەیانی بووە، بەڵام ئەگەر چەندین جار لەسەر یەك قووقاندی، ئەوا نیشانەی ئەوەیە هێشتا نیوەی شەوە.

ئەگەر خۆر هاتە ناوەندی ئاسمان و تیشکی خۆر بکەوێتە چاوی چەپەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە هێشتا نوێژی نیوەڕۆ نەبووە، بەڵام ئەگەر تیشکی خۆر کەوتە چاوی ڕاستەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە نوێژی نیوەڕۆ بووە.

تا خۆریش ئاوا نەبێت، نوێژی عەسر هەر دەمێنێت، ئینجا دوای خۆر ئاوابوون نوێژی مەغریب دەبێت، دواییش نوێژی شێوان (عەیشا) دەبێت.

---

(٤٧) بۆ ئەم بابەتە، سوود لە دەستنووسی (گوندی دێزۆ) وەرگیراوە، لە نووسینی (ساڵح جبرائیل دێزۆیی). (نووسەر)

٦.سەبارەت زۆربوونی ئاوی کانیاوەکانیش، ناوبراو وتی: چەند نیشانەیەك هەن، لە وانە: هەر ساڵێك، بەفر و بارانێکی زۆر بباریێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە کەوا ئاو زۆر دەبێت، هەروەها ئەگەر دوای بەفر، باران باری، ئەوا ئاو زۆر دەبێت، بەڵام ئەگەر بەفر باری و باران بەدوایدا نەهات، یان تەنیا باران باری و بەفرەکە لە بارانەکە کەمتر بوو، ئەوا نیشانەی ئەوەیە ئاو لەو ساڵەدا زۆر نابێت.

٧.سەبارەت بەزانینی پلەکانی سەرما و گەرما لە دەڤەری مزووری باڵا، ناوبراو وتی:ئەگەر بەفر و بارانێکی زۆر لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، واتە لە وڵاتەکانی (هیندیستان) و (پاکستان)ەوە بباریێت، لای ئێمە کەشوهەوا گەرمتر دەبێت، بەڵام ئەگەر لەلای ڕۆژئاواوە بباریێت، ئەوا هەوایەکە سارد دەبێت.(٤٨)

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز بەشیر عەبدال عەزیزیش، لە زاری ناوبراوەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئێمە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، لە دەڤەری مزووری باڵا بووین، (خورشید مووکی)ش لەوێ بوو، ڕۆژێك دانیشتبووین، ئاسمان ساماڵ بوو، خورشید ڕووی لە جەماعەت کرد و گۆچانی خۆی لە زەوی دا و وتی: تا بەیانی ئەم وەختە، ئا لێرە بڕێکی باش بەفر دەبارێت!

ئێمەش کە پێشتر هیچ ئەزموونێکمان لەوبارەیەوە نەبوو، ئەو قسەیەمان پێ سەیر بوو! بەڵام ڕۆژی پاشتر، ناوبراو چۆن پێشبینیی کردبوو، هەموو قسەکانی ڕاست دەرچوون و خۆم چوومە ئەو شوێنە و بە چاوی خۆم بینیم کە بەفر ئەو شوێنەی سپیپۆش کردووە."(٤٩)

ڕێگا و بانەکان

لە دونیای ئەمڕۆدا، ڕێگا و بانەکان بۆ دەوڵەت و هەرێم و دەڤەرەکان بایەخ و گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە تا ئەندازەیەکی زۆر پێشڤەچوون و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و گەشتیاری خەڵك پەیوەستە بەڕێگا و بانەکانەوە.

جا هەرچەند ڕێگا و بانەکان تەندروست و ڕێکوپێك و بەرفراوان و بەربڵاو و قیرتاوکراو بن و گوند و شارەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، زیاتر برەو بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

---

(٤٨)دەستنووس (گوندی دێزۆ)، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

(٤٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز بەشیر عەبدال عەزیز لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی١١/٤/٢٠١٩

گەشتیاری ئەو هەرێم و دەڤەر و وڵاتانە دەدات و ژیان و گوزەرانێکی باشتر و خۆشتر بۆ خەڵکەکەی فەراهەم دەکات.

بەداخەوە، ڕێگاوبانەکانی دەڤەری مزووری باڵا خراپن و وەك پێویست نین. چونکە ئەو دەڤەرە لە سەردەمی دەوڵەتە یەك لە دوایەکەکانی ئێراقدا بەتەواوی فەرامۆش و پشتگوێ خرابوو، دوای ڕاپەڕینش، بەهۆی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری([٥٠]) لەو دەڤەرە، ڕێگا و بانەکانی چاك نەکراون.

هەڵبەت تەنیا جادەیەکی سەرەکی لەو دەڤەرە هەیە، کە قەزای مێرگەسۆر و شارەدێی شێروان مەزن و دەڤەری مزووری باڵا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. جادەی ناوبراو، لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە دروستکراوە.

بەڵام جادەکە بۆ ئەم سەردەمە گونجاو نییە، وێڕای ئەوەش، زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە، یان جادەیان نییە، یاخود جادەکەیان خۆڵ و خاکییە و مەرجی ستاندەردبوونی تێدا نییە، بۆیە وەك پێویست سوودی لێ وەرناگیرێت.

گومان لەوەدا نییە، ئەگەر جادە و ڕێگا و بانەکانی ئەو دەڤەرە چاك بوونایە، ئەوا ئەو دەڤەرە بووژانەوەیەکی باشتری بەخۆیەوە دەبینی و خەڵك لە گوزەرانێکی باشتر و خۆشتردا دەژیان و کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبوو لەسەر گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و گەشتیاری خەڵکی ئەو دەڤەرە.

بۆیە بە دەرفەتی دەزانم، داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسە حکوومییەکانی دەڤەرەکە بکەم، کە گرنگییەکی زیاتر بەڕێگاوبانەکانی ئەو دەڤەرە بدەن.

کانییەکان

بەشێك لە کانییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتین لەمانە: "کانیا ئەرگوش، کانیا کاڵۆ لە ئەرگوش وەك ڕووبار وابوو، سەرۆکانیا ئەرگوش، کە ئەویش زۆر بۆش بوو، کانیا گیمە جافرا سەروو، کانیا گیمە جافرا خواروو، کانیا دیوا سیوا، کانیا خارکی، کانیا گیوەرگی سەروو، کانیا گیوەرگی خواروو، کانیا بەرجووێ، کانیا دۆڵا سیلێ، کانیا مام شارا سەروو، کانیا مام شارا خواروو، کانیا سەلیم شێخ محەمەد، کانیا شەمدین لە بیشی، کانیا سێوکان،

---

(٥٠)هەر لە دەستپێکی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، ڕوویان لە دەڤەری مزووری باڵا کردووە و ئەو دەڤەرە، بووەتە مەیدانی جەنگ لە نێوان هێزەکانی (PKK) و هێزەکانی تورکیا، بۆیە نەتوانراوە وەك پێویست ئەو دەڤەرە ئاوەدان بکرێتەوە. (نووسەر)

کانیا خەلیل ئیبراهیم، کانیا حاجی ئاشۆر، کانیا سەرتەنگۆکا سەروو، کانیا سەر تەنگۆکا خواروو، کانیا خەتیبی، کانیا هەویدکا، کانیا بیشێ کەرکێ، کانیا شیڤێ، سەرۆکانیا مێرۆز، کانیا گویزا ئاستەنگێ، کانیا مەڕانیێ، کانیا ئاراپێ، کانیا بژیان، کانیا گوندێ پێندرۆ، کانیا چەپەرۆکی، کانیا ملانێ، کانیا میرا، کانیا پیرومەر، کانیا ماڵا ئاڵا، کانی سارکێ، کانیا سەرڤا کاڤلێ گوندێ پێندرۆ، کانی جێفرێ، کانیا بۆتینێ، کانیا کەلێ، کانیا شیش، کانی بلولکێ، کانیا سەراڤێ، کانیا بۆتا، کانیا پڕکانیکا، کانیا سۆرا، کانیا وارێ میرعەمەر، کانیا خڕا بۆگەنی، کانیا مێرگا سپیندارۆکی، کانی مەیموونێ، کانیا سوورا، کانیا دێزۆ، کانیا سپینداریێ، کانیا مەموودا، کانیا کەنیژوو، کانیا گۆنەگێ، کانیا ترازانێ، کانیا گەرمکێ، کانیا ڕەش، کانیا بەرێ گۆڤێ، کانیا بیشۆکێ سورنجك، کانیا بەنەگرێ، کانیا گورگا، کانیا مام ناصرا، کانیا زت کانیا کیشێ تڤەنگا، کانیا سەر ئاڤێ، کانیا بەرێ سەر ئاڤێ، کانیا گوستەی، کانیا سەرجەکێ، کانیا شیوە کوری، کانیا جەلێ کەوتەکێ، کانیا ڕەزۆکی، کانیا گاڤانا، کانیا تەوری، کانیا بەرە خۆشکێ، کانیا جەلانێ، کانیا خڕێ، کانیا بازگیرا، کانیا شێروانیا، کانیا لاتێ، کانیا بن دەری، کانیا سەر سویلکی، کانیا بەرەگرا، کانیا سێڤێ، کانیا دی ئاڤێ، کانیا گوندێ مووکا، کانیا ئاڤەسارکێ، کانیا زەرکی، کانیا سلۆتێ، کانیا کونی کونیشکی، کانیا پاڵانا، کانیا بیانا شابا، کانیا بیانا (کانی گوڵیسکێ)، کانیا خاسرین، کانیا بن جانێ، کانیا کانی نیهنارکێ، کانیا سەرێ سوتی، کانیا کویزینا، کانیا تێل، کانیا فەلا، کانیا دەرگوندی، کانیا ڕەزگا، کانیا دێلکا، کانی سارکێ، کانیا کاێ، کانیا گۆڕی، کانیا بنەبەرێ، کانیا تلخەی، کانیا گڵبیشی، کانیا سەربیشی، کانیا کانی گرکێ، کانی بۆتکێ، کانیا دۆلا ژاژۆ، کانیا شەهێ، کانیا چەمێ ڕەوا، کانی دڕکێ، کانیا شڤانا، کانیا گرێ نسێفێ، کانیا سەربیش، کانیا ڕێلکی، کانی بۆتکێ، کانیا لاتێ، کانیا سێفکا سەری، کانیا سێفکا خارێ لە گوندی بۆسێ، کانیا بازا دیکلی، کانیا پیرمەم، کانیا پیسێ میسێ، کانیا بنێ، کانیا بن چەلکی، کانیا زلینکا، کانیا بەرکەلێ، کانیا مێڤانا، کانیا هلارا، کانیا ڕەش، کانیا پڕکانیا، کانیا کەنی ژوو، کانیا وارێ کەشکا، کانیا بنەبەرێ، کانیا بنکەلکی، کانیا پیرمەمێ، کانیا بویکێ، کانیا کێرکەپرا، کانیا خالاڤیا، کانیا بۆتکێ، کانیا دۆلا ژاژوو، کانیا چەورەبیێ، کانیا داوەتا، کانیا کەلۆکێ، کانیا وارێ دڕێ، کانیا وارێ بێدۆکە، کانیا سلۆر، کانیا وارێ سێڤێ، کانیا کونە گورگێ، کانیا خالاڤیا، کانیا دڕکێ، کانیا کانیبۆتکێ، کانیا ئێدلبێ، کانی ئەرمیێ، کانی مێرگێ، کانیا بن گیزان، کانیا دلێزان، کانی بەردێرێ، کانی خوارکابێ، کانی بۆران، کانیا داری، کانیا پیرۆمەر، کانیا جۆیا فەلا، کانیا جۆیا بێڕاستۆ، کانیا سویلکێ مەندۆ،

کانیا ڕەسکێ خەلیل، کانیا دالا، کانیا ماندەڵ، کانیا برکێ، کانیا شیفکێ، کانیا پشتا تکا، کانیا ماسەکا، کانیا ئاڤەدوور، کانیا نیگویزانێ، کانیا بازید، کانیا بن گویزا حەجیکی، کانیا مکایل، کانیا زرگنە، کانیا بن چەمی، کانیا گلە سپیکی، کانیا بن گرکێ، کانیا سپینداریێ، کانیا بنەڕێیا بچویك، کانی سێڤکێ، کانیا دستاڕۆکی، کانیات داوەت لە سلۆر، تایبەت بووە بە حەیوان، کانیا ڕەمەزان، کانیا چەورەبیێ، کانیا ڕێلکێ، کانی کەوتیشکێ، کانیا گویژیێ، کانیا ناڤ مێشێت گویژیێ، کانیا تالاوا، کانیا ئاقدی، کانیا مالا، کانیا ڕێ، کانیا درێژ، کانی سارکێ، کانیا شێمکێ، کانیا مەسێ، کانیا خدریا، کانیا زەرك، کانیا سارك، کانیا عەبدی، کانیا تەونێ تویتنێ، کانیا واریێ شەرەفا، کانیا گلانە کەونێ، کانیا بیرێ، کانیا ڕەشێ، کانیا پیر حاجی، کانیا سەرۆکانیێ، کانیا سێوکا، کانیا بیشا کەلێ، کانیا بیرا تالی، دۆلا چنار، کانیا ناڤ گوندێ سینا (کانیا مەزن)، کانیا برکا سێڤێ، حەودا گوندێ سینا، کانیا سالیا، کانیا گوندێ تویێ، کانیا بەرێ بەستێ (گەڕا کەڤێ)تایبەتە بە واریێ گوندێ تویێ، کانیا شیڤا ب چنار، کانیا ناڤدرکانێ (خاریێ نۆکا)، کانیا سوێلا، کانیا باری، کانیا خێرا، کانیا ملێ سووتی، کانیا کنێرۆکێ، کانیا پانە ملا، کانیا دارا بلێ، کانیا عەلی شافیا، کانیا مزگەفتێ، کانیا شکارتێ، کانیا سێکێ، کانیا تالاڤێ، کانیا جانێ، کانیا سێڤکێ، کانیا کەوا، کانیا بییێ، کانیا موخلکێ عەلی، کانیا سێنکێ، کانیا مێڤانیا ژمارە (١)، کانیا مێڤانا ژمارە (٢)، کانیا چناریێ، کانیا ڕەش، سەرۆکانیا کێفتێ، کانیا درێ، کانیا بێدۆکە، کانیا بهیێ، کانیا شیڤا کەلا، کانیا دەرێ هێچکی، کانیا دارێ، کانیا سرکێ (ژمارەیان سێ کانی)ن، کانیا سۆرە زەڤیا، کانیا شیوا هاڤینێ، کانیا بن ئاقارا، کانیا دەرقلۆی، کانیا شکارتا (سێ کانی)ن، کانیا جۆیا، کانیا کنێرکێ، کانیا ئاڤەمیرا، کانیا بەرەگرا، کانیا سلێر، کانیا کنێرا ماری، کانیا سارە، کانیا چیایێ شرینێ، کانیا شێخا، کانیا مالێت تیالە، کانیا تریا، سەرۆکانیێ، کانیا ترمنێ، کانیا چرمنێ، کانیا گوندێ ماوەتا، کانیا بیستانا، کانیا بەرێ حەوشێ، کانیا واریێ وارۆکا، کانیا سۆرکی، کانیا سۆلینا سەری، کانیا سۆلینا ژێری، کانیا ڕێویێ ڕەش، کانیا بیشۆکی، کانیا کورکا سێوە ترشێ، کانیا دوکەرکێ سەر نهالا، کانیا بیشێ شەرەف، کانیا سەر بیشێ نەعمان، کانیا شەمدین، کانیا کورکا زیلان، کانیا زیلانا سەری، کانیا زیلانا ژێری، کانیا دەرئاوا هەمزا، کانیا بنجانێ، کانیا داپیرۆکێ، کانیا وارۆکا، کانیا کیوییا، کانیا بەرێ زیو، کانیا واریێ باهیوێ، کانیا سێوکا، کانیا سەر بیشێ ڕەشید، کانیا گوردەمی (سێ کانی)ن لە گوندی ماوەت، کانیا بیشێ گۆلانکێ، کانیا میرگێ، کانیا چەمیانێ، کانیا بەهۆزێ، کانیا برگیری، کانیا سرکێ، کانیا کانیە پیچك، کانیکا ماملاوا، کانیا کانیە بەقێ، کانیا ئاشێ

نیڤەکێ، کانیا زت، کانیا سەر موغبەرا سپینداریێ، کانیا سەرۆکانیێ، کانیا ئاڤیکێ، کانیا مەلکیشا، کانیا بەرجۆکێ، کانیا پلکێ، کانیا ئاڤیکێ، کانیا دەرۆکانیێ، کانیا گۆڕەژەنا، کانیا ئیسکێ، کانیا شیڤا مێرۆز، کانیا کانیا بەرکەلێ، کانیا گۆڕ، کانیا سێڤا، کانیا سەیدێ، کانیا سێڤە سۆرێ، کانیا دەشتە چەلی، کانیا سالیا، کانیا زرگینێ، کانی سێفکێ، کانیا گویزێ، کانیا سەردڕا، کانیا خارخاراشینێ، کانیا کانی چیچکا، کانیا بەردزگەی، کانیا بەروبانیێ، کانیا خەلۆکا ئاسنگرا، کانیا دارەتویێ، کانیا گەڕە بەرازکێ، کانیا بەرخاریێ، کانیا چەمکی، کانیا بنکەڤرێ بیشێ، کانیا مالا ل هەلەوین، کانیا شیڤا هەلەوین، کانیا بەرخاڵەتا، تاڤگا سەرسویلا هەلەوین، کانیا چەما، کانیا بەرملکی، ئاڤا مێرگا جویری، ئاڤا دویمێرگێ، ئاڤا ئاڤیکێ، کانی مەولینێ، کانیا گویزا وەلاتی یا مالێت زێری و کانیا گویزا وەلاتی یا مالێت ژووری، کانیا بیشووکی، کانیا خاریێ باوا، کانیا مامر تاشکی، کانیا کونیشکی و کانیا کانی مزگەفتوکێ و هتد.(٥١)

ڕووبارەکان

تەنیا ڕووباری شین بە دەڤەری مزووری باڵادا تێپەڕ دەبێت.

ئەشکەوتەکان

گرنگترین ئەشکەوتەکانی دەڤەری مزووری باڵا بریتین لەمانە: "ئەشکەوتی هەویدێ، ئەشکەوتی کونە کوترێ، ئەشکەوتی درێژ، ئەشکەوتی سەر کلووەی، ئەشکەوتی ناو گەلیکی، ئەشکەوتی بنیا مرکا، ئەشکەوتی بیشێ کەرکێ، ئەشکەوتی گەلیێ بارانێ، ئەشکەوتی گەلیێ بزینان، ئەشکەوتی دۆلا مامر دەلۆکی، ئەشکەوتی سەرگری، ئەشکەوتی هلارا، ئەشکەوتی

---

(٥١) ناوی کانییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لەمر بەڕێزانەی خوارەوە وەرگیراوە: مەلا مەمدوح ئێدلبی، کازمر فەقێ برایمر ئەرگوشی، نایف صەبری ئالی شیڤی، محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی، عەلی دەسکۆ سێلکی، مامند حەسەن خەلیل مێرۆزی، ئەحمەد حوسەین بابێزدین مووکی، یوسف ئەحمەد ڕەشید بەنانی، ساڵح جبرائیل دێزۆیی، عەزیز عوسمان ماوەتی، نەوزاد صادق عوسمان شنگێلی، کازمر تاهیر ستوپەیی، سەید خالید عەبدوڵلا سلۆری، عەبدولەتیف سەعید شەرەف گویزی (گویزا ئاستەنگێ)، عیسا محۆ عیسا بژیانی، فاخر شکری عەبدوڵلا سپینداری، ئینزار محەمەد تاهیر سەعید تێلی (طێلی)، تەحسین عیسا عەلی پاڵانی، جادر حاجی ئەحمەد تویی، عوسمان حەجی عوسمان داویدکی، فەهری سلێمان ناسر سینی، ئەحمەد شەریف ئەحمەد نەبی بۆسی، شەوکەت محەمەد ئەمین عەبدولکەریمر گلانی، صدقی حاجی ئادەمر هیزانی، عیسا صەبری بەکر ئاڤەدووری، کەریمر قادر محەمەد تاهیر ناڤکوڕکی، ئەیوب عەلی محەموود ڕەوینی، سەردار محەمەد ئەیوب شیفکی، فکری محەمەدئەمین محەمەدشەریف ئەردێلی، دلاوەر فەتاح بەرکەلی، خورشید ڕەشید خورشید بێکۆلی، سەلیمر ئیبراهیمر سەعید هەلەوینی، سمایل مەحموود ساڵح سۆمەیی. ئەحمەد حوسێن بابێزدین مووکی، جەمال فەرحان مێرۆزی، بەڕیز محەمەدسەعید ساڵح گویزی (گویزا وەلاتی). (نووسەر)

توین، ئەشکەوتی خلوی (ئەم ئەشکەوتە لە شیڤێ درێژ دەبێتەوە تا نزیك سلۆر)، ئەشکەوتی سیار فەقێ ئەحمەد، ئەشکەوتی مام داوید، ئەشکەوتی کون ڕویڤی، ئەشکەوتی سێریجێ[52] (بن واری دڕێ)، ئەشکەوتی بێکۆڵ، ئەشکەوتی دزا، ئەشکەوتی کونە گورگی، ئەشکەوتی بێرسۆمە، ئەشکەوتی بەستە کەلا، ئەشکەوتی کچا، ئەشکەوتی بازا، ئەشکەوتی هەوای، ئەشکەوتی گەلیکی، ئەشکەوتی جانیا ئەشکەوتی ڕەش، ئەشکەوتی بن گێڕێ هژیرکێ، ئەشکەوتی کۆماری، ئەشکەوتی کونەژارکێ، ئەشکەوتی ڕەنیێ، ئەشکەوتی (کویزانا)ی یەکەم، ئەشکەوتی (کویزانا)ی دووەم ئەشکەوتی هەڕفتیێ، ئەشکەوتی تەنگێ چاڤشۆڕ، ئەشکەوتی ترشیێ، ئەشکەوتی خاڵخالکێ، ئەشکەوتی بەراکێ، ئەشکەوتی بنیا مرکا، ئەشکەوتی زیلان، ئەشکەوتی شیرۆ، ئەشکەوتی هەڤشەی، ئەشکەوتی بەرمێش کۆن، ئەشکەوتی بزنا، ئەشکەوتی کانیا شڤانا، ئەشکەوتی بریندارا، ئەشکەوتی ڕێلکی، ئەشکەوتی هرچا، ئەشکەوتی گویزیا، ئەشکەوتی خدرۆکا، ئەشکەوتی زەڤیا شیڤا، ئەشکەوتی ڕەشێ، ئەشکەوتی دێرێ، ئەشکەوتی قەرەچای یەکەم، ئەشکەوتی قەرەچای دووەم، ئەشکەوتی سرکێ، ئەشکەوتی هژیرکێ، ئەشکەوتی کەلەتوکێ، ئەشکەوتی تەنگێ، ئەشکەوتی جانگا، ئەشکەوتی بەرگوندێ هیزان، ئەشکەوتی چیچکی، ئەشکەوتی کونە گورگی، ئەشکەوتی کوندا، ئەشکەوتی کایێ، ئەشکەوتی محەمەدئەمین بابسێفی، ئەشکەوتی ورمیس، ئەشکەوتی دوودەری، ئەشکەوتی سەر ئاقارا، ئەشکەوتی سویلان، ئەشکەوتی سویلی، ئەشکەوتی زێسکی، ئەشکەوتی بنێ گوریا، ئەشکەوتی دوور کەندێ، ئەشکەوتی ئاسیێ، ئەشکەوتی پیاریێ، ئەشکەوتی گێرام گەلا، ئەشکەوتی شاوەرێ، ئەشکەوتی کونکێ، ئەشکەوتی چاڵێ، ئەشکەوتی خالۆز، ئەشکەوتی تراویرێ، ئەشکەوتی گابەرێ، ئەشکەوتی سیلڤێ، ئەشکەوتی گافکێ، ئەشکەوتی قاقیژان، ئەشکەوتی دیبێوێ، ئەشکەوتی شێرۆی، ئەشکەوتی گرێ سەر حەوشێ، ئەشکەوتی پیرێ، ئەشکەوتی سێوکا، ئەشکەوتی جانگا، ئەشکەوتی ڕێلکی، ئەشکەوتی زێڕینێ، ئەشکەوتی قوبا، ئەشکەوتی بەرکا مەزن، ئەشکەوتی شل، ئەشکەوتی دلۆپ، ئەشکەوتی شەڤە گورگێ، ئەشکەوتی منیخێ، ئەشکەوتی (چیرکێ)ی یەکەم، ئەشکەوتی (چیرکێ)ی دووەم، ئەشکەوتی گوگەی، ئەشکەوتی پلیلێ، ئەشکەوتی کلیگەی، ئەشکەوتی سیرمەی، ئەشکەوتی لاتا کەرکۆل، ئەشکەوتی دۆڵا خۆشەلی، ئەشکەوتی خاری، ئەشکەوتی ئاوزەی، ئەشکەوتی چەمکی، ئەشکەوتی بنیا خەتی،

---

(٥٢)ئەشکەوتی سێریجێ: دەکەوێتە سنووری گوندی شیڤێ، ئەشکەوتێکی زۆر گەورەیە، ئاویشی تێدایە، کەشوهەوای ناو ئەشکەوتەکە لە هاوینان فێنك و ساردە، لە زستانانیش گەرمە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز نائیف صەبری ئاڵی شیڤی، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣. (نووسەر)

ئەشکەوتی ڕێلی، ئەشکەوتی خیزنەی، ئەشکەوتی گێنەزیرێ، ئەشکەوتی تمێنا، ئەشکەوتی بەرکەنداڵا، ئەشکەوتی (سوێلا)ی یەکەم، ئەشکەوتی (سوێلا)ی دووەم، ئەشکەوتی بنیا کادینا، ئەشکەوتی بەلاتا سۆر، ئەشکەوتی بریندارا، ئەشکەوتی خلۆ، ئەشکەوتی کەرا (پشت گوندێ ڕەوین)، ئەشکەوتی هەلا ماڵا، ئەشکەوتی تلخەی، ئەشکەوتی دوودەر(٥٣)، ئەشکەوتی سیانێ، ئەشکەوتی بنیا مێوێ، ئەشکەوتی کونا خەلیل، ئەشکەوتی بەرێ پیڤاز، ئەشکەوتی کونە کەلکێ، ئەشکەوتی کونە فەقێ، ئەشکەوتی چۆرینکێ، ئەشکەوتی بەهەڕفتی، شکەفتە ڕەشێ، ئەشکەوتی ساردافێ (٥٤)، ئەشکەوتی ملانێ، ئەشکەوتی دویکێشا نزارێ پێندرۆ، ئەشکەوتی بووك و زاوا، ئەشکەوتی ڕێلکێ (بریندارا)، ئەشکەوتی مەندا، ئەشکەوتی هڕفتێ، ئەشکەوتی کونەژارکێ، ئەشکەوتی کوزینا، ئەشکەوتی جانێ، ئەشکەوتی کێرا کەپرا، ئەشکەوتی کونیشکی، ئەشکەوتی شابەگورگێ، ئەشکەوتی کەڕکێ، ئەشکەوتی سەرسویلێ، ئەشکەوتی کوناخیل، ئەشکەوتی بنیامێوێ، ئەشکەوتی لاتاکەوا، ئەشکەوتی کونەقاقیژێ، ئەشکەوتی گوڵشلێرێ، ئەشکەوتی سیانێ، ئەشکەوتی گافکێ، ئەشکەوتی سلیڤێ، ئەشکەوتی شاورێ، ئەشکەوتی مێویژێ، ئەشکەوتی لاهانێ، ئەشکەوتی بندەرێ مامێزدینی، ئەشکەوتی کچان، ئەشکەوتی ترشی، ئەشکەوتی بنەبەرێ، ئەشکەوتی هشارا، ئەشکەوتی چاڵێ، ئەشکەوتی تراویرێ، ئەشکەوتی بویکوزاڤا، ئەشکەوتی هەلاباڵا (هەلە باڵا)، ئەشکەوتی بندەرچکی، ئەشکەوتی بنیادارمێشێ، ئەشکەوتی شاورێ، ئەشکەوتی ماڵا مامکی، ئەشکەوتی دارا گەلان، ئەشکەوتی کونەژارکی، ئەشکەوتی گارەی، ئەشکەوتی زەردێ، ئەشکەوتی گوندێ ئێدڵبێ، ئەشکەوتی بنێ، ئەشکەوتی بنچەلکێ مزگەفتێ، ئەشکەوتی کونیشکی، ئەشکەوتی لاتەکویرێ، ئەشکەوتی هەڤێزۆکێ، ئەشکەوتی دویکێشا هەلا، ئەشکەوتی ناڤلێڕی، ئەشکەوتی ئێکدەریا خوارێ، ئەشکەوتی ئێکدەریا سەری،

---

(٥٣) ئەشکەوتی دوو دەر، دوو دەرگای هەیە، لە دەرگایەك دەچنە ژوورەوە، لە دەرگایەك دەچنە دەرەوە. (نووسەر)

(٥٤) ئەشکەوتی ساردافێ، دەکەوێتە سنووری گوندی پێندرۆ، یەکێکە لە ئەشکەوتە هەرە سەخت و بەناوبانگەکانی دەڤەری مزووری باڵا، تەنانەت لە کاتی پەلاماری فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی ئێراق و ئینگلیز لە سەدەی ڕابردوو، چەندین جار خەڵکی ئەو گوندە پەنایان بۆ ئەو ئەشکەوتە بردووە و خۆیان تێیدا حەشار داوە.

ئەشکەوتی ناوبراو، لە هەندێ شوێن تەسکە، لە هەندێ شوێنیش فراوانە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەشکەوتە ئەوەیە: زۆر درێژە، بەقسەی شایەتحاڵەکان و ڕیشسپییانی ئەو گوندە، بەدرێژایی چیای پشتا گۆڕێ درێژ دەبێتەوە، بۆیە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بگاتە خاڵی کۆتایی ئەشکەوتەکە، چونکە هەرکەسێك خۆی تاقی بکاتەوە، هەناسەی سواری دەبێت و دەگەڕێتەوە دواوە.

لێرەوە داوا لە شوێنەوارناسانی کوردستان دەکەم، تاکوو تیمێکی تایبەت بنێرن بۆ ئەو دەڤەرە، بۆ ئەوەی لە مێژوو و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەشکەوتە دێرینە و ئەشکەوتەکانی دیکە بکۆڵنەوە. (نووسەر)

ئەشکەوتی کانیکێ، ئەشکەوتی بنەبەرکێ کادوینکێ، ئەشکەوتی ڕەفەزێ بریندارا، ئەشکەوتی بزنا، ئەشکەوتی بەراکە، ئەشکەوتی خدرۆکا، ئەشکەوتی مەندا، ئەشکەوتی بەردێرێ، ئەشکەوتی زەردێ، ئەشکەوتی سوور، ئەشکەوتە ڕەش، ئەشکەوتی زێباریا، ئەشکەوتی سووتیا، ئەشکەوتی داڵەڕوێ، ئەشکەوتی چۆرینکێ و ئەشکەوتی هەڕفتە و هتد."(٥٥)

هەڵبەت مزووریەکان لە وەرزی بەهار و پاییز دا سوودێکی زۆریان لەم ئەشکەوتانە وەرگرتووە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتی خۆیان و پاراستنیان لە ئاژەڵە دڕندە و زیانبەخشەکان، هەروەها ڕێبوارانیش بۆ نووستن و حەسانەوە و حەوانەوە سوودیان لێ وەرگرتووە.

چیا و کێوەکان

گرنگترین چیا و کێوەکانی دەڤەری مزووری باڵا بریتین لەمانە: "چیای گۆڤەند، چیای بۆتین، چیای سە رخەنگێڵ، چیای مووسەکا، چیای هۆکل، چیای گاڕێ، چیای دەرێ هەرزنا، چیای ترازنێ، چیایێ سەرێ سوتی، چیایێ کانی هنارکێ، چیای تیسورکێ، چیای بەنەگرێ، چیای گرا، چیای کورە، چیای ڕێلی، چیای ئاستەنگا کەنیژۆ، چیای مێویژێ، چیای لهانێ، چیای تاتی، چیای کەڤرێ بەردێرێ، چیای گارە، چیای کارە، چیای کەڤرێ مێ، چیای مەرزەڤانا، چیای کێری، چیایێ گۆڕێ، چیای چالا سەرنشیڤ و چیای کەڤرێ خزینێ."(٥٦)

---

(٥٥) ناوی ئەشکەوتەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەرگیراوە: مەلا مەمدوح ئێدڵبی، کازم فەقێ برایم ئەرگوشی، نائیف صەبری ئالی شیڤی، محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی، عەلی دەسکۆ سێلکی، مامند حەسەن خەلیل مێرۆزی، یوسف ئەحمەد ڕەشید بەنانی، ڕەشید شەوکەت ڕەشید، ساڵح جبرائیل دێزۆیی، عەزیز عوسمان ماوەتی، نەوزاد صادق عوسمان شنگێلی، کازم تاهیر ستوپەیی، سەید خالید عەبدوڵلا سلۆری، عەبدولەتیف سەعید شەرەف گویزی (گویزا ئاستەنگێ)، عیسا محۆ عیسا بژیانی، فاخر شکری عەبدوڵلا سپینداری، سەعید ساڵح گویزی (گویزا وەلاتی)، ئینزار محەمەد تاهیر سەعید ئێلی (طێلی)، تەحسین عیسا عەلی پاڵانی، جادر حاجی ئەحمەد تویی، عوسمان حەجی عوسمان داویدکی فەهری سلێمان ناسر سینی، ئەحمەد شەریف ئەحمەد نەبی بۆسی، شەوکەت محەمەد ئەمین عەبدولکەریم گلانی، صدقی حاجی ئادەم هیزانی، عیسا صەبری بەکر ئاڤەدووری، کەریم قادر محەمەد تاهیر ئاڤکوڕکی، صابر سوڵتان سەعید ڕەوینی، سەردار محەمەد ئەیوب شیفکی، فکری محەمەدئەمین محەمەدشەریف ئەردێلی، دلاوەر فەتاح بەرکەلی، خورشید ڕەشید خورشید بێکۆڵی، عەبدال زکری حەجی بابسێفی، سەلیم ئیبراهیم سەعید هەلەوینی، سمایل مەحموود ساڵح سۆمەیی. ئەحمەد حوسێن بابێزدین مووکی. (نووسەر)

(٥٦ (ناوی چیایەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەرگیراون: مەلا مەمدوح ئێدڵبی، عیسا محۆ عیسا بژیانی، کازم فەقێ برایم ئەرگوشی، نائیف صەبری ئالی شیڤی، محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی، سەلیم جاسم سەلیم سلۆری، یوسف ئەحمەد ڕەشید بەنانی، تەحسین عیسا عەلی پاڵانی، مامند حەسەن خەلیل مێرۆزی. (نووسەر)

گەلی و دۆڵەکان

گرنگترین گەلی و دۆڵەکانی ئەو دەڤەرە: "گەلیێ پاییزی، گەلیێ شلیا، گەلیێ هەڤێدا، گەلیێ ماسەکا، دۆلا زەردیێ، دۆلا مێویژێ، دۆلا مەرزەڤانا، دۆلا بیرێ، دۆلا ئەلیێ، دۆلا ژاژۆ، گەلیێ بارانێ، گەلیێ بزینان و دۆڵا مامر دەلۆکی."([٥٧])

وارەکان

گرنگترین وار([٥٨])ەکانی ئەو دەڤەرە بریتین لەمانە: " وارێ هشارێ، وارێ گێمەی، وارێ بزینا، وارێ چەمیانێ، وارێ زیلان، وارێ کەشکا، وارێ کویرکی، وارێ کێری (سەرخەنگێڵ)، وارێ ملانێ، وارێ بۆتینێ، وارێ کویری، وارێ کانیا داری، وارێ ناو بەستێ، وارێ سێڤێ، وارێ بێدۆکە، وارێ دڕێ، وارێ شرینێ، وارێ میرعەمەر، وارێ بیێ، وارێ کانیا نەهێڵکێ، وارێ بۆتکێ، وارێ سەربیشێ، وارێ مووسەکا، وارێ پاڵانی و تێلیا، وارێ شەرەفا، وارێ بەرێ بەستێ، وارێ کانیا دارێ، وارێ وارۆکا، وارێ کانیا داوەت، وارێ خارەسۆر، وارێ کرخێ، وارێ دارێ، وارێ وارماوەت، وارێ ئالێ، وارێ چەلەکویرکا، وارێ چەورەبی یێ، وارێ گلانە کەڤنێ، وارێ بەرمێشێ، وارێ گوڕگوڕکێ، وارێ کانیا بنیا سێڤێ، وارێ لاتا برایما، وارێ بەلاتێ، وارێ تاتێ هەڵەوینیا."([٥٩])

گردەکان

گرنگترین گردەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتین لە: "گرێ مووکا، گرێ گرکی، گرێ دۆدێ، گرێ گێوەرگی، گرێ سەرسویلێ، گرێ خارانێ، گرێ گرێستك، گرێ قۆپێ خارمیسێ، گرێ سەرحەوشێ، گرێ بەرکەلێ، گرێ خارێ کورینێ، گرێ بەرێ سەبەری، گرێ بەرکۆخێ، گرێ خەلێ، گرێ سەشکێڕی، گرێ پێ بەقلیس، گرێ پشکەلێ، گرێ بەرێ سەبەری، گرێ ملانا مێرۆز، گرێ خێڕیزا، گرێ سەرچەلێ، گرێ ڕێلکێ، گرێ بنەبەرێ، گرێ گویژێ، گرێ باسکێ جۆیا ئاڤێ، گرێ سێوکا،." ([٦٠])

---

(٥٧)هەمان سەرچاوەی پێشوو. (نووسەر)

(٥٨) وار: شوێنێکی کوێستانی و خۆش و گەشت و گوزارییە، ئاوی هەیە، هەندێك لە خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، لە وەرزی بەهاردا، بە خۆیان و مەڕوماڵاتیانەوە دەچوونە ئەو شوێنانە و تا هاوین تەواو دەبوو لەو وارانە دەمانەوە. (نووسەر)

(٥٩) ناوی وارەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەرگیراون: مەلا مەمدوح ئێدلبی، عیسا محۆ عیسا بژیانی، کازم فەقێ برایم ئەرگوشی، عەزیز عوسمان ماوەتی، شەوکەوت محەمەد ئەمین عەبدولکەریم گلانی، ئەحمەد حوسێن بابێزدین مووکی. تەحسین عیسا عەلی پاڵانی، مامند حەسەن خەلیل مێرۆزی، سەلیم ئیبراهیم سەعید هەلەوینی. (نووسەر)

(٦٠)ناوی گردەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەرگیراون: مەلا مەمدوح ئێدلبی، عیسا محۆ عیسا بژیانی، کازم فەقێ برایم ئەرگوشی، شەوکەوت محەمەد ئەمین عەبدولکەریم گلانی، ئەحمەد حوسێن بابێزدین مووکی. تەحسین عیسا عەلی پاڵانی، مامند حەسەن خەلیل مێرۆزی. (نووسەر)

تاڤگەکان

بەناوبانگترین تاڤگەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتین لەمانە: تاڤگەی بەرێ سویلێ، تاڤگەی مەلک کیشۆ، تاڤگەی دەراڤا سپی، تاڤگەی سویلا بەرخا، تاڤگەی سەرسویلێ، تاڤگەی سویلا بەرێ حەوشێ، تاڤگەی ساردافێ.

دارە بەردارەکان

گرنگترین دارە بەردارەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتین لەم دارانە: " گوێز، باوی، هەرمێ، هەڵووژە، سێو، قەزوان (بەن)، مازوو، بەڕوو، مێو، هەنجیر، قەیسی، گویشك، گڕك، بناڤی، هەڵاڵووك، تاووك، توو، توو شامی، تووی ڕەش، تووی کێوی (تبسك)، سماق، تاڵك، کورستوك، ئاڵیسۆر (جۆرێك هەرمێ)، شینك، دیستویری، کورووشی (کورێشی)، دار بێ، حەرامزە و کێدوومە و هتد."

دارە بێبەرەکان

گرنگترین دارە بێبەرەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتین لەم دارانە: "ئەسپیندار، بیووك، چنار، کنێر، هەڤرس و دیندار."

شایانی ئاماژەپێدانە، زۆرێك لەو دارە بەردار و بێبەرانە، کە لە دەڤەری مزووری باڵا بوونیان هەبووە و هەیە، لە ڕووی خۆراك و ئابووری و تەندروستییەوە سوودێکی زۆریان بە خەڵکی ئەو دەڤەرە گەیاندووە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە.

ناوی دارەکان	سوودەکانی بۆ مرۆڤ
مازی	مازووەکان بە نرختێکی گران دەفرۆشرێن+ سوودی هەیە بۆ لێدانی دڵ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
بەڕوو	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکیە بۆ مرۆڤ + سوودی هەیە بۆ بەهێزکردنی ڕیخۆڵە لاوازەکان+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
دیندار	گەڵاکانی ئالیکی ئاژەڵانە+ بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
گووشك	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکیە بۆ مرۆڤ+ وزەبەخشە+ بۆ سووتان بەکاردێت
کنێر	بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
دارەبەن	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکیە بۆ مرۆڤ+ بنیشتی لێ دروست دەکرێت+ قاوەی لێ دروست دەکرێت، بۆ سووتاندن بەکاردێت

باهیڤۆك	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
توو	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان
چنار	بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان+ بەکاردیت بۆ سەقفی خانوو
ئەسپیندار	بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان+ بەکاردیت بۆ سەقفی خانوو
گوێز	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
بیوك	بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان
گڕك	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
تاووك	بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
بناڤی	بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەرەستە و ئامێرە دارییەکان+ سووتاندن
تالك	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
سماق	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
ڕێخن	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت
هەنجیر	بەرەکەی ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ+ بۆ سووتاندن بەکاردێت[٦١]

گوڵەکان

چەندین جۆرە گوڵ لە دەڤەری مزووری باڵا هەبوون، نەخاسمە لە وەرزی بەهاردا شین دەبوون و جوانییان بەو دەڤەرە دەبەخشی، لە وانە گوڵ: " جۆری، ڕەیحانە، بەیبوونە، نێرگس، پەری، خزێمۆك، خاتینۆك، بەهار، بەیاز، ڕەبەنیك، بابەڵێسك، شەڤبشکڤ، زریمۆك و شلێر و هتد."

ترێ

دەڤەری مزووری باڵا، لە ڕووی خاك و کەشوهەواوە زۆر لەبار و گونجاوە بۆ ڕەزداری و بەرهەمهێنانی جۆرەها ترێ، هەر ئەمەش وای کردووە، کە چەندین جۆرە ترێ لە ڕێگەی ئاودێری و زەوی دێم لەو دەڤەرە بەرهەم بێت، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون: "زەرك، تائیفی، ڕەشمیری، کشمش، بێسیرانە، شینك، چاڤگا، گانگیسك، سلێمانی، تاڵك، مڕك، گەڤرە و سەدانی و هتد."

---

(٦١)توێژینەوەی (عەشیرەتی مزۆری باڵا)، سەرچاوەی پێشووتر.

سوودەکانی ترێ

یەکێك لە سەرچاوە ئابووری و دارایەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی ترێ، چونکە کەشوهەوای ئەو دەڤەرە زۆر لەبار و گونجاو بوو بۆ بەرهەمهێنانی ترێ، بۆیە ساڵانە بڕێکی زۆر لە ترێ لەو دەڤەرە بەرهەم دەهات، کە سوودێکی زۆری بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە هەبوو، گرنگترین سوودەکانیشی بریتی بوون لەمانە:

١. **خواردن**: زۆربەی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، ڕەزداربوون و باخی ڕەزیان هەبوو، چونکە خاکی ئەو دەڤەرە بەپیت و فەڕبوو بۆ بەرهەمهێنانی ترێ، بۆیە ترێ، هەم وەك میوە، هەمیش وەك خۆراکێکی وزەبەخش، سوودی بە خەڵکەکە بەگشتی و شوان و گاوان و پاڵە و کرێکار و جووتیار و وەرزێرەکان بەتایبەتی دەبەخشی، چونکە بەهایەکی خۆراکی گەورەی هەبوو و زۆرجار لە جیاتی خواردن کەڵکی لێ وەردەگیرا.

٢. **بەرهەمهێنانی دۆشاو**: خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، ساڵانە دۆشاویان لە ترێ دروست دەکرد، نەخاسمە ئەوانەی ساڵانە بڕێکی زۆر ترێیان بەرهەم دەهێنا، بەشێکیان لێ دەکرد بە دۆشاو، دۆشاویش، وەك خۆراکێکی وزەبەخش، سوودی لێ وەردەگیرا، نەخاسمە لە ژەمی بەیانیان، هەروەها لە دروستکردنی چەندین خۆراکی دیکەشدا بەکاردەهێنرا، وەك: برنج و دۆشاو، بالوولك و پەلی سوورك.(٦٢)

هەمدیسان ساڵانە ڕەزدارەکان بڕێك لە دۆشاوەکەیان دەفرۆشت، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان.

شێوازی دروستکردنی دۆشاو

دۆشاو لە دەڤەری مزووری باڵا، بەم شێوەیە دروست دەکرا: سەرەتا شوێنێکیان لە بەرد و تاتەبەرد و قوڕ دروست دەکرد، پێیان دەوت (وسل).

ئەو وسلە، کونێکی لە خوارەوە هەبوو، بۆ هاتنە خوارەوەی شیلەی ترێ. ئینجا ترێیان دەهێنا و دەیانکردە ناو وسلەکەوە، دوای ئەوە، چەند پیاوێکی بەهێز، بە پێی پەتی دەچوونە ناو وسلەکەوە و ترێیەکەیان دەگۆشی و دەیان فلیقاندەوە، شیلەی ترێیەکە لە کونەکەوە دەهاتە خوارەوە و دەچووە ناو مەنجەڵێکی گەورەوە.

---

(٦٢) برنج و دۆشاو و بالوولك و پەلی سوورك، سێ خواردنی بەتام و خۆشن، ئەو سێ خواردنە لە دۆشاو و چەند خۆراکێکی دیکە دروست دەکران.

برنجی بەدۆشاو، لە برنج و شیر و ڕۆن، یان برنج و ئاو و ڕۆن دروست دەکرێت، ئینجا لەناو قاپەکان دەکرێت و لێی دەگەڕێن تا تەواو سارد دەبێتەوە و خەست دەبێت، دوایی بە دۆشاو دەخورێت.

هەروەها بالوولك لە هەویر و دۆشاو دروست دەکرێت، بەڵام پەلی سوورك، لە ئارد و دۆشاو و ڕۆن دروست دەکرێت. (نووسەر)

ئینجا مەنجەڵەکەیان لەسەر ئاگر دادەنا و هەندێ (زڕك[٦٣])یان تێ دەکرد، کە لە (خۆڵەمێش) دروست دەکرا، تا دەکوڵا، پاشان لەسەر ئاگرەکە دەیان هێنایە خوارەوە و لێی دەگەڕان تا سارد دەبووەوە.

دوای ساردبوونەوە، ئەو شیلەیەیان دەپاڵاوت (دەپارزنی)، ئینجا دەیانکردە مەنجەڵێکی دیکەوە و لەسەر ئاگر دایان دەناوە، تا خەست دەبوو و دەبوو بە دۆشاو.

هەڵبەت لە دەڤەری مزووری باڵا، هەم ترێی زەردیان دەکردە دۆشاو، هەمیش ترێی ڕەش، بەڵام زیاتر سوودیان لە ترێی ڕەش وەردەگرت، چونکە ترێی زەرد کەمتر بوو، زۆرجار بەشی خواردن و دۆشاوی نەدەکرد(٦٤).



١- ئەسعەد قادر پێندرۆیی-٢-........-٣- لەشکری حسێن پێندرۆیی-٤-.......-٥-.......-٦- ئەحمەد حاجی پێندرۆیی، ناسراو بە ئەحمەدێ گوڵنازێ-٧- شێخۆمەر حاجی پێندرۆیی لە ئەرشیفی مامۆستا جەلال مەجید وەرگیراوە.

٣. **بەرهەمهێنانی مێوژ**: ساڵانە کە ترێ لە دەڤەری مزووری باڵا پێ دەگەیشت، بڕێك لەو ترێیە، جا ترێی زەرد بوایە یان ڕەش، تەرخان دەکرا بۆ دروستکردنی مێوژ، مێوژیش

---

(٦٣) زڕك: زڕك لە خۆڵەمێش دروست دەکرا، هەندێ خۆڵەمێشیان لەناو ئاو دەکوڵاندا، ئینجا لێ دەگەڕان تا سارد دەبۆوە، ئینجا ئاوەکەیان دەپاڵاوت، بەو ئاوەیان دەوت زڕك. (نووسەر)

(٦٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (حەکیم محەمەد حەکیم ستوپەیی)، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٥ لە بەحرکە.

چەندین سوودی هەبوو، لە وانە:بۆ خواردن، نەخاسمە لە شەوان کە بەشەوچەرە ناسرابوو، بۆ فرۆشتەوە، یان گۆڕینەوە بە کاڵا و کەرەستەکانی دیکەی پێویست.

٤. **بۆ فرۆشتن:** ساڵانە خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، بڕێکی باش لەو ترێیەی کە بەرهەمیان دەهێنا، دەیان فرۆشتەوە و بەو پارەیە، کەلوپەل و کاڵا پێویستەکانی خۆیانی پێ دابین دەکردن، هەندێ جاریش سەودایان پێ دەکرد و بە کاڵاکانی دیکەیان دەگۆڕییەوە.

گژوگیاکان

دەڤەری مزووری باڵا، زۆر دەوڵەمەندە بە گژوگیای خۆڕسك و بەهاری، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا تیشێك دەخەینە سەر سوودەکانی هەندی لەو گژوگیایانە، کە کاتی خۆی وەك بەهایەکی خۆراکی و دەرمانی، سوودێکی زۆریان لێ وەردەگیرا، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

ناوی گژوگیا	سوودەکانی بۆ مرۆڤ
کەنگر	* ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ. * پۆتاسیۆم و ئاسن و کاربۆهیدرات و پرۆتینی تێدایە. *ڤیتامینەکانی (a.b.c.d)ی تێدایە، کە یارمەتیی رێکخستنی ئیشکردنی جگەر دەدات، نەخاسمە لەکاتی ژەهراویبوونی جگەردا. *ئاسانکاری دەکات بۆ فەرمانی رێخۆڵە. * سەرێشە لادەبات. * قەبزی ناهێڵێ. * سوودی هەیە بۆ ئەوانەی نەخۆشی مایەسیرییان هەیە. * سوودی هەیە بۆ ئەوانەی بەردی زراویان هەیە. *غازات لەناو کۆئەندانی هەرەس کەم دەکاتەوە.

ڕێواس	* ڕێواس دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکانی (C B A)، هاوکات ڕیشاڵەکان، پۆتاسیۆم، سۆدیۆم و کالیسیۆم لەخۆ دەگرێت. * توانای خاوێنکردنەوەی لەشی مرۆڤی هەیە لە ژەهراوی بوون. * ئازاری گەدە ناهێڵێت و بۆ نەخۆشییەکانی جگەر بەسوودە. نیشانەکانی دەرکەوتنی پیربوون دوادەخات. * خوێن پاك دەکاتەوە. * بۆ چارەسەری زگچوون بەسوودە و لەناوبەری کرمە. * زیبکە و پەڵەی ڕوخسار لادەبات. * یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ژنانی سکپڕ تا کۆرپەکەیان تەندروست بێت. * ڕژێنەکانی گەدە ڕێکدەخات و ڕیخۆڵە بەهێز دەکات. * چارەسەری هەناسەبڕکێ دەکات. * جووڵەی لەش بەهێز دەکات و لە سستی و تەمبەڵی دەیپارێزێت. * گەدە ناچار دەکات مادەی ئەنسۆلین دەربدات، بەمەش شەکری خوێن کەم دەکاتەوە. * چەوری و پەستانی خوێن کەم دەکاتەوە. *سەرچاوەیەکی باشی کالیسیۆمە. * چاو بەهێز دەکات و پەڵەی سپی لەسەر چاو ناهێڵێت. * خواردنی ڕێواس دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازاری ئێسك و ماسوولکەکان.
کڤارك (قارچك)	* ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ. * لە کڤارکدا بڕێکی زۆر پرۆتین هەیە، کە بەکتریا بەسوودەکانی لەشی مرۆڤ چالاك دەکەن. * سەرچاوەیەکی بەهێزی کانزاکانە بەتایبەتی سلینیۆم، کە دەچێتە پێکهاتەی دژە ئۆکسیدەکانەوە. * سیستمی بەرگری لەش بەهێز دەکات دژی جۆرەکانی نەخۆشی شێر پەنجە. *شوێنەوارەکانی پیربوون لە مرۆڤدا دوادەخات. *کڤارك سەرچاوەیەکی باشە بۆ دەستەبەرکردنی فۆسفۆر و ئاسن و پۆتاسیۆم بۆ لەشی مرۆڤ. *کڤارك کاریگەرییەکی باشی هەیە لەسەر ئارامکردنەوەی دەروون و خەمۆکی. * دەبێتە هۆی پاراستنی مرۆڤ لە جەڵتەی مێشك.

کوزەلە	هەندێك لە سوودە تەندروستییەکانی کوزەڵە: ١-ڕێگری دەکات لە توشبوون بە شێرپەنجە. ٢-دەوڵەمەندە بە ڤیتامینc، گڵاسێك لە کوزەڵە، بڕی (٥٠)گم ڤیتامین (c)ی تێدایە. ٣-دەوڵەمەندە بە ڤیتامین A ٤-سستمی بەرگری بەهێز دەکات ٥-لە دژی نەخۆشی و ئەو بەکتریایانە دەجەنگن لە ڕیخۆڵەکاندا جێگیر دەبن. ٦خواردنی کوزەڵە، دەبێتە هۆی هەرسکردنێکی تەندروست چونکە ئەو کلۆرۆفیلەی لە گەڵاکانی کوزەڵەدا هەیە چەندین ئەنزیمی هاریکاریی هەرسکردن لەخۆدەگرێت، ئەم جۆرە ئەنزیمانە یارمەتی لەش دەدەن خۆراکە کانزاکان لەکاتی هەرسکردندا هەڵمژن. ٧-کوزەڵە یارمەتی پتەوکردن و هاوسەنگی ڕاگرتنی ئێسك دەدات لە ڕێگەی ماددەی کالسیۆم و مەگنسیۆم، ڤیتامین C وk. ٨-کوزەڵە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بەسوودە، چونکە کەمتر لە ١٨ کالۆری تێدایە و کێش دادەبەزێنێت. ٩-هەروەها کوزەڵە بەسوودە بۆ بەهێزکردنی بینین، بەرگریکردن لە نەخۆشی دڵ، قژ، چارەسەرە بۆ سکچوون، شەکرە، نەخۆشی زراو و خوێن.
پەڵپینە	پەڵپینە پاش برۆکلی و کوزەڵە، بە یەکێک لە باشترین جۆرەکانی ڕووەک دادەنرێت لە ڕووی سوودی تەندروسییەوە. هێندە بڕ و فرەجۆری لە پێکهاتەکانی ڤیتامین و کانزاکانی تیایە، لە هیچ خۆراکێکی تردا بەدی ناکرێت. ڕێژەیەکی زۆر لە ڤیامین A و هەموو جۆرەکانی B و ڤیتامین C و ڕایبۆفلاڤین و ڕایسین و پایریدۆکسین و کارۆتینۆیدس و ئاسن و مەگنیسیۆم و کالسیۆمی تێدایە. ئەوەی سەیرە جگە لەو هەموو جۆرە کانزاو ڤیتامینانە چەورییەکی تیایە کە سێ ئەوەندەی چەوری ماسی واتا ئۆمیگا ٣ سوودی زیاترە. توێژینەوەکان ئەوەی دەریخستووە ئەگەر گرنگی بە خواردنی پەڵپینە بدرێ بە شێوەیەک سیستماتیك بەرگری لەش بەهێز دەکا ئەو کەسە بەئاسانی تووشی نەخۆشییە مەترسیدارەکانیش نابێ، بەتایبەتی بەرگرییەکی زۆر پتەو دروست دەکات لە دژی تووشبوون بەشێرپەنجە.

ڕازیانە	ڕازیانە، زۆر سوودبەخشە، گرنگترین سوودەکان لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکەینەوە: ١.بەهای خۆراکی ڕازیانە Fennel لەوەدایە کە ڕۆڵی هەیە بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگری لەش. ٢. ئاستی کۆلسترۆل لە خوێن دادەبەزێنێت. ٣.هۆکارێکە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بەشێرپەنجەی ڕیخۆڵە، چونکە ڕازیانە چەندین ماددەی گرنگ لەخۆدەگرێت وەکوو: ڤیتامین C، ڤیتامین A، ڤیتامین E، ڤیتامین B١، B٢، B٣، کانزای مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، زینك، کالسیۆم، کۆپەر، سیلینیۆم، ئاسن. هەر ١٠٠ گرام ڕەزیانە نزیکەی ٤٠ گرام ڕیشاڵ لەخۆدەگرێت کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆ ڕێگرتن لەزیادبوونی کێشی لەش و دابەزاندنی کۆلسترۆل و خۆپارستن لە قەبزی. ٤. بەسوودە بۆ خۆپاراستن لەکۆبوونەوەی گاز لەگەدە و ڕیخۆڵەدا. ٥. ڕازیانە ماددە زیانبەخشەکان لە ڕیخۆڵەدا ڕادەماڵێ. ٦.پەستانی بەرزی خوێن دادەبەزانێنێت. ٧.ڕەزیانە هاندەرە بۆ کرداری هەرسکردنی خۆراك و بۆنی هەناسەش خۆش دەکات. ٨.ڕازیانە دەمارەکان خاو دەکاتەوە و توانای تەرکیزکردن باشتر دەکات. ٩.ڕازیانە ماددەی دژەئۆکسانیش لەخۆدەگرێت، کە بایەخێکی تەندروستی زۆری هەیە، بۆ نموونە کامفیرۆل kaempferol و کوێرسێتین Quercetin کە ڕۆڵیان هەیە لەخۆپاراستن دژی شێرپەنجە و هەوکردنەکان و کاریگەرییەکانی تەمەن لەسەر لەش.
خەلەندۆر	بەخاوی دەخورێت و سوودی هەیە بۆ لەشی مرۆڤ
هندرش	بەخاوی دەخورێت و سوودی هەیە بۆ لەشی مرۆڤ
ترشۆك	سوودبەخشە بۆ لەشی مرۆڤ
گاسۆس	بەخاوی و کوڵاوی دەخورێت و سوودبەخشە بۆ لەشی مرۆڤ
پۆلینپاخ	بنکی هەیە و بنکەکەی بە خاوی دەخورێت و سوودبەخشە بۆ لەشی مرۆڤ
پونگ	بۆ خۆراکە جۆراوجۆرەکان بەکاردێت و سوودی زۆری هەیە بۆ لەش
دڕی	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ.

پێ مریشك	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ.
کوڕادە کێوی	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ، بە کوڵاوی دەخورێت
ئەسترك	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ، بە کوڵاوی دەخورێت
لۆشە	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ، بە کوڵاوی دەخورێت
چۆرین	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ، بە کوڵاوی دەخورێت
ڕەشك	ڕەشك گیایێکی حەکیمە و بۆ چارەسەرکردنی زۆر نەخۆشی بەکاردێت.
سۆریاز	ماددەیەکی خۆراکییە بۆ مرۆڤ.

گرنگترین ئەو گژوگیایانەی کە لە دەڤەری مزووری باڵا بۆ ئالیك و خۆراکی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات، سوودیان لێ وەردەگیرا، بریتی بوون لەمانە: "نەفەل، ڕەسە (هەلز)، کەرکۆل، گوینی، گیاداسی، سوورك، دویڕویڤی، کەرمەخ، شڤرمی، کاکلگیا، قورنگان، هەسپز و گێزەرگیا و هتد."



گیای ڕەسە(هەلز)

ئاژەڵەکان

پێشان زۆر جۆرە ئاژەڵ لە دەڤەری مزووری باڵا هەبوون، هەر لە ئاژەڵە کێوییەکان بگرە، تا کەوییەکان، لە خوارەوە تیشکێك دەخەینە سەر ئاژەڵە کێوی و کەوییەکان:

ئاژەڵە کەویە گۆشخۆراوەکان

گرنگترین ئاژەڵە کەوییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کە گۆشتیان دەخۆرا، بریتی بوون لەمانە: " گا، مانگا، مەڕ و بزن."

ئاژەڵە کەویە گۆشنەخۆراوەکان

گرنگترین ئاژەڵە کەوییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کە گۆشتیان نەدەخۆرا، بریتی بوون لەمانە: "ئەسپ، ماین، هێستر، گوێدرێژ، پشیلە و سەگ."

ئاژەڵە کێویە دڕەندەکان

گرنگترین گیاندارە کێویە دڕەندەکانی دەڤەری مزووری باڵا بریتین لەمانە: "پڵنگ، گورگ، توورگ، بەراز، کەمتیار، ورچ و قوڕبەشە."

گیاندارە گۆشتخۆراوەکان

گرنگترین گیاندارە کێویەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کە گۆشتیان دەخۆرا، بریتی بوون لەمانە: "ڕێوی، کەروێشك، کووشك، سمۆرە، بزنەکێوی، کەلەکێوی، سیخۆڕ (سووچەر) و قورەبەشە."

گیاندارە خشۆك و زیانبەخشەکان

گرنگترین گیاندارە خشۆك و زیانبەخشەکانی دەڤەری مزووری باڵا بریتی بوون لەمانە: "کیسەڵ، مار، دۆپشك، خەمەگڕوو، دیسوورە و مارمێلکەکان."

باڵندە کێوییە گۆشتخۆراوەکان

گرنگترین باڵندە کێوییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کە گۆشتیان دەخۆرا، بریتی بوون لەمانە: "قوڵنگ، کەو، کوتر، تڤیرك، گاپڵ، پوڕ، کوترشینکە، بۆلبۆل، کوترە باریکە، ڤاندیلکە، دیسۆرکە، بەرکوڕە، کویك، ڕەشوێلە، دیل مقەس، مراوی، دانی کوکە، قاقیشکا دنك سۆر، کرکانك و کەوسیسك (سووسکە)."

باڵندە کێوییە گوشتنەخۆراوەکان

گرنگترین باڵندە کێوییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کە گۆشتیان نەدەخۆرا، بریتی بوون لەمانە: " قەڵەڕەش، بمێ کەلا، قاقیشك، پەپووسلێمانە، چەکچەکیلە، زەردەوێلە، باشووکە، پەپووك، چیچکێ شەڤێ، خرتەڵ و باز."

باڵندە کەوییە گۆشخۆراوەکان

گرنگترین باڵندە کەوییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کە گۆشتیان دەخۆرا، بریتی بوون لەمانە: "کەڵەباب، مریشك، قاز و عەلەشیش."

گیانەوەرە کەوییە مەمکدارەکان

گرنگترین گیانەوەرە مەمکدارە کەوییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتی بوون لەمانە: "مانگا، پشیلە، دێلەسەگ، ماین."

گیاندارە کێوییە مەمکدارەکان

گرنگترین گیانەوەرە کێوییە مەمکدارەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بریتی بوون لەمانە: "قوڕەبەشە، بەراز، بزنەکێوی، ورچ، گورگ، کەمتیار، تورگ، ئاسك، پڵنگ، ڕێوی و کەروێشك."

قەڵاکان

گرنگترین قەڵاکانی دەڤەری مزووری باڵا بریتی بوون لەمانە: "قەڵای پێندرۆ، قەڵای بەنان، قەڵای مەرزەڤانا و قەڵای کانیا کەلێ."(٦٥)

---

(٦٥) دیرۆکی دروستکردنی قەڵاکانی دەڤەری مزووری باڵا نەزانراوە، چونکە مێژووەکی کۆنیان هەیە و بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

گۆڕستانەکان

هەر لە دێرزەمانەوە مردووەکان لە کوردستان بەگشتی و، دەڤەری مزووری باڵا بە تایبەتی، شکۆ و حورمەتی خۆیان هەبووە و بە چاوێکی گەورە سەیر کراون و ڕێزێکی زۆریان لێ گیراوە.

بۆیە کاتی خۆی، هەر گوندێکی دەڤەری مزووری باڵا، گۆڕستانێك یان چەند گۆڕستانێکی هەبووە، ئەو پارچە زەوییەش کە دەکرایە گۆڕستان، لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە تەرخان دەکرا.

هەروەها هەموو گۆڕستانەکانیش بە بەرد یان بەدار، پەرژین دەکران، تاکوو ئاژەڵە ماڵی و کێوییەکان بۆ لەوەڕ نەچنە ناوی و بەسەر گۆڕی مردووەکان نەکەون و شکۆ و حورمەتیان لەکەدار نەبێت.

دیسان خەڵکەکە، لە ڕێی کاری هەرەوەزییەوە، بەرد و تات و کێلی ناشتن و بیراستنی مردووەکانیان لەناو گۆڕستان بەرهەڤ دەکردن، تاکوو لە کاتی ناشتنی مردوو، نەخاسمە لە وەرزی زستان تووشی کێشە و گرفتن نەبن، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیکەوە، خەڵکی لادێ وەك ڕێز و حورمەتێك بۆ مردووەکان. سوودی لە داری ناو گۆڕستانەکان وەرنەدەگرت و وەك خۆیان دەمانەوە تا پیت دەبوون و دەڕزین.(٦٦)

مەبەست لە دروستکردنی ئەو قەڵایانە لەلایەن خەڵکی ئەو دەڤەرەوە، بۆ ئەوە بووە هەمبەر هێرش و پەلامارەکانی نەیار و داگیرکەران، بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە گرتنی ئەو قەڵایانە کارێکی سەخت و دژوار بووە و وا ئاسان نەبووە. (نووسەر)

(٦٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز تێلی ئەسمەر فەقی یەزدین لە سۆران، ڕێکەوتی١٣/٩/٢٠١٩

دەڤەری مزووری باڵا لە ڕووی کارگێڕی(ئیداری)یەوە

دەڤەری مزووری باڵا، هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بگرە، تا سەردەمی میرنشینە کوردییەکان و دەوڵەتی ئێراق و شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان، بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە و ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە هەموو ڕووداو و بزاڤ و چالاکییەکاندا.

مزووری باڵا، یەکێك بووە لە ناحیە دێرینەکانی دەڤەری بادینان، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، بەپێی ئەو بەڵگە دیرۆکییانەی کە دەست ئێمە کەوتوون، مزووری باڵا لە ساڵی (١٢٢٩ك-١٨٧٥ز) ناوی وەك ناحیە هاتووە وسەر بە سنجاقی مووسڵ، یان سەر بە ویلایەتی بەغدا بووە.[٦٧]

هەروەها لە ساڵی (١٨٨٩ز-١٨٩٧ز)، مزووری باڵا، ناحیە بووە وسەر بە قەزای زێبار و ویلایەتی مووسڵ بووە، هەر وەك لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە، ناحیەی مزووری باڵا لە ساڵی (١٣١٣ك-١٨٩٥ز)،سەر بە قەزای زێبار بووە و لە (٣٩) گوند پێکهاتبوو.[٦٨] هەروەها مزووری باڵا، لە ساڵی (١٣١٤ك-١٨٩٦ز)، ناحیە بووە وسەر بە قەزای زێبار بووە.[٦٩]

هەمدیسان، بەپێی ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ساڵی (١٣٢٥ك-١٩٠٧ز)، ناحیەی مزووری باڵا یەکێك بووە لە ناحیەکانی قەزای ڕواندوز.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

ناوی هەندێ لە بەڕێوەبەرانی ناحیەی مزووری باڵا

ناوی بەڕێوەبەری ناحیە	سنجاق	ویلایەت	ڕێکەوت (بەروار)
عەلی بەگ ([٧٠])	مووسڵ	بەغداد	١٢٢٩ك-١٨٧٥ز
صەدیق بەگ ([٧١])	مووسڵ	مووسڵ	١٣١٠ك-١٨٩٢ز
صەدیق بەگ ([٧٢])	مووسڵ	مووسڵ	١٣١٢ك-١٨٩٤ز
مستەفا تەفیق ئەفەندی	مووسڵ	مووسڵ	١٣١٢ك-١٨٩٤ز
صەدیق بەگ (بە وەکالەت)	مووسڵ	مووسڵ	١٣٢٥ك-١٩٠٧ز

(٦٧)بغداد ولایت سالنامەسی، ١٢٢٩هـ-١٨٧٥م/ ص٨٤. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی عەشیرەتێن بەهدینان.

(٦٨ (سالنامە دولت علیە عثمانیە،١٣١٣هـ-١٨٩٥م)، / ص٥٧٩. هەمان سەرچاوە.

(٦٩) سالنامە دولت علیە عثمانیە،١٣١٤هـ-١٨٩٦م)، / ص٥٩١. هەمان سەرچاوە.

(٧٠) بغداد ولایت سالنامەسی، ١٢٢٩هـ-١٨٧٥م/ ص٨٤. هەمان سەرچاوە.

(٧١) وەصفی حەسەن، ڕەوشا قەزا ئامێدیێ ل سالا ١٨٩٢. هەمان سەرچاوە.

(٧٢) موصل ولایت سالنامەسی، ١٣١٢هـ-١٨٩٤م/ ص١٥١. هەمان سەرچاوە.

له ساڵی (١٩٤٤)ز له سەردەمی وەصی (عەبدولئیلاهـ)ی ئیرادەی شاهانەی ژماره (٦٦٥) لەسەر پیشاندانی وەزیری ناوخۆ (مستەفا ئەلعومەری)، کە سەرۆك وەزیران (حەمدی پاچەچی)، بۆ ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی بوو لەسەر جیا کردنەوەی قەزای زێبار لەگەڵ هەردوو ناحیەی (بارزان) و (مزووری)، له لیوای مووسڵ بۆ سەر لیوای اربیل (هەولێر)، کە له ڕۆژی (٤)ی محەڕەمی ١٣٦٤ کۆچی، بەرامبەر بە (١٩٤٤/١٢/٢٠)ز له بەغدا نووسرابوو و لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة)، ع ٢٢٥٢ السنة الثالثة و العشرون١٩٤٥/١/٨، ص٩٨ بڵاو کرابووه.(٧٣)

هەروەها لە ساڵی ١٩٤٧، ناحیەی مزووری باڵا،سەر بە قەزای زێبار بوو، مەڵبەندی ناحیەکەش لە (شێروان مەزن)بوو.(٧٤)

بەڵام لە سەردەمی (سەدام حسین)ی سەرۆك کۆماری ئێراق، بەپێی مەڕسوومی کۆماری ژماره (٢٦٧)، کە تێیدا دیاریکرابوو بە هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی مزووری باڵا له پارێزگای اربیل (هەولێر) و بەستنەوەی کەرتەکانی بە مێرگەسۆرەوە لە هەمان پارێزگا و لە ڕۆژی ١٧ ڕەجەبی ١٤٠٢ك، بەرامبەر به١٩٨٢/٣/١٢ز لە بەغدا نووسرابوو و لە ڕۆژنامەی (وقائع العراقیة)، ع ٢١١٩، السنة الرابعة عشرة١٩٨٢/٤/٥، ص٦ بڵاو کرابووه.(٧٥)

هەروەها لە ساڵی (١٩٩٢)، بە فەرمانی کارگێڕیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە ژماره (٢٧٠٧)، لە ڕۆژی (١٩٩٢/١٠/٢٦)، بە فەرمانی وەزاری ژماره (٣٠٦٩)، کە لە ڕۆژی (١٩٩٢/١١/٥)، لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەرچووە و بەپێی فەرمانی کارگێڕیی پارێزگای اربیل (هەولێر)، بە ژماره (١٦٤٥/٦/٦)، لە ڕۆژی (١٩٩٢/١١/١٠)ز)، کە ئەو کاتە (عەبولموهەیمەن بارزانی)، پارێزگاری هەولێر بوو، بڕیار درابوو بە دووبارە گەڕاندنەوەی ناحیەی مزووری باڵا، کەسەر بە قەزای مێرگەسۆرەوە بێت و هەمان سنووری کارگێڕیی پێشووتری هەبێت.(٧٦)

---

(٧٣)عبدالله غفور، التشکیلات الاداریة فی جنوب الکردستان،ص١٩-٢٠ بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی عەشیرەتێن بەهدینان.

(٧٤)احصاء لسنة١٩٤٧، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٧٥) عبدالله غفور، التشکیلات الاداریة فی جنوب الکردستان،ص١٢٤

(٧٦) نفس مصدر، ص٢٢٨-٢٢٩.

پەیوەندیی مزوورییەکان بە شێخەکانی بارزانەوە

مزوورییەکان، تا بەر لە هاتنی شێخەکانی بارزان بۆ تەکیەی بارزان، عەشیرەتێکی سەربەخۆ بوون، بەڵام کە شێخەکانی بارزان لە گوندی بارزان گیرسانەوە و نموونەیەکی جوانی دادپەروەرییان بە خەڵکی ئەو دەڤەرە نیشاندا، ئیدی مزوورییەکانیش هاوشانی عەشیرەتەکانی دیکەی چواردەوری بارزان، لەگەڵ شێخەکانی بارزان پەیمانێکیان بەست و بە فەرمی چۆنە ژێر ڕکێفی بنەماڵەی بارزانەوە و ئیدی لەو کاتەوە بە بارزانی هەژمار دەکرێن.

لەمبارەیەوە بەڕێز سەرۆك (مسعود بارزانی)، لە کتێبەکەیدا، بەناوی (بارزانی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد- یەکەم ڕاپەڕینی بارزان ۱۹۳۱-۱۹۳۲، دەڵێت: "عەشیرەتی بارزان شوێن و پایەیەکی تایبەتی وەرگرت لە سەردەمی شێخ عبدولسەلام دا، کە هەر زوو وەکو ڕابەرێکی ئاینی و نیشتمانی لە هەمان کاتدا دەرکەوت و هەموان سەرنجی ئەویاندا کە ڕابەرێکە لەسەر تەرزی نوێ، هەستا بە چەند چاکەکارییەکی کۆمەڵایەتی گرنگ لە ناوچەکەدا و تا ئەو کاتەش هەموو بارزانییەکان ڕێك نەکەوتبوون لەسەر ئەوەی خۆیان ببەستنەوە بە شێخایەتی بارزان، بەڵام پاش ئەوە، هەموو هەڵسان و پشتگیری و لایەنگیریی تەواوی خۆیان بۆ شێخ عەبدولسەلام دەربڕی و ئەم عەشیرەتانەی خوارەوە ڕێك کەوتن لەسەر ڕابەرایەتی ئەو، قائیل بوون بە کردەوە چاکەکارییەکانی.

(شێروانی، دوڵەمەری. مزووری، بەڕۆژی، نزاری، گەردی و هەرکی بنەجی)، لەو کاتەوە ناوی بارزانی ناوی هەموو ئەم عەشیرەتانە دەگرێتەوە."([٧٧])

---

(٧٧) بارزانی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد- یەکەم ڕاپەڕینی بارزان ۱۹۳۱- ۱۹۳۲مسعود بارزانی

مزوورییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەندەران

مزوورییەکان، جگە لە باشووری کوردستان، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندەرانیش هەن، بەڵام هۆکاری پەرتبوونی مزوورییەکان و دابەشبوونیان بەسەر سێ پارچەی کوردستاندا، تا ئێستا نەزانراوە، بۆیە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی هەیە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ چ هۆکارێك لە پشت ئەو کەرتبوون و دابەشبوونەوەیە.

هەر چەند ئەمە یەکەم هۆزی کورد نییە کە بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستاندا کەرت بوویێت، بەڵکوو چەندین هۆزی دیکەی کورد، وەك هۆزی هەرکی و دۆسکی و هتد. لە چەند پارچەیەکی کوردستاندا هەن.

بەش بە حاڵی خۆم، پێم وایە هۆکاری هەرە سەرەکی، کەرتبوون و دابەشبوونی مزوورییەکان و هۆزەکانی دیکەی کورد، بە پلەی یەکەم بۆ ناهەمواری و ناسەقامگیری ڕەوش و دۆخی سیاسی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر چەند وڵاتێکی داگیرکەردا، لە دەستپێکی چەرخی بیستەم، دەگەڕێتەوە. نەخاسمە ئەو هۆزە کوردیانەی باشووری کوردستان، کە لەگەڵ باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان سنوورێکی درێژ و هاوبەشیان هەیە، زیاتر مەترسیی کەرتبوون و پەرتبوونیان لەسەر بووە و کوردەکان بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان، ئەو واقعە تاڵەیان بەسەردا سەپێندراوە و بەرەوڕوویماڵجیایی بوونەتەوە.

مزوورییەکانی باکووری کوردستان

بەپێی ئەو بەڵگە و دیکیۆمێنت و شۆپاندن و بەدواداچوونەی کە لەبارەی مزوورییەکانی باکووری کوردستان کردوومە، ئەوەم بۆ ساغ کراوەتەوە، کە مێژووی کۆچکردنی مزوورییەکان بۆ باکووری کوردستان، بۆ ساڵەکانی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان دەگەڕێتەوە.

هۆکاری ئەو کۆچکردنەش بۆ ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە دەگەڕێنەوە، کە کاتی خۆی لە ناوچەکە بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی هاتوونەتە ئاراوە.

سەبارەت بە ژمارەی سەرخێزانەکانیشیان، بەپێی قسەی شایەتحاڵەکانی ئەو ناوچەیە، ژمارەی مزوورییەکانی باکوور لە ئێستادا، نزیکە ی ٤٠٠ سەرخێزان دەبن، کە لە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا و باکووری کوردستان بڵاو بۆنەتەوە.

هەروەها مزوورییەکانی باکووری کوردستان، تا ئێستایش لەگەڵدا بێت، بنەکۆك و ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر هەندێك بنەماڵە و بەرەبابی مزوورییەکانی باشووری

کوردستان، وەك ئەرگوشییەکان و مێرۆزییەکان و بەنانییەکان و ناڤکوڕکییەکان و سلۆرییەکان و ماوەتییەکان و گلانەیەکان. هەندێکیشیان لە دەڤەری مزووری ژێری کۆچیان کردووە و لە باکووری کوردستان گیرساونەتەوە.

هەڵبەت بەشی هەرە زۆری مزوورییەکان، کاتی خۆی لە گوندەکانی: "ئەرگوش، بەنان، ماوەتا، گلانە(٧٨)، ناڤکوڕکا، مێرۆز، سلور و هێتوتێ"ەوە ڕوویان لە باکووری کوردستان کردووە.

کە حاڵی حازر، نەوە و منداڵەکانیان، نیشتەجێی شاری گەڤەڕ و سەنتەری قەزای شەمزینان و و گوندەکانی: "هەڵانە، باڵی، شەپەتا، گارە، زەرکێ، مەلەیا، بێگرد، سەرەڕۆ، ئێردۆشە و سۆرانسەر"ن.

شایانی ئاماژەپێدانە، بەهۆی دروستبوونی خزمایەتی نوێ و خوێندن و کارکردنەوە، بەشی هەرە زۆری مزوورییەکانی باکووری کوردستان، لە قەزای شەمزینان دادەنیشن، کە سەر بە پارێزگای هەکارییە، هەروەها بەشێکیشیان دانیشتووی شەرناخ و شاری جەزیرەن.

هەروەك دیارە، مزوورییەکانی باکووری کوردستان، بە درێژایی شۆڕشەکانی کوردستان، هەمیشە پشت و پەنا و داڵدەدەری پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانی باشووری کوردستان بوون، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندیی نێوان مزوورییەکانی باکوور و باشووری کوردستاندا نەپچڕاوە و هەمیشە لە برەودایە. تەنانەت لە خۆشی و ناخۆشی و شینی و شادی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی یەکتریشدا پشکدارن.(٧٩)

مزوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەڵبەت مزوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەسەر سێ دەڤەردا دابەش دەبن، کە هەر دەڤەرێك چەند گوندێك لەخۆی دەگرێت، بەم شێوەیە:

١. دەڤەری مەرگەوەڕ:مزوورییەکانی ئەو دەڤەرە لەم گوندانە دەژێن:

•گوندی ڕاژان، ٤٠ ماڵ

•گوندی ڕەزگە، ٤٠ ماڵ

---

(٧٨) حاڵی حازر (٨٠) سەرخێزان لە خەڵکی گوندی گلانە لە دەڤەری شەمزینانی باکووری کوردستان دەژێن. پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز (شەوکەت محەمەدئەمین عەبدولکەریم گلانەیی)، لە ڕێکەوتی٢٠١٩/٩/٢. (نووسەر)

(٧٩) ئەم ئامارە لەسەر مزوورییەکانی باکووری کوردستان، لە بەڕێز ئەندازیار (یوسف ئەحمەد ڕەشید بەنانی)، لە ڕێکەوتی ١٨ /٢٠١٩/٤ وەرگیراوە، ئەویش لە خزم و کەسوکاری وەرگرتووە لە باکووری کوردستان. (نووسەر)

•گوندی قاهێره، ٣٠ ماڵ، هەروەها لە گوندی (ناری) و شاری (ورمێ)ش مزووری هەن.
٢. دەڤەری سێرۆ: مزوورییەکانی ئەو دەڤەرە لەم گوندانە دەژین:
•گوندی سنجی، ٥٠ ماڵ.
•گوندی بەهلۆل ئاوا، ٣٠ ماڵ.
٣. دەڤەری دزێی دۆڵی ورمێ: مزوورییەکانی ئەو دەڤەرە لەم گوندانە دەژیین:
•گوندی زێوە، ٤٠ ماڵ.
•گوندی نەسر ئاوا، ٢٠ ماڵ. (٨٠)

مزوورییەکانی هەندەران (خارج)

مێژووی کۆچی مزوورییەکان بۆ هەندەران، بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت:

قۆناغی یەکەم: (کۆچی مزوورییەکان بۆ سۆڤیەت): هەڵبەت کۆچی مزوورییەکان بۆ سۆڤیەت بە یەکەم کۆچی ئەو عەشیرەتە دادەنرێت بۆ هەندەران، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە، کاتێ کە کۆماری کوردستان لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٦)، بە پیلانی زلهێزانی دونیا و بە دەستی ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ لەناو برا.

ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی، لەگەڵ (٥١٨)کەس لە هەڤاڵانی بەرەو سۆڤیەت کۆچیان کرد، کە (٢٧٪)ی ئەو شۆڕشگێڕانەی چووبوونە سۆڤیەت، خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا بوون، کە (١٤٤)کەس بوون، ئەمەش ناوەکانیانە:

١. ئەحمەد عەلی مەحموود (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.
٢. ئەحمەد عەلی جەمر (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.
٣. جادر عەزیز (ئەرگوشی - مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
٤. جەمر عەلی جەمر، (ئەرگوشی- مزووری)، نەچووەتە سۆفیەت و لە ڕێگە گەڕاوەتەوە، کۆچی دوایی کردووە.
٥. حەجی حەیدەر سلێمان (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.
٦. حوسەین ڕەشید شەمدین (ئەرگوشی- مزووری) نەماوە.

---

(٨٠) ئاماری مزوورییەکانی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەڕێز فارس تاهر، ناسراو بە ڕێکارێ مزووری وەرگیراوە. (نووسەر)

٧. حوسێن محەمەد سەلیم، (ئەرگوشی- مزووری)، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٨. خواستی سنجۆ خواستی (ئەرگوشی- مزووری)، نەچووەتە سۆفیەت و لە ڕێگە گەڕاوەتەوە.

٩. حەمە ئەحمەد حەمە (حەمن سینەمن)، (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

١٠. خەلیل ئیبراهیم عوسمان، (ئەرگوشی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١١. خورشید یوسف سلێمان ١٩٢٩-١٩٨٧ (ئەرگوشی- مزووری)، شەهید بووە.

١٢. داوید عەلی جەمیل، (ئەرگوشی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

١٣. دەروێش عومەر عەزیز، (ئەرگوشی- مزووری)، لە کەڕەج کۆچی دوایی کردووە.

١٤. سەعید عەبدولوەهاب شێخ ئۆمەر، (ئەرگوشی- مزووری) لە ٦/١٨/ ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە.

١٥. سەعید عەمەر جەمیل، (ئەرگوشی- مزووری) لە ٦/١٨/ ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە.

١٦. زێڕۆ عەزیز، (ئەرگوشی- مزووری)، لە ڕێگەی سۆفیەت گەڕاوەتەوە، کۆچی دوایی کردووە.

١٧. ڕەشید عەزیز، (ئەرگوشی- مزووری) لە ڕێگە گەڕاوەتەوە.

١٨. سەلیم ڕەشید شەمدین، (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

١٩. محەمەد ئاغا ڕەش شەمدین ١٩٢٥، (ئەرگوشی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٢٠. محەمەدئەمین شەمدین خالید، (ئەرگوشی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٢١. قاسم سەعدی عەبدی، (ئەرگوشی - مزووری)، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٢٢. فەتاح عومەر جەمیل، (ئەرگوشی- مزووری)، لە شەڕی شێروان لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە.

٢٣. محەمەد عەلی شێخ محەمەد، (ئەرگوشی - مزووری).

٢٤. محەمەد مستەفا چاوڕەش، (ئەرگوشی- مزووری)، شەهید بووە.

٢٥. محەمەد جەمیل عەلی، (ئەرگوشی- مزووری)، لە ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە.

٢٦. شەکر داوید عەبدی، (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

٢٧. ڕەشید نەبی عەبدوڕەحمان، (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

٢٨. مەلاك عەبدوڵڵا سلێمان، (ئەرگوشی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

٢٩. حەکیم یاسین تەها، ١٨٨٩، (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٣٠. ئیسماعیل عەبدوڵڵا هەمیرە (پێندرۆیی- مزووری) لە ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

٣١. ئەحمەد جەسیم ئەحمەد، ١٩٩٢، (پێندرۆیی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

٣٢. حوسین جەرگیس سەعید، (پێندرۆیی- مزووری)، ساڵی ١٩٦٧ لە بەرواری باڵا کۆچی دوایی کردووە.

٣٣. سەلیم عیسا یاسین، (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٣٤. سلێمان حەکیم یاسین، (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٣٥. عەزیز محەمەد جبڕائیل، (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٣٦. عەبدوڕەحیم جەسیم ئەحمەد، (پێندرۆیی- مزووری) لە ساڵی ١٩٨٣ لە قەندیل شەهید بووە.

٣٧. عەبدوڵڵا حوسێن جەرگیس، (پێندرۆیی- مزووری)، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە پیرمام کۆچی دوایی کردووە.

٣٨. فەیزی عوسمان هەمیرە، (پێندرۆیی- مزووری)، لە ١٩٩٩/٧/٢٤کۆچی دوایی کردووە.

٣٩. عەمەر عوسمان وەیسی، (پێندرۆیی - مزووری)، لە٧/٣١ ١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٤٠. عەمەر محەمەد جبرائیل، (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٤١. عیسا حەکیم یاسین، ١٩٢٩ (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٤٢. عەلی یونس، (پێندرۆیی - مزووری)، لە یەکێتی سۆفیەت کۆچی دوایی کردووە.

٤٣. قادر عەبدوڵڵا جبرائیل، (پێندرۆیی- مزووری)، لە ساڵی١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

٤٤. محەمەد چیچۆ ئەمین، (پێندرۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٤٥. محەمەد یاسین محەمەد ١٩١٥، (پێندرۆیی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٤٦. میکائیل محەمەد جبارئیل، (پێندرۆیی - مزووری)، ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٤٧. مەلا نەبی یاسین ١٩٢٦، (پێندرۆیی - مزووری)، ساڵی ١٩٧٥ شەهید بووە.

٤٨. تەوفیق خواجە پیر (مێرۆزی - مزووری)، لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە، پێش ڕاپەڕین گەڕایەوە کوردستان لە ٢٤/٧/ ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە.

٤٩. جادر جانگیر جادر، (مێرۆزی- مزووری)، لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٣ز کۆچی دوایی کرد.

٥٠. حاجی عیسا گۆران مێرووزی ١٩١٤ (مێرۆزی- مزووری) لە بەرواری باڵا شەهید بووە.

٥١. تەها حاجی تەها، (مێرۆز- مزووری)، لە گووڕەتوو کۆچی دوایی کردووە.

٥٢. تەها یاسین شەکر (مێرۆز- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٥٣. عەلی جانگیر، (مێرۆزی - مزووری)، لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە.

٥٤. گۆران عیسا گۆران ١٩٢١، (مێرۆزی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٥٥. مەجید حاجی تەها، (مێرۆزی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٥٦. محەمەدئەمین مکائیل ساڵح (مێرۆزی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٥٧. محەمەد بەکۆ جادر١٩٣٢، (مێرۆزی - مزووری)، لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە

٥٨. مستەفا جادر عارس، (مێرۆزی - مزووری)، ساڵی ١٩٧٦کۆچی دوایی کردووە

٥٩. محەمەد سوار محەمەد ١٩٢٦، (مێرۆزی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە

٦٠. یاسین ڕەشید عارس١٩٢٨، (مێرۆزی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٦١. ئەسعەد خۆشەوی عۆدیش،(سێلکی- مزووری) ساڵی ١٩٧٧ لە ئێران کۆچی دوایی کردووە.

٦٢. عەلی خەلیل خۆشەوی، (سێلکی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٦٣. عیسا سوار عیسا، (سێلکی- مزووری)، لە ١٩/٣/١٩٧٥ شەهید بووە.

٦٤. جەوەر حسێن محەمەد (سێلکی- مزووری) لە شەڕی چیای مەتین لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بوو.

٦٥. تەیمەز ئارەب قەتران، (سێلکی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٦٦. حەسەن عەبدوڵڵا ئەحمەد (سێلکی- مزووری)، لە ئێران کۆچی دوایی کردووە.

٦٧. شەکر محەمەد ئەحمەد، (سێلکی- مزووری) لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە.

٦٨. ساڵح تاهیر خزیران، (سێلکی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٦٩. یاسین میکائیل عەمەر١٩٢٥، (سێلکی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
٧٠. خەلیل شێخۆ مح (سپینداری- مزووری) لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە.
٧١. سلێمان لاچ حوسین، (سپینداری- مزووری) لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە.
٧٢. ساڵح محەمەد مح (سپینداری- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
٧٣. محەمەد عوسمان مستەفا، (سپینداری- مزووری)، شەهید بووە.
٧٤. محەمەد عەزیز محەمەد، (سپینداری- مزووری)، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
٧٥. محەمەد نوح محەمەد، (سپینداری- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
٧٦. عەبدیش ئۆمەر عەبدیش، (سپینداری- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
٧٧. محێ عەزیز محێ، (سپینداری- مزووری)، لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە.
٧٨. ئیسماعیل شێخۆمەر ئیسماعیل ١٩٢٩ز، (تێلی- مزووری) لە ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.
٧٩. سلێمان عەبدوڵڵا سلێمان، (تێلی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە
٨٠. شا حوسێن عەلی محەمەد، (تێلی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
٨١. مستەفا دەروێش شێخ نێرگز، (تێلی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە
٨٢. مەل حەمر ئیبراهیم خان١٩١٥، (تێلی - مزووری)، ساڵی ١٩٦٥کۆچی دوایی کردووە.
٨٣. عەلی غازی ئیسماعیل، (تێلی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
٨٤. جەوەر محەمەد عەلی (تێلی- مزووری) لە ساڵی ١٩٨٨ز کۆچی دوایی کردووە
٨٥. جومعە مستەفا یووسف، (تێلی- مزووری) لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
٨٦. محەمەد مام ڕەش شەمدین، (شنگێلی- مزووری)، لە٣١/٧ ١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
٨٧. محۆ حەسەن شەکر، (شنگێلی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
٨٨. محەمەد جوڵندی جبرائیل، (شنگێلی - مزووری)، لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە.

٨٩. شەفیق مەلا عەبدوڵڵا قاسم، ١٩٢٠، (شنگێلی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٩٠. ڕەشید حەمۆ حاجی، (شنگێلی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

٩١. حەسەن شەمدین حەتەم، ١٩٢٠، (شنگێلی- مزووری)، لە سۆفیەت لە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە.

٩٢. چیچ حەتەم شەمدین ١٩١٠، (شنگێلی- مزووری) لە ساڵی ١٩٨٨ف کۆچی دوایی کردووە.

٩٣. سەعید مەلا عەبوڵڵا قاسم، (شنگێلی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

٩٤. پیرۆ چیچۆ عەزیز ١٩٢٢، (گویزا وەلاتی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٩٥. حەجی عەزیز میرزا (گویزا وەلاتی- مزووری)، لە گوندی (دریێ) لە ڕێی چوون بۆ سۆفیەت شەهید بوو.

٩٦. سەلیم حوسێن مراد، ١٩٢١ (گویزا وەلاتی- مزووری) لە ٣/٢٨/ ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە.

٩٧. ساڵح حوسێن مراد، ١٩١٩ (گویزا وەلاتی- مزووری) لە ڕێگەی چوونە ڕووسیا بەلێدانی فڕۆکە شەهید بوو.

٩٨. عەبدوڵڵا حەمۆ عوسمان، (گویزا وەلاتی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

٩٩. محەمەد فەق یەزدین، (گویزا وەلاتی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١٠٠. محەمەد حەمۆ عوسمان، (گویزا وەلاتی- مزووری)، لە ١٩٩١/٣/١١ لە ئازادکردنی شاری هەولێر لە گرتنی مەنزوومە شەهید بووە.

١٠١. ئیبراهیم خۆشەوی ڕەشید (پاڵانی- مزووری)، لە ٣١ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٣ز لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

١٠٢. حەجی ئەبوبەکر شێخ (پاڵانی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١٠٣. سەعدی قاسم شین، (پاڵانی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

١٠٤. سەعید بیبەکر شێخ، (پاڵانی- مزووری)، شەهید بووە.

١٠٥. ساڵح عەمەر حاجی، (پاڵانی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە

١٠٦. عیسا عەلی شێخ، (پاڵانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١٠٧. ئەسعەد سلێمان قادر (دێزۆیی- مزووری)، لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ز شەهید بوو.

١٠٨. بادین قادر بادین، (دێزۆیی- مزووری)، هاوینی ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە.

١٠٩. شێخۆمەر مەرعان حەسەن، ١٩١١، (دێزۆیی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١١٠. حەسەن مەلا یەحیا حەسەن، (دێزۆیی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

١١١. حەجی مەلا عەلی سلێمان (ئاڤەدووری- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

١١٢. جەمیل عەبدوڵڵا حەسەن، (ئاڤەدووری- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

١١٣. خەلیل عەلی سلێمان، (ئاڤەدووری - مزووری) لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی نادیارە.

١١٤. عەبدوڵڵا حەسەن عەبدوڵڵا، (ئاڤەدووری- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١١٥. ئاڤدەل حاجی مکائیل (بژیانی- مزووری)، لە یەکێتی سۆفیەت کۆچی دوایی کردووە.

١١٦. مەجید مکائیل حاجی، (بژیانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە

١١٧. محۆ حەسەن شەکر، (بژیانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١١٨. چەتۆ محەمەد عەبدولکەریم (بابسێفی- مزووری) لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی بزرە.

١١٩. سەلیم ڕەشید سەلام، ١٩٢٢، (بابسێفی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.

١٢٠. محەمەد ڕەشید محەمەد ١٩٢٧، (بابسێفی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١٢١. حوسین ئیبراهیم ساڵح (داویدکی- مزووری)، شەهید بووە.

١٢٢. شێخ یەزدین محەمەد نەبی، (داویتکی - مزووری)، لە ٢٤-٢٥/ ٤/ ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە.

١٢٣. مستەفا سەعید چیچۆ، (داویدکی - مزووری)، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

١٢٤. ئینو شوکر عەلی (توی- مزووری)، لە یەکێتی سۆفیەت کۆچی دوایی کردووە.

١٢٥. میرۆ حەیدەر کەرەم (توی- مزووری)، لە ڕووسیا مابووە، کۆچی دوایی کردووە.

١٢٦. عەلی حەسەن شین (توی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

١٢٧. خەمۆ شەمدین بابێزدین، (مووکی- مزووری) لە ٣١/٧/١٩٨٣ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

١٢٨. عەلی زێڕۆ عەلی، (مووکی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٢٩. سلێمان یاسین عەلی، (شیڤی، مزووری) لە سۆفیەت کۆچی دوایی کردووە.
١٣٠. ساڵح حەسەن تەمەر، (شیڤی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.
١٣١. عەمەر بازیدی قادر، (بەنانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٣٢. موسا ناڤخۆش محەمەد، (بەنانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٣٣. عەمەر یۆغس عەمەر، (کوڕانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٣٤. ڕەمەزان حەجی عومەر، (کوڕانی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٣٥. حەمۆ سلێمان ڕەشید (هیزانی- مزووری) شەهید بووە.
١٣٦. مستەفا عەبدوڵلا هادی، (هیزانی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٣٧. مستەفا ئەیوب چیچۆ، (شیفکی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٣٨. ئەحمەد بریندار چیچۆ (شیفکی- مزووری) لە ٣١ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٣ز لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
١٣٩. فەق حەسەن میر میرزا، (ئێدلبی- مزووری)، شەهید بووە.
١٤٠. مەجید ئاڤدەل نەبی، (بۆسی - مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.
١٤١. ڕەشید کەریم سلێمان، (ماوەتی- مزووری) کۆچی دوایی کردووە.
١٤٢. عەبدوڵلا ساڵح عەبدوڵلا، (بێکولی- مزووری)، لە ٣١/٧/١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.
١٤٣. حەسۆ ساڵح نادر (سیدانی- مزووری).(٨١)
١٤٤. تەمەر مستەفا حەسەن، (بناڤی- مزووری)، کۆچی دوایی کردووە.

شایانی ئاماژەپێدانە، بەشێك لەو مزوورییانەی کە چوو بوون بۆ سۆڤیەت خێزاندار بوون، بەڵام خێزان و منداڵەکانیان جێ هێشتبوو، بەشێکیشیان سەڵت بوون.

بۆیە زۆربەیان لە سۆڤیەت، لە ماوەی ئەو (١٢)ساڵەی کە لەوێ مابوونەوە، خێزانیان پێکهێنابوو و وەچەیان خستبووە و منداڵیان هەبوو.

بەڵام کە لە ساڵی ١٩٥٩گەڕانەوە بۆ کوردستان، خێزان و منداڵی بەشێکیان بە هۆکاری جیاجیا، نەگەڕابوونەوە کوردستان و لەوێ مابوونەوە.

---

(٨١) ئەم ئامارە لە کتێبی (لە مەهابادەوە بۆ ئاراس) وەرگیراوە، لە وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠١. (نووسەر)

بەڵام دواى ڕاپەڕین، بە هەوڵ و هیممەتى هەندێ کەس و لایەن، بەشێك لەو کوڕ و کچانەى لە ڕووسیا مابوونەوە دۆزرانەوە و بە هاوکاریى حکوومەتى هەرێم، بەشێکیان بە سەردان گەڕێنەوە کوردستان و بەکەسوکاریان شاد بوونەوە.

هەندێ لەو کەسانەى کە سەردانى کوردستانیان کردووە، بریتین لەمانەى خوارەوە:

١. صەبرى عیسا حەکیم پێندرۆیى
٢. سەرڤەر عیسا حەکیم پێندرۆیى
٣. میخایل فەیزى وەسمان پێندرۆیى
٤. شەفیقا مکایل محەمەد پێندرۆیى
٥. زەینەب عەزیز محەمەد پێندرۆیى
٦. حەلیما محەمەد یاسین پێندرۆیى
٧. سانیا نەبى یاسین
٨. فەریدا نەبى یاسین
٩. مراد ڕەشید ئەرگوشى
١٠. جەواهر بادین دێزۆیى
١١. وەسمان محەمەد وەسمان سپیندارى
١٢. ساریا ڕەمەزان کوڕانى
١٣. عەلى ساڵح عومەر پاڵانى
١٤. زەکیا خەلیل مەموودى([٨٢]).

هەڵبەت چەند کەسێك لە مزوورییەکان بە ئارەزووى خۆیان نەگەڕانەوە، هەندێکیشیان لەوێ وەفاتیان کرد، بەڵام ژمارەیەکى زۆر لە منداڵ و نەوەکانیان تا ئێستاش لە ڕووسیا و کۆمارەکانى دیکەى سۆڤیەتى جاران دەژین، کە ژمارەیان نەزانراوە.

قۆناغى دووەم: (پاش نسکۆى شۆڕشى ئەیلوول): دواى نسکۆى شۆڕشى ئەیلوول و ئاوارەبوونى سەدان هەزار کەس لە کوردانى باشوورى کوردستان بۆ ئێران، خەڵکێکى زۆر لە ڕێگەى(UN)ەوە، لەناو کەمپى ئاوارەکاندا ناونووسکران، تاکوو لە وڵاتە ئەورووپییەکان و ئەمریکا مافى پەنابەرییان پێ بدرێت.

---

(٨٢) هەندێ لەو کەسانەى کە ناویان لە کتێبەکەدا هاتووە، ساڵانە یان چەند ساڵێك جارێك، بە سەردان دێنەوە کوردستان. (نووسەر)

بۆیە هەندێ گەنجی دەڤەری مزووری باڵا لەو ڕێگەیەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٠)، خۆیان گەیاندە ئەوروپا و ئەمریکا و مافی پەنابەرایەتییان وەرگرت و تا ئێستاش لەوێ دەژین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، هەندێ گەنجی دیکە لە ڕێگەی زەماڵەی خوێندنەوە، هەندێکیشیان لە ڕێگەی قاچاخەوە خۆیان گەیاندووەتە ئەوروپا و ئەمریکا و لەوێ ماونەتەوە.

قۆناغی سێیەم: (پاش ڕاپەڕین): پاش ڕاپەڕین، شەپۆلێکی دیکەی پەنابردن بۆ ئەوروپا و ئەمریکا لە کوردستان دەستی پێکرد، ئەم شەپۆلە، مزوورییەکانیشی گرتەوە و بەشێکی دیکە لە خەڵکی ئەو دەڤەرە، چ بە مەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەری، یان بە مەبەستی خوێندن، یان بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەرانتر بۆ خۆیان، ڕوویان کردە ئەوروپا و ئەمریکا و لەوێ بوونەتە پەنابەر.

هەڵبەت چ ئەو کەسانەی پێش ڕاپەڕین، چ ئەوانەی دوای ڕاپەڕیان ڕوویان لە هەندەران کردبوو، زۆربەیان ڕەگەزنامەی وڵاتە ڕۆژئاوایەکانیان وەرگرتووە.

شایانی ئاماژەپێدانە، تا ئێستا نەزانراوە ژمارەی مزوورییەکانی هەندەران چەندە، چونکە هیچ داتا و ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدا نییە.

شێوەزاری خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا

خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا بەدەڤۆك (شێوەزار)ی بادینی قسە دەکەن، بەڵام شێوازی قسەکردنیان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە تۆزێك جیاوازە، نەخاسمە لە دەربڕینی هەندێ ڕستە و وشەدا، هەروەها شێوازی قسەکردنی مزووریەکان لەگەڵ باقی شوێنەکانی دیکەی دەڤەری بادینان جیاوازە و تا ئەندازەیەك تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە، بەڵام ئەم حاڵەتە شتێکی سروشتی و ئاساییە و لە ناو هەموو زمان و زار و شێوەزارێکدا بەدی دەکرێـت.

شایانی ئاماژەپێدانە، شێوەزار (دەڤۆك)ی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا لە کۆن دا، زۆر پەتی و ڕەسەن بووە، چونکە ناوی: کەلوپەلەکان، ئامێرەکان، خۆراکەکان، پێداویستییەکانی ژیان، داروبەرد و کانی و چیاو دۆڵ و نەهاڵ و ئاژەڵ و باڵندە و گیانەوەر و شوێنە مێژوویی و جوگرافییەکانی ناوچەکە، گشتیان کوردی بوون و گوزارشتیان لە ڕەسانەیەتی زمانی کوردی دەکرد.

بۆیە دەتوانین بڵێین شێوەزاری خەڵکی ئەو دەڤەرە، تا ئەندازەیەکی زۆر پەتی و ڕەسەن بووە و پارێزگاری لە زمانی ڕەسەنی کوردی کردووە.

بەڵام بەداخەوە! وەك پێویست سوود لە وشە ڕەسەنەکانی ئەو دەڤەرە وەرنەگیراوە، بۆیە خەریکە لەگەڵ مردنی پیر و بەساڵاچووانی ئەو دەڤەرە، وشە پەتی و ڕەسەنەکانی ئەو دەڤەرەش دەمرن و لەناو دەچن!

چەند وشەیەك بە لەهجە و دەڤۆکی خەڵکی مزووری باڵا:

ژ	کرمانجی	سورانی
١.	ئارمیتە	ئامێری درهێنانی کەنگر
٢.	ئاغلەویك	تاوە
٣.	ئاڤس	دووگیان
٤.	ئالف	ئاڵیك
٥.	ئانەت	دەسنەخۆش، یاخی
٦.	ئەرزێنك	چەناگە
٧.	ئەنی	نێوچەوان
٨.	باڵاڤ	گەرماو، حەمام

٩.	باكوزريك	كرێوه، باو باران
١٠.	باليك	بالوكه
١١.	بڕ	گيايەكی شاخاوی خۆشه، لەگەڵ پەنير تێكەڵ دەكرێت بۆ خواردن
١٢.	برسقين	درەوشانەوه
١٣.	برنجی	هەرەباش، ناياب
١٤.	بژوين	پاقژ، خاوێن، پاك
١٥.	بلۆر	چرا
١٦.	بنئەمر	ژێردەست
١٧.	بنێشه	بناغه
١٨.	بهژين	توانەوه
١٩.	بۆش	ئاوێكی زۆر و بەخوڕ
٢٠.	بەرجەزا	خەتابار، سووچكار
٢١.	بەرسۆز	سوكه نزگەره
٢٢.	بەرەژەنگ	نيشانه
٢٣.	بەرەديفك	ناحەز، نەيار
٢٤.	بەزر	ون، ناديار
٢٥.	بەزين	غاردان
٢٦.	بەش	كراوه، ئاواڵه
٢٧.	بەشاركانێ	چاوشاركێ
٢٨.	بەفری	بەفرماڵ
٢٩.	بەندك	پەت
٣٠.	بەهی	تازيه، پرسه
٣١.	پاڵه	كرێكار
٣٢.	پسەپس	چرپەچرپ، چپەوسرته
٣٣.	پشك	بەش
٣٤.	پڵاف	پڵاو

٣٥.	پلچقاندن	فلیقاندن، تلێخاندن
٣٦.	پلفسیان	نەپێکان
٣٧.	پفیان	بەڵبوون، ئەستووربوون
٣٨.	پلڤان	دەست و پەنجە زێڕین
٣٩.	پندلفسك	مرۆڤی بێ قەڵافەت و ورد
٤٠.	پەرجان	پەرژین
٤١.	پەلیك	پەڵووڵە، پەسیسە
٤٢.	پەنگ	مەنگ
٤٣.	پەیت	چوست، ڕێکوپێك، قایم
٤٤.	پێپەست	پێشێل
٤٥.	پێپەلانك	پەیژەکانی قادرمە
٤٦.	تابیت	داربەست
٤٧.	تاتیك	لبادی ڕاخستن
٤٨.	تاقەت	هێز و توانا
٤٩.	تانۆك	پەرژینی مەڕومالات
٥٠.	تبلچاڤ	تاریکی ئەنگوستەچاو
٥١.	تبل	پەنجە
٥٢.	ترپان	مەلەغان
٥٣.	تەچەدین	ساویلکە، نەزان
٥٤.	ترانە	گاڵتە، یاری، تیز
٥٥.	تفاق	یەکگرتوو، تەبا
٥٦.	تبسك	هەنجیری کێوی
٥٧.	تلتویر	زۆر ورد و بچووك
٥٨.	تولاز	گەنج، لاو
٥٩.	تەڕابەڕا	پەرتەوازە
٦٠.	تەڕۆ	تڕۆ

٦١.	تەرکەزا	ئاوارە
٦٢.	تەرەقی	ئاڵووباڵوو
٦٣.	تەزی	سارد
٦٤.	تەفال	منداڵی ساوا
٦٥.	تیر	خەست، چڕ
٦٦.	تیك	درز، شەقبوون
٦٧.	جوخین	خەرمان، بێدەر
٦٨.	جێنیك	لاجانك
٦٩.	چاڤرێ	ڕەشەوڵاغ
٧٠.	چپك	تنۆك
٧١.	چرك	چرکە
٧٢.	چریك	ڕژد و چاوبرسی
٧٣.	خڕ	هەموو، بازنەیی
٧٤.	خوشینك	جوانکیلە
٧٥.	خیسار	خوسار، زوقم، سیخار
٧٦.	خۆزی	تف، لیکاو، بریا، خۆزگە
٧٧.	خینەڵۆ	خوێناوی
٧٨.	دابە	دڕندە، هۆڤ
٧٩.	دانگێ	دانگە، لای خوارەوەی شت
٨٠.	داوەت	شایی، زەماوەند، گۆڤەند، دیلان، هەڵپەڕکێ
٨١.	داڤدۆز	فێڵباز، حیلەکەر
٨٢.	دمك	دەندووك
٨٣.	دۆتمام	ئامۆزا
٨٤.	دەرپێ	بێجامە
٨٥.	دەسبلێنك	دەستبێنی منداڵ لەناو بێشکەدا
٨٦.	دەڤبەش	زمانشڕ، نهێنیبێژ

٨٧.	دەوار	ئەسپ و هێستر و ماین و گوێدرێژ
٨٨.	دێمك	دێمکە
٨٩.	دەوات	شایی، زەماوەند، گۆڤەند، دیلان، هەڵپەڕکێ
٩٠.	دەوس	ڕێگا
٩١.	دەخەس	چاوچنۆك، ڕەزیل
٩٢.	دژین	پیس و پەڵۆس، چەپەڵ
٩٣.	دێم	روخسار، وشکانی
٩٤.	ڕاتەقیان	ئاوارە بوون، یاخیبوون
٩٥.	ڕکچوون	عینادیکردن
٩٦.	ڕادان	خاوێنکردنەوەی شوێنێك بە گەسك
٩٧.	ڕاژێرك	ڕایەخ
٩٨.	ڕستك	ملوانکە
٩٩.	ڕێدین	ڕیش، ڕدین
١٠٠.	زان	منداڵبوون
١٠١.	ژارك	ڕەگە کەنگر و کڤارك
١٠٢.	ژگوین	شایان، هەژی
١٠٣.	ساپیتك	سەقفی خانوو
١٠٤.	ساقۆت	پارچەی گۆشتی بە ئێسقانەوە
١٠٥.	سپیدۆ	شیرەمەنی
١٠٦.	ستێویر	نەزۆك
١٠٧.	سیلەچوون	لووسبوون
١٠٨.	سەقەم	سەرما و سۆڵە
١٠٩.	شاینکی بوون	شاگەشکەبوون
١١٠.	شکەڤك	تەشتی دارین
١١١.	شلۆخە	بەندی کاڵە، قەیتان
١١٢.	شیتك	پشتێن

١١٣.	شێلی	لێڵ
١١٤.	شەڕبۆك	لیوان، پەرداغ
١١٥.	شەلاندن	ڕووتكردنەوە
١١٦.	عەداڤ	چڵك و زوخاوی برین
١١٧.	غەدارە	كڵاشینكۆف
١١٨.	فانیلە	بن كراس
١١٩.	فراڤین	ژەمی نیوەڕۆ
١٢٠.	فەلیتە	ئەوەی چاوی لە ناموسی خەڵكە
١٢١.	ڤەحەواندن	داڵدەدان، پەنادان
١٢٢	ڤەڕیچاندن	پەڕ و باڵ دەرهێنان
١٢٣	ڤەكوشتن	سەربڕین، سەرژێكرن
١٢٤	قشت	جوانكیلە، كەشخە
١٢٥	قولێر	كلۆر، كرمی
١٢٦	قوماندار	سەركردەی لەشكر
١٢٧	قەپیشك	قۆزاحە
١٢٨	قەترمە	تاوان، كەتن
١٢٩	قەلی	قاورمە، قەلیە
١٣٠	قوترە	دارێكی ئەستوور و درێژە
١٣١	قیت	قنج
١٣٢	قەهر	عیناد، كەرب و كین
١٣٣	قمیان	سووتان
١٣٤	قنارە	سێدارە، سێپێك
١٣٥	كاچوكلۆز	ئەشیای ناوماڵ
١٣٦	كاب	گوێزنگ، میچ، كابە
١٣٧	كادە	جۆرێك نان
١٣٨	كادی	دوكەڵ

١٣٩	کاژێڕ	شەویلاك، بنگوێ
١٤٠	کخس	خیسکە، پیازچەی بچووك بۆ چاندن
١٤١	کڕنی	پندکی گچکە، قڕنە
١٤٢	کزر	چوست و چالاك، نیوە وشك
١٤٣	کلپات	نزە، کەمترین دەنگ
١٤٤	کولب	قاتوقڕی، برس و خەلا
١٤٥	کلمیچ	چڵمر، کلمۆچ، پیسایی کەپوو
١٤٦	کلۆخ	کەللەی سەر
١٤٧	کوریشك	لۆچی کاڵا و جلوبەرگ
١٤٨	کونجەریك	دڕك و چقل، داسی
١٤٩	کویڕ	چەماوە، خوار
١٥٠	کۆپەك	بەراز
١٥١	کۆمر	کۆمەڵ
١٥٢	کەزاخە	هەڵپاچین
١٥٣	کەزی	گیسو، پرچی ژن، زولف
١٥٤	کەژ	پاقژ، پاکژ، پاك، سپی
١٥٥	کسیرە	ماندوو، شەکەت
١٥٦	کەڕەسی	سێبەر
١٥٧	کێری	زۆزان
١٥٨	کێزمر	دڕك و داسی
١٥٩	گرێژ	مەمك، گوان
١٦٠	گەڕ	کەڕەت، جار
١٦١	لاندك	بێشکە
١٦٢	لنگەر	شەل، سقەت
١٦٣	لەڤەندی	فەقیانە، لەوەندی
١٦٤	لەهی	لێسەر، لافاو، لێمشت

١٦٥	لێزم	خزمی نزیك
١٦٦	لێڕ	دارستان، جەنگەڵ
١٦٧	مێر	پیاو ، زەلام
١٦٨	مێلاك	جەرگ، جگەر، جەگەر
١٦٩	نەحەز	ناحەز، نەیار، دوژمن
١٧٠	نەمێر	پیاوێك، کە توانای سێکسی نەبێت
١٧١	نیڤەرۆ	نیوەچڵ، کارێك کە تەواو نەکرابێت
١٧٢	هەتك	شەرەف، ناموس
١٧٣	هریشك	نانەڕۆن
١٧٤	هڕ	با
١٧٥	هەڕی	قوڕ و لیتاو
١٧٦	هێزۆك	دیلانێ، جۆلانێ
١٧٧	واسە	ئێشکگرتن، بۆ ئەوەی ئاژەڵە دڕەندەکان زیان بە ڕەز و باخەکان نەگەیەنن.
١٧٨	وجێ	سوومەند، مفادار
١٧٩	وشی	هێشووی ترێ
١٨٠	ویجاخ	بەرەباب

ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا

هەڵبەت بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك، پێویستە پشت بەو ئامار و داتا فەرمییانە ببەستین، کە لەلایەن حکوومەت و ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە دەردەچن، بەڵام بەداخەوە، بەهۆی ناسەقامگیری دۆخی سیاسیی باشووری کوردستان لە سەدەی ڕابردوودا، هەروەها بەهۆی بەهەند وەرنەگرتنی ئەم پرسە لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، وەك پێویست سەرژمێری بۆ ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکانی کوردستان نەکراوە، نەخاسمە دەڤەری مزووری باڵا، بۆیە تەنیا چەند ئامارێکمان لەبەر دەستدایە، لە وانە:

١. ئاماری ساڵی (١٩٤٧)، کە لەو سەردەمەدا، ناحیەی مزووری باڵا سەر بە قەزای زێبار بووە و بەپێی ئەو ئامارە، ژمارەی دانیشتوانی (٥)گوندی ئەو ناحیەیە([٨٣])، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە.([٨٤])

ئاماری سەرژمێری دەڤەری مزووری باڵا، لە ساڵی (١٩٤٧)

ژ	ناوی (٥)گوندی ناحیەی مزووری باڵا	ژمارەی کەسەکان
١	ئەرگوش	٧٥١
٢	شیڤێ	٣٤٢
٣	پێندرۆ	٢٤٩
٤	ئێدلبێ	٢٣٩
٥	مێرۆز	٢٠٢

٢. ئاماری سەرژمێری ناحیەی مزووری باڵا، لە ساڵی (١٩٥٧ز)، کە لەو سەردەمەدا، ناحیەی ناوبراو سەر بە قەزای زێبار بووە و بەپێی ئەو ئامارە، ژمارەی دانیشتوانی ئاماری ساڵی

---

(٨٣) عەشیرەتێن بەهدینان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، بەداخەوە لەو ئامارەدا، تەنیا ناوی (٥) گوندی دەڤەری مزووری باڵا هاتووە.

(٨٤) بەداخەوە لە ئاماری ساڵی ١٩٤٧ ی دەڤەری مزووری باڵا، تەنیا ناوی (٥) گوندی ئەو دەڤەرە هاتووە و ئەمەش یەکێکە لە کەموکورییەکانی ئەو ئامارە. (نووسەر)

(١٩٥٧)ی (٢٧)گوندی ناحیەی مزووری باڵا([85])، بە ڕەگەزی (نێر) و (مێ)وە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە.:([86])

ژ	ناوی گوند	نێر	مێ	کۆی گشتی
١.	ئەرگوش	٥٠٥	٤٤٢	٩٤٧
٢.	شیڤی	٢٥١	٢٢٧	٤٧٨
٣.	ستوپێ	٢٥٢	٢٢٥	٤٧٧
٤.	ئێدلبێ	١٨٠	١٤٧	٣٢٧
٥.	پێندرۆ	١٤٠	١٤٢	٢٨٢
٦.	مێرۆز	١١٨	١٢٨	٢٤٢
٧.	سێلکێ	٩٩	١١٩	٢١٨
٨.	سپینداریێ	٧٨	٨٩	١٦٧
٩.	ماوەت	٨٠	٦٣	١٤٣
١٠.	مووکا	٦٠	٥٤	١١٤
١١.	بەنان	٥٤	٥٥	١٠٩
١٢.	دێزۆ	٦٠	٤٨	١٠٨
١٣.	گویزا ئاستەنگێ	٤٦	٥٢	٩٨
١٤.	سلۆر	٥٢	٤٦	٩٨
١٥.	گویزا وەلاتی	٤٠	٤٩	٨٩
١٦.	توێن	٣٠	٥٢	٨٢

(٨٥) بەداخەوە لە ئاماری ساڵی (١٩٥٧)ی دەڤەری مزووری باڵا، تەنیا ناوی (٢٧) گوندی ئەو دەڤەرە هاتووە و ئەمەش یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی ئەو ئامارە. (نووسەر)

(٨٦) الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مدرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، سكان القرى لألوية الموصل و السلمانية و أربيل و كركوك و ديالى.

ئەم ئامارە بە سوپاسەوە لە بەڕێز دکتۆر (بورهان حاتەم عوسمان)، مامۆستا لە بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە.

.١٧	بژیان	٣٦	٣١	٦٧
.١٨	بۆسێ	٢٦	٣٣	٥٩
.١٩	کوڕان	٢٨	٢٥	٥٣
.٢٠	سینا	٢٥	٢٢	٤٧
.٢١	پاڵانا	١٧	٢٥	٤٢
.٢٢	گلانه	٢٧	١٥	٤٢
.٢٣	ڕەوین	٢٠	١٥	٣٥
.٢٤	سۆمێ	١٠	١٦	٢٦
.٢٥	ناڤکوڕکا	١٦	١٠	٢٦
.٢٦	بناڤێ	١٢	٩	٢١
.٢٧	بەرکەلێ	١١	٩	٢٠


(٢٤٤)

ناحية مز ورى بالا

تصنيف سكان قرى ناحية مزورى بالا حسب الجنس لتسجيل سنة ١٩٥٧

رقم	اسم القرية	ذكور	اناث	المجموع
١	سيلكى	٩٩	١١٩	٢١٨
٢	كوزى	٤٠	٤٩	٨٩
٣	مزو	٦٠	٤٨	١٠٨
٤	بندرو	١٤٠	١٤٢	٢٨٢
٥	ايدلسى	١٨٠	١٤٧	٣٢٧
٦	شيلى	٢٥١	٢٢٧	٤٧٨
٧	توى	٣٠	٥٢	٨٢
٨	رويثى	٢٠	١٥	٣٥
٩	سلور	٥٢	٤٦	٩٨
١٠	سوبى	١٠	١٦	٢٦
١١	بوسى	٢٦	٣٣	٥٩
١٢	بزيان	٣٦	٣١	٦٧
١٣	كوران	٢٨	٢٥	٥٣
١٤	ميرروز	١١٨	١٢٤	٢٤٢
١٥	كوزى اسنك	٤٦	٥٢	٩٨
١٦	سينا	٢٥	٢٢	٤٧
١٧	سوكا	٦٠	٥٤	١١٤
١٨	استوى	٢٥٢	٢٢٥	٤٧٧
١٩	سين داره	٧٨	٨٩	١٦٧
٢٠	نافكوركا	١٦	١٠	٢٦
٢١	بالانه	١٧	٢٥	٤٢
٢٢	بركلى	١١	٩	٢٠
٢٣	شانى	١٢	٩	٢١
٢٤	بنان	٥٤	٥٥	١٠٩

٣. ئاماری ساڵی (١٩٧٧ز)ی سەرژمێری ناحیەی مزووری باڵا[٨٧]: ئەو ئامارە تا ئەندازەیەك داتا و زانیاری وردی تێدایە لەسەر ژمارەی خێزان و ئەندامانی خێزان و ژمارەی خانوو و جۆری خانوو و ئەو خانووانەی کە ماڵێك یان دوو ماڵ یان سێ ماڵی تێدا بووە، هەروەها ژمارەی خانووی بە کرێدراو و خانووی مڵك و کۆی گشتی ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی مزووری باڵای خستووەتە ڕوو، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە.

دابەشکردنی خانوو بە پێی ژمارەی خێزانەکان، کە تێیدا نیشتەجێ کراون و کۆی گشتی ئەندامانی خێزان:

---

(٨٧) الجهاز المرکزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسکان، لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربیل.
ئەم ئامارەی خوارەوە بە سوپاسەوە لە بەڕێز دکتۆر (بورهان حاتەم عوسمان)، مامۆستا لە بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە.
هەروەها زۆر سوپاس ئەندازیار (ئیدریس عەبدوڵلا پێندرۆیی) دەکەم، کە هاوکارم بوو لە وەرگێرانی ئەم ئامارە بۆ زمانی کوردی. (نووسەر)

	خانووەکە یەک خێزان تێیدا دەژیت		خانووەکە دوو خێزان تێیدا دەژیت		خانووەکە سێ خێزان تێیدا دەژیت						شوێنی جیشنەجێی تر		
یەکەی کارگێڕی	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی خێزان	ژمارەی ئەندامانی خێزان	کۆی گشتی خانوو	کۆی گشتی ژمارەی خێزانەکان	کۆی گشتی ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	کۆی گشتی هاووڵاتیان
ناحیەی مزووری باڵا	١٤١٨	٨٠٠٤	١٣٩	١٣٠٥	٤٠	١٣٢	٦٥١	١٥٩٧	١٨٢٨	٩٩٦٠	١٢	٨٠٣	١٠٧٦٣

قضاء راوندوز

جدول رقم (2)

توزيع المساكن حسب عدد الاسر الساكنة فيها ومجموع افرادها

الوحدة الادارية	مساكن تشغلها اسرة واحدة		مساكن تشغلها اسرتان		مساكن تشغلها ثلاث اسر فاكثر						اماكن معدمه الاسرى		
	عدد المساكن	عدد الافراد	عدد المساكن	عدد الافراد	عدد المساكن	عدد الاسر	عدد الافراد	مجموع المساكن	مجموع الاسر	مجموع الافراد	عدد المساكن	عدد الافراد	مجموع السكان
ناحية خليفان	1577	8322	195	1741	34	108	442	1806	2075	10505	28	2132	12637
مجموع القضاء	7828	44587	788	7456	171	577	2547	8787	9981	54590	149	10287	64877
قضاء الزيبار													
ناحية ميرگه سور (م.	865	5253	109	1074	40	154	717	1014	1237	7044	49	3581	10625
ناحية مزوري بالا	1418	8004	139	1305	40	132	651	1597	1828	9960	12	803	10763
مجموع القضاء	2283	13257	248	2379	80	286	1368	2611	3065	17004	61	4384	21388
قضاء شقلاوة													
مركز قضاء شقلاوة	1095	6598	140	1400	28	80	420	1263	1465	8418	16	1408	9826
ناحية كوشتاوه	1416	7453	176	1546	26	83	366	1618	1951	9365	0	0	9365
ناحية حرير	2217	12335	287	2718	67	217	948	2571	3008	16001	12	371	16372
ناحية صلاح الدين	2537	14457	384	3550	85	269	1235	3006	3574	19242	16	623	19865
مجموع القضاء	7265	40843	987	9214	206	659	2969	8458	9898	53026	64	2402	55428
قضاء چومان													
مركز قضاء چومان	393	2078	127	1242	48	163	686	568	810	4006	22	1016	5022
ناحية باله (علانه)	1520	8230	207	2045	60	197	879	1787	2131	11154	75	4633	15787
ناحية حاجي عمران	312	1706	44	416	22	73	314	378	473	2436	17	740	3176
مجموع القضاء	2225	12014	378	3703	130	433	1879	2733	3414	17596	112	6389	[illegible]3985
مجموع المحافظة	58776	352928	11160	105516	3401	11536	50624	73337	92637	509068	606	32388	1456[illegible]

	خانووەکە یەک خێزان تێیدا دەژیت		خانووەکە دوو خێزان تێیدا دەژیت		خانووەکە سێ خێزان تێیدا دەژیت						شوێنی جیشنەجێی تر		
یەکەی کارگێڕی	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی خێزان	ژمارەی ئەندامانی خێزان	کۆی گشتی خانوو	کۆی گشتی ژمارەی خێزانەکان	کۆی گشتی ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	کۆی گشتی هاووڵاتیان
ناحیەی مزووری باڵا	١١٧	٦٩٠	١٣	١٢٩	١	٤	١٣	١٣١	١٤٧	٨٣٢	١٢	٨٠٣	١٦٣٥

محافظة اربيل

تعـــداد

جدول رقم (3)

توزيع المساكن حسب عدد الاسر الساكنة فيها ومجموع افرادها

الوحدة الادارية	مساكن تشغلها اسرة واحدة: عدد المساكن	مساكن تشغلها اسرة واحدة: عدد الافراد	مساكن تشغلها اسرتان: عدد المساكن	مساكن تشغلها اسرتان: عدد الافراد	مساكن تشغلها ثلاث اسر فاكثر: عدد المساكن	مساكن تشغلها ثلاث اسر فاكثر: عدد الاسر	مساكن تشغلها ثلاث اسر فاكثر: عدد الافراد	مجموع المساكن	مجموع الاسر	مجموع الافراد	اماكن معيشة اخرى: عدد المساكن	اماكن معيشة اخرى: عدد الافراد	مجموع السكان
ناحية خليفان	210	1108	41	349	8	28	113	259	320	1570	27	2130	3700
مجموع القضاء	1131	6664	239	2235	74	268	1148	1444	1877	10047	145	10269	20316
قضاء الزيبار													
ناحية ميركه سور (م.	91	586	23	183	10	41	205	124	178	974	49	3581	4555
ناحية مزوري بالا	117	690	13	129	1	4	13	131	147	832	12	803	1635
مجموع القضاء	208	1276	36	312	11	45	218	255	325	1806	61	4384	6190
قضاء شقلاوه													
مركز قضاء شقلاوه	1095	6598	140	1400	28	90	420	1263	1465	8418	36	1408	9826
ناحية كوشتاوه	172	979	23	205	2	6	36	197	224	1220	0	0	1220
ناحية حرير	371	2061	96	907	29	95	426	496	658	3394	6	361	3755
ناحية صلاح الدين	333	2135	118	1194	32	101	503	483	670	3832	12	619	4451
مجموع القضاء	1971	11773	377	3706	91	292	1385	2439	3017	16864	54	2388	19252
قضاء جومان													
مركز قضاء جومان	393	2078	127	1242	48	163	686	568	810	4006	20	1016	5022
ناحية باله (قلاله)	253	1353	46	504	12	38	176	311	383	2033	74	4627	6660
ناحية حاجي عمران	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0
مجموع القضاء	646	3431	173	1746	60	201	862	879	1193	6039	94	5643	11682
مجموع المحافظة	24459	157348	6547	63244	2357	8150	35873	33363	45703	256465	564	31599	288064

	خانووەکە یەك خێزان تێیدا دەژیت		خانووەکە دوو خێزان تێیدا دەژیت		خانووەکە سێ خێزان تێیدا دەژیت						شوێنی جیشتەجێی تر		
یەکەی کارگێڕی	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی خێزان	ژمارەی ئەندامانی خێزان	کۆی گشتی خانوو	کۆی گشتی ژمارەی خێزانەکان	کۆی گشتی ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارەی خانوو	ژمارەی ئەندامانی خێزان	کۆی گشتی هاووڵاتیان
ناحیەی مزووری باڵا	١٣٠١	٧٣١٤	١٢٦	١١٧٦	٣٩	١٢٨	٦٣٩	١٤٦٦	١٦٨١	٩١٢٨	٠	٠	٩١٢٨

محافظة اربيل

جدول رقم (٤)

توزيع المساكن حسب عدد الاسر الساكنة فيها ومجموع افرادها

الوحدة الادارية	مساكن تشغلها اسرة واحدة		مساكن تشغلها اسرتان		مساكن تشغلها ثلاث اسر فاكثر			مجموع المساكن	مجموع الاسر	مجموع الافراد	اماكن معدية اخرى		مجموع السكان
	مجموعة المساكن	مجموعة الافراد	مجموعة المساكن	مجموعة الافراد	مجموعة المساكن	مجموعة الاسر	مجموعة الافراد				مجموعة المساكن	مجموعة الافراد	
ناحية خليفان	1367	7214	154	1392	26	80	329	1547	1755	8935	1	2	8937
مجموع القضاء	6697	37923	549	5221	97	309	1599	7343	8104	44543	4	18	44561
قضاء الزيبار													
ناحية ميركه سور	774	4667	86	891	30	113	512	890	1059	6070	0	0	6070
ناحية مزوري بالا	1301	7314	126	1176	39	128	638	1466	1681	9128	0	0	9128
مجموع القضاء	2075	11981	212	2067	69	241	1150	2356	2740	15198	0	0	15198
قضاء شقلاوة													
مركز قضاء شقلاوة	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0
ناحية خوشناوة	1244	6474	153	1341	24	77	330	1421	1627	8145	0	0	8145
ناحية حرير	1846	10274	191	1811	38	122	522	2075	2350	12607	6	10	12617
ناحية صلاح الدين	2204	12322	266	2356	53	168	732	2523	2904	15410	4	4	15414
مجموع القضاء	5294	29070	610	5508	115	367	1584	6019	6881	36162	10	14	36176
قضاء جومان													
مركز قضاء جومان	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0
ناحية بالك (كلالة)	1267	6877	161	1541	48	159	703	1476	1748	9121	1	6	9127
ناحية حاجي عمران	312	1706	44	416	22	73	314	378	473	2436	17	740	3176
مجموع القضاء	1579	8583	205	1957	70	232	1017	1854	2221	11557	18	746	12303
مجموع المحافظة	34317	195580	4613	42272	1044	3386	14751	39974	46929	252603	40	789	253392

دابەشکردنی خانوو(خانووی بەرد یان کەرپووچ، یان بلۆك و شوقە و خانووی قوڕ و خانووی ئامادەکراو) بە پێی ملکداریێتی

یەکەی کارگێڕی	ملك		کرێ		هیتر		دیار نییە		کۆی گشتی	
	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان
ناحیەی مزووری باڵا	١٦٣٣	٩٠٦٤	١٥	٦٢	١٢٠	٥٣٤	١٠	٧٤	١٧٨٧	٩٧٣٤

جدول رقم (5)

توزيع المساكن (دور الحجر او الطابوق او البلوك والشقة ودور الطين والمساكن الهامشية) حسب ملكيتها

الوحدة الادارية	ملك		ايجار		أخرى		غير مبين		المجموع	
	الاسر	الافراد	الاسر	الافراد	الاسر	الافراد	الاسر	الافراد	الاسر	الافراد
ناحية خليفان	1869	9713	62	247	94	337	36	161	2061	10458
مجموع القضاء	6598	36324	511	2414	646	2945	161	773	7916	42456
قضاء الزيبار										
ناحية ميركه سور (مركز قضاء الزيبار)	871	5246	86	441	219	1061	16	67	1192	6815
ناحية مزوري بالا	1633	9064	15	62	120	534	19	74	1787	9734
مجموع القضاء	2504	14310	101	503	339	1595	35	141	2979	16549
قضاء شقلاوه										
مركز قضاء شقلاوه	713	4558	464	2397	152	723	27	114	1356	7792
ناحية خوشناوه	1616	8383	52	227	111	391	12	52	1791	9053
ناحية حرير	2328	12883	179	816	356	1592	64	289	2927	15580
ناحية صلاح الدين	2431	13463	265	1325	662	3249	79	381	3437	18418
مجموع القضاء	7088	39287	960	4765	1281	5955	182	836	9511	50843
قضاء راوندوز										
مركز قضاء راوندوز	457	2390	116	537	179	822	13	44	765	3793
ناحية باله (كلاله)	1542	8375	179	863	359	1682	26	104	2106	11024
ناحية حاجي عمران	255	1433	86	427	113	489	13	52	467	2401
مجموع القضاء	2254	12198	381	1827	651	2993	52	200	3338	17218
مجموع المحافظة	60294	350095	15875	80801	10921	49003	1591	6788	88681	486687

یەکەی کارگێڕی	ملك		کرێ		هیتر		دیار نییە		کۆی گشتی	
	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان
ناحیەی مزووری باڵا	١١٢	٦٨٩	٨	٣١	٢٧	١١٢	٠	٠	١٤٧	٨٣٢

محافظة اربيل
تكملة

جدول رقم (٦)

توزيع المساكن (دور الحجر او الطابوق او البلوك والخشب) ودور الطين والمساكن الواهية حسب ملكيتها

الوحدة الادارية	ملك: الاسر	ملك: الافراد	ايجار: الاسر	ايجار: الافراد	[illegible]: الاسر	[illegible]: الافراد	غير مبين: الاسر	غير مبين: الافراد	المجموع: الاسر	المجموع: الافراد
ناحية خليفان	256	1329	41	168	16	39	7	26	318	1562
مجموع القضاء	1240	7134	416	1985	172	718	44	190	1872	10027
قضاء الزيبار										
ناحية ميركه سور (مركز قضاء الزيبار)	57	370	71	366	43	199	5	20	176	955
ناحية مزوري بالا	112	689	8	31	27	112	0	0	147	832
مجموع القضاء	169	1059	79	397	70	311	5	20	323	1787
قضاء شقلاوه										
مركز قضاء شقلاوه	713	4558	464	2397	152	723	27	114	1356	7792
ناحية خوشناو	178	1034	32	149	13	36	1	1	224	1220
ناحية حرير	413	2313	154	704	69	281	21	91	657	3389
ناحية صلاح الدين	269	1752	229	1184	126	666	32	152	656	3754
مجموع القضاء	1573	9657	879	4434	360	1706	81	358	2893	16155
قضاء جومان										
مركز قضاء جومان	457	2390	116	537	179	822	13	44	765	3793
ناحية بالك (قلانه)	249	1403	86	414	45	207	2	8	382	2032
ناحية حاجي عمران	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0
مجموع القضاء	706	3793	202	951	224	1029	15	52	1147	5825
مجموع المحافظة	23508	147624	15061	76857	5711	25529	803	3334	45083	253344

یەکەی کارگێڕی	ملك		کرێ		هیتر		دیار نییە		کۆی گشتی	
	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان	خێزان	ئەندامانی خێزان
ناحیەی مزووری باڵا	١٥٢١	٨٣٧٥	٧	٣١	٩٣	٤٢٢	١٩	٧٤	١٦٤٠	٨٩٠٢

محافظة اربيل
ريــف

جدول رقم (7)

توزيع المساكن (دور الحجر او الطابوق او البلوك والشدد ودور الطين والمساكن الجاهزة) حسب ملكيتها

الوحدة الادارية	ملك: الاسر	ملك: الافراد	ايجار: الاسر	ايجار: الافراد	اخرى: الاسر	اخرى: الافراد	غير مبين: الاسر	غير مبين: الافراد	المجموع: الاسر	المجموع: الافراد
ناحية خليفان	1615	8384	21	79	78	298	29	135	1743	8896
مجموع القضاء	5358	29190	95	429	474	2227	117	583	6044	32429
قضاء الزيبار										
ناحية ميرگه سور (مـ.ق الزيبار)	814	4876	15	75	176	862	11	47	1016	5860
ناحية مزوري بالا	1521	8375	7	31	93	422	19	74	1640	8902
مجموع القضاء	2335	13251	22	106	269	1284	30	121	2656	14762
قضاء شقلاوة										
مركز قضاء شقلاوة	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0
ناحية خوشناو	1438	7349	20	78	98	355	11	51	1567	7833
ناحية حرير	1915	10570	25	112	287	1311	43	198	2270	12191
ناحية صلاح الدين	2162	11711	36	141	536	2583	47	229	2781	14664
مجموع القضاء	5515	29630	81	331	921	4249	101	478	6618	34688
قضاء جومان										
مركز قضاء جومان	0	0	0	0	0	0	0	0	0	0
ناحية بالك (علانة)	1293	6972	93	449	314	1475	24	96	1724	8992
ناحية حاجي عمران	255	1433	86	427	113	489	13	52	467	2401
مجموع القضاء	1548	8405	179	876	427	1964	37	148	2191	11393
مجموع المحافظة	36786	202471	814	3944	5210	23474	788	3454	43598	233343

مێژووی بەکارهێنانی دەرمانی کوردەواری لە دەڤەری مزووری باڵا

جڤاکی کوردەواری، وەك زۆربەی جڤاکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، لە سەدەکانی ڕابردوودا، تا ئەندازەیەکی زۆر لە شارستانییەت و تەکنەلۆجیای زانیاری بەگشتی و نۆژداری بەتایبەتی دوور بووە، چونکە لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش، نەخۆشخانە و داوودەرمان و دکتۆری لێ نەبووە، بۆیە خەڵکی کوردستان بەگشتی و لادێنشینەکان بەتایبەتی، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی خۆیان، پەنایان بۆ دەرمان و پزیشکی کوردەواری و دەرمانە خۆڕسك و گیایەکان بردووە.

لەو ڕووەشەوە، زۆر کەس لە ڕێگەی ئەزموون و بەکارهێنانی دەرمانە گیایی و سروشتییەکانەوە، ڕۆڵی دکتۆر و حەکیمیان دەبینی، تەنانەت بۆ ئەو ڕۆژگارە سەختە، ڕۆڵیان لە ڕۆڵی پزیشکەکانی ئێستا کەمتر نەبووە، ئەگەر زیاتر نەبووبێت، چونکە بە هەزاران کەسی زامداریان تیمار کردووە و گیانی هەزاران کەسیشیان لە مردن ڕزگار کردووە و سەرلە نوێ ئومێدیان پێ بەخشیونەتەوە.

دەڤەری مزووری باڵاش، وەك ناوچەکانی دیکە کوردستان، بێبەش نەبووە لە دەرمان و پزیشکی کوردەواری، تەنانەت، زۆر کەس لە هەردوو ڕەگەزەکە، واتە لە پیاوان و ئافرەتان، هاوشانی یەکتری، ئەم ڕۆڵەیان بینیوە و ئەم ئەرکە قورسەیان لە ئەستۆ گرتووە.

بەناوبانگترین ئەو کەسانەش(٨٨)، کە ئەم ڕۆڵەیان بینیوە، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

ژمارە	ناوی حەکیم (نۆژدار)ەکانی کوردەواری لە دەڤەری مزووری باڵا	ناوی گوند	بوارەکەی (پسپۆرییەکەی)
١.	سلێمان ئیبراهیم عوسمان ئەرگوشی	ئەرگوش	پسپۆری گشتی
٢.	عەباس عەلی عەباس ئەرگوشی	=	=
٣.	سافیا عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ئەرگوشی	=	=
٤.	سەلیم عیسا یەحیا ئەرگوشی	=	=
٥.	خوزەیجا محەمەد عادل ئەرگوشی	=	=

(٨٨) ناوی حەکیم (نۆژدار)ەکانی دەڤەری مزووری لە بەڕێزان:"عیسا محۆ عیسا بزیانی، عەبدولەتیف سەعد شەریف گویزی (گویزا ئاستەنگێ) و بەڕێز تەها بابەکر ساڵح گویزی (گویزا ئاستەنگێ)، بەڕێز (صدقی سەعدی ئەرگوشی)، بەڕێز (محەمەدعەلی پێندرۆیی)، بەڕێز (سلێمان وەحید کوڕانی)، بەڕێز (ئەحمەد حوسێن بایێزدین مووکی)، بەڕێز (تەحسین عیسا عەلی پاڵانی)، بەڕێز (عەبدال زکری حەجی بابسێفی) و بەڕێز (ساڵح جبرائیل دێزۆیی)وەرگیراون."(نووسەر)

٦.	نێرگز ساڵح شەریف ئەرگوشی	=	=
٧.	نادر محەمەد پیرۆ ئەرگوشی	=	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
٨.	حەسەن بازید باپیر ئەرگوشی	=	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
٩.	یاسین خالید پێندرۆیی، ناسراو بە (یاسینە شل).	پێندرۆ	پسپۆری گشتی
١٠.	خالید یاسین پێندرۆیی.	=	پسپۆری گشتی
١١.	محەمەد یاسین پێندرۆیی.	=	پسپۆری گشتی
١٢.	ساریە محەمەد جبرائیل پێندرۆیی		سونەتکردنی منداڵ
١٣.	جادر محەمەد سلۆری	سلۆر	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
١٤.	ئامینا سەلیم سلۆری	=	پسپۆری گشتی
١٥.	حاجی باپیر سلۆری	=	سونەتکردنی منداڵ
١٦.	ساڵح حەسەن ستوپەیی	ستوپێ	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
١٧.	شوکری قەتران ڕۆستەمر بەرکەلەیی	بەرکەلێ	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
١٨.	محەمەد شەریف پاڵانی	پاڵانا	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
١٩.	محەمەد ئۆغز کوڕانی	کوڕان	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
٢٠.	مەنجیا ڕەشید عەلی مووکی	مووکا	پسپۆری گشتی
٢١.	خەدیجا عەبدوڕەحمان زبێر گویزی (گویزا ئاستەنگێ)	گویزا ئاستەنگێ	پسپۆری گشتی
٢٢.	زکری بابسێفی	بابسێفا	پسپۆری گشتی
٢٣.	ئیبراهیم عەبدوڵلا دێزۆیی	دێزۆ	شارەزا لە بواری ئێسك و شكان
٢٤.	ئەسمەر شەهی	شەهێ	پسپۆری گشتی

ڕۆڵی مزوورییەکان لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستاندا

مزوورییەکان بەدرێژایی مێژووی سەدەکانی ڕابردوو، تا ئەمڕۆ، ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان هەبووە لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستاندا، نەخاسمە شۆڕشەکانی بارزان و کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا.

هەر لەو پێناوەشدا، بە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو دەڤەرە گیانی خۆیان بەکورد و کوردستان بەخشیوە و بە سەدان کەسیش ئەنفال و زیندەبەچاڵ کراون، هەروەها بەهۆی دڕندەیی و زەبروزەنگی دوژمنانەوە، چەندین جار خەڵکی ئەو دەڤەرە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و بەرەو تورکیا و ئێران کۆچیان کردووە، یان کۆچیان پێکراوە، وەك کۆچی زۆرەملێی ساڵی ١٩٣٢ بۆ تورکیا و ساڵی ١٩٤٥ بۆ ئێران و ساڵی ١٩٤٧ بۆ سۆڤیەت و ساڵی ١٩٧٥ بۆ ئێران و باشووری ئێراق و ساڵی ١٩٧٨ بۆ سنووری پارێزگای هەولێر و ساڵی ١٩٩١ بۆ ئێران و هتد.

بێگومان مێژووی سیاسی خەڵکی ئەو دەڤەرە، پڕاوپڕە لە ڕووداو و داستان و چیرۆکی شۆڕشگێڕی و بەرخودان و کۆڵنەدان، بەڵام لەم کتێبەدا جێی نابێتەوە، چونکە پێویستە بەدوور و درێژی بچینە بنج و بنەوانی ئەم بابەتە و هەموو لایەنەکانی شەن و کەو بکەین، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ دەرفەتێکی دیکە بەجێ دێڵین.

پشت بەخودا، لە دووتوێی کتێبێکی تایبەتدا، تیشکێك دەخەینە سەر ڕۆڵی مزوورییەکان لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستاندا، هەر لە ساڵی١٩٣٢ز، تا دوای ڕاپەڕین.

پێگەی مزوورییەکان لە ناو عەشیرەتەکانی کوردستاندا

عەشیرەتی مزووری یەکێکە لە عەشیرەتە ڕەسەن و کۆنەکانی کوردستان، هەروەك مێژوونووس: (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، لە کتێبەکەیدا، بە ناوی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)، لەبارەی مزوورییەکانەوە دەڵێت: "مزووریەکان لە دوای زێبارییەکان، بە ڕەسەنترین هۆزی کورد هەژمار دەکرێن و بە جوامێری و مێرخاسی و میواندۆستی ناسراون و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ئەو خەسڵەتانە لە ناویاندا ماون."

هەروەها بەڕێز مامۆستا (ئارام)، ناسراو بە (مەلا ئارام دیبەگەیی)، کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی سێلکێ مامۆستا بووە، لەبارەی مزوورییەکانەوە دەڵێت: "مزوورییەکان خەڵکانێکی زۆر مەرد و نانده و میواندۆست بوون، هەروەها قەومێکی ئەمین بوون، خەڵکی بیانی لە ناویاندا لەسەر و ماڵیان ئەمین بوو، لە چەندین سیفەتی چاك بەهرەمەند بوون، لە وانە ڕاستگۆیی و دەستپاکی و میواندۆستی."(٨٩)

پێگەی مزووریەکان لەناو هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، لەسەردەمی کۆندا، زۆر دیار و بەرچاو و کاریگەر بووە، بەتایبەتی لە سەردەمی میرنشینەکاندا، بەتایبەتیتریش لەسەردەمی میرنشینی بادیناندا، مزووریەکان ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لە پاراستنی پێگە و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینەدا، لە هەموو ڕووەیەکەوە.

هەروەها لە شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکانی کۆن و هاوچەرخیشدا، مزووریەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە و پشکی شێریان بەرکەوتووە.

پاش سەرهەڵدان و دامەزراندنی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەکانی حکوومەتیش، خەڵکی ئەو دەڤەرە، بەشدارییەکی کارا و کاریگەریان هەبووە لە بیناکردنی ژێرخانی سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی کوردستاندا و لەو بوارانەدا شوێنپەنجەیان دیارە.

---

(٨٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئارام، ناسراو بە مەلا ئارام دیبەگەیی لە هەولێر، لە ڕێکەوتی٦/١٧ / ٢٠١٩

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا

هەموو هۆزەکانی کوردستان بەبێ هەڵاوێردن، دوو جۆرە پەیوەندییان هەبووە، جۆری یەکەم، لەسەر ئاستی ناوخۆیی، جۆری دووەم لەسەر ئاستی دەرەکی.

خەڵکی دەڤەری مزووری باڵاش، وەك باقی ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەم جۆرە پەیوەندییانە بەهرەمەند بووە و ئەو جۆرە پەیوەندییانەی بەرقەرار کردووە، چونکە هەبوونی ئەو پەیوەندییانە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، چ لەسەر ئاستی دەرەکی، بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبووە و خاڵێکی بەهێز بووە لە مێژووی ئەو دەڤەرەدا.

لەم سۆنگەیەوە تیشکێك دەخەینە سەر ئەو پەیوەندییانە، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا ئاشنا بێت بەو کەلتوور و ئەتەکێتە، کە لەو ڕۆژگارە پەیڕەو کراوە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەڤەری مزووری باڵا لەسەر ئاستی (ناوخۆیی)

دەکرێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆیەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا بکەین بە دوو بازنەوە:

- **بازنەی یەکەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی هەر گوندێك لە چوارچێوەی سنووری گوندەکەیاندا :**

هەر وەك لە زاری باب و باپیرانمانەوە بیستوومانە، هەروەها بەپێی ئەو دیڤچوون و دیدارانەی کە بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ ڕیشسپی و پیاوماقولانی ئەو دەڤەرە کردوومە، گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەر گوندێك، لە ڕۆژگاری کۆندا، زۆر بەهێز و پتەو بووە، چونکە وێڕای هەبوونی پەیوەندیی خزمایەتی و خوێنی، ژیانی ئەو سەردەمەش هێندە سەخت و دژوار بووە، پێویستی بەوە بووە، کە هاریکاری و لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوان لادێنشینەکاندا هەبێت، چونکە هیچ کەسێك بە تەنیا و بەبێ هاریکاری و یارمەتی کەسانی دیکە نەیتوانیوە کاروبارەکانی خۆی لەناو گوند و دەرەوەی گوند ڕایی بکات، بۆیە زۆربەی کارەکانیان وەك: شوانی و گاوانی و کشتوکاڵ و جووتیاری و ڕەزداری و کۆکردنەوە و هێنانی ئاڵیکی ئاژەڵان و دروستکردنی خانوو و گڵەبان و دروستکردنی قسڵ و دروێنەی گەنم و جۆ

و هتد. یان بە نۆرە بووە، یاخود بە هەرەوەزی و دەستەجەمعی (زبارە) بووە و بەو جۆرە پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆیان دابین کردووە.

کە شەویش دادەهات، هەر چەند کەسێك پێکەوە لە ماڵی یەکێك لە دانیشتوانی گوندەکە بەدیار ئاگردانەوە دادەنیشتن و بە گێڕانەوەی قسەی خۆش و بەسەرهاتی کۆن و خواردنی شەوچەرەی وەك: گوێز و باوی و مێوژ و میوە و کەلشتی و هتد. شەوی خۆیان بەڕێ دەکرد و خەم و ماندووبوونەکانی خۆیانیان دەڕەواندەوە.

شایانی ئاماژەپێدانە، ئەگەر بەهۆی زەویوزارەوە کێشە و ناکۆکییەکیش لە نێوان لادێنشیناندا دروست ببوایە، ئەوا لە ڕێی پیاوماقول و کەسانی دونیا دیدە و مامۆستایانی ئایینییەوە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرا و هەردوولایان ئاشت دەکردەوە و دەستیان لە ملی یەکتری دەکردەوە.

ڕێوڕەسمی ژن و ژنخوازی، لەناو سنووری هەر گوندێکی دەڤەری مزووری باڵادا، زیاتر لەسەر بناغەی پەیوەندیی خزمایەتی ئەنجام دەدرا، واتە زیاتر لە نێوان ئەو کەسانەدا ئەنجام دەدرا، کە پەیوەندیی خزمایەتییان هەبوو، وەك بنەماڵەکانی مام و ئامۆزا و خاڵ و پوور و پلك و هتد. بەڵام وانەبێت ژن و ژنخوازی هەر لەو سنوورەدا قەتیس مابێت، بەڵکوو هەبوونی پرۆسەی ژن و ژنخوازی لەناو خێزانەکانی هەر گوندێك شتێکی ئاسایی بووە، ئەو ژن و ژنخوازییە پەلی هاویشتووە بۆ دەرەوەی گوندەکانیش و تەنانەت دەرەوەی عەشیرەتیش، کە دوایی باسی لێوە دەکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنهێنان کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە هەم ڕێژەی ژن کەم بووە، هەمیش ئەوەی لەو ڕۆژگارە سەختەدا ژنی دەهێنا، بارێکی قورسی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی دەکەوتە سەرشانی، ئەوەش کارێکی وا ئاسان نەبووە، نەخاسمە بۆ کەسانێك کە مڵك و ماڵیان نەبووە، یاخود دەستکورت و هەژاربوون و هیچ داهات و سامانێکی ئەوتۆیان نەبووە کە پێی بژێن.

بارەبوو، یان پیتاك کۆکردنەوە بۆ خێزانێك کە لێی دەقەوما، یاخود ڕووبەڕووی کارەساتێك دەبووە، شتێکی باو بووە لەناو هەموو گوندەکانی ئەو دەڤەرەدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ماڵێك، هەر یەکە بەپێی توانای خۆی، بەشدار دەبوون لە سووککردنی خەمی ئەو خێزانە لێقەوماوانەدا.

بۆ نموونە: ئەگەر کەسانێك لێیان بقەومایە، یاخود بەهۆی هەژاری و نەداری نەیانتوانیبوایە خۆیان بەخێو بکەن و هەوڵی ئەوەیان بدابایە لە دەڤەری مزووری باڵا بەرەو

شوێنێکی دیکە کۆچ بکەن، دانیشتوانی ئەو گوندە هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخستەگەڕ بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو کەسانە بار بکەن و زێدی خۆیان جێ بێڵن، بۆ ئەم مەبەستەش، هەموان پێکەوە دەستباریان دەبوون و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردن و باری شانیان سووك دەکردن، تاکوو بمێننەوە و درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن.

زۆرجاریش خەڵکی گوندەکە داوایان لەو جۆرە کەسانە دەکرد کە لێیان دەقەوما، تاکوو لە وەرزی بەهاردا، کاری شوانەتی گوندەکەیان لە ئەستۆ بگرن، تاکوو لەو ڕێگەیەوە یارمەتیی بدرێن و بتوانن زیانەکانی ڕابردووی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە.

لەبارەی شایی و پرسەکانیشەوە، هەموو خەڵکی دێ لە خۆشی و ناخۆشی و شینی و شادییەکانی یەکتریدا بەشدار دەبوون و ئەو ڕێوڕەسمانە بەشێوەیەکی هەرەوەزی و دەستەجەمعی ئەنجام دەدران.

بۆ نموونە: لە پرسە و بەهییەکاندا، کاتێ کەسێك دەمرد، هەموو خەڵکی ئاوایی بەبێ سێ و دوو، وازیان لە ئیشوکارەکانی خۆیان دەهێنا و ڕوویان لەسەر قەبران دەکرد و مردووەکانیان دەناشت.

ژنەکانیش لە ماڵەوە، بەپێی توانای دارایی خۆیان چ زاد و خۆراکێکیان هەبوایە، لە نیسك یان ماش یان پڵاو، یان ساوار یان کوتڵدۆك، یان شۆڕبا و هتد. لێیان دەنا و دەیانهێنا بۆ ماڵی مردوو. بەو جۆرە، تا سێ ڕۆژی پرسەکە تەواو دەبوو، خواردنی بەهیدارەکان لەلایەن دانیشتوانی گوندەکەوە دابین دەکرا و باری شانی خاوەن پرسەکەیان سووك دەکرد و نەیان دەهێشت خەرجی بەهییەکەی بگرێتە ئەستۆ.

- **بازنەی دووەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا لەگەڵ یەکتری لە چوارچێوەی ئەو دەڤەرەدا:**

هەر لە کۆنەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی گوندەکانی مزووری باڵا لەگەڵ یەکتری بەهێز و پتەو بووە، چونکە عەشیرەت، وەك هێما و سمبولێك بووە، هەموانی لە ژێر چەتری خۆیدا کۆکردۆتەوە و خەڵکی ئەو گوندانە لە هەموو هەلومەرجێکدا، هاوکار و پشت و پەنای یەکتری بوون، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لە لایەن نەیارێکی دەرەکییەوە، گەف بۆ سەر عەشیرەتەکە دروست دەبوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، زۆرێك لە خەڵکانی ئەو دەڤەرە، پەیوەندیی خزمایەتی و ژن و ژنخوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە و خاڵ و خوارزای یەکتری بوون.

هەروەها سروشتیی جوگرافی ناوچەی مزووری باڵا وا بوو، هەموو گوندەکان لە ڕووی جوگرافییەوە وەك ئەڵقەی یەك زنجیرە پێکەوە بەسترابوونەوە و هەر گوندێك لەگەڵ چەند گوندێکی دیکە هاوسنوور بووە، ئەمەش وای کردووە کە مڵك و ماڵ و زەویوزار و ناوەکانیان لێك نزیك و هاوسنوور بێت و هۆکارێك بێت بۆ دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە.

هەڵبەت خەڵکی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا بەپێی توانا، لە خەم و خۆشی و شینی و شادی و ڕێوڕەسمەکانی یەکتریدا بەشدار دەبوون، بەتایبەتی لە شایی و زەماوەند و پرسە و بەهییەکاندا.

شایانی ئاماژەپێدانە، کاتێ کێشە و گرفتێك بەهۆی زەویوزار، یان ئاو یان مەڕ و ماڵاتەوە لە نێوان خەڵکی گوندەکانی ئەو دەڤەرەدا بقەومایە، بە هەوڵ و هیممەتی پیاوماقولان و زانایانی ئایینی و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە خەڵکەکەیان ئاشت دەکردەوە و دەستیان لە ملی یەکتری دەکردەوە و وەك برا درێژەیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەدایەوە.

بەپێی بەڵگە مێژووەکان، دانیشتووانی دەڤەری مزووری باڵا، خەڵکانێکی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست بوون و حەزیان لە شەڕ و کێشە نەبووە و هەوڵیانداوە بەبێ ئاریشە و دەردەسەری، لەگەڵ چواردەوریان بژیێن.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی عەشیرەتی مزووری لەسەر ئاستی (دەرەکی)

دەکرێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا لەسەر ئاستی (دەرەکی)، بکەین بە دوو بازنەوە:

- **بازنەی یەکەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکانی دەڤەری مزووری باڵا لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەی کە لە ژێر چەتری بنەماڵەی بارزاندا کۆبوونەتەوە.**

هەڵبەت بەپێی بەڵگە مێژووەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان عەشیرەتەکانی دەڤەری بارزان، کە بریتین لە: "مزووری، شێروانی، دۆلەمەری، بەرۆژی، نزاری، گەردی و هەرکی بنەجی." دیرۆکێکی کۆنی هەیە، چونکە ئەو عەشیرەتانە سنوورێکی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەو ڕۆژگارە سەختە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا بەرقەرار بێت و ببێتە پێویستییەکی حەتمی.

بەڵام بە هاتنی شێخەکانی بارزان بۆ دەڤەری بارزان، ئەو پەیوەندییە زیاتر پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە لووتکە و زیاتر ڕەگ و ڕیشەی خۆی داکوتاوە، چونکە هەمووان وەك برا لە دەوری شێخەکانی بارزان کۆبوونەتەوە و دڵسۆزی و وەفاداری خۆیانیان بۆ ئەو بنەماڵەیە دەربڕیوە و پێکەوە لە یەك سەنگەردا و لە مەیدانی گیانبازی و فیداکاریدا خوێنی خۆیان بۆ پاراستنی خاکی کورد و کوردستان ڕشتووە.

هۆکارێکی دیکەی هەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا و ئەو (٦) عەشیرەتە، بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە دەگەڕایەوە، چونکە ئەو عەشیرەتانە یەك سنووری جوگرافییان هەبووە و هەموان لە چوارچێوەی ئەو سنوورە بەرفراوانەدا یەکیان گرتووە، بۆیە هەبوونی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شتێکی سروشتی و حەتمی و پێویست بووە و دەبوایە هەبێت و بەهێز بێت.

هەڵبەت هەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەر تەنیا لە سنووری یەکتر ناسین و هاوسۆزی و هاوپەیمانیدا نەبووە، بەڵکوو بۆ پەیوەندیی خزمایەتی پەلی هاویشتووە، چونکە زۆرێك لەو عەشیرەتانە لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە بۆنەتە خزم و کەسوکار و خاڵ و خوارزای یەکتری و ئەم جۆرە خزمایەتییە تا ئێستاش بەردەوامە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و تۆکمەتر و پتەوتر دەبێت.

دیوێکی دیکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم عەشیرەتانە بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری دەگەڕایەوە لە بواری کۆمەڵایەتی و کار و کەسابەتدا، واتە لە کاتی پێویستدا بە هەرەوەزی، هاوکاری و پشتیوانی یەکتریان کردووە و باری سەرشانی یەکتریان سووك کردووە.

بۆ نموونە، کاتی خۆی، کە حکوومەتی ئێراق لە پاییزی ساڵی ١٩٦٣ پەلاماری دەڤەری بارزان و سنووری عەشیرەتی شێروانی و دۆلەمەرییەکانی دا و زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرەیان سووتاند، بەشێك لە شێروانی و دۆلەمەرییەکان بەناچاری زێدی خۆیانیان جێ هێشت و ڕوویان لە ناوچەی مزووری باڵا کرد و هەر چەند ماڵێك چووونە گوندێکەوە، خەڵکی ئەو گوندانەش، وەك کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤدۆستانە و، بۆ دەربڕینی هاوسۆزیی خۆیان بۆ خوشك و براکانیان، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەرەو پیریان چوون و لە ماڵەکانی خۆیان حەواندنەوە(ڤەحەواندن).

بەڕێز (حاجی میرخان دۆلەمەری)، بەرپرسی دەزگای ئەیلوول لە سۆران، کە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەهۆی ئەو بوویەرەوە، لەگەڵ خێزانەکەیان ئاوارەی دەڤەری مزووری باڵا بوو، لەوبارەیەوە دەڵێت: "ساڵی ١٩٦٣، ڕژێمی ئێراق هێرشێکی دڕاندانەی کردە سەر دەڤەری دۆلەمەرییەکان و شێروانییەکان و زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرانەیان سووتاند. بۆیە خەڵکەکە ناچار بوو، بە ماڵ و منداڵەوە ڕوو لە دەڤەری مزووری باڵا بکات، چونکە تەنها ئەو دەڤەرە مابوو نەسووتابوو.

خەڵکی ئەو دەڤەرەش لە ڕادەبەدەر لەگەڵ ئاوارەکان هاوکار و هاوسۆز بوون و دەرگای ماڵەکانیان بەڕووی ئەواندا کردەوە و هیچ گوندێکی دەڤەری مزووری باڵا نەمابوو، ئاوارەی تێدا نەبێت، هیچ ماڵێکی دەڤەری مزووری باڵاش نەبوو ماڵێك یان چەند ماڵێکی داڵدە نەدابێت و نەحەواندبێتەوە، بۆیە هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی ئەو دەڤەرە بەرز دەنرخێنین و قەت ئەو هاریکاری و پشتگیرییە لەبیر ناکەین، کە بە گیانێکی مرۆڤدۆستانە و کوردپەروەرانە، تا ئەوپەڕی توانا، لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتیدەر و هاوکارمان بوون و لە کاتی تەنگانەدا دەرگای ماڵەکانی خۆیان بەڕووی ئێمەدا کردەوە و بوون بە برا و کەسمان."(٩٠)

- **بازنەی دووەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکانی دەڤەری مزووری باڵا لەگەڵ عەشیرەتەکانی دیکەی دەرەوەی دەڤەری بارزان**

خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، هەر لە دێر زەمانەوە پەیوەندییەکی باش و مرۆڤدۆستانەیان لەسەر بناغەی خۆشەویستی و هاوکاری و ڕێزگرتنی مافی یەکتری، لەگەڵ سەرجەم عەشیرەتە کوردییەکانی دیکەدا دروستکردووە و دامەزراندووە، بەتایبەتی عەشیرەتەکانی دراوسێ و دەوروبەر و نزیك لە خۆیان، بۆیە هەمیشە خۆیان لە سنوور بەزاندن و پێشێلکردنی مافی عەشیرەتەکانی دیکە پاراستووە، هەروەها ئەو مافەیان بەخۆ نەداوە دەستدرێژی بکەنە سەر ماڵ و مڵکی عەشیرەتەکانی دیکە، مەگەر لەلایەن عەشیرەتەکانی دیکەوە پەلامار درابن و هێرشیان کرابێتە سەر، ئەمان بەرگرییان لە خۆیان کردبێت و نامووس و ماڵ و مڵکی خۆیانیان لە دەست دەستدرێژیکاران پاراستبێت.

(٩٠)پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز حاجی میرخان دۆلەمەری، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی٢٠١٩/٦/١٣

بۆیە ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین پەیوەندیی خەڵکی ئەو دەڤەرە لەگەڵ عەشیرەتەکانی دیکە، بەتایبەتی برادۆستییەکان و ڕێکانییەکان و ئێروەیەکان و دۆسکییەکان و زێبارییەکان، کە تا ئەندازەیەك لە سنووری یەکترییەوە نزیك بوون، پەیوەندییەکی باش و ئاسایی بووە و تەنانەت لەگەڵ هەندێ لەو عەشیرەتانە پەیوەندی خزمایەتیشیان هەبووە و هەیە و لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە پەرەیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان داوە و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ئەو پەیوەندییە هەر لە گەشەسەندن و برەودایە و ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتریش دەبێت.

هەروەها سنووری جوگرافی ناوچەکە و ژیانی سەختی ئەوسا، وایکردبوو کە پەیوەندییەکی پتەوی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان هەموو هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکە هەبێت و کاری یەکتری سووك و تەواو بکەن، بەتایبەتی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و لە پێناو بەرگریکردن لە خۆیان، لە کاتی بەرەوڕووی پەلامارەکانی دوژمنان دەبوونەوە.

هۆکارێکی دیکەی هەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، لە نێوان خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا و عەشیرەتەکانی دیکەدا، بۆ هاوسۆزی کوردایەتی و موسڵمانەتی دەگەڕایەوە، کە لە نێوانیاندا هەبووە و ڕەنگی داوەتەوە ڕەگی داکوتاوە و وای کردووە لەگەڵ یەکتری هاوسۆز و هاوکار و تەبا بن.[٩١]

(٩١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان ساڵح مستەفا سپینداری و عیسا محۆ عیسا بژیانی لە بەحرکە، لە ڕۆژی٢٠/٤ / ٢٠١٨.

ئایین و ئاییندارى لە دەڤەرى مزوورى باڵا

هەڵبەت بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستا، بە دەیان ئایینی ئاسمانی و مرۆڤکرد ـتوون بۆ کوردستان و لەناوچوون، بۆیە لە ڕووی دیرۆکییەوە هیچ بەڵگەیەکی زانستی ـەلمێندراومان لەبەردەستدا نییە، کە بزانین ئاخۆ لە کۆندا خەڵکی دەڤەری مزووری ـلا سەربە چ ئایینێك بوون، بەڵام بەپێی قسەی ڕیشسپی و پیاوماقولانی دەڤەرەکە، کە ـ باب و باپیرانیانەوە دەگێڕنەوە، گوایە لە دێرزەمانەوە هەرسێ ئایینی ئاسمانی جوولەکە- مەسیحی- ئیسلام)، لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە دەڤەری مزووری باڵا بوونیان هەبووە و شوێنەواریان ماوە، کە لە خوارەوە تیشکێك دەخەینە سەر ئەو سێ ئایینە ـسمانییە:

١. **هاتنی ئایینی جوولەکە بۆ کوردستان و دەڤەری مزووری باڵا:** بەپێی بەڵگە مێژووەکان، ئایینی جوولەکە لە کوردستان مێژووەکی کۆنی هەیە، تەنانەت هەندێ سەرچاوە، دەستپێکی هاتنی ئایینی جوولەکە بۆ کوردستان بۆ (٢٨٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێننەوە.[٩٢]

هەندێ مێژوونووسی دیکە، یەکەمین پەیوەندیی کوردستان بە ئایینی جوولەکەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئیمبراتۆریەتی ئاشووری (٩١١-٦٣٦پ.ز)، کە لەم ماوەیەدا، (١٥) پاشا حوکمی ئاشووریان کردووە.

لە سەردەمی (شلمنسر)، دەستی گرتووە بەسەر شانشینی ئیسرائیلدا و زۆرێك لە دانیشتوانی جوولەکەکانی بە دیل گرتووە و هێناویانن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی ئێراق و تورکیا و ئێران، کە دوایی لەناو کوردەکاندا ژیانیان بەسەر بردووە.[٩٣]

---

(٩٢) ماڵپەڕی ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، تراژیدیای کورد، ڕاپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

(٩٣)عەشیرەتی مزۆری باڵا، لە ئامادەکردنی بەڕێزان: عومەر سەلیم بابەکر و محەمەد جەمیل ئیبراهیم و زیرەك محەمەد تاهیر ڕەشید. ساڵی ٢٠٠٩ دەستنووس. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، بەرگی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٢، ل١٣٣. (نووسەر)

هەڵبەت جوولەکەکان تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش لە کوردستان ژیاون، بەڵام پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨، نزیکەی سەرجەم جووڵەکانی کوردستانی ئێراق و ئێران و تورکیا)، لە ساڵەکانی (١٩٥٠-١٩٥١) لە ئۆپەراسیۆنێکدا، بە ناوی «قاڵیچەی سیحراوی» بۆ ئەو وڵاتە کۆچیان کرد و لە گەڵێ لە شار و گوندەکانی ئیسرائیل، بەتایبەتی دەوروبەری «ئورشەیلم» نیشتەجێبوون و سەرقاڵبوون بە کشتوکاڵەوە."(٩٤)

ڕۆژنامەی تایمز ئۆف ئیسرائیل لە ڕاپۆرتێکی دا، کە لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٣ بڵاوی کردۆتەوە، تێیدا هاتووە: "ئەمڕۆ نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ جووی کورد لە ئیسرائیلدا هەن و نیوەیان لە ئورشەلیم دەژین. زیاتر لە ٣٠ گوندی کوشتوکاڵی لە هەموو وڵاتدا هەن، کە لەلایەن کوردەوە دامەزرێنراون."(٩٥)

بەپێی بەڵگەیەك، کە لە ماڵپەڕی (یهود العراق- Jews of Iraq)ەوە، دەستمان کەوتووە، بەگوێرەی ئاماری ساڵی (١٩٤٧)ی دەوڵەتی ئێراق، ساڵی (١٩٤٧)، ژمارەی جوولەکەکانی دەڤەری مزووری باڵا (٣٨)کەس بووە."(٩٦)
بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە:

---

(٩٤) ماڵپەڕی ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، تراژیدیای کورد، ڕاپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

(٩٥) ویکیپیدیا، مێژووی جووەکان لە کوردستان، بگەڕێوە بۆ ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیا.

(٩٦) بگەڕێوە بۆ ماڵپەڕی (یهود العراق- Jews of Iraq)، هەروەها سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە. (نووسەر)

جدول رقم (١٣)

توزيع اليهود في اربيل بحسب العدد والمنطقة السكنية(١٥)

اسم القضاء	اسم الناحية	عدد اليهود في الناحية
قضاء اربيل	مركز اربيل	١٣٢٠
	ناحية قوش تبه	١٣٣
	ناحية شقلاوة	٤٨
قضاء مخمور	مركز مخمور	٥٩
	ناحية الكوير	١٥٠
	ناحية كندنياه	١٤٩
قضاء رانية	مركز رانية	١٧٧
	ناحية جناران	٦
قضاء كويسنجق	مركز كويسنجق	٤٤٠
قضاء الزيبار	ناحية مزوري بالا	٣٨
قضاء راوندوز	مركز راوندوز	٢٩٥
	ناحية ديرة حرير	١٥١
	ناحية [illegible]	[illegible]

جدول رقم ١٤

توزيع اليهود في العراق طبقاً لاحصاء ١٩٤٧(١٦)

اللواء	الذكور	الاناث	المجموع
بغداد	٣٩٧٨٣	٣٧٧٥٩	٧٧٥٤٢
الموصل	٥٠٤١ .	٥٣٠٤	١٠٣٤٥
الديوانية	٤٠٢	٤٢٣	٨٢٥
المنتفك	٣٤١	٣١١	٦٥٢
البصرة	٥٣١١	٥٢٢٦	١٠٥٣٧
العمارة	١١٠١	١٠٣٠	٢١٣١
كركوك	٢٠٤٨	١٩٩٤	٤٠٤٢
كربلاء	٢٤	١٥	٣٩
ديالى	١٤١٦	١٤٣٥	٢٨٥١
الحلة	٩٥٦	٩٠٩	١٨٦٥
اربيل	١٤٩٣	١٦١٦	٣١٠٩
السليمانية	١١٠٥	١١٦٦	٢٢٧١
الكوت	١٩٤	١٥٥	٣٤٩
الدليم	٧٤٩	٦٩٣	١٤٤٢
المجموع العام لليهود	٥٩٩٦٤	٥٨٠٣٦	١١٨٠٠٠

بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان، جوولەکەکان هەر لە کۆنەوە لە دەڤەری مزووری باڵا ژیاون، باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە گوندی (سەندی)یە، کە بە گوندی جوولەکەکان ناسراوە و دەکەوێتە دەڤەری مزووری باڵا لە ناوچەی وەلاتی ژێری.

تەنانەت تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیش لە ساڵی ١٩٤٨ز، جوولەکەکان لە دەڤەری مزووری باڵا بوونیان هەبووە و پەیوەندیی کوردەکان و جوولەکەش زۆر ئاسایی و باش بووە.

هەروەها جوولەکەکانی ئەو دەڤەرە، هێندە لەگەڵ کوردەکانی ئەو دەڤەرە تێکەڵ بوون، زۆر بە ئاسانی بە کوردی و شێوەزاری کرمانجی قسەیان دەکرد، هەروەها بەشی هەرە زۆری جلوبەرگەکانی پیاوان، نەخاسمە، جلوبەرگی (پەشم بەرگویز)، لەلایەن جوولەکەکانەوە دروست دەکران، چونکە زۆربەی جوولەکەکانی ئەو دەڤەرە، کەسانی دەستڕەنگین و پیشەکار بوون و لەو ڕێگەیەوە ژیان و گوزەرانی خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان دابین دەکرد.

بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەشی هەرە زۆری جووڵەکەکان، کوردستانیان جێهێشت و بە ئارەزووی خۆیان بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد.

هەڵبەت ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لە نێوان جوولەکەکانی ئیسرائیل و خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، تا ئێستاش بەتەواوی نەپچڕاوە، چونکە دوای ڕاپەڕین و ئازادبوونی کوردستان لە ژێر چنگی داگیرکەران، هەندێ لەو جووڵەکانە، کە لە ژیاندا مابوون و کاتی خۆی لە دەڤەری مزووری باڵا ژیابوون، کە یەکێکیان ناوی هارونە(٩٧)بەهۆی پەرۆشی و هۆگری و دڵبەستەیی ئەوان بۆ ئەو ناوچەیە، وای کرد کە بە سەردان بگەڕێنەوە کوردستان و سەردانی دەڤەری مزووری باڵا بکەنەوە و بە بینینی دیمەنە جوانەکانی ئەو دەڤەرە، گوزارشت لە خۆشی و شادی خۆیان بکەن، تەنانەت ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەو جوولەکانە دانیشتبوون، دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، باس لەوە دەکەن کە دوای زیاتر لە (٤٥)

---

(٩٧) هارون تا ساڵی ١٩٤٨ لە دەڤەری مزووری باڵا ژیاوە، نەخاسمە لە گوندی دێزۆ.

بەڵام دوای ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ جوولەکەکانی دیکەی ئێراق و کوردستان بەرەو ئیسرائیل کۆچی کردووە. ناوبراو تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە و نەمردووە.

بۆ هەندێ زانیاری پێویست سەبارەت بە دەڤەری مزووری باڵا، لە ڕێکەوتی (٢٠١٩ /٨/٣١) و (٢٠١٩ /٩/١)، دوو جار بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ (هارون)دا کرد، ناوبراو وەك پیرەمێردێکی دەڤەری مزووری باڵا بە کوردییەکی پەتی و کرمانجییەکی ڕەوان قسەی دەکرد و لە میانەی قسەکانیدا، ناوی (جبرائیل دێزۆیی) و (یاسینە شل پێندرۆیی)ی هێنا و وتی ئێستا زۆر نەخۆشم و لەناو جێ کەوتووم و جارێ ناتوانم وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە، بەڵام حەز دەکەم لە ئایندە دووبارە سەردانی کوردستان بکەمەوە. من چەند جارێکی دیکە هەوڵم دا پەیوەندیی پێوە بکەمەوە، بەڵام بەردەست نەبوو. (نووسەر)

ساڵ، له ڕۆیشتنی ئەو جووڵەکانە لە دەڤەری مزووری باڵا بۆ ئیسرائیل، بەڵام تا ئێستاش زۆربەی ناوەکانی ئەو شوێن و گوندانەیان لە یاد ماوە کە کاتی خۆی لێی ژیابوون!

هەروەها ئیریك براور، لە کتێبەکەیدا، بە ناوی (یهود کردستان)، باس لە دەڤەری بارزان دەکات و دەڵێت: "پەیڕەوانی هەرسێ ئایینی جوولەکە و مەسیحی و موسڵمان لە دەڤەری ناوبراو ژیاون، تەنانەت یەکێك لە حاخامەکانی جوولەکە بە ناوی (شەمعۆنی کوڕی یونا بارزانی)، کتێبێکی بە ناوی (شحیطات بارزانی)، لە ساڵی (٥٤٢٠)ی جوولەکە، بەرامبەر بە (١٦٦٠ز) نووسیبوو، بەڵام کاتێ جوولەکەیەکی ئەڵمانی، بە ناوی (وولتر فیشل)، سەردانی کوردستانی کرد، ئەو دەستنووسەی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەڵمانیا."(٩٨)

٢. هاتنی ئایینی مەسیحی بۆ کوردستان و دەڤەری مزووری باڵا:

هەڵبەت بەپێی بەڵگە مێژووەکان، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە سەرتاپای جیهاندا، ئەو ئایینە گەیشتووەتە ئێراق و کوردستانیش.

بەشێك لەو مەسیحییانەش لە دەڤەری مزووری باڵا نیشتەجێ بوون، بۆیە پێناچێت کوردەکانی دەڤەری مزووری باڵا مەسیحی بوو بن، بەڵام مەسیحییەکان لەو دەڤەرە ژیاون.

هەڵبەت هەندێ لە مێژوونووسانی دیکە پێیان وایە، هاتنی ئایینی مەسیحی بۆ کوردستان، بۆ دەستپێکی پەیدابوونی ئەو ئایینە دەگەڕێتەوە، نەخاسمە لە دەڤەری جەزیرە، بەڵام هاتنی ئەو ئایینە بۆ هەولێر و دەوروبەری، بۆ ساڵی (١٠٤ز) دەگەڕێتەوە، چونکە ژمارەیەك لە کوردەکانی دەوربەری هەولێر لە سەردەمی (سقەف ئیسحاق) بوونەتە مەسیحی. (٩٩)

---

(٩٨) عەشیرەتێن بەهدینان، سەرچاوەی پێشوو. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی (یهود کردستان)، لە نووسینی ئیرك براور، وەرگێڕانی شاخەوان کەرکووکی- عەبدولڕەزاق بۆتانی، لە چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٢ ل٢٧٨.

هەروەها کتێبی (بارزان فی مصادر الیهودیة)، لە نووسینی فرست مرعی. دراسة تحلیلة نقدیة، مجلة دهوك، ع ٣٠، نیسان ٢٠٠٦، ص٦٤،

هەروەها کتێبی (شیوخ بارزان فی کتابات الیهود و الکاثولیك و المستشرقین)، لە نووسینی فرست مرعی، دراسة تحلیلة نقدیة، مجلة رووگەهـ، (جامعة زاخو) ع ٣٠، ربیع ٢٠١٢، ص٢١٥-٢١٧ .

(٩٩) دەستنووسی مزووری باڵا، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی کوردستان و پرۆسەی بەئیسلامکردنی کورد، بەرگی یەکەم، نووسینی مستەفا. شوان عوسمان ل ١١٧.

کەچی (جۆردی تێرجێل)ی، کە پرۆفیسۆری مێژووی نێودەوڵەتییە لە بەشی خوێندنی گەشەپێدان و نێودەوڵەتی لە جنێڤ، هەروەها نووسەری چەندین کتێب و وتارە لەسەر کورد، مێژووی پێکەوەژیانی کورد و مەسیحی بۆ چەندین سەدە دەگەڕێنێتەوە([١٠٠]).

یەکێك لەو بەڵگانە، کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، شوێنەواری هەندێ خانووە لە گوندی پێندرۆ؛ کە بە خانووی کافران (گاوران) ناسراون و تا ئێستاش شوێنەواریان ماوە، هەروەها گوندی (کانی هنارکێ) و گوندی (ئەردێل)، لە دەڤەری مزووری باڵا، زیاتر بە گوندی مەسیحییەکان ناسرا بوون، کە زۆر لەمێژە چۆڵکراون.

لەمبارەیەوە، بەڕێز عیسا محۆ بژیانی دەڵێت: "جانگیر مێرۆزی چەندین جار بەم شێوەیە بەسەرهاتی باوکی خۆی و مەسیحییەکانی گوندی ئەردێلی بۆ خەڵکی گێڕاویەتەوە و گوتوویەتی: (باوکم کاتی خۆی ڕێی کەوتۆتە گوندی ئەردێل و لەوێ بووە بە میوانی مەسیحییەکان."

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕاستییە کە مەسیحییەکان تا کۆتاییەکانی چەرخی هەژدەم لەو دەڤەرە ژیاون، چونکە جادر، کە دەکاتە باوکی جانگیر لە دەستپێکی چەرخی نۆزدەم ژیاوە.

هەروەها لە گوندی مێرۆزیش، شوێنەواری دێرێك ماوە، کە مێژووەکەی زۆر کۆنە.([١٠١])

هەمدیسان شوێنەواری دوو دێر لە گوندی پێندرۆ، تا ئێستاش ماون، یەکێکیان دەکەوێتە (شکێرێ بەر لاتکێ) و ئەوی تریان دەکەوێتە (دەراڤێ)، لە نزیك ئاشی چیچۆ ئەمین پێندرۆیی.([١٠٢])

وێڕای ئەمەش، گوندێکی دیکە لە دەڤەری شێروان مەزن هەیە، بەناوی (بێدیاڵ)، کە سەرجەم دانیشتوانی ئەو گوندە، سەر بە ئایینی کریستیانەکانن و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، هاوشانی موسڵمانەکان لە ناوچەکەدا دەژین و کەلتووریان یەکە، تەنها لە شێوازی پەرستن جیاوازن، ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ پێکەوەژیانی هاونیشتمانیان لە ناوچەکەدا.

---

(١٠٠)ماڵپەڕی ڕووداو. ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/١١.

(١٠١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیسا محۆ بژیانی لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی١/٥/ ٢٠١٩

(١٠٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی) لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی ٥/٤/ ٢٠١٩

دێرێکی تر لە نزیك ئەو کەنیسەوە هەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام و دەکەوێتە دەڤەری شێروان مەزن، کەنیسەی مارگورگیسی مەسیحییەکان لە گوندی بێدیالە لە ناوچەی بارزان([103]).

هەروەها توێژەر و لێکۆڵەر (هێمن عومەر خۆشناو)، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە مەسیحییەکان و کوردەکان یەك جۆر جلیان پۆشیوە، واتە، یەك پۆشاکی لە نێوان هەردوولادا هەبووە، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: "دیانەکان هاوشێوەی موسڵمانەکان جلی کوردی دەپۆشن و هیچ کاتێك لە ڕووی جلوبەرگەوە خۆیان لە کورد دوور نەگرتووە و پیاوەکانیان وەك کوردەکان ڕانك و چۆغەڵ و پشتێن و کڵاو و جەمەدانی کوردییان پۆشیوە، ژنەکانیش هەتا ئێستایشی لەگەڵدا بێت ژنە بەتەمەنەکان وەك ژنانی کورد کراس و پۆشاکی کوردی دەپۆشن و بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ جیاوازیان لێ بەرهەم بهێنرێ. هەروەها دیانەکانی هەرمۆتەو کۆیەش بە هەمان شێوە جلی کوردی دەپۆشن و (جل و بەرگێکی تایبەتی خۆیان نییە، بەڵکوو پیاوەکان ڕانك و چۆغەڵیان لەبەرکردووەو ژنەکانیش جلی کوردییان پۆشیوە). هەروەها لە شوێنی تریش هەمان پۆشاك دەپۆشن، بۆ نموونە: جل و بەرگی پیاوانی گوندی بێدیاڵ {کە گوندێکی ئاسووری نشینە و کەوتۆتە ناوچەی شێروان مەزنی نزیك بارزان} هەمان ئەوانەن کە بارزانییەکان لەبەری دەکەن و بریتییە لە شەل (واتە شەرواڵ یان ڕانك) و شەپك (واتە کورتەك یان چۆغە) و هێڵەگ و پشتێن و کڵاو و جەمەدانی سۆر."([104])

بۆیە هەندێ لە مێژوونووسان، لە وانەش مێژوونووسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، لەبارەی ئاینی مزوورییەکانەوە دەڵێت: "هۆزی مزووری لە بنەچەکەی (میسوری)ن، کە لە ڕۆژگاری پادشا (سەنحاریب)ی ئاشووریدا لەو ناوچەیە دەژیان."([105])

بۆیە دەکرێ خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا پێش هاتنی ئیسلام، لەسەر دینی مەسیحی بوو بن، دەشکرێت، کوردەکان لەسەردەمی مەسیحییەکان، لەسەر دینی زەردەشتییەت بوو بن و هەندێ مەسیحی لەو دەڤەرە نیشتەجێ بوو بن و پێکەوە ژیا بن.

---

(١٠٣) ماڵپەڕی (My bile)، ڕێدیار هۆستانی، ڕێکەوتی ١٣/١٢/ ٢٠١٥

(١٠٤) ماڵپەڕی دەنگەکان، پێکەوەژیانی ئاینی لە کوردستان، هێمن عومەر خۆشناو، ١٧ دیسیمبەری ساڵی ٢٠١٥ .

(١٠٥) کورد و کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

به پێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ی دەوڵەتی ئێراق، ژمارەی مەسیحییەکانی ناحیەی مزووری باڵا و دەوروبەری (٥٣)کەس بووە لە هەردوو ڕەگەزەکە، واتە نێر و مێ، بەڵام لە هەمان ئاماردا هاتووە کە هیچ جوولەکەیەك و زەردەشتییەك و صابیئەیەك و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە لەو دەڤەرە نەبوون، بۆ زانیاری زیاتر، سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە:

ناوی ناحیە	ڕەگەز	ژمارەی دانیشتووان	موسڵمانەکان	مەسیحییەکان
مزووری باڵا	نێر	١٦٣	١٦١	٢
	مێ	١٤٨	١٤٨	
دەوروبەری ناحیەی مزووری باڵا	نێر	٣٣٤٩	٣٣٢١	٢٨
	مێ	٣٣٤١	٣٣١٧	٢٣

- ٢٤٣ -

تابع الجدول التاسع

توزيع سكان كل محلة من محلات المدن والقصبات وكذلك سكان ضواحي

رقم	أسماء المدن ومحلاتها وأسماء النواحي (حضر وريف)	الجنس	عدد السكان	الديانة: مسلمون	مسيحيون	يهود	صابئة	يزيديون	ديانات اخرى
	مجموع مركز ناحية بارزان وضواحيها	ذكور	١١٨٣	١١٦٩	١٣	—	—	١	—
		اناث	١١٩٩	١١٨٨	١٠	—	—	—	١
	ناحية مزوري بالا	ذكور	١٦٣	١٦١	٢	—	—	—	—
		اناث	١٤٨	١٤٨	—	—	—	—	—
	ضواحي ناحية مزوري بالا	ذكور	٣٣٤٩	٣٣٢١	٢٨	—	—	—	—
		اناث	٣٣٤١	٣٣١٧	٢٣	—	—	—	—
	مجموع ناحية مزوري بالا وضواحيها	ذكور	٣٥١٢	٣٤٨٢	٣٠	—	—	—	—
		اناث	٣٤٨٩	٣٤٦٥	٢٣	—	—	—	—
سادساً	مجموع قضاء الزيبار	ذكور	٦٢٤٢	٦١٩١	٤٩	—	—	١	—
		اناث	٦٨٨٣	٦٨٤٢	٣٨	—	—	—	١
	المجموع الكلي للواء اربيل	ذكور	١٣٧٩٥٧	١٣٤١٩٠	٣٦٥٤	١	٢٥	١٧	—
		اناث	١٣٥٤٢٦	١٣١٧٩٤	٣٥٤٤	—	١٦	٣	٢
		المجموع	٢٧٣٣٨٣	٢٦٥٩٨٤	٧١٩٨	١	٤١	٢٠	٢

مێژوونووس (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، لە کتێبەکەیدا، بەناوی (کورد و کوردستان،)، لەبارەی مەسیحییەکانەوە دەڵێت: "ئایینی عیسەوی، ساڵی (٣٣)ز هاتە ئەرمەنستان، بەڵام ڕەغبەتی نەبوو، هەتا سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینی، کە بە یارمەتیی حکوومەتی ڕوما، گاوریەتی لە سوریاوە هێنرایە ئەرمینیا و کوردستان، قڕاڵی ئەرمینیا قبووڵی کرد، بەڵام

کوردەکانی کوردستان گوێیان نەدایە، لەسەر ئایینی زەردەشتی مانەوە، هەوڵ و هاندانی قەشەکان کاری لێ نەکردن."([١٠٦])

هەڵبەت هەندێ مێژوونووس وای بۆ دەچن کە، کوردەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لە باکووری کوردستانەوە هاتبن، بۆیە ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە کە پێش هاتنی ئیسلام، لەسەر دینی زەردەشتی بوو بن.

چونکە لەمبارەیەوە، (کارل بروکلمان) دەڵێت: "خەڵکی ئەسڵی جەزیرە، کە کوردن، سەرشۆڕ و چەوساوە بوون، کەنیسەی ئەرسوزۆکس، کە بەزۆر لەو ناوچەیەدا بڵاوەیان بە ئاینەکەیان کردبوو، دەیانویست یەك سروشت بۆ مەسیح دابنێن."([١٠٧])

هەروەها (محفوظ العباسی)، خاوەنی کتێبی (بهدینان العباسیة)، لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەموو کوردەکانی بادینان زەردەشتی بوون، جگە لە تائیفەیەکی کەم نەبێت لە مەسیحییەکان"([١٠٨]).

٣. هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان و دەڤەری مزووری باڵا

بەپێی بەڵگە مێژووەکان، ئاین ئیسلام لە ساڵی (١٦)ی کۆچی، بەرامبەر بە (٦٣٧ز)، گەیشتووەتە کوردستان.

زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە پاش دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان، بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان، بە دەڤەری مزووری باڵاشەوە، هاتوونەتە ناو ئایینی ئیسلامەوە و بوونەتە موسڵمان.

مەسعوود محەمەد، لەمبارەیەوە دەڵێت: "کورد خۆشحاڵ بووە بە هاتنی ئیسلام، تا فارس و ڕۆمیان لە کۆڵ بکاتەوە."

هەروەها (سێر مارك ساکس)دەڵێت: "کورد بە ئیسلامەوە چەسپان و پەیوەست بوون، کە هیچ میللەتێکی تر وا بە ئاسانی وسەربەست قبووڵیان نەکرد."

محەمەد مەردۆخی دەڵێت: "کورد بە ڕەزامەندیی خۆی ئایینی ئیسلامیان پەسەند کرد و موسڵمان بوون."

---

(١٠٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٠٧) تأريخ الشعوب الاسلامية كارل بروكلمان، الطبعة السابعة، بيروت سنة١٩٧٧، ص٩٨.

(١٠٨) امارة بهدينان العباسية، محفوظ محمد عمر العباسي، مطبعة الجمهورية، الموصل، سنة ١٩٦٩، ص٢٥.

ئەمین زەکی دەڵێت: "کوردەکان بینییان و تێفکرین کە ئەم ئایینە تازەیە بەتەواوی موافقی طبع و ویجدانیانە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی و بەرەبرە قبووڵیان کرد."

مامۆستا هەژار دەڵێت: "ئایینی پاك و بێگەردی ئیسلامەتی، کە لەسەرەتاوە پەیدا بووە، تیشکی برایەتی و یەکسانی وە چیاکانی کوردستانیش کەوتووە، تاریکایی و ئاگرپەرستی لەسەر ڕەواندوین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پێشوو تێیان گەیاندووین کە موسڵمانان هەموو پێکەوە بران و ڕەش و سپی و مۆر و زەرد و کەوەیك لە ئارادا نییە، ئەگەر جاران کەمێکی بێکەس بوون، وا ئێستا لە سایەی ئایینی تازەوە بوونەتە زۆر و، کەس زۆریان لێ ناکات."(١٠٩)

ئەمەش ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەسەلمێنێ کە خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، وەك باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان، باوەشیان بۆ ئیسلام کردۆتەوە و بە کۆمەڵ بوونەتە موسڵمان.

بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان، سەدان ساڵ دەبێت کە هەموو خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا موسڵمانن و ئایینیان ئیسلامە، هەروەها سوننە مەزهەب و شافعی مەزهەبیشن.

هەروەها هەندێ لە گوندەکانی مزووری باڵا مزگەوت یان حوجرەیان لێ بووە، وەك گوندی ئەرگوش و شیڤێ و پێندرۆ و ئێدلبێ و ڕەوین و بۆسێ، کە مێژووەکەیان بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکانیان، خەڵکی ئەو گوندانە ڕوویان لە مزگەوتەکان کردووە و خواپەرستییان کردووە.

---

(١٠٩) کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، حەسەن مەحمود حەمە کەریم، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی گەشە، چاپی حەفتەم، ساڵی ٢٠١٩، ل١٨٠.

ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە دەڤەری مزووری باڵا

زانایانی ئایینی لە دەڤەری مزووری باڵا، لە بوارە جیاجیاکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان بینوە و خزمەتێکی زۆریان بە ئیسلام و کورد و کورستان کردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە چەند بوارێکدا، تیشکێك بخەینە سەر ڕۆڵی زانایانی ئەو دەڤەرە، لەوانە:

- **لە بواری ئایین و زانستە شەرعییەکاندا**

بەو پێیەی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، هەموان موسڵمان بوون و پابەندی بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام بوون، بۆیە خەڵکی ئەو دەڤەرە، لە ڕێگەی کردنەوەی حوجرەی فەقێیان و قوتابخانە ئایینییەکانەوە، زۆر بایەخ و گرنگییان بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی زانایانی ئایینی داوە و لەوبارەدا بە دەیان زانای ئایینییان پێگەیاندووە، بۆ ئەوەی لە پرسە ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و خێزانییەکاندا ڕۆڵی خۆیان ببینن و خزمەت بە ئیسلام و خەڵکی ئەو دەڤەرە بکەن.

هەڵبەت لە هەندێ گوندی مزووری باڵا، وەك گوندی شیڤێ و ڕەوین و ئێدلبێ و پێندرۆ و گویزا وەڵاتی، حوجرە و قوتابخانەی ئایینی هەبووە، ڕۆڵی حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانیش لەو سەردەمەدا، زێدە پێویست و گرنگ بووە، چونکە ئەو حوجرە و قوتابخانە ئایینییانە، تاکە ژێدەر و سەرچاوەی زانست و زانیاری و مەعریفە بوون لەو دەڤەرە، تەنانەت جێگەی قوتابخانەشیان گرتبووە، چونکە تا ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، هیچ قوتابخانە و فێرگەیەکی حکوومی لەو دەڤەرە نەبووە، بۆیە خەڵکەکە تەنیا پشتی بەو حوجرە و قوتابخانە ئایینییانە و ئەو زانا و مەلا و فەقێیانە بەستووە، کە لەوێ فێری زانستە شەرعییەکان دەبوون و ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبینی لە چارەسەرکردنی پرسە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگادا.

هەروەها خەڵکی ئەو دەڤەرە، وێڕای هەژاری و نەداری و کێشەکانی دیکە، بەڵام بۆ برەودان بە بواری زانستە شەرعییەکان و باشتر شارەزابوون لە ئایینی ئیسلام، منداڵەکانی خۆیان دەنارده شوێنگەلێك، وەك: هەولێر و شەقلاوە و ڕواندوز و ئاکرێ و کۆیە و باتاس و باڵیسان و هتد. تەنانەت جاری وا هەبووە، ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کراون، بۆ ئەوەی فێری زانستە شەرعییەکان بن و لە دینی خۆیان شارەزا بن و بە هەگبەیەکی پڕ لە

زانست و مەعریفەوە بگەڕێنەوە ناو کەسوکارەکانیان و ببن بە چرا بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ژین و دینیان.

شایانی ئاماژەپێکردنە، لە هەندێ گوندی دەڤەری مزووری باڵا، ماڵە مەلایان هەبووە، وەك گوندەکانی: شیڤێ و ڕەوین و پێندرۆ و ئێدلبێ و گویزا وەڵاتی و هتد.

هەروەها هەندێ لەو ماڵە مەلایانە، نەوە دوای نەوە، پشتاوپشت مەلایان لێ نەبڕاوە و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ڕۆڵی مەلایەتی لەناو جڤاکی کوردیدا دەگێڕن، وەك ماڵە مەلای ئێدلبێ و ماڵە مەلای پێندرۆ و ماڵە مەلای گویزا وەلاتی.

هەر لەم سۆنگەیەوە، زانا و مەلاکان، چەندین کار و ئەرکیان لە ئەستۆدا بووە، لە وانە:

١. ئاشناکردنی خەڵکی دەڤەرەکە، بە بیروباوەڕ و بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام، کە بنچینە ئیمانی و ئیسلامییەکان دەگرێتەوە.

٢. ئاشناکردنی خەڵکی دەڤەرەکە بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

٣. خوێندنەوەی وتاری هەینی و بەرپاکردنی نوێژی بەکۆمەڵ بۆ خەڵکی گوندەکان، نەخاسمە ئەو گوندانەی مزگەوتیان هەبووە، چونکە لە هەموو گوندەکان مزگەوت نەبووە، هۆکارەکەیشی ئەوەبووە، یان ژمارەی خەڵکەکە کەم بووە، یان مەلایان نەبووە، کە وتاری هەینییان بۆ بدات و نوێژی بە کۆمەڵیان بۆ بکات.

٤. شۆردن و کفنکردنی مردوو و نوێژکردن لەسەر تەرمەکەی.

٥. لە ڕێگەی حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانەوە، زۆر کەسیان فێری خوێندەوە و نووسین و فێری پیتەکانی زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی کردووە.

٦. چارەسەرکردنی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، کە سەرهەڵدەدا، وەك: چارەسەرکردنی ئاریشەی هاوسەران، ڕێگریکردن لە تەلاق و جیابوونەوە، مارەبڕین، دابەشکردنی میرات، چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار و مەڕوماڵات و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی خەڵك.

لەمبارەیەوە بەڵگەنامەیەکی دەگمەن دەخەینە ڕوو، کە کاتی خۆی هەندێ زانای ئایینی دەڤەری مزووری باڵا، هەستاون بە چارەسەرکردنی کێشەیەکی میرات، لە نێوان بلۆکی بەنانییەکان و بلۆکی مێرۆزییەکان، ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بەڵگەنامەیە:

بەڵگەنامەکە بە کوردی([110]):

بە ناوی خودای گەورە

مەلا عەبدوڵلا

نوێنەری عەشیرەتی مزووری لەمە ئاگادارە

"زانایان و سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی ئایینی: شاراوە و پەنهان نییە کە کەسێك بە ناوی میرزا، کوڕی خودا لێی خۆش بوو عەلی، خەڵکی گوندی (توت)ە، پارچە زەوییەکی کڕیوە بەناوی پارچەی زەوی (چەمی)، کە دوو بەشە، بەشێك هی هەتیوێکە، خاوەنی بەشەکەی دیکەش، هی کەسێکە بەناوی (عیسا)، برای محەمەدە. ناوی هەتیوەکە (بن لاچین بن عیسا)یە.

نیوە بەشی هەتیوەکە بۆ پێداویستییەکان و ڕۆزی و جلوبەرگ و دەینەکانی پێویست بووە، نیوەکەی دیکە لە عیسا دەکڕێتەوە،واتە (مەرقوم)ەکە ئامۆزای هەتیوەکەیە، هەردوو بەش (حصە)ەکە بە کڕینێکی تەواو، کە دوورە لە هەر فێڵێك دەکڕێتەوە.

ئەو نیوە بەشەی عیسا بە بەهای ١٣٢ (سەد و سی و دوو) قرانە .

نیو بەشی هەتیوەکەش بە بەهای ١٥٠ (سەد و پەنجا) قرانە،

کە پێکەوە دەکاتە ٢٨٢ (دوو سەد و هەشتا و دوو) قران، بە کڕینێکی تەواو و کامل بەهایەکەیشی داوە و ڕادەستی کردووە.

هەروەها پارەی بەشی هەتیوەکەی داوەتە دەست محەمەد، کە ئامۆزا و وەسی و پشتیوانی هەتیوەکەیە. وە ئەو زەوییەی کە فرۆشراوە، زەوییەکی خاڵی بووە و کڕیارەکە ناوی میرزایە وەری گرتووە و کاری تێدا کردووە.

وە زەوییەکی دیکە، کە بەناوی زەوی (ئەشکەوتیانی)بووە، لە محەمەد بن مەرقوم بن حوسەین کڕیوە، بە نرخی هەشتا قران و بە معاملەیەکی دروست و بێ فرت و فێل و وەری گرتووە و کاری تێدا کردووە و ئەو دارودرەخت و مێرگەی کە میرزا مەرقوم لە محەمەد بن حوسەینی کڕیوە لە دەست محەمەد ئاغا و لەژێر چاودێری ئەودا بووە بە نرخی ٤٠ (چل) قران بە معاملەیەکی دروست و بێ فرت و فێل.

خەڵکێکی زۆر لەم شوێن و جێگایەدا ئامادەن و شاهێدی ئەم حاڵەتەن و نووسەری ئەم وشانە و ئاگادار لەو بارودوخە (ئەحمەدی کوڕی مەلا شەریف)ە، هەروەها (فەقێ ساڵح) و (محەمەدئەمین)ی کوڕی (مەلا شەریف)ن.

سەلیم کوڕی محەمدئەمین	سەرۆکی بلۆکی بەنانیان	سەرۆکی بلۆکی مێرۆز	موختاری بلۆکی بەنانیان

---

(١١٠) بە سوپاسەوە، ئەم نامەیە لەلایەن بەڕێز دکتۆر (فەهری نومەر سلێمان)ەوە، لە دەستنووسی فارسییەوە کراوەتە کوردی. (نووسەر)

دەقی نامەکە بە فارسی(١١١):

بسمه تعالی

المطلع علی ذلك

نائب عشیرت مزوری ملا عبدالله." .

"بر عالمان و ناظران و فقیهان مخفی و پوشیده نباشد.

که میرزا نامر بن علی مرحوم اهالی قریه توت یك زڤی (زمین) المسمی زڤی چمی (یعنی به نامر زمین چمی) خریده و دو حصه است.

یك حصه مال یتم است و صاحب حصه دیگر عیسی نام برادر محمد نام ایشان النبی حسین بن عیسی و یتیم بن لاچین نام بن عیسا و نصف یتیم لاجل حوائج و رزق و لباس و دیونهای اثبات لازم بوده، و نصف آخر از عیسی، مرقوم عمّ زاده یتیم است اشتراء نموده و هەر دو حصه تماماً خریده و اشترا نموده به بیع صحیح و خالی از المفسدات.

نصف عیسا نام به قیمت ١٣٢ (صد و سی و دو) قران

و نصف یتیم قیمت ١٥٠ (صد و پنجاه) قران،

جمله ٢٨٢ (دو صد و هشتاد و دو) قران است به بیع صحیح مطلقا

منجزا و قیمت بهایش اعطا و تسلیم نموده و ثمن حصه یتیم تسلیم محمد نام عمّ زاده یتیم و وصی و موالی یتیم است نموده و إن زڤی (زمین) دگر بایع خالی و مشتری میرزا نام داخل و قبض و تصرف نموده و زڤی (زمین) دیگر المسمی زڤی (شکوتیانی) از محمد مرقوم بن حسین خریده قیمت هشتاد قران ایضه قبض و داخلیت و تصرف واقع و خالی من المفسدات و ایضه شجره رطبه و عل فزار میرزا مرقوم خریده از محمد بن حسین و تصرف در دست محمد اغا بوده قیمت ٤٠ (چهل) قران

به بیع صحیح و خالی از المفسدات...

کثیر الخلق فی المجلس الشهود الحال و الکاتب الحروف المطلع علیه احمد بن ملا شریف و ایضه فقه صالح و محمد امین ابن ملا شریف

سلیم بن	رئیس	رئیس	مختار
محمد امین	بلوکه بنانیان	بلوکه میروز	بلوکه بنانیان

(١١١) بە سوپاسەوە، ئەم نامەیە لەلایەن بەڕێز دکتۆر (فەهری ئومەر سلێمان)، لە دەستنووسی فارسییەوە، کە بە ئاسانی ناخوێندرێتەوە، سەرلەنوێ بە فارسی تایپ کراوەتەوە و نووسراوەتەوە. (نووسەر)

دەقی نامەکە بە دەستنووسی فارسی(١١٢):

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز (مەلا مەمدوح مزووری)، باس لە ڕۆڵی زانا و مەلاکانی گوندی ئێدلێن دەکات، کە یەکێکە لە گوندە مەزنەکان دەڤەری مزووری باڵا، ناوبراو لەمبارەیەوە

---

(١١٢) کۆپییەکی ئەم نامەیە، کە بە دەست نووسراوەتەوە و بە زمانی فارسی نووسراوە، بە سوپاسەوە لە مامۆستا مەلا (ناصح محەمەد پێندرۆیی) وەرگیراوە، حاڵی حازر دەستنووسە ئەسلییەکە، لای جەنابیان پارێزراوە. (نووسەر)

دەڵێت: "مەلا و زانایانی ئایینی گوندی ئێدلبێ، بە کاروباری ئایینی و ئامۆژگاریکردنی گوندەکە و دەرس وتنەوە بە فەقێ و قوتابیانی ئایینی هەڵساون، هەروەها مەلا و زانایان، هەروەك چۆن پێشنوێژکەری نوێژی جەماعەت و وتاربێژی هەینی بوون، ئاوا دەرسبێژیش بوون و دەرسیان بە فەقێیان وتووە، تا ئەو ڕادەیە، سەرپەرشتیاری ئایینی تەواوی ناوچەکە، بە تایبەت هۆزی مزووری و هۆزی شێروانی بەدەست ئەوان بووە و چاودێری کاروباری ئایینییان کردووە."(١١٣)

لەم سۆنگەیەوە، نابێ ڕۆڵەی مزگەوت و حوجرە و مەلا لە دەڤەری مزووری باڵا فەرامۆش بکرێت، چونکە خزمەتێکی زۆریان بە خەڵکی ئەو دەڤەرە کردووە و بەدەیان زانای ناوداریان لە حوجرە و مزگەوتەکاندا پێگەیاندووە و بە دەیان فەقێیان بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان ناردووە، بۆ ئەوەی فێری زانستیە شەرعییەکان بن و بتوانن لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە خاك و خەڵکی خۆیان بکەن و ڕۆڵیان هەبێت لە بەرجەستەکردن و چەسپاندنی بەها بەرزە ئایینی و ڕەوشتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

•ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە بواری گەشەسەندنی هزری و ڕۆشنبیریدا:

ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە دەڤەری مزووری باڵا، هەر تەنیا لە ئایین و ئاییندارییدا چڕ نابێتەوە، چونکە ئەوان وەك چینێکی کاریگەر و زانا و دانا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و ڕۆشنبیر و خاوەن قەڵەم، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی خەڵك بەرەو ڕێگای ڕاست و زانست و مەعریفە و خۆتێگەیاندن و پێگەیاندن، هەروەها ڕۆڵیان هەبووە لە چەسپاندنی بەها بەرزەکانی وەك: ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و هیممەتبەرزی و مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی و خۆڕاگری و قوربانیدان و کۆڵنەدان و میواندۆستی و گیانی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و کاری هەرەوەزی و گیانی هاریکاری و ژینگەپارێزی و دوورکەوتنەوە لە شەڕ و ناکۆکی و دووبەرەکی و خۆسەپاندن و چاوچنۆکی و خۆویستی و خۆپەرستی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵ و باڵندەکان و هتد.

---

(١١٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بگەڕێوە بۆ کتێبی بیرەوەری و عەجائیباتی زەمان، مەلا مەمدوح ئێدلبی (مزووری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.

بۆیە فەزلی گەشەسەندنی هزری و ڕۆشنبیری و وشیاری تاکەکانی ئەو دەڤەرە، بەشێکی زۆری بۆ ڕۆڵی زانایانی ئایینی دەگەڕێتەوە، چونکە لەو بوارانەدا شوێنپەنجەیان دیار بووە.

هەروەها مامۆستایانی ئایینی، بە بەراورد بە چینەکانی دیکە، کەسانی زانا و دانا و ڕۆشنبیر بوون، بۆیە خەڵکی ئەو دەڤەرە، ئەو زانا و مەلایانەی بە پێشەنگ و ڕێنیشاندەری خۆیانیان دەزانی و بۆ سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکیش، پەنایان بۆ دەبردن و داوای هاریکارییان لێ دەکردن.

تەنانەت بەر لە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان بەڕووی خەڵکدا، خەڵکی ئەو دەڤەرە، بۆ هەر شتێك، کە پەیوەندی بە خوێندن و نووسین و زانست و فێربوونەوە هەبووبێت، گەڕاوەتەوە لای ئەوان و لە دەرگای ئەوانی داوە و دەستی هاریکاریی بۆ ئەوانی درێژ کردووە.

بۆ نموونە: ئەگەر نامەیەك لە دوورەوە بۆ کەسێك هاتبوایە، یەکسەر ئەو کەسە پەنای بۆ مەلایەك دەبرد لە یەکێك لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە، بۆ ئەوەی بۆی بخوێنێتەوە، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرە نەخوێندەوار بوون و نەیاندەزانی بخوێننەوە و بنووسن.

هەروەها زۆربەی مەلاکانی ئەو سەردەمە، لە پاڵ خوێندنی زانستە شەرعییەکان، دیوانی شاعێرە کوردەکانی وەك: مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران و حەریری و مەولەوی، هەروەها شاعیرە فارسەکانی وەك حافزی شیرازی و سەعیدی شیرازی ئەزبەر دەکردن، ئینجا لە بۆنە و هەڵکەفتەکاندا، شیعری ئەو شاعیرانەیان بۆ خەڵکەکە دەخوێندەوە و تام و چێژێکی زۆریان بە خەڵکەکە دەبەخشی.

•ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی:

هەڵبەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لە سەدەکانی ڕابردوودا، دەبینین بزوێنەر و داینەمۆ و ڕابەر و سەرکردەکانی زۆربەی هەرە زۆری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان، بریتی بوون لە زانایانی ئایینی، وەك: شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبێدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی و هتد.

چونکە ئازادی و بڕیار دان لەسەر چارەنووس و بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی خۆت، مافێکە، خودای پەروەردگار، بە هەموو گەل و نەتەوەیەکی داوە، هەر بۆیەش زانایانی

ئایینی کوردستان، به پشتبەستن به دەقە ئایینییەکان، به هەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە ئازادی وسەربەستی و سەربەخۆیی بۆ گەلەکەیان دەستەبەر و مسۆگەر بکەن.

لەم سۆنگەیەوە، ناکرێ ڕۆڵی زانایانی ئایینی ئەو دەڤەرە، وەك باقی دەڤەرەکانی دیکەی بارزان و کوردستان، له شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، نادیده بگیرێت، چونکه زانا و مەلایانی ئەو دەڤەرە، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە له گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و. وشیارکردنەوەی خەڵك له پیلانی نەیاران و جۆشدانی کۆڕی خەبات و بەرخودان، بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران و ستەمکاران و بەشداریکردن له شۆڕشه و ڕاپەڕینەکاندا، که له بەشی (ناسنامه و زێدی زانایانی ئایینی دەڤەری مزووری باڵا)دا، زیاتر تیشك دەخەینه سەر ئەم بابەته و پەیوەندیی زانایانی ئایینی ئەو دەڤەرە، به ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی دەخەینه ڕوو.

ناسنامە و زێدی زانایانی ئایینیی دەڤەری مزووری باڵا

هەڵبەت لە چەرخەکانی ڕابردوودا، بە دەیان زانای ئایینیی لە دەڤەری مزووری باڵا هەڵکەوتوون، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گەشەسەندنی بیری ئاینی و نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕی لەو دەڤەرە و کوردستان بەگشتی، لە وانە:

١. **مەلا یەحیای مزووری**: مەلا یەحیای مزووری، یەکێکە لە زانا گەورەکانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی. ناوبراو کوڕی خالیدی کوڕی حەسەنی مزوورییە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەی زایینی لە گوندی (باڵەتە)ی دەڤەری مزووری ژێری لە دایک بووە. ئەم زاتە گەورەیە، کە لەسەر ئاستی کوردستان و تەواوی ناوچەکەدا، بەیەکێک لە زانا ئایینییە هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت، هێشتا لاو بووە کە لەسەر دەستی (مەولانا خالید)ی نەقشەبەندی چۆتە سەر ڕێبازی نەقشبەندی و لای ئەو پیاوە ناوداره ڕێز و جێگای تایبەتی هەبووە. هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ دەرس وتنەوە و ڕێنمایی کردنی خەڵکی و نووسینی کتێب. لە ئامێدی ماوەیەکی زۆر خەریکی دەرس وتنەوە بووە و تەنانەت قوتابخانەکەی ئەوێی بەناوەوە ناونراوە.

مەلا یەحیای مزووری گەلێ مامۆستا و زانای لێهاتووی پێ گەیاندووە، لە وانە شێخ تاجەدینی بارزانی و مەلا قاسمی مایی. هەروەها لەگەڵ میر و دەسەڵاتدارەکانی بادینان و مووسڵ و بەغدادا پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە، بەتایبەت لەگەڵ زوبێر پاشای دووەمدا، مەلا یەحیا وەک شارەزایەکی گەورەی مەسەلە ئایینییەکان چەند کتێبێکی گرنگی بەزمانی عەرەبی نووسیوە، کە هەرە بەناوبانگەکانیان بریتین لە (هەشت ئامۆژگاری) و (پەراوێزێک لەسەر کتێبی ئیرشاد). پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی مەلا یەحیای مزووری هێندە بەرز بووە، کە زوربەی مێژوونووس و زاناکانی سەردەمی دوای خۆی، لە کتێب و بەرهەمەکانیاندا باسیان کردووەو بە گەورەترین و شارەزاترین مامۆستای سەردەمەکەیان لە قەڵەم داوە. ئەم پیاوە هەڵکەوتووەی کورد و ئیسلام، لە ساڵی ١٨٣٦ ز کۆچی دوایی کردووە([١١٤]).

شایانی ئاماژەپێدانە، مەلا یەحیای مزووری، لە دەڤەری مزووری ژێری، لە گوندی (باڵەتە) لە دایك بووە، بەڵام لە بەرەبابی ئەرگوشییەکانە، لەمبارەیەوە، بەڕێز (بلند محەمەد شوکری موفتی)، لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە لە گۆڤاری دیرۆك، لە ژمارە (٨)ی بەهاری ساڵی

---

(١١٤) ماڵپەڕی کوردی پیدیا.

٢٠١٥ بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: "مەلا یەحیا بە عەشیرەت مزوورییە و لە بەرەبابی ئەرگوشییەکانە، ئەم عەشیرەتە زۆر لە کۆنەوە لەو دەڤەرە نیشتەجێ بووە، کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان ئێراق و تورکیای تازە. ئەم دەڤەرە، بە مزووری ژووری (باڵا)بەناوبانگە، کە ئاشوورییەکان پێیان دەگوت (مەیسوری)، هەندێ خەڵکی ئەو دەڤەرە، کە هۆکارەکەی دیار نییە، لەوانەیە (ئابووری) بێت، کۆچیان کردووە بەرەو خوارووی ڕۆژئاوا و لەو دەڤەرە نیشتەجێ بوون، کە پێی دەڵێن مزووری ژێری"(١١٥).

هەر لەمبارەیەوە (عباس العزاوی)، لە کتێبەکەیدا، بەناوی (العمادیة فی مختلف العصور)دەڵێت: "مەلا یەحیای مزووری، زانایەکی بێ ڕکابەر و حوبری زانایان بووە."(١١٦)

٢. **مەلا محەمەد ئەمین ئێدڵبی:** مەلا محەمەد ئەمین ئێدڵبی، زانایەکی دیکەیە، لە زانا ناودارەکانی دەڤەری مزووری باڵا، لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا مەمدوح مزووری لە کتێبەکەیدا (بیرەوەری و عەجائباتی زەمان)، باس لەو زانا پایەبەرزە دەکات و دەڵێت: "مەلا محەمەد ئەمین، کوڕی مەلا مستەفا، هەر وەکوو مەلا بووە، شێخی ئیرشادیش بووە لە ئێدڵبێ، بەڵکوو بۆ هەموو هۆزی مزووری، ئەم تەریقەتەی لە پیرانی (نەهری) وەرگرتووە و بوویتە خەلیفەی وان و ئیزنیان داوە ئیرشاد بکات، مەلا محەمەد شەریف، کوڕی مەلا مستەفایە، مەلایەکی زۆر زانا و ئاگادار بوو، پیاوێکی ئاقل و ماقوول بوو، هەر لە شەمدینان تا مووسڵ دەوڵەتی ئالی عوسمان عائید بە ئەوی کردبوو، هەر گیروگرفتێکی لەو ناوە قەومابا، ئەو چارەسەری ئەکرد و هەر ئەو بوو مەلای دەناردن بۆ گوندەکانی هۆزی مزووری و شێروانی."(١١٧)

٣. **مەلا مەحموود بۆسی:** مەلا مەحموود بۆسی، زانایەکی دیکەیە، لە زانا بەناوبانگەکانی کوردستان، ناوبراو (کوڕی ئیبراهیمی کوڕی خەلیل)ە، لە ساڵی ١٧٠٨ز لە گوندی (بۆسێ)،سەر بە دەڤەری مزووری باڵا لە دایك بووە، دوایی چووەتە ئامێدی و لە

---

(١١٥) گۆڤاری دیرۆك، ژمارە (٨)ی بەهاری ساڵی ٢٠١٥.

(١١٦) بگەڕێوە بۆ کتێبی العمادیة فی مختلف العصور، عباس العزاوی، الطبعة اولى، سنة ١٩٩٨، مطبعة وزارة الثقافة اربیل- کردستان، ص ٨٨.

(١١٧) بۆ زانیاریی زیاتر، بگەڕێوە بۆ کتێبی بیرەوەری و عەجائیباتی زەمان، مەلا مەمدوح ئێدڵبی (مزوری)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.

قوتابخانەی قوبەهان مامۆستا بووە، لە شاگردەکانی: (مەلا خەلیل سێرتی و مەلا یەحیای مزووری و کوڕەکەی مەلا عەبدوڵڵای موفتیی ئامێدی) بوون."(١١٨)

ئەو زانا پایەبەرزە، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە ڕۆشنبیرکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنی خەڵکی ئامێدی و دەوروبەری، چونکە خاوەن قوتابخانە بووە و چەندین زانای گەورە لەسەر دەستی ئەو زاتە فێر کراون و پەروەردە کراون و پێگەیەنراون.

٤. **مەلا عەبدوڵڵا بۆسی:** مەلا عەبدوڵڵا، کە دەکاتە کوڕی مەلا مەحموودی بۆسی، زانایەکی بەناوبانگ و پایەبەرز بووە و سەردەمانێك، موفتی ئامێدی بووە و خاوەنی تەفسیری سورەتی فاتیحە بووە، کە ئەو تەفسیرە هیچ خاڵێکی نەبووە، ناوبراو لە ساڵی ١٧٨٧ز وەفاتی کردووە(١١٩).

٥. **مەلا حەسەن شیڤی:** مەلا حەسەن شیڤی، تا (٢٠١١)ز لە ژیاندا مابوو. ناوبراو وەك زانایەکی ئایینی و کەسایەتییەك، ڕۆڵێکی مەزنی لەو دەڤەرە گێڕاوە، چونکە نەك هەر لای خەڵکی ئەو دەڤەرە، تەنانەت لای سەرکردایەتی شۆڕشیش، نەخاسمە لای ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی پێگەیەکی بەهێزی هەبووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٣، ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی، نامەیەك ئاراستەی ناوبراو دەکەت و لە ئەحواڵی دەپرسێت و گوژمەیەکی پارەشی بۆ دەنێرێت و داواشی لێ دەکەت هەر پێویستییەکی هەبێت، ئاگاداری بکاتەوە، ئەمەی خوارەوە، دەقی نامەکەیە:

بۆ برای عزیز و محترم ملا حسن شیفی تقدیم

پاشی سلاما

زۆر ئەحوالی هنگو دەپرسم وە هیڤی دکەم ژ خودی کو هەر تباش بن. ئەمیش الحمدلله تسلامەتین

ئەڤە بیست (٢٠) دینار من هنارن دگەل ڤی کاغەزی وە زۆر حەز دکەم جابی بدەنە مە کادی حالی هنگو چیە.

وە ئەگەر هنگو محتاجیەك لی هەبیت هەمو وەختا حەز دکەین خەبەری بدەنە مە جارەکا دی سلاما ل هنگو دکەین وە ئەم هەمی ئەمانەتی خودی بین

بارزانی مصطفی

١٩٧٣/٣/٢٤

---

(١١٨) ڕۆڵێ زانایێت دەڤەرا (ڕێکان) دژیانا زانستی و چاندی دا، گۆڤارا دیرۆك، ژمارە ٢٠، ساڵا ٢٠١٨، هێرش کەمال ڕێکانی.

(١١٩)هەمان سەرچاوەی پێشوو.



بارزاني مصطفى

٢٤ / ٢ / ٩٧٢

له ئەرشیفی بەڕێز (کامل مەلا حەسەن) شیڤی وەرگیراوە

٦. **مەلا عوسمان پێندرۆیی:** مەلا عوسمان، لە دەستپێکی سەدەی بیستەم ژیاوە و یەکێك بووە لە مەلا بەناوبانگەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بۆیە دەوڵەتی ئەوسای ئێراق وەك نوێنەری ئەو دەڤەرە سەرەدەر و مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، چونکە کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بووە و ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەڤەرە و چەسپاندنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا.

٧. **مەلا محەمەد مەلا عوسمان پێندرۆیی:** مەلا محەمەد، کوڕی مەلا عوسمان پێندرۆییە، لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوولەوە کردووە و بووە بە ئەندامی یەکێتی زانایانی ئیسلام.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، وەك سەدان هەزار کورد، مشەختی ئێران بووە و لە کەرەج گیرساوەتەوە.

ناوبراو، بۆ ماوەیەك جێگری بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام بووە، لە ٢٠٠٦/١/٨ بەناهەق لەلایەن ئەمریکییەکانەوە شەهید کراوە.

شایانی ئاماژەپێدانە، ناوبراو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧، کاتێ ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی بۆ چارەسەر دەچێتە ئەمریکا، لە ئەمریکاوە نامەیەك ئاراستەی بەڕێز مەلا عەبدوڕەحمان حوسەین عەلی بناڤی (بەرواری)دەکات.

لەو نامەیەدا، داوا لە ناوبراو دەکات کە سڵاوی ئەو، بە مەلا حوسێن مارونسی و مەلا عحەمەد پێندرۆیی بگەیەنێت.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە:([٣٠])

بۆ برای عزیز و خۆشەویستم عبدالرحمن علی بناڤی برواری زور محترم
سلام علیکم و رحمة الله و برکاته

ئەو کاغەزا تە بڤی تأریخی٢/٥/ ١٩٧٧رەوانەکری من وەرگرت و زۆر پی کەیفخۆش بوم کو من زانی هون هەمی دساخ و سلامەتن الحمدلله شکر بۆ خودی مەزن. چاڤیت هنگو هەمیان ییك ب ییك ماچی دکەم و سەلام و احتراما بۆ هەمیان رەوانە دکەم و من سەلامیت هونگو لوان کرن أویت لالی من و بۆ مەسئەلا هاتنا هنگو ژی من ڤیگاڤی لازم ناکەت و هەرچی جارا لازمبو دی خەبەری دەمە تە.
انشاءالله و املا من بخودی اوە دی زو بە زو رحمی کەت بە مە هەمیا پیکڤە و بأذنا خودی دی هنگو بینینەڤە زو والعلم عند الله (لا حول ولا قوة إلا بالله العلی العظیم)
(وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ، نِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ)
برام توش لباتی مە سلامان ل هەمی برادەران بکە و احترام بۆ هەمیا تقدیم دکەم
مخصوص زۆر سلام و احترام بۆ هیژا ملا حسین و ملا محمدی پیندروی.....دەکەم وە لی احوالی اوان سوال دەکەم یا رب خودی هاریکاری مە هەمیا بی و ب رحما خو کرمی بکەت بۆ مە هەمیا

الحمدلله ڤی گاڤی زوری باشم وە باشیا هنگو هەمیا لی خودی دەخازیم
وە هنگ دحیفظا خودی دا بن ل دین و دونیادا امین یا رب العالمین

١٩٧٧/٧/٣

الخادم برایی هنگو
مصطفی بارزانی

([٣٠]) کۆپی ئەم نامەیە لە بەڕێز مامۆستا (ئیسماعیل تەها) وەرگیراوە.(نووسەر)



[illegible] خوشه ویستم عبدالرحمن علی حسین بناقی بەرواری زور محترم

سلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

[illegible] تە بێ تاریخی رەوانە کری ٧=٥=١٩٧٧ من وەرگرت و زور پێ کیفخوش بوم

[illegible] هەوالی هەموو دسا [illegible] سەلامەتن الحمد لله شوکر بو خودێ مەزن

[illegible] هەموویان یەک بە یەک ماچ دەکەم و سەلام و احترام بو هەموویان

[illegible] سلامەت هونگو [illegible] لدل من و بو مسلما ها تنا هونگو

[illegible] لازم ناکەت و هەرچی [illegible] دەمەتە

[illegible] و اعلام بخودێ [illegible] زور رحمی کەت بو هەموویان پیکفە و بأذنا

[illegible] والعلم عند الله ولا حول ولا قوة الا بالله العلی العظیم

[illegible] الله فهو حسبه نعم المولى ونعم النصير) برام [illegible] سلاما

[illegible] و احترام بو هەموویان تقدیم دەکەم

الخادم برایێ هونگو مصطفی بارزانی

[illegible] زور سلام و احترام

[illegible] و ملا حسین و ملا محمد [illegible]

[illegible] احوالی اوان سوآل

[illegible] خودێ هاروکاره

[illegible] رحمێ [illegible] بو هەموویان

[illegible] باشیم و باشیا هونگو هەموویان لی خودێ دەخازیم

[illegible] حفظا خودێ دا بن لی دینو دنیادا آمین یارب العالمین.

١٩٧٧-٧-٣

هەروەها بە دەیان مەلا و زانای دیکە، لە چاخەکانی ڕابردوو، لە دەڤەری مزووری باڵا هەڵکەوتوون، لە وانە: "مەلا جەسیم ئەرگوشی، مەلا قەسیم ئەرگوشی، مەلا محەمەد نەعمان ئەرگوشی، مەلا زاهیر محەمەد تاهیر ئەرگوشی، مەلا حەجی عاشۆر ئەرگوشی، مەلا یەحیا دەریاسۆری، مەلا محەمەد خالید محەمەد زاهیر ئەرگوشی، مەلا شێخ محەمەد ئەرگوشی، مەلا نەبی ناڤکوڕکی، مەلا قادر ناڤکوڕکی، مەلا محەمەدتاهیر ناڤکوڕکی، مەلا حەکیم ناڤکوڕکی، مەلا قادر ناڤکوڕکی (نەوەی مەلا قادری یەکەم)، مەلا حافظ ناڤکوڕکی،

مەلا قەسیم ناڤکوڕکی، مەلا عبدوڵڵا ناڤکوڕکی، مەلا قاسم ناڤکوڕکی، مەلا یەحیا پێندرۆیی، مەلا عەبدوڵڵا پێندرۆیی، مەلا ئەحمەد مستەفا پێندرۆیی، مەلا فەعەمەر پێندرۆیی، مەلا مستەفا فەعەمەر پێندرۆیی، مەلا قاسم تاهیر پێندرۆیی، مەلا قەسیم مەلا ئەحمەد پێندرۆیی، مەلا مکایل ئێدڵبی، مەلا نوح ئێدڵبی، مەلا عومەر ئێدڵبی، مەلا عیزەدین ئێدڵبی، مەلا مستەفا ئێدڵبی، مەلا نەجمەدین ئێدڵبی، مەلا سەلیم ئێدڵبی، مەلا محەمەد عەبدولسەلام گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا عەبدوڵڵا محەمە گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا نەجیب مەلا عەبدوڵڵا گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا جەسیم محەمەد سەلیم گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا سەعید عەبدولسەلام گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا حەسەن سەعدی گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا ساڵح عەبدولسلام گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا محەمەد عەلائەدین گویزی (گویزا وەلاتی)، مەلا عەبدوڵڵا مەلا قاسم شنگێلی، مەلا محەمەدسەلیم شنگێلی، مەلا عەلی ئەحمەد عەلی شنگێلی، مەلا عەلی عەبدوڵڵا محەمەد شنگێلی، مەلا ئەحمەد حەمۆ حاجی شنگێلی، مەلا عەبدولڕەحمان حاجی محەمەد سەلیم شنگێلی، مەلا سەلیم سام حەسەن شنگێلی، مەلا ئیبراهیم مەلا حەسەن بابسێفی، مەلا حەسەن محەمەد سەلام بابسێفی، مەلا فەتاح محەمەد سەلام بابسێفی، مەلا حەجی حەسەن بابسێفی، مەلا بەهائەدین مەحموود بەهائەدین، ناسراو ب مەلا بادین شیڤی، مەلا مەحموود بەهائەدین، ناسراوە ب مەلا مەحموود شیڤی، مەلا شەکر شیڤی، مەلا محەمەد دێزۆیی، مەلا ساڵح دێزۆیی، فەقی تاجەدین دێزۆیی، مەلا محەمەشەریف ڕەوینی، مەلا ساڵح ڕەوینی، مەلا بارانی ڕەوینی، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل تێلی (طێلی)، مەلا عەلی عەبدوڵڵا ئیسماعیل تێلی (طێلی)، مەلا یاسین تێلی (طێلی)، مەلا فەق ئەحمەد ساڵح بەنانی، مەلا ئوسمان شەرەف بەنانی، مەلا عەلی مستەفا بابەکر داویتکی، مەلا قاسم محەمەد داویتکی، مەلا یەحیا ڕەشید محەمەد مێرۆزی، مەلا مەخسوید سەعدی ماوەتی، مەلا حوسێن کوڕانی، مەلا عەلی سلێمان ئاڤەدووری، مەلا زادە یونس هیزانی.(١٢١)

(١٢١) ناوی زانایانی ئایینی گوندی ئەرگوش، لە بەڕێزان مامۆستا (ڕەبیع محەمەد عادل ئەرگوشی) و (ئارام ئیسماعیل عوسمان ئەرگوشی)وەرگیراوە، ناوی زانایانی ئایینی گوندی ناڤکوڕکا، لە بەڕێز (کریم قادر محەمەدتاهیر ناڤکوڕکی) وەرگیراوە. ناوی زانایانی ئایینی گوندی پێندرۆ، لە بەڕێز (محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی) وەرگیراوە. ناوی زانایانی ئایینی گوندی (ئێدڵبێ)، لە کتێبی (بیرەوەری و عەجائیباتی زەمان)وەرگیراوە، لە نووسینی بەڕێز مامۆستا مەلا مەمدوح ئێدڵبی، ناوی زانای ئایینی گوندی گویزا وەلاتی، لە بەڕێز مەجید محەمەد گویزی وەرگیراوە. ناوی زانایانی ئایینی گوندەکانی: (هیزان، بابسێفا، داویتکا، شنگێل، ئاڤەدور، تێل)، لە بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، ئەفسەری ڕێکخستن لە هێزی ٣٢ی تایبەت و بەرپرسی ڕۆشنبیری و

مزگەوت

مزگەوت لە کوردستان، بەها و پیرۆزییەکی زۆری هەبووە و هەیە، چونکە هەر لە کۆنەوە شوێنی بەرپاکردنی نوێژ و نزا و پاڕانەوە و پەرستش و خوداپەرستی بووە.

خەڵکی دەڤەری مزووری باڵاش، وەك ناوچەکانی دیکە کوردستان، بە چاوێکی گەورە سەیری مزگەوتیان کردووە و بە شوێنێکی پیرۆزیان داناوە و هەوڵیان داوە ڕۆڵیان لە بیناکردن و نۆژەنکردنەوە و خزمەتکردنی مزگەوتدا هەبێت. بۆیە زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە مزگەوتیان هەبووە، تەنانەت تا ئێستاش شوێنەوار و کەلاوەی هەندێ مزگەوت لەو دەڤەرە ماوە.

ڕۆڵی مزگەوت

مزگەوت ڕۆڵێکی گەورەی لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە و چەند ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆدا بووە، لە وانە:

١. **مزگەوت شوێنی پەرستش و خودا پەرستی بووە**: مزگەوت، کە بە ماڵی خودا ناسراوە، لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك شوێنەکانی دیکەی کوردستان و جیهان، هەمیشە شوێنی پەرستش و خوداپەرستی بووە و خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆ بەرپاکردنی نوێژی بە کۆمەڵ و جومعە و جەماعەت ڕوویان تێ کردووە و زۆرێك لە گوندەکانی مزووری باڵا مزگەوتیان هەبووە، تەنانەت گوندێکی وەك ڕەوین[١٢٢] تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت شوێنەواری سێ مزگەوتی لێ ماوە.[١٢٣]

٢. **مزگەوت لە دەڤەری مزووری باڵا فێرگەی پێگەیاندنی فەقێ و مەلا بووە**: مزگەوت هەر تەنیا شوێنی خواپەرستی نەبووە، بەڵکوو ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە پێگەیاندنی چەندین مەلا و فەقێ، نەخاسمە لە دەڤەری مزووری باڵا، مزگەوت ئەو ڕۆڵەی لە ئەستۆدا بووە و لە

ڕاگەیاندنی بەتالیونی (٣) وەرگیراوە. ناوی زانایانی ئایینی گوندی (ڕەوین)، لە بەڕێز ئەیوب عەلی محەموود ڕەوینی وەرگیراوە. ناوی زانایانی ئایینی گوندی (شیڤێ)، لە بەڕێز ناصح بەهائەدین مەحموود شیڤی وەرگیراوە، ناوی زانایانی ئایینی گوندی (دێزۆ)، لە بەڕێز ساڵح جبرائیل دێزۆیی وەرگیراوە. ناوی زانای ئایینی گوندی مێرۆز، لە بەڕێز عوسمان سەبری وەرگیراوە. ناوی زانای ئایینی گوندی ماوەت، لە بەڕێز عەزیز عوسمان ماوەتی وەرگیراوە. ناوی باقی زانایانی دیکەی دەڤەری مزووری باڵاش، لە بەڕێز عیسا محۆ عیسا بژیانی وەرگیراوە، کە یەکێکە لە ڕیشسپییەکانی دەڤەری مزووری باڵا و هەگبەکەی پڕە لە زانست و زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئەو دەڤەرە. (نووسەر)

(١٢٢) ڕەوین: یەکێکە لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بەقسەی پیاوماقوڵ و ڕیسپییەکانی ڕەوین، لە کۆندا ئەو گوندە زۆر گەورە بووە، بەڵام بەهۆکاری نادیار خەڵکەکەی بۆ ناوچەکانی دیکە کۆچیان کردووە. (نووسەر)

(١٢٣) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز ئەیوب عەلی محەموود ڕەوینی، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٩/٩/ ٢٠١٩

چەندین گوندی دەڤەری مزووری باڵا فەقێ و مەلای پێگەیاندووە، وەك مزگەوتی گوندی ڕەوین و شیڤێ و ئێدلبێ و پێندرۆ و گویزا وەلاتی.

٣. مزگەوت لە دەڤەری مزووری باڵا، هەم مزگەوت بووە هەمیش قوتابخانە:

مزگەوت لە دەڤەری مزووری باڵا، هەر تەنیا شوێنی خوداپەرستی و پێگەیاندنی فەقێ و مەلا نەبووە.

بەڵکوو ڕۆڵی قوتابخانەشی گێڕاوە، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و پێگەیاندنی نەوەیەکی زانا و دانا و بەتوانا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو.

لەمبارەیەوە مامۆستا جەلال مرقص بویا، کە خەڵکی عەنکاوە بووە و لە ساڵی ١٩٦٥ لە پێندرۆ مامۆستا بووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: " کە ساڵی ١٩٦٥ وەك مامۆستا لە پێندرۆ دامەزرام، بینایەی قوتابخانەی لێ نەبوو و هێشتا دروست نەکرابوو، بۆیە مزگەوتی پێندرۆ کرایە قوتابخانە و لەناو مزگەوتدا وانەمان بە قوتابیان دەوتەوە."([١٢٤])

خۆشەویستی خەڵك بۆ مزگەوت

مزگەوت لە دەڤەری مزووری باڵا زۆر پیرۆز و خۆشەویست بووە لای خەڵك. بۆیە خەڵکی ئەو دەڤەرە هەوڵی داوە چ بە شێوەیەکی ماددی، بە بەخشینی پارە و زەویوزار بە مزگەوت، یان بە شێوەیەکی مەعنەوی و ڕۆحی، بە بەرپاکردنی نوێژ و ئەنجامدانی خوداپەرستی، ڕۆڵی هەبێت و شوێنپەنجەی دیار بێت لە ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتدا.

هەڵبەت خەڵکێکی زۆر، زەویوزاری خۆیان بە وەقف داوە بە مزگەوت، واتە کابرا، پێش مردنی وەسیەتی دەکرد، کە فلانە پارچە زەوی، دەکەمە وەقف بۆ مزگەوت و دەبێتە مڵکی مزگەوت.

ئیدی مزگەوتەکان دەبوون بە خاوەن زەوی و ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەو زەوییانەی دراون بە مزگەوت هەر ماون و ڕیشسپییەکانی ئەو دەڤەرە دەزانن کامە پارچە زەوی هی مزگەوتە.

ئەو پارچە زەویانەش کە دەدرانە مزگەوت، زۆرجار بە کرێ یان بە نیوە، دەدرانە جووتیارێك، بۆ ئەوەی بیکێڵێت و بەرهەمەکەی بە نیوە بێت بۆ هەردوولا، ئەو داهاتەش کە بەر مزگەوت دەکەوت، بۆ کاروبارەکانی مزگەوت و کەموکوڕییەکانی خەرج دەکرا.

---

(١٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (جەلال مرقص بویا)، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٨ .

فرەئایینی لە کوردستان و دەڤەری مزووری باڵا

هەروەك دەزانن، لە ساڵی ١٩٤٨ز زلهێزەکانی دونیا، نەخاسمە ئینگلیزەکان، دەوڵەتێکیان بۆ جوولەکەکان لە فەلەستین دامەزراند، بەڵام دەوڵەتۆکێکیان بە کورد بەڕەوا نەبینی، کەچی جوولەکەکان، نە خاکیان هەبوو، نە نەتەوەش بوون، بەڵکوو وەك کۆچبەرەکان، ماڵیان بە کۆڵیانەوە بوو و مشەخت و پەرتەوازە بوون!

کەچی کورد هەم نەتەوە بوو، هەمیش خاوەن خاك و زمان و ئابووری و کەلتووری خۆی بوو، واتە، کورد هەموو شتێکی هەبوو، تەنیا دۆست و پشت و پەنایان نەبوو. بۆیە زلهێزەکان، کوردستانیان کرد بە چوار لەت و هەر لەتێکیان پێشکەش بە نەیارێکی دڕندە کرد!

شایانی ئاماژەپێدانە، بەپێی ئەو بەڵگە فەرمییانەی کە دەستم کەوتوون و پێشتر خستبوومە ڕوو، تا ساڵی ١٩٤٨ز، جوولەکەکان لە دەڤەری مزووری باڵا بوونیان هەبووە و لەو دەڤەرە ژیاون، بەڵام لە پاش ساڵی (١٩٤٨)، بە بڕیارێکی فەرمی، هەموو جوولەکەکانی ئێراق و کوردستان، کۆکراونەتەوە و بەرەو ئیسرائیل ڕەوانە کراون، بۆیە وا مەزەندە دەکرێت حاڵی حازر ژمارەی کوردەکانی ئیسرائیل زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ کەس بێت.

هەروەها بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان، پەیوەندیی نێوان مزوورییەکان و جوولەکەکان، تا پێش کۆچکر دونیان بۆ ئیسرائیل زۆر باش بووە و تەنانەت جوولەکەکانی کوردستانی ئێراق، بە زمانی ئارامی و شێوەزاری کرمانجی دەدوان.(١٢٥)

هەروەها ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە دەڤەری مزووری باڵا، دەڤەرێکی فرە ئایین بووە، واتە، جوولەکە و مەسیحی و موسڵمانەکان پێکەوە لەو دەڤەرە ژیاون و نموونەیەکی جوانی پێکەوە ژیانی ئایینی لەو ناوچەیە هەبووە.

لەمبارەیەوە بەڕێز سەلیم ئیبراهیم سەعید هەلەوینی، دەڵێت: "کاتی خۆی موسڵمان و مەسیحی لە گوندی هەلەوین هەبوون، موسڵمانەکان و مەسیحییەکان ساڵانێکی زۆر لەو گوندە پێکەوە ژیاون و هیچ کێشەیەکیش لە نێوانیاندا ڕووی نەداوە."(١٢٦)

هەروەها ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، خەڵکێکی دەمارگیر نەبووە، بەڵکوو ڕێزی لە ئایینەکانی دیکەش گرتووە و ڕێگەی بە پەیڕەوانی ئایینەکانی

---

(١٢٥)ویکیپیدیا، مێژووی جووەکان لە کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

(١٢٦) پرسیار وەڵام لەگەڵ بەڕێز سەلیم ئیبراهیم سەعید هەلەوینی، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ١١/١٠/ ٢٠١٩

ـێکەش داوە، تاکوو بەوپەڕی ئازادییەوە لە دەڤەری ئەوان بژین و پارێزگاریی لە دین و ـاب و نەریتەکانی خۆیان بکەن.

هەروەها ئەم فرە ئایینییە، تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، لە نێوان هەموو ئایین و ئاینزا و ـتەوەکاندا لە کوردستان هەیە و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا، ڕەنگی داوەتەوە و ڕەگی داکوتاوە.

کتێبە دەستنووسەکان

کتێبە دەستنووسەکان لە کوردستان دیرۆکێکی کەڤناریان هەیە، چونکە بەر لە پەیدابوونی دەزگا و ئامێرەکانی چاپکردن، زانایان و نووسەرانی کورد، ناچار بوون کتێبەکانیان لە بوارە جیاجیاکانی شەریعەت و ئەدەب و مێژوودا بە دەست بنووسنەوە، کە تا ئێستاش بەشێکیان لێ پارێزراوە.

هەڵبەت شایەتحاڵەکان، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە پشتڕاست دەکەنەوە کە جاران بە دەیان کتێبی دەستنووس لە بوارە جیاجیاکاندا لە دەڤەری مزووری باڵا لە مزگەوت و حوجرە و مەدرەسە دینییەکاندا هەبوون. بەڵام بەداخەوە، بەهۆی خاپوورکردنی گوندەکانی ئەو دەڤەرە لەلایەن بەعسییەکانەوە، هەروەها ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگایە زۆرەملێیەکان، زۆربەی ئەو کتێبە دەستنووسانە ون بوون و لەناوچوون.

لەمبارەیەوە بەڕێز مامۆستا (محەمەدسەلیم تەمەر ستوپەیی)، گوتی: "ژمارەیەکی زۆر کتێبی دەستنووس، نەخاسمە کتێبە ئایینییەکان لە دەڤەری مزووری باڵا هەبوون، چونکە کاتی خۆی مەدرەسەی ئایینی و حوجرە لە چەند گوندێکی ئەو دەڤەرە هەبوو، فەقێ و سوختەکان دەرسیان تێیدا دەخوێند، بەڵام بەداخەوە بەهۆی دۆخی ناسەقامگیریی ئەو ناوچەیە و ڕاگواستنی خەڵکەکەی لە زێدی خۆیان، بەشی هەرە زۆری ئەو دەستنووسانە لەناو چوون.

چەند ساڵێك پێش ئێستا، هەندێ دەستنووسی ئەو دەڤەرە لە مووسڵ کەوتنە بەرچاوم و دوو سێ دانەیان ئێستاش لای من پارێزراون، یەکێك لەوانە قورئانێکی پیرۆزە، کە بە دەست نووسراوەتەوە، هەروەها یەکێکی دیکە لەو کتێبانە، کتێبێکی فیقهی بوو، لەگەڵ چەندین نامەی تر، کە بە زمانی فارسی و بەدەست نووسراوەتەوە و هەر هەموان گرنگی خۆیان هەبوو و هەیە."(١٢٧)

(١٢٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محەمەدسەلیم تەمەر ستوپەیی)، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٣١/١٠/ ٢٠١٩



قورئانێکی دەستنووس لە دەڤەری مزووری باڵا
لە ئەرشیفی بەڕێز مامۆستا (محەمەدسەلیم تەمەر ستوپەیی) وەرگیراوە.

قورئانێکی دەستنووس لە دەڤەری مزووری باڵا
لە ئەرشیفی بەڕێز مامۆستا (محەمەدسەلیم تەمەر ستوپەیی) وەرگیراوە.



کتێبێکی دەستنووس لەبارەی فقهی ئیسلامی لە دەڤەری مزووری باڵا
لە ئەرشیفی بەڕێز مامۆستا (محەمەدسەلیم تەمەر ستوپەیی) وەرگیراوە.

مێژووی قوتابخانە لە دەڤەری مزووری باڵا

بەداخەوە، مێژووی کردنەوەی قوتابخانە لە دەڤەری مزووری باڵا، مێژوویەکی کۆن نییە. چونکە ئەو دەڤەرە لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، بەهۆی چەندین هۆکارێکی جیاجیا، نەخاسمە هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی، بەتەواوی پشتگوێ و فەرامۆش کرابوو.

بۆیە تا ساڵی (١٩٥٥-١٩٥٦)ز، خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا لە مافی خوێندن و فێربوون بێبەش بوو بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٥٥-١٩٥٦) بەدواوە، بۆ یەکەم جار و بە فەرمی، دەوڵەتی ئێراق بڕیاری دا یەکەم قوتابخانە لە گوندی (ئەرگوش)، لە دەڤەری مزووری باڵا بکاتەوە و چرای زانست و زانیاریی لەو دەڤەرە دایبگیرسێنێت.

لەمبارەیەوە، بەڕێز فەهری سەعدی ئەرگوشی، دەڵێت: "بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٥٥-١٩٥٦)ز، قوتابخانە لە دەڤەری مزووری باڵا، لە گوندی ئەرگوش کرایەوە.

ئەو کاتە من و کۆمەڵێك قوتابی دیکەی خەڵکی گوندی ئەرگوش لە کوڕان و کچان یەکەم کەس بووین کە خۆمان ناونووس کرد و چووینە قوتابخانە و دەستمان بە خوێندنی قۆناغی سەرەتایی کرد. یەکەم مامۆستاشمان، مامۆستایەك بوو، بەناوی عەبدولقادر عەلی پشدەری.

من و هاوڕێکانم، لە ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١ بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی چووینە مێرگەسۆر. لەبیرمە، من لە خولی یەکەم دەرنەچوو بووم. بۆیە لە خولی دووەمیش، بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا، چوومەوە مێرگەسۆر، بەڵام کاتی تاقیکردنەوەکە، بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوولەوە، شارۆچکەی مێرگەسۆر، لەلایەن فڕۆکەکانی دەوڵەتی ئێراقەوە بوردوومان کرا و لەو دۆخە سەخت و ناهەموارەدا، تاقیکردنەوەمان ئەنجام دا."(١٢٨)

---

(١٢٨) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز فەهری سەعدی ئەرگوشی، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی٥/١٠ ٢٠١٩.

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (کازم فەقێ برایم ئەرگوشی)، دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٥٤، بەردی بناغەی یەکەم قوتابخانە، لە دەڤەری مزووری باڵا، لە گوندی ئەرگوش دانرا و لە ساڵی (١٩٥٥-١٩٥٦)ز دەرگای قوتابخانە بەڕووی ئێمەدا کرایەوە و لە هەمان ساڵ، لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەستمان بە خوێندن کرد."[١٢٩]

دوای ئەرگوشیش، قوتابخانە لە چەند گوندێکی دیکەی دەڤەری مزووری باڵا کرایەوە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە.

ژمارە	ناوی گوند	ساڵی دامەزراندنی قوتابخانە لەو گوندە
١	ئەرگوش	١٩٥٥-١٩٥٦
٢	شیڤێ	١٩٥٧-١٩٥٨
٣	سێلکێ	١٩٥٧- ١٩٥٨
٤	پێندرۆ	١٩٥٩-١٩٦٠
٥	ئێدلبێ	١٩٦٩-١٩٧٠
٦	سپیندارێ	١٩٧٣-١٩٧٤
٧	مێرۆز	١٩٧٤-١٩٧٥
٨	مووکا	١٩٧٥-١٩٧٦

(١٢٩)پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا کازم فەقێ برایم ئەرگوشی، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی٥/١٠ ٢٠١٩.

ڕۆڵی قوتابخانە لە دەڤەری مزووری باڵا

هەڵبەت قوتابخانە لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا، وەك ناوەندێکی زانستی و مەعریفی و پەروەردەیی، ڕۆڵێکی چارەنووسساز و ڕیشەیی و گرنگی بینیوە و دەبینێت لە پێگەیاندنی تاکەکان و گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا، نەخاسمە لە ڕووی هزری و زانست و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئافراندنەوە.

چونکە قوتابخانە، وەك مەڵبەندێکی زانستی و پەروەردەیی و مەعریفی، ئەو هێز و وزەیە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە لە نەزانینەوە بەرەو زانایی و، لە ڤەمانەوە بەرەو پێشکەوتن و، لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی و، لە چاولێکەرییەوە بەرەو داهێنان و، لە چەقبەستووییەوە بەرەو خرۆشان و، لە بێئاگاییەوە بەرەو وشیاری هەنگاو بنێت و وەك کەسێکی زانا و دانا و بەتوانا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و لێهاتوو گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە هەموو کایەکانی ژیاندا بێنێتە ئاراوە.

هەر بۆیەش (ڤیکتۆر هۆگۆ)، لەبارەی قوتابخانەوە دەڵێت: "ئەوەی قوتابخانەیەك بکاتەوە، دەرگای زیندانێك دادەخات."

بۆیە بەکردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان لە دەڤەری مزووری باڵا، بە دەیان زارۆکی ئەو دەڤەرە، لە کچان و کوڕان ڕوویان کردە قوتابخانە و دەستیان بە خوێندن کرد و چرای زانستیان لە ماڵەکانیان داگیرساند و لە خوێندن و فێربوون بەهرەمەند بوون.

سوودە فرە ڕەهەندەکانی قوتابخانە

کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان لە دەڤەری مزووری باڵا، چەندین سوودی هەمەلایەنەی بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە بەدوای خۆیدا هێناوە، لە وانە:

- قوتابخانە، وەك سەرچاوەیەکی زانستی و مەعریفی، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە فەراهەم کردبوو، تاکوو کچان و کوڕانی خۆیان بنێرنە بەر خوێندن، بۆ ئەوەی لە دەردی نەزانین و نەخوێندەواری ڕزگاریان بێت و بەرەو ئاسۆیەکی گەش و ڕووناك هەنگاو بنێن.

هەروەها قوتابخانە وەك دامەزراوەیەكی فێركاری، خەڵكێكی زۆری فێری خوێندن و ـوسین كرد، تا ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری خۆیان بەرزكەنەوە و لە هەموو بوارێكدا خۆیان ێ بگەیەنن و پێ بگەیەنن و ببن بە كەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر.

• قوتابخانە، وەك دامەزراوەیەكی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری، ڕۆڵێكی مەزنی هەبوو لە ـشیاركردنەوەی خەڵكی ئەو دەڤەرەدا، چونكە كاریگەرییەكی ئەرێنی لەسەر هەست و ـەستی خەڵكی بەجێ هێشتبوو و هانی خەڵكەكەی دابوو، تاكوو واقعبینتر و دووربینتر و ـوردبینتر بیر بكەنەوە.

هەروەها ئەو باوەڕەی لە دڵی خەڵكی ئەو دەڤەرەدا چاندبوو، كە زانست و مەعریفە تاكە هۆكار و ڕێگایە بۆ پێشكەوتن و سەركەوتنیان، بۆیە دوای ئاوارەبوونی بەشێك لە مزوورییەكان بۆ ئێران لە ساڵی١٩٧٥، هەروەها دوای ڕاگواستنی مزوورییەكان بۆ ئوردووگایە زۆرەملێیەكان لە ساڵی١٩٧٥ و ١٩٧٨، دووبارە خەڵكەكە بە جۆش و خرۆش و بە باوەڕێكی پتەوەوە، منداڵ و نەوەكانی خۆیانیان ناردەوە بەر خوێندن و لە ماوەی (٤٠)ساڵی ڕابردوودا، توانییان ژمارەیەكی زۆر لە كەسانی پسپۆڕ، هەر لە ڕاوێژكار و دكتۆر و ئەندازیار و پەرلەمانتار و پارێزەر بگرە، تا سەرپەرشتیار و مامۆستا و ئەفسەری پلەبەرز و ڕۆژنامەنووس و میدیاكار و نووسەر و وەرگێڕ و هونەرمەند و هتد. پێ بگەیەنن و پێشكەش بە كۆمەڵگای كوردستان بكەن.

• قوتابخانە، وەك دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی، ڕۆڵێكی كاریگەری لەو دەڤەرە هەبوو، نەخاسمە لە چەسپاندنی ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی و تەبایی و یەكڕیزی و بەهێزكردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی.

چونكە مامۆستایان، بە ڕۆحێكی كوردانە و شۆڕشگێڕانە و بەهەستێكی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵەیان لەگەڵ خەڵكی ئەو دەڤەرەدا دەكرد و پەیوەندییەكی توندوتۆڵی كۆمەڵایەتییان لەگەڵیدا هەبوو، كە ڕەنگدانەوەیەكی ئەرێنیی لەسەر كۆی ژیانی ئەو خەڵكە دروست كردبوو.

ماموستایانی قوتابخانەی سەرەتایی گوندی ئەرگوش، لە ساڵی ١٩٧٦.

وێنەکە لە ئەرشیفی بەڕێز ماموستا کازم فەقێ برایم ئەرگوشی وەرگیراوە.

وێنەی ماموستایان و هەندێ هاوڵاتی خەڵکی گوندی سێلکێ و گویزا وەلاتی، ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. لەلای ڕاستەوە (حسێن عەلی تاها، ماموستا عەدنان کەرکووکی، تەیب ساڵح گویزی، عەزام فرامەرز، ماموستا محمد چیچو، ماموستا مەلا عەلی و ماموستا جەمال ئاکرەیی)

قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی گوندی پێندرۆ لە ساڵی ١٩٦٥. لە ئەرشیفی مامۆستا جەلال مرقص بویا وەرگیراوە



قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی گوندی پێندرۆ لە ساڵی ١٩٦٨.
لە ئەرشیفی مامۆستا جەلال مەجید وەرگیراوە.

قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی گوندی ئەرگوش، لە ساڵی ١٩٧٦.
وێنەکە لە ئەرشیفی بەڕێز ماموستا کازم فەقێ برایم ئەرگوشی وەرگیراوە

ماموستایانی پێندرۆ و سێلکێ، ڕێکەوتی ٢٤ /١٧/ ١٩٧٧

لە ڕاستەوە بۆ چەپ: مامۆستا عەدنان کەرکووکی، ساڵی ١٩٧٧ مامۆستا بووە لە (پێندرۆ)، مامۆستا نورەدین عوسمان، ساڵی ١٩٧٧ مامۆستا بووە لە (سێلکێ). مامۆستا خالید مستەفا، ساڵی ١٩٧٧ مامۆستا بووە لە (پێندرۆ). مامۆستا فاروق عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٧٧ مامۆستا بووە لە (سێلکێ)، مامۆستا ئەبوبەکر عوسمان، ناسراوە بە مەلا ئارام، ساڵی ١٩٧٧مامۆستا بووە لە (سێلکێ).(نووسەر)

قوتابیانی ئێدڵبێ و هەندێ هاوڵاتی ئەو گوندە
لە ئەرشیفی مامۆستا زەکریا بارزانی وەرگیراوە

قوتابیانی گوندی ئێدڵبێ و هەندێ هاوڵاتی ئەو گوندە
لە ئەرشیفی مامۆستا زەکریا بارزانی وەرگیراوە



قوتابیانی گوندی ئەرگوش، پۆلی پێنجەم، ساڵی ١٩٧٦

ڕۆڵی مامۆستا لە دەڤەری مزووری باڵا

مامۆستا، بە درێژایی مێژوو، لەناو گشت کۆمەڵگاکاندا پێگە و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە، چونکە هەموو کەسێك هەر لە سەرۆکەوە، تا خوێندەوارێکی ئاسایی، لەسەر دەستی مامۆستا فێری زانست و زانیاری دەبێت و تێدەگات و پێدەگات، هەروەها مامۆستا ئەو مرۆڤەیە، کە گڕ بە شەوەزەنگ و تاریکی نەزانین و نەفامییەوە دەنێت و چرای زانست و مەعریفە لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا دادەگیرسێنێت.

بۆیە پێم وایە هەموو مرۆڤایەتی قەرزداری مامۆستایە، هەر لەم سۆنگەیەوە، پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و ماف و کەرامەت و شکۆی پارێزراو بێت.

هەڵبەت مامۆستا لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك هەموو دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆڵێکی مەزن و کاریگەری هەبووە، نەك هەر لە بواری زانست و مەعریفە و خوێندن و فێرکردندا، بگرە لە بواری گەشەدان بە هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و تەنانەت چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا.

هەروەها ڕۆڵیان هەبووە لە چەسپاندنی بەها بەرزەکانی وەك: ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و تەبایی و خۆشەویستی و دادپەروەری و یەکسانی لەناو چین و توێژەکانی جڤاکی کوردیدا و لە شینی و شادییەکانی خەڵکیدا پشکدار بوون.

هەر بۆیەش، مامۆستا لە دەڤەری مزووری باڵا، ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرا و سەنگ و قورساییەکی زۆری هەبوو و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بوو، تەنانەت وەکی مرۆڤێکی مەزن سەیر دەکرا و حیسابی بۆ دەکرا و پرس و ڕاوێژی پێ دەکرا. هەروەها جگە لەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پێی درابوو، لەلایەن خەڵکی دەڤەرەکەشەوە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی هەبوو، سەبارەت بە ڕەفتار و سەرەدەرکردن لەگەڵ قوتابیان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجە فێرکاری و پەروەردەیەکان، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیکەوە؛ خەڵکی دەڤەرەکە بە هەموو شێوەیەك، هاوکار و پاڵپشتی مامۆستایەکان بوون، بۆیە هەر کاتێ مامۆستایان پێویستییان بە هاوکاریی خەڵکەکە بوایە، زوو بەهانایانەوە دەچوون و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر دەکردن.

بۆ نموونە: زۆرجار، ئەو مامۆستایانەی کە لە شارە دوورەکانەوە، وەك: هەولێر و ڕواندوز و شەقڵاوە و کۆیە دەهاتن بۆ ئەو دەڤەرە، لە پشووی نیوەی ساڵ، کە دەکەوتە ناوەڕاستی وەرزی زستان، بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، نەیان دەتوانی بۆ پشوو بگەڕێنەوە ماڵە، بۆیە لادێنشینەکانی ئەو دەڤەرە تیمێکیان ئامادە دەکرد و بە ڕێز و حورمەتەوە، سواری ئەسپ یان هێستریان دەکردن و لەگەڵیان دەچوون تا ئەو شوێنەی کە بەفری لێ نەبوایە، یان هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی لەسەر بوایە، تا بەڕێیان نەدەکردن، نەدەگەڕانەوە ماڵەوە.

بەڕێز مامۆستا (کوردۆ عەبدوڵڵا ئەحمەد گەردی)، کە دانیشتووی گوندی بەحرکەیەوە و ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی (سپینداریێ)ی سەر بە دەڤەری مزووری باڵا مامۆستا بووە، لەبارەی چۆنیەتی ڕێزگرتن و هاوکاریکردنی مامۆستایان لە لایەن خەڵکی دەڤەری مزووری باڵاوە، دەڵێت: "ڕێکەوتی١٩٧٧/١١/٢٢، وەك مامۆستا لە گوندی سپینداریێ دامەزرام، خۆم و هاوڕێکانم زۆر دڵخۆش و ئاسوودە بووین، چونکە خەڵکی ئەو دەڤەرە زۆر ڕێزی لە مامۆستایان دەگرت و بە هەموو شێوەیەك هاریکار و پاڵپشتیان بوون.

چونکە پێشان وەك ئێستا نەبوو، دیدی خەڵکی ئەو سەردەمە بۆ مامۆستا، زۆر جیاواز بوو لە دیدی خەڵکی ئێستا، ئەم جیاوازییە وەك دووری نێوان عارد و ئاسمان وایە و هەستی پێ دەکرێت!

پێشان مامۆستایان قەدر و ڕێزێکی زۆریان هەبوو، لەلایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێ دەگیرا، هەروەها دایك و باوکەکانیش بە هەموو شێوەیەك هاوکار و پاڵپشتیان بوون.

لە یادمە، شەوێك لە شەوەکان، بەڕێز (ئەحمەد مێرۆزی)، کە خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا بوو و پێشمەرگە بوو، هاتە ماڵی مام (شەریف فەخشاف)، کە موختاری گوندەکە بوو، ئێمەش چەند مامۆستایەك لەوێ بووین.

لادێنشینەکانیش لەوێ خڕبوونەوە، ئینجا بەڕێز (ئەحمەد مێرۆزی)، قسەی بۆ خەڵکەکەی کرد و پێی وتن: ئەم مامۆستا بەڕێزانە، لە دوورەوە هاتوون، بۆ ئەوەی منداڵەکانتان فێری خوێندن و نووسین و زانست بکەن، بۆیە ئەرکی ئێوەیە ڕێزیان لێ بگرن و خزمەتیان بکەن."

هەروەها مامۆستا کوردۆ، لەبارەی هاریکاریکردنی خەڵکەکە بۆ مامۆستایان دەڵێت: "خەڵکەکە بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ مامۆستایان هاوکار بوون و فریایان دەکەوتن، تەنانەت کاتێ سەرپەرشتیار (مشرف)ەکان دەهاتنە دەڤەرەکە، خەڵکەکە، سواری هێستریان دەکردن و لەگەڵیان دەچوون، تا دەگەیشتنە شوێنی مەبەست. هەروەها جاری واش هەبوو، مامۆستاکان بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە نەیاندەتوانی بە تەنیا بگەڕێنەوە، بۆیە چەند کەسێك لە خەڵکی ئاوایی، لەگەڵیان دەچوون تا دەگەیشتنە شوێنی مەبەست."([١٣٠])

بەڕێز مامۆستا (جەلال مەجید ئەمین)، کە لە ساڵی (١٩٦٥- ١٩٧٠)، لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە، لەبارەی ڕۆڵی مامۆستا لەو سەردەمەدا وتی: "ئێمە وەك مامۆستا لەو سەردەمەدا چەندین ئەرکی قورس و گرانمان لەسەر شان بوو، لە لایەك، ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی منداڵانمان لە ئەستۆ گرتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە، لە گوندی پێندرۆ قوتابخانەی شەوانەمان بۆ ئەو کەسانە کردەبووە، کە بە منداڵی دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسابوو بچنە قوتابخانە، هەروەها بەردەوام دەچووینە ناو خەڵك، نەخاسمە لە بۆنە و هەڵکەفتەکاندا؛ قسەمان بۆ دەکردن و هانمان دەدان تا زیاتر بایەخ بە خوێندن و زانست بدەن، چونکە خەڵك بەهۆی خوێندن و زانستەوە پێش دەکەوێت، هەروەها خەڵکمان وشیار دەکردەوە تا گرنگی بە ژینگە و پاکوخاوێنی بدەن."

هەروەها مامۆستا جەلال باسی لە ئاسایش و ئەمنییەتی دەڤەری مزووری باڵای کرد و وتی: "من بەش بە حاڵی خۆم، زۆر بە ئاسایش و ئەمنییەتی دەڤەری مزووری باڵا سەرسام

(١٣٠) پرسیار و وەڵام لەگەڵ مامۆستاگەردی؛ بە تەلەفۆن؛ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٢

بووم، چونکە شوێنێکی زۆر ئەمین بوو، مرۆڤ لە سەر و ماڵی خۆی پشتڕاست و خاترجەم بوو. ئەگەر بە شەو، یان بە ڕۆژ، بەتەنیا بچووبایە ڕێ، هیچ ترسێکت لە دز و ڕێگر و جەردەکان نەبوو! چونکە دەڤەرێکی ئەمین بوو و کەس حەقی بە کەسدا نەبوو، بەڵام لە دەڤەرەکانی دیکە وانەبوو، خەڵك دەهاتە شەلاندن و ڕووتاندنەوە."

هەمدیسان لەبارەی هاریکاریی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا لەگەڵ مامۆستایان، مامۆستا جەلال وتی: وێڕای هەژاری و دەستکورتی و نەداری خەڵکی ئەو دەڤەرە، بەڵام خەڵك بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ مامۆستایان هاوکار بوو. بۆ نموونە زۆرجار لە وەرزی زستان بەفرێکی زۆر دەباری، نەخاسمە لە نیوەی ساڵ، بۆیە بەهۆی گیرانی ڕێگاوە، مامۆستایان بەئاسانی نەیاندەتوانی بۆ پشوی نیوەی ساڵ بگەڕێنەوە ماڵەوە، بۆیە خەڵکی دەڤەرەکە دەهاتن ڕێگاکەیان دەکردەوە و مامۆستایەکانیان دەگەیاندە شوێنی مەبەست."[131]

هەروەها بەڕێز مامۆستا (مەلا ئارام)، لەمبارەیەوە وتی: "مامۆستا لەو ڕۆژگارەدا، ڕۆڵی هەبوو لە وشیارکردنەوەی خەڵکی ئەو دەڤەرەدا، چونکە ڕابەر و پێشەنگ بوو، بەقەڵەم و هزری خۆی، تەحەددای ڕژێمی فاشستی بەعسی دەکرد و بەرامبەریان دەوەستایەوە."

دیسان بەڕێز مامۆستا (ئارام)، لەمبارەیەوە وتی: "لە دەڤەری مزووری باڵا ڕێزێکی زۆر لە مامۆستایان دەگیرا و تەواوی مزوورییەکان لەگەڵیان هاوکار بوون، بە بیرم دێـت، سەقا و کەشوهەوای ئەو دەڤەرە زۆر سەخت بوو، وەرزی زستان بەفرێکی زۆر دەکەوت، جاری وا هەبووە مەترێك تا مەتر و نیوێك بەفر باریوە، مامۆستایان لە نیوەی ساڵ گیریان دەخوارد بەدەست بەفرەوە و بە تەنیا نەیاندەتوانی بۆ پشووی نیوەی ساڵ بگەڕێنەوە ماڵەوە، بۆیە خەڵکەکە تا شیروان مەزن لەگەڵیان دەچوو، هەروەها بەر گوێم کەوتبوو، جارێکیان لە وەرزی زستان، بەهۆی بەفرەوە، مامۆستایەك نەیتوانی بوو بگەڕێتەوە ئەرگوش، خەڵکی ئەو دەڤەرە مامۆستاکەیان تا ئەرگوش لەکۆڵ کردبوو، بۆ ئەوەی وانە بە منداڵەکانیان بڵێتەوە."[132]

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (جەمیل بایز خضر خۆشناو[133])، کە لە ساڵی (١٩٧٣)، یەکەم مامۆستا بووە لە گوندی (مێرۆز) دامەزراوە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی گوندی

---

(١٣١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەلال مەجید لە هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٥

(١٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئارام، ناسراو بە مەلا ئارام؛ لە هەولێر، ڕێکەوتی٢٠١٩/٦/١٧

(١٣٣) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەمیل بایز خضر خۆشناو، بە تەلەفۆن؛ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٤

مێرۆز و دەڤەری مزووری باڵا بە شێوەیەکی گشتی زۆر میواندۆست و ڕووخۆش و کراوە بوون، نەخاسمە لەگەڵ مامۆستایان و کەسانی غەریبە، زۆر ڕێزیان لێ دەگرتین و پەیوەندییەکانمان لەگەڵیان زۆر باش بوو، تەنانەت خەڵکەکە وایان دەزانی ئێمە کەسوکاریانین، بۆیە ئەگەر مامۆستایەك لە پێش دەرگای ماڵێکدا بچووبایە، لە دوورەوە دەیانگوت فەرموو وەرە دانیشە.

هەروەها زۆر لەگەڵ مامۆستایان هاوکار بوون، لەبیرمە جارێك لە وەرزی زستان لە مۆڵەت دەگەڕاینەوە، بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، لە شێروان مەزن گیرمان خواردبوو، خەڵکەکە ڕێیان بۆ کردینەوە، ئێمەش بە پێیان کەوتینە ڕێ، تا گەیشتینە گوندی (لێڕا)، خەڵکی ئەو گوندە، دوو سێ کەسیان بە چەکەوە لەگەڵیان ناردین، (لیان[١٣٤])ەیان لەپێ کردن و پێش ئێمە کەوتن، لە ڕێ تەقەیان کرد، خەڵکی گوندی ستوپێ بەهانای ئێمەوە هاتن و تا گوندی سێلکێ لەگەڵماندا بوون، بەو شێوەیە، گوند بە گوند، خەڵك لەگەڵمان دەهات، تا دەگەیشتینە شوێنی مەبەست.

لیان

---

(١٣٤) لیان: جۆرە پێڵاوێکی تایبەت بوو بە ڕۆیشتن لەسەر بەفر، لە دار دروست دەکرا. لە وەرزی زستان، کە بەفرێکی زۆر دەباری و دەبووە شەختە و بەستەڵەك لەپێ دەکرا، تاکو لەناو بەفر عاسێ نەبن. (نووسەر)

هەمدیسان، خەڵکی ئەو دەڤەرە زۆر ئەمین و دەستپاك بوون، زۆر جار دەرگای خۆم دانەدەخست و ئاواڵا بوو، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمزانی کەسێك دەست بۆ شتێکم درێژ بکات."

هەروەها بەڕێز مامۆستا (تاهیر عومەر محەمەد گەردی[١٣٥])، کە لە ساڵی (١٩٧٧)، لە گوندی مێرۆز مامۆستا بووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا هەژار و دەستکورت بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر میواندۆست و دڵفراوانبوون و زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە مامۆستایان و میوانان دەکرد."

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (سیامەند عەبدوڵڵا حوسێن مەخمووری[١٣٦])، کە لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠) لە گوندی ئەرگوش مامۆستا بووە، دەڵێت: "من شاهێدی ئەوە بۆ خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا دەدەم کە زۆر میواندۆست و بەڕێز بوون، زۆر ڕێزیان لە مامۆستایان دەگرت، تەنانەت مامۆستایان هەر ڕۆژێك لە ماڵێك دەبوونە میوان، هەروەها خەڵکی ئەو دەڤەرە لەگەڵ مامۆستایان تێکەڵ بوون و هاموشۆیان دەکردن و لەگەڵیان دادەنیشتن، تەنانەت خەڵکی ئەرگوش زۆر لەگەڵ مامۆستایان هاوکار بوون و هەر کاتێك مامۆستایان پێویستییان بە هاوکاریی خەڵك هەبوایە، ئەوا هاوکاریان دەبوون و کارەکەیان بۆ جێبەجێ دەکردن.

تەنانەت ڕۆژێك لە ڕۆژان باوکی قوتابییەکم نەدیت بێت گلەیی لە مامۆستایان بکات و پێیان بڵێت بۆچی کوڕەکەم یان کچەکەمتان دەرنەچوواندووە؟!

بۆیە من، وەك مامۆستایەکی خانەنشین، ئەگەر جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێتەوە کە دیسان ببمەوە بە مامۆستا و وانە بڵێمەوە، ئەوا بەبێ سێ و دوو حەز دەکەم بچمەوە گوندی ئەرگوش، چونکە زۆر دڵخۆش و ئاسوودە بووم لەو دەڤەرە، تەنانەت نەك تەنیا خۆم، بگرە هەموو مامۆستایان، کە لە دوورەوە هاتبوون بۆ ئەو دەڤەرە، لە خەڵکی دەڤەرەکە ڕازی بوون، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئەوە بۆ مێژوو دەڵێم هەموو ساڵێك، کاتێ ئێمەی مامۆستا لەو دەڤەرە بۆ پشوو دەگەڕاینەوە ماڵەوە، لە مێرگەسۆر؛ لە خانووەکدا خڕدەبووینەوە، هەمووومان بە شێوەیەکی گشتی لە خەڵکی ئەو دەڤەرە ڕازی بووین و کەسمان گلەییمان نەبوو."

---

(١٣٥) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (تاهیر عومەر محەمەد گەردی)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥

(١٣٦) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (سیامەند عەبدوڵڵا حوسێن مەخمووری)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥

هەمدیسان بەڕێز مامۆستا (سولاقە یەلدا شابۆ[137])، کە خەڵکی شارەدێی عەنکاوەیە و لە ساڵی (١٩٦٥-١٩٦٨)، لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی ئەو دەڤەرە بەگشتی، زۆر ڕێزیان لە مامۆستایان دەگرت و لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکار و یارمەتیدەریان بوون.

بۆ نموونە: لە وەرزی زستان، کە بۆ پشووی نیوەی ساڵ دەگەڕاینەوەماڵەوە، زۆر جار بەفرێکی زۆر دەباری و ڕێ دەگیرا، ئێمەش نەماندەتوانی بەتەنیا بگەڕێینەوە، بۆیە خەڵکەکە لەگەڵمان دەهاتن؛ تا ئێمەیان دەگەیاندە شوێنی مەبەست.

هەروەها مامۆستاکانیش، هاتووچۆی خەڵکەکەیان دەکرد و لەگەڵیان تێکەڵ بوون، چونکە خۆشیان دەویستن، تەنانەت ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمانبیست خەڵکی ئەو گوندە گلەییمان لێ بکات."

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (خالید مستەفا خالید)، کە خەڵکی هەولێرە و لە ڕێکەوتی ١١/١١/ ١٩٧٦ بۆ یەکەم جار لە گوندی پێندرۆ دامەزرا بوو، گوتی: "لەو زەمانە مامۆستا دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شان بوو، ئەرکی پەروەدە و فێرکردنی قوتابی، هەروەها ئەرکی کوردایەتی و وشیارکردنەوەی خەڵك و پێگەیاندنی نەوەیەکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر.

ئێمە هەرگاڤ بۆ قوتابیان باسمان لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و زوڵم و ستەم و بێدادی نەیاران دەکرد و بە هەستێکی پاکی کوردانە و نیشتمانپەروەرانە پەروەردەمان دەکردن، تەنانەت ڕۆژانە سرودگەلێکی نیشتمانی و نەتەوەییمان بۆ قوتابیان دەخوێندەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە گەف و هەڕەشەکانی نەیاران.

یەکێك لەو سرودانە، شیعرێکی شاعێری گەورەی کورد مامۆستا هەژار بوو، کە دەڵێت:

کوردێکم دەوێ چاپك و پتەو سەفەرێك هەیە بۆم بکا بە شەو
نەهێلێ تورك و عەجەم بزانن داگیرکەرانن لە کوردستــــــانــــن.

هەروەها لە شەوی نەوروزی ساڵی ١٩٧٧، من و مامۆستا عەدنان و مامۆستا عەلی، لەگەڵ چەند قوتابییەکی گەورەی گوندی پێندرۆ لەسەر لووتکەی چیای بەگوندێ پێندرۆ، کە دەکەوێتە نێوان پێندرۆ و سێلکێ، ئاگری نەوروزمان کردەوە."([138])

(١٣٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (سولاقە یەلدا شابۆ)، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٨ .

(١٣٨) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا(خالید مستەفا خالید)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٧/ ٢٠١٩/١١

هەر لەمبارەیەوە بەڕێز مامۆستا (شاکر تەها دێزۆیی)، کە ساڵی ۱۹۷۷ مامۆستا بووە لە گوندی شیڤێ، بەم شێوەیە باسی ڕۆڵی مامۆستایانی کرد لەو دەڤەرە و گوتی: من لە ۱۱/۱۷/ ۱۹۷۷ وەك مامۆستا دەمەزرام، لە ۱۹۷۷/۱۱/۲٤ لە گوندی شیڤێ دەست بەکار بووم و بووم بە بەڕێوەبەر بە وەکالەت.

کە چوومە شیڤێ، مامۆستایەکی دیکەش لەوێ بوو، سەرەتا خەڵکەکەمان خڕکردەوە و ئەرکی خۆمان وەك مامۆستا بۆ گوندنشینان باس کرد و گوتمان ئێمە بۆ ئەوە هاتووین کەوا دەرس بە منداڵەکانتان بڵێینەوە و فێری خوێندن و نووسین و زانستیان بکەین، بۆیە پێویستە هاوکارمان بن، خەڵکەکەش زۆر بە گەرمی بەپیر داواکاریی ئێمەوە هاتن و گوتیان هەرچی بە ئێمە بکرێت بۆتانی دەکەین و هاوکار و یارمەتیدەرتان دەبین.

لەو زەمانە، جگە لە ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی منداڵان، ئێمە چەندین ئەرکی دیکەشمان لەسەر شان بوو، وەك چارەسەرکردنی نەخۆش.

هەڵبەت شیڤێ گوندێکی دوورەدەست بوو و هیچ دکتۆرێك و بنکەیەکی تەندروستیی لێ نەبوو، بۆیە من ڕۆڵی دکتۆرم دەدیت و مانگانە دەچوومە نەخۆشخانەی مێرگەسۆر، دکتۆرێکی لێ بوو، ناوی(محەمەد) بوو، هەموو جارێك کارتۆنێك دەرمانی(موسەککەن)ی دەدامێ، وەك: دەرمانی ددان ئێشان و زك ئێشان و سەر ئێشان و هتد. ئینجا لەسەر دەرمانەکانیشی دەنووسی کە بۆ چ ئێش و ژانێك بەکاردێن، منیش بەپێی ڕێنمایی دکتۆر، دەرمانم دەدایە نەخۆش.

هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، ڕۆڵێکی بەرچاومان هەبوو و لە گشت خۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵکیدا بەشدار دەبووین، وەك: بەهییەکان و زەماوەندەکان و بەسەرکردنەوەی نەخۆشەکان و کارە هەرەوەزییەکان و بۆنە و هەڵکەفتەکان و هتد.

کاریگەریشمان لەسەر خەڵکی شیڤێ هەبوو. بۆ نموونە: نەریتێکی ناپەسەند لەو گوندە و زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو، کە مەولودیان دەکرد، نەریت وا بوو پیاوەکان پێش هەموو کەسێك نانیان دەخوارد، کە تەواو دەبوون، پاشماوەکەیان دەدرایە منداڵەکان. ئێمەش ئەو کارەمان پێ باش نەبوو، بۆیە بە خەڵکەکەمان گوت: یان واز لەو نەریتە ناپەسەندە بێنن، یاخود چیتر بەشداری لەو جۆرە چالاکییانە ناکەینەوە، خەڵکەکەش داواکاری ئێمەیان بەهەند وەرگرت و وازیان لەو نەریتە ناپەسەندە هێنا و یەك جۆرە خواردنیان دەدا بە گەورە و گچکەکان.

هەروەها لە ڕووی ئایینیشەوە ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبوو و بەردەوامر هانی شیڤییەکانمان دەدا تاکوو زیاتر بێنە مزگەوت و بەشداریەکی کاراتر و گەرموگوڕتر لە نوێژی هەینیدا بکەن.

دیسان لە سۆنگەی هەستکردنمان بە بەرپرسیارەتی و دوای دەوامی فەرمی، دووبارە دەرگای قوتابخانەکەمان بە ڕووی ئەو گەنج و لاوانەدا دەکردەوە، کە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا بوو بچنە قوتابخانە، تاکوو فێری خوێندن و نووسین بن و لە کاروانی زانست دانەبڕێن.

بێگومان خەڵکی گوندی شیڤێ و گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە بە گشتی، زۆر ڕێزیان لە مامۆستایان دەگرت، تەنانەت هەر ڕۆژێك لە ماڵێك دەعوەت دەکران."(١٣٩)

هەروەها بەڕێز مامۆستا (عەلی عەبدوڵڵا مەحموود)، کە خەڵکی شاری هەولێرە وساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٧٨ مامۆستا بووە لە گوندی پێندرۆ. بەمر شێوەیە باسی ڕۆڵی مامۆستایانی کرد و گوتی:"مامۆستا لەو زەمانە ئەرکێکی قورسی لەسەر شان بوو، چونکە دانیشتووانی ئەو دەڤەرە چاویان لە دەستی مامۆستا بوو، تاکوو نەوەکانیان بە کوڕ و کچەوە فێری خوێندن و نووسین بکات و لە نەخوێندەواری و نەزانین ڕزگاریان بکات.

بۆیە بە دڵنیاییەوە مامۆستایانی ئەو دەڤەرە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە پەروەردە و فێرکردنی زۆرێك لە قوتابیان، کە پاش ڕاگواستنیان بۆ ئوردووگایە زۆرەملێیەکان، توانییان بەسەرکەوتوویی خوێندنی خۆیان تەواو بکەن. بەڵامر دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێمر کە مامۆستایان لای خەڵکی ئەو دەڤەرە ڕێزلێگیراو و خۆشەویست بوون، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هاوکار و پاڵپشتیان بوون.

ئێمەش وەك مامۆستایانی ئەو دەڤەرە، بەش بە حاڵی خۆمان درێغیمان نەدەکرد لە خزمەتکردن بە خەڵك و قوتابیان، تەنانەت قوتابییەکان هێندە لامان خۆشەویست بوون، زۆرجار لە دانی ئێوارانیش دەرسمان پێ دەگوتنەوە.

هەروەها جگە لە کاری مامۆستایەتی، من کاری مەلایەتیشمر دەکرد و لای خەڵکی پێندرۆ بە مەلا عەلی ناسرا بوومر، چونکە لە مزگەوت بانگمر دەدا و پێشنوێژمر بۆ خەڵکەکەی دەکرد و خزمەتی مزگەوتمر دەکرد، خەڵکەکەش زۆر ڕێزیان لێ دەگرتمر."(١٤٠)

(١٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (شاکر تەها دێزۆیی)، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٨/ ١١/ ٢٠١٩

(١٤٠) پرسیار و وەڵامر لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (عەلی عەبدوڵڵا مەحموود)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٧/ ١١/ ٢٠١٩

چەند مامۆستایەکی گوندی ئێدڵبن و سێلکن و پێندرۆ: لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ١- مامۆستا(قادر) لە گوندی ئێدڵبن مامۆستا بووە -٢- مامۆستا (خالید مستەفا) لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە -٣- مامۆستا (محەمەد چیچۆ پێندرۆیی) لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە -٤- مامۆستا(عەلی عەبدوڵلا) لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە -٥- مامۆستا (عەدنان کەرکووکی) لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە -٦- مامۆستا (زەکەریا بارزانی)لە گوندی ئێدڵبن مامۆستا بووە -٧- مامۆستا(فاروق) لە گوندی سێلکن مامۆستا بووە.(نووسەر)
لە ئەرشیفی بەڕێز مامۆستا زەکەریا بارزانی وەرگیراوە

هۆگری مزوورییەکان بۆ خوێندن و فێربوون

هەڵبەت خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا بە شێوەیەکی گشتی، زۆر شەیدا و تامەزرووی خوێندن و فێربوون بوون، بۆیە کە قوتابخانە لەو دەڤەرە کرایەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە هەژار و نەخوێندەوار بوون و دوور بوون لە ژیار و شارستانییەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون کرد و منداڵەکانیان لە قوتابخانەکان ناونووس کرد، بۆ ئەوەی بخوێنن و فێری خوێندن و نووسین بن.

بەڕێز مامۆستا (ئارام دیبەگەیی) لەمبارەیەوە وتی: "دانیشتوانی دەڤەری مزووری باڵا مەکتەبدۆست بوون و حەزیان دەکرد منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە و فێری خوێندن و نووسین بن."(١٤١)

هەمدیسان بەڕێز مامۆستا (جەلال مرقص بویا)، کە ساڵی (١٩٦٥-١٩٦٧)، لە گوندی پێندرۆ مامۆستا بووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەرچەند ئەو زەمانە، کتێب و دەفتەر و قەڵەم کەم بوون و بە ئاسانی دەست نەدەکەوتن، خەڵکی ئەو دەڤەرەش هەژار و نەخوێندەوار بوون، تەنانەت کە چووین بۆ پێندرۆ، هێشتا بینایەی قوتابخانە لەوێ دروست نەکرابوو و مزگەوتیان کردبووە قوتابخانە.

هەروەها کێشەی کەمی مامۆستاش هەبوو، بۆیە زۆرجار بەهۆی کەمی مامۆستاوە. دەبوایە یەك مامۆستا زۆربەی بابەتەکان بڵێتەوە، تەنانەت خۆم لە گوندی پێندرۆ، وانەی (عەرەبی و ئینگلیزی و بیرکاری و زانست و دین)یشم وتووەتەوە، کە خۆم مەسیحیش بووم، بەڵام مامۆستای دینمان نەبوو! بۆیە ناچاربووم بابەتی (جزء عم) بە قوتابیان بڵێمەوە!

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گرفتانەش کە هەبوو، خەڵکی گوندی پێندرۆ و مزووری باڵا و دەڤەری بارزان بەگشتی، حەزیان دەکرد منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، تاکوو فێری خوێندن و نووسین و زانست بن، تەنانەت لە گوندی پێندرۆ، کە ساڵی ١٩٦٥ خۆم لەوێ مامۆستا بووم، خەڵکی ئەو گوندە کوڕ و کچەکانیان پێکەوە دەنارده قوتابخانە.

ئێمە تا لە عەنکاوە دەگەیشتینە دەڤەری مزووری باڵا ڕێیەکی دوور و درێژمان دەبڕی، بەڵام مووچەکەمان عەیبی نەبوو، چونکە مامۆستایان ژیانێکی خۆشگوزەرانیان هەبوو. خۆم کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦٥) دامەزرام، یەکەم مووچەم (٣٢)دیناری ئێراقی بوو، کە بۆ ئەو زەمانە پارەیەکی زۆر بوو.

هەروەها ئەو مووچە زۆرە، وای کردبوو کەوا زیاتر خۆمان ماندوو بکەین و بەباشترین شێوە ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین."(١٤٢)

---

(١٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئارام، ناسراو بە مەلا ئارام؛ لە هەولێر، ڕێکەوتی٢٠١٩/٦/١٧

(١٤٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (جەلال مرقص بویا)، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٨ .

هەروەها بەڕێز مامۆستا (جەمیل بایز خضر خۆشناو)، لەمبارەیەوە دەڵێت:

"ساڵی١٩٧٣ قوتابخانە لە گوندی مێرۆز کرایەوە، من یەکەم مامۆستا بووم لەوێ دامەزرام، خەڵك زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە پرۆسەی خوێندن کرد و منداڵەکانیان نارده قوتابخانە. لەبیرمە، ساڵی یەکەم (٣٦) قوتابیمان وەرگرت، منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵی وەردەگیرا، بەڵام خەڵکەکە هێندە پەرۆش بوو بۆ خوێندن و فێربوون، تا تەمەنی (١٠) ساڵیش قوتابیمان وەرگرت، بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەرگرن و فێری خوێندن و نووسین بن."([١٤٣])

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (خالید مستەفا خالید) گوتی:"خەڵکی گوندی پێندرۆ و دەڤەری مزووری باڵا بە گشتی، حەزیان دەکرد منداڵەکانیان بخوێنن، بەڵام زۆربەی خەڵکی هەژار بوون، کە منداڵەکانیان پۆلی شەشیان تەواو دەکرد، نەیاندەتوانی بنێرنە مێرگەسۆر یان دیانا یان ڕواندۆز، بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن.

بۆیە کە پۆلی شەشیان تەواو دەکرد،ناچار دەبوون لە قوتابخانە دەریان بهێنن، بۆ ئەوەی کار بکەن و یارمەتیی ماڵەوە بدەن."([١٤٤])

هەروەها بەڕێز مامۆستا (تاهیر عومەر محەمەد گەردی)، لەمبارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا پەرۆش بوون بۆ خوێندن و حەزیان دەکرد منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن، بەڵام سروشتی ناوچەکە وابوو، بەهۆی هەژاری و کار و کەسابەتەوە، هەموان پێیان دەکرا منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە."([١٤٥])

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (سیامەند عەبدوڵڵا حوسێن مەخمووری)، کە لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠) مامۆستا بووە لە گوندی ئەرگوش، دەڵێت: "سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئەو دەڤەرە نەخوێندەواریش بوون، بەڵام پێیان خۆش بوو منداڵەکانیان بخوێنن، بۆیە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لە خوێندن دەکرد و کچ و کوڕەکانیان دەچوونە قوتابخانە."([١٤٦])

---

(١٤٣) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەمیل بایز خضر خۆشناو، بە تەلەفۆن؛ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٤

(١٤٤) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (خالید مستەفا خالید)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٧

(١٤٥) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (تاهیر عومەر محەمەد گەردی)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥

(١٤٦) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (سیامەند عەبدوڵڵا حوسێن مەخمووری)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥

ئەزموونی مامۆستایەکی سەرکەوتوو لە دەڤەری مزووری باڵا

مامۆستا (زەکەریا ئیسماعیل بارزانی)، یەکێکە لەو مامۆستایانەی کە کاتی خۆی لە گوندی ئێدلبێ سەر بە دەڤەری مزووری باڵا، ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینیوە و سەرکەوتوو بووە لە ئەرك و کارەکانیدا و شوێنپەنجەی دیار بووە.

مامۆستای ناوبراو، بەم شێوەیە ئەزموونی خۆی بۆ ئێمە گێڕایەوە: "دوای نسکۆی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول، لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١٠/١٠، وەك مامۆستا لە گوندێ ئێدلبێ دەستبەکار بووم.

کە چوومە ئێدلبێ، مامۆستا کەریم ڕۆستەم لەوێ بوو، ناوبراو قوتابخانەی ڕادەستی من کرد و نەقل بوو، منیش بوومە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، بەڵام شتێك نەبوو بەناوی بینایەی قوتابخانە، چونکە ڕووخابوو!

عادەتم وابوو، هەمیشە جلوبەرگی کوردیم لەبەر دەکرد، تەنانەت لە قوتابخانەش.

بۆیە بە جلوبەرگی کوردی و جامانەی سوورەوە چوومە ناو خەڵکەکە و خۆم پێ ناساندن و قسەم بۆ کردن و گوتم: من خەڵکی دەڤەرەکەتانم و لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزانم و هاتووم بۆ ئەوەی منداڵەکانتان فێری خوێندن و نووسین بکەم.

خەڵکەکەش زۆر دڵخۆش و شادمان بوون، پێشتر ژمارەی قوتابیانی ئەو گوندە نزیکەی ٤٠ قوتابییەك دەبوون، چونکە هەندێ خەڵك، منداڵی خۆیان نەدەنارده قوتابخانە، بەڵام کە من چوومە ناو خەڵکەکە و قسەم بۆ کردن، نەخاسمە کە زانییان من لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزانم و لە خۆیانم، ئیدی پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێ کردم و کوڕ و کچەکانیان ناردە قوتابخانە، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، کە من لە ئێدلبێ بووم، ژمارەی قوتابیانی ئەو گوندە گەیشتبووە ١١٠ قوتابی.

ئەوەی ڕاستی بێت، ساڵی یەکەم هیچ شوێنێك نەبوو دەرسی تێدا بڵێینەوە، ناچار بووین خانووەك بکەینە قوتابخانە.

ژنێك لە ئێدلبێ هەبوو، ناوی خانزاد بوو، خانووەکی دوو نهۆمیی هەبوو، نهۆمی خوارەوە حەیوانی تێدا بوو، نهۆمی سەرەوەش ژوورێکی هەبوو، کردمانە قوتابخانە، بەڵام

لە نێوان نهۆمی یەکەم و دووەمدا کونێك هەبوو، بۆنی زبڵ و پیسایی حەیوانەکان دەهاتە سەرەوە، بۆیە بە کاغەز و پەڕۆ کونەکەمان گرت.

ئینجا داوام لە قوتابییەکانم کرد کە هەر یەکە و تەنەکەیەك لەگەڵ خۆی بیهێنێت، بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشێت، چونکە رحلە و کورسیش نەبوو!

دوای ساڵێك، ئینجا میری بڕیاری دا کەوا قوتابخانەی ئێدلبێ نۆژەن بکاتەوە.

جارێك موفەتیشێك هاتە ئێدلبێ، گوتی: مامۆستا دەبێت وێنەی سەرۆککۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر لە قوتابخانە هەڵبواسی! چونکە هەندێ بەرپرسی حکوومەت بە کۆپتەر هاتووچۆ دەکەن و بە دووری مەزانە بێنە ئێرە.

منیش بەناچاری وێنەیەکی سەرۆککۆمارم لە قوتابخانە هەڵواسی.

کە جاری دووەم هاتەوە، پێکەوە چووینە پۆلێك، کچێکی بچکۆڵەی هەستاند و پێی گوت: ها کچم ئەمە وێنەی کێیە؟

کچەکەش گوتی: وێنەی ئەو کەسەیە کە خەڵکەکە دەباتە جنوب[١٤٧]!

من بەخۆم تووشی شۆکم بوو، کە ئەو کچە بچکۆڵەیە ئەو قسەیەی کرد، دواتر موفەتیشەکە گلەیی ئەوەی لێ کردم کە وەك پێویست سەرۆککۆمارم بە قوتابییەکانم نەناساندووە، منیش پێم گوت: سەرۆکمان دوو جامانەی لەسەرە، مەبەستم مەلا مەستەفا بوو. هەڵبەت جگە لە ڕۆڵی مامۆستایەتی، من چەند کارێکی دیکەشم دەکرد، لەوانە:

کاری پزیشکی: هەموو جارێ کە دەچوومە هەولێر، بڕێکی باش داو ودەرمانم لەگەڵ خۆم دەهێنا و وەك پزیشکێك ڕۆڵم هەبوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا، چونکە ئێدلبێ هیچ بنکەیەکی تەندروستیی لێ نەبوو و شوێنێکی دوورە دەستیش بوو، بۆیە خەڵکەکەی زۆر پێویستییان بە داوودەرمان هەبوو.

---

(١٤٧)ساڵی ١٩٧٥، دوای نسکۆی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول، زۆربەی گوندەکانی دەڤەری بارزان کەوتنە بەر شاڵاوی خاپوورکردن و خەڵکەکەی بەرەو جنوبی ئێراق هاتە ڕاگواستن. (نووسەر)

هەروەها کامیراشم هەبوو، کە بۆ ئەو زەمانە شتێکی دەگمەن بوو، بەردەوام وێنەی دیمەنە جوانەکانی ئەو دەڤەرەم دەگرت، حاڵی حازر ئەرشیفێکی زۆر دەوڵەمەندم هەیە لە وێنە جۆراوجۆرەکانی ئەو دەڤەرە.

هەروەها نیگاریشم دەکێشا و تا ئێستاش بەردەوامم لەسەر نیگار کێشان.

هەڵبەت ئەو ماوەیەی لە ئێدڵبێ بووم، هەندێ کاری گرنگم لە قوتابخانە کرد، لەوانە: لەوحەی شەرەفم دروست کردبوو بۆ قوتابییە زیرەکەکان، هەروەها پاککەرەوە (مەساحە)ی سەبورەی هەر پۆلێك ژمارەی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆ نموونەی مەساحەی پۆلی یەکەم، ژمارە یەکی لەسەر بوو، مەساحەی پۆلی دووەم، ژمارە دووی لەسەر بوو و هتد.

هەروەها هەندێ تەنەکەمان لە پۆلەکان دانابوو، بۆ ئەوەی قوتابییەکان هەر لە سەرەتاوە فێری ئەوە بن زبڵ و پاشماوەکان فڕێ بدەنە ناوی.

هەمدیسان، تەباشیری ڕەنگاوڕەنگم لە هەر پۆلێك دانابوو، قوتابییەکانم سەرپشك کردبوو حەزیان لە کام تەباشیرە، ئەو تەباشیرە هەڵبژێرن و پێی بنووسن، چونکە قوتابیان زۆر حەزیان لە تەباشیر بوو.

شایانی ئاماژەپێدانە، من و مامۆستایەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە، ڕۆڵێکی باشمان هەبوو لە وشیارکردنەوە قوتابیان و خەڵکی ئەو دەڤەرە بە گشتی، نەخاسمە لە ڕووی نەتەوایەتی و نیشتمانی و ژینگەپارێزییەوە.(١٤٨)

کاریگەری مامۆستا زەکریا لەسەر قوتابییەکانی

مامۆستا زەکریا یەکێك بووە لەو مامۆستایانەی کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر قوتابییەکانی خۆی لە گوندی ئێدڵبێ، لەمبارەیەوە بەڕێز (مستەفا شەفیق ئێدڵبی)، کە یەکێك بووە لە قوتابییە زیرەکەکانی مامۆستا زەکریا، بەم شێوەیە باسی ئەزموونی مامۆستا زەکریای کرد و گوتی:

(١٤٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا زەکەریا ئیسماعیل عەبدولسەلام بارزانی؛ ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٨ لە پیرمام.

"مامۆستا زەکریا، مامۆستایەکی زێدە دڵسۆز و خەمخۆر و پەرۆش بوو بۆ خوێندن و فێربوون، حەزی دەکرد نەوەیەکی نوێ تێبگەیەنێت و پێبگەیەنێت و پەروەردە بکات، بۆیە کە هاتە ئێدڵبێ، هەوڵێکی زۆری دا و پەیوەندییەکی پتەو و توندوتۆڵی لەگەڵ خەڵکی گوندەکە و دایبابی قوتابییەکان دروست کرد.

هەروەها بە حوکمی ئەوەی مامۆستا زەکەریا، لە بنەماڵەی شێخەکانی بارزان بوو و خەڵکی ئەو دەڤەرە بوو، بۆیە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر خەڵکی ئێدڵبێ و هانی خەڵکەکەی دەدا تاکوو بایەخێکی زیاتر بە خوێندن و فێربوون بدەن و منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، سەرەڕای ئەوەی بینایەی قوتابخانەکەمان ڕووخا بوو، بەڵام ئەو نەیهێشت پرۆسەی خوێندن لە ئێدڵبێ بوەستێت و خستییەوە سەر ڕێڕەوی خۆی.

هەروەها دڵسۆزی مامۆستا زەکەریا، وای کردبوو کە لای هەموو قوتابیان و خەڵکی خۆشەویست بێت و هاوکار و پاڵپشتی بن، دڵنیام ئەگەر دەڤەرەکە نەکەوتبایە بەر شاڵاوی ڕاگواستن، ئەوا مامۆستا زەکەریا و هەڤاڵانی دەیانتوانی کادرێکی باش و لێهاتوو و سەرکەوتوو پێ بگەیەنن.

هەڵبەت مامۆستا زەکەریا لە چەندین تایبەتمەندی بەهرەمەند بوو، لەوانە: لەگەڵ قوتابیان دۆست و هاوڕێ بوو، کە ئەو هاتە ئێدڵبێ، شێوازێکی نوێی پەروەردەکردن هێنایە کایەوە و بە شێوازی جیاجیای پەروەردەیی، کارێکی وای کرد کە ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابیان فراوان بێت و چاویان بکرێتەوە.

هەروەها پێش هاتنی مامۆستا زەکەریا بۆ ئێدڵبێ نەمان دەزانی گەشتی قوتابخانە چییە؟ بەڵام کە جەنابیان وەك مامۆستا لە ئێدڵبێ دەست بەکار بوو، گەشتی بۆ قوتابیان ڕێك دەخست و لەگەڵ قوتابیانی دەچووە گەشت و سەیران، لە ڕێگەی نیگارە جوانەکانییەوە، گوزارشتی لە ژینگەپارێزی و ژینگەدۆستی دەکرد و هانی قوتابیانی دەدا کەوا ژینگەدۆست و پاك و خاوێن بن.

هەروەها بایەخێکی زۆری بە وەرزش دەدا و ڕۆژانە وەرزشی پێ دەکردین، نەخاسمە یاری (واڵیباڵ).

هەمدیسان هەماهەنگییەکی زۆر باش لە نێوان خۆی و مامۆستاکانیدا هەبوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی هەبوو لەسەر ڕەوتی خوێندن و پێشقەچوونی پرۆسەی خوێندن لە ئێدلبێ.[١٤٩]

هەروەها قوتابییەکی دیکەی مامۆستا زەکەریا بارزانی، بەڕێز (فریاد فەقێ سەعید ئێدلبی)، سەبارەت ڕۆڵی مامۆستای ناوبراو گوتی: "هاتنی مامۆستا زەکریا بارزانی بۆ ئێدلبێ، خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ ئێدلبییەکان، چونکە وەك کەسێکی بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و وەك مامۆستایەك، ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە وشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان تاکوو منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، هەروەها مامۆستا زەکەریا هەر تەنیا مامۆستا نەبوو، بەڵکوو دکتۆریش بوو و وەك دکتۆریش ڕۆڵی هەبوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم: مامۆستا زەکریا پێشڕەو بوو لە پێشقەبردنی پرۆسەی خوێندن لە ئێدلبێ، چونکە هەموو خەمی ئەوە بوو بینایەی قوتابخانە لە ئێدلبێ سەر لە نوێ نۆژەن بکاتەوە و هانی منداڵە کوڕ و کچەکان بدات بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانە."[١٥٠]

---

(١٤٩)پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مستەفا شەفیق ئێدلبی، بە تەلەفۆن؛ ڕێکەوتی ١٠/١٩/ ٢٠١٩

(١٥٠) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز (فریاد فەقێ سەعید ئێدلبی)، بە تەلەفۆن؛ ڕێکەوتی٢٠١٩/١٠/٢٠

ڕۆڵی ژن لە دەڤەری مزووری باڵا

ڕۆڵی ئافرەت لە دەڤەری مزووری باڵا، چ وەك دایك چ وەك هاوسەر، چ وەك خوشك، چ وەك کچ، لە گشت کایەکانی ژیان دا، ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوە بووە، بەتایبەتی لە بواری خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و شۆڕشەکان دا.

بەڕاستی ڕۆڵی ئافرەت لە دەڤەری مزووری باڵا، لە ڕۆڵی پیاو کەمتر نەبووە، بگرە زۆرجار ڕۆڵی ئافرەت لە ڕۆڵی پیاو کاریگەرتر و قورستر بوو، چونکە باری سەر شانی ئەو گرانتر بووە و جاری وا هەبووە؛ لە غیابی پیاو یان هاوسەر یان باوك یان براکەیدا، هەم پیاو بووە، هەمیش ئافرەت، هەم دایك بووە، هەمیش باوك، هەم خوشك بووە؛ هەمیش برا.

بەتایبەتی لە کاتی جەنگ و شەڕ و شۆڕشەکان دا، جاری وا هەبوو، پیاو بە (٤-٥)مانگ نەدەگەڕایەوە ماڵەوە، بۆیە ئەرکی ئەویش دەکەوتە سەر شانی ئافرەتەکە و دەبوایە هەم ئەرکی ماڵەوە، هەمیش ئەرکی دەرەوە جێبەجێ بکات.

بەتایبەتی لە سەردەمی پێش ڕاگواستن، ئافرەت لە دەڤەری مزووری باڵا هەموو کارێکی کردووە.

بۆ نموونە لە ماڵەوە: سەرباری ئەرکی دایکایەتی و هاوسەریەتی، پەروەردەکار بووە، کابان بووە، تەشی ڕێس بووە، نانپێژ بووە. لە دەرەوەش، بێری بووە، ڕەزڤان بووە، کرێکار بووە، مازووچن و دارڤان بووە.

واتە لە زۆربەی کارەکانی دەرەوەدا، ژن هاوشانی پیاو بووە، تەنانەت کەم کاری وا هەبووە، پیاو لە دەرەوە بەتەنیا ئەنجامی دابێت. بۆیە لە پاڵ هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ئافرەتێکی مەزن هەبووە.

بەداخەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، کچ و ژنانی دەڤەری مزووری باڵا، لە خوێندن و فێربوون و زانست و مەعریفە بێبەش بوون، چونکە قوتابخانە لەو دەڤەرە نەبوو.

بەڵام دوای کردنەوەی قوتابخانە لەو دەڤەرە، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، تا حەددێك بوار بۆ کچەکانیش ڕەخسا بوو، کە هاوشانی کوڕەکان بچنە قوتابخانە، بەڵام بەداخەوە؛ ئەو کاتە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە دەڤەرەکە نەبوو، بۆیە هەر قوتابییەك، قۆناغی شەشی سەرەتایی تەواو بکردایە، بۆ درێژەدان بە خوێندن، دەبوایە بچێتە بارزان یان مێرگەسۆر، کچەکانیش نەیاندەتوانی بچنە ئەو شوێنە دوورانە، بۆیە ناچار دەبوون واز لە خوێندن بهێنن.

لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (جەمیل بایز خضر خۆشناو) دەڵێت: "ژن لە دەڤەری مزووری باڵا، هەم کاری ماڵەوەی دەکرد، هەم شان بەشانی پیاو، کاری دەرەوەشی دەکرد، بۆیە دەتوانم بڵێم، ژن لەو دەڤەرە ئەرکێکی گرانی لەسەر شان بوو، تەنانەت بەبیرم دێت، لە خانوو دروستکردنیشدا، ژن وەك پیاو ڕۆڵی هەبوو و بەشدار بوو لە بیناکردنی خانوودا."(١٥١)

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (تاهیر عومەر محەمەد گەردی) دەڵێت: "ژن لە دەڤەری مزووری باڵا، سەرەڕای ئەوەی نەخوێندەوار بوو، بەڵام دوو ئەرکی لەسەر شان بوو، ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ئەرکی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، واتە، ئەوان هاوکاریی پیاوەکان بوون و لەگەڵ ئەوان هەموو کارێکیان دەکرد، وەك جووتکردن و تەتەڵە (ئادە)کردن و پەز دۆشین و ڕەز کۆلین و هتد"(١٥٢)

هەر لەمبارەیەوە، بەڕێز مامۆستا (سیامەند عەبدوڵڵا حوسێن مەخمووری) دەڵێت: "ژن لە دەڤەری مزووری باڵا زۆر یارمەتیی پیاوی دەدا و پێکەوە بە هەرەوەزی کاریان دەکرد و لە زۆربەی کارەکان پێکەوە بوون."(١٥٣)

لە کۆتایی ئەم مژارەدا دەڵێم ئەگەر پیاوەکان لە دەڤەری مزووری باڵا، شانازییان بە کارەکانیانەوە کردبێت، ئەوا بەشی شێری ئەو شانازییە بۆ دایك و ژن و خوشك و کچەکانیان دەگەڕێتەوە، چونکە لە گشت بوارەکاندا شوێندەستیان دیار بووە و توانیویانە لە گشت مەیدانەکاندا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و سەروەرییەکی گەورە بۆ خۆیان لە ناو لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار بکەن.

---

(١٥١) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەمیل بایز خضر خۆشناو، بە تەلەفۆن؛ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٤

١٥٢ (پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (تاهیر عومەر محەمەد گەردی)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥

(١٥٣) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (سیامەند عەبدوڵڵا حوسێن مەخمووری)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥

داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا

هەر گەل و نەتەوەیەك، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، داب و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆی هەبووە و هەیە، هەروەها هەر هۆز و تیرە و عەشیرەتێکیش لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا، بەتایبەتی نەتەوەی کورد، داب و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەتی بە خۆیان هەبووە و هەیە، مزووریەکانیش وەك بەشێکی ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردەواری، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا داب و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەبووە و هەیە، لێرەدا مەبەستمانە زیاتر تیشك بخەینە سەر نەریت و ڕێوەڕەسمە کۆنەکانی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، چونکە ئەو داب و نەریت و ڕێوڕەسمانە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەردەمی جیهانگیری و هاتنە ئارای بیر و هزر و ئایدیای نوێ لە کوردستان و جیهان بەگشتی، خەریکە کاڵ دەبنەوە و لەناو دەچن.

مەرجیش نییە خۆم و زۆرێك لە خوێنەرانی ئەم پەرتووکە، لەگەڵ یەك بە یەکی ئەو داب و نەریت و ڕێوڕەسمانە هاوڕا بین، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ، هەموو ئەو داب و نەریتانە، بەشێکن لە کەلتووری کۆمەڵایەتیی دەڤەرەکەمان، بۆیە دەبێت ئاماژەیان پێ بکرێت و بنووسرێنەوە، بۆ ئەوەی پێیان ئاشنا بین و پەندی لێ وەرگرین.

گرنگترین ئەو داب و نەریت و ڕێوڕەسمانەش کە لە دەڤەری مزووری باڵا باو بوون، لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکەینەوە:

- **نەریتی ژن و ژنخوازی:** نەریتی ژن و ژنخوازی لە دەڤەری مزووری باڵا لە کۆندا زیاتر لەسەر بناغەی خزمایەتی و نزیکایەتی دەهاتە ئەنجام دان، واتە ئەو ڕێوڕەسمە زیاتر لە چوارچێوەی خزمایەتی ئەنجام دەدرا، ئەو بڕیارە گرنگەش زیاتر بەدەست خانەوادە و کەسە باڵادەستەکانی بنەماڵە بوو، بەتایبەتی کەسانی دەستڕۆیشتووی وەك: باوك، براگەورە، مام و باپیر و هتد.

شایانی باسە پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەڤەری مزووری باڵا زیاتر لەسەر سێ بناغە دەهاتە ئەنجام دان، کە بریتی بوون لەمانە:

١ -خۆشەویستی (دڵداری): زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیریی لە دەڤەری مزووری باڵا لەسەر بناغەی خۆشەویستی و دڵداری لە نێوان کچان و کوڕان دەهاتە ئەنجام دان، بەڵام ئەم ڕێگەیە هەمیشە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە جاری وا هەبوو کچەکە و کوڕەکە یەکتریان

خۆشدەویست و کوڕەکە بە شێوەیەکی فەرمی دەچووە خوازبێنی کچەکە، بەڵام لەلایەن ماڵی کچەکەوە ڕەتدەکرایەوە و کچەکەیان بەهەر پاساوێك بێت نەدەدایە کوڕەکە، بۆیە کوڕەکە ناچار دەبوو وازی لێ بهێنێ، کچەکەش ناچار دەبوو شوو بە کەسێکی دیکە بکات کە بە دڵی بنەماڵەکەیان بوایە.

٢-ڕێککەوتن (تەوافق): زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەڤەری مزووری باڵا لەسەر بناغەی ڕێککەوتن لە نێوان دوو بنەماڵە یان دوو خێزان، یان کەسە ڕیشسپی و پیاوماقولەکانی دوو بنەماڵە، بە هەماهەنگی لەگەڵ کچەکان و کوڕەکان دەهاتە ئەنجام دان. واتە زیاتر کەسە دەستڕۆیشتووەکانی بنەماڵە چارەنووسی کچان و کوڕانیان دیاری دەکرد، چونکە لە نەریتی عەشائیریدا وابوو، نەدەبوو کوڕان و کچان لە قسەی بنەماڵە دەربچن و یاخی بن.

جاری واش هەبوو بە زۆرەملێ کچەکەیان لە کوڕەکە مارە دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر کۆدەنگییەك لە ماڵەوە دروست ببوایە لەسەر کەسێك کە بەدڵیان بوایە!

کاتێ وادەی شووکردنی کچان و ژنهێنانی کوڕانیش دەهات،کەسە دەستڕۆیشتووەکانی بنەماڵە دەکەوتنە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەیەك گەیاندنی کچەکە و کوڕەکە، کاتێ هەموان، بە کچەکە و کوڕەکەشەوە، ڕەزامەندیان نیشان دەدا، ئیتر کەسانی ڕیشسپی و پیاوماقول و گەورەی بنەماڵە بە فەرمی دەچوونە خوازبێنی کچەکە، دوای دانیشتن و بەخێرهێنان لەلایەن ماڵی کچەوە، سەرەتا یەکێك لە خزمانی زاوا، جا کامیان لە هەموان بە تەمەنتر یان ماقولتر بوایە، بە نوێنەرایەتی بنەماڵەکەیان، دەستی بە قسە دەکرد و دەیوت: "ئێمە هاتووین بمان کەن بە خولامی خۆتان و کچەکەتان بدەن بە فلان کەس."

ماڵی کچەکەش، ئەگەر ئەو کارەیان بە دڵ بوایە، پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکردن و کچەکەیان دەدایە کوڕەکە. کچەکەش لە ڕێگەی باوکی یان دایکییەوە داواکارییەکانی خۆی پێشکەش بە ماڵی زاوا دەکرد، کە بریتی بوو لە بڕێك زێڕ یان زیو، وەك: خزێم و کەمەر و هتد.

لە قۆناغی دووەمدا، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا؛ چەند پیاوماقولێك لەگەڵ مامۆستای ئایینی دەچوونە ماڵی بووك بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی مارەکردن، هەندێ جاریش مارەکردن و گواستنەوە پێکەوە ئەنجام دەدرا.

شایانی ئاماژەپێدانە، لە کاتی دەستگیرانیدا، زۆر کەم وا دەبوو زاوا بچێتە ماڵی خەزووری، چونکە هەستی بە شەرم و حەیا دەکرد، ئەگەر بشچووبایە بۆ ماڵی خەزووری،

ئەوا دەبوو دوو سێ کەس لە هاوڕێ و خزمانی لەگەڵی بچوونایە، بۆ ئەوەی تەریق نەبێتەوە و شەرم لەخۆی نەکاتەوە!

لەمبارەیەوە قسەم لەگەڵ چەند کەسێکی بەتەمەن کردووە، کە حەزیان نەکرد ناوەکانیان بێنم، تەنیا ئاماژە بە وتەکانیان دەکەم:

کەسی یەکەم: "کاتی دەستگیرانی، یەك جاریش نەچوومە ماڵی خەزوورم و تا نەمگواستەوە، قسەم لەگەڵ دەستگیرانم دا نەکرد، چونکە پێم شەرم بوو."

کەسی دووەم: "کاتی دەستگیرانی، تەنیا یەك جار چوومە ماڵی خەزوورم، ئەویش دەستگیرانەکەم لە ماڵەوە نەبوو، واتە تا نەمگواستەوە قسەم لەگەڵیدا نەکرد."

٣-کچ فڕاندن (هەڵگرتن): کچ فڕاندن (هەڵگرتن)، کەم تا زۆر لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە، بەڵام دیاردە نەبوو، بەڵکوو حاڵەت بووە.

ئەم حاڵەتەش کاتێ ڕووی دەدا کە کچێك و کوڕێك زۆر شەیدا و خۆشەویستی یەکتری بونایە و دەستبەرداری یەکتری نەبونایە. کوڕەکە بە فەرمی چەند جارێك ڕیشسپی و پیاوماقولانی بناردایە خوازبێنی کچەکە، بەڵام کەسوکاری بە پاساوی جیاجیا، ئەو کچەیان نەدابایە بەو کوڕە، کوڕەکە ناچار دەبوو، پەنا بباتە بەر ئەو کارە و کچەکەی دەفڕاند و بە شەو و بە شێوەیەکی نهێنی لە ئاوایی دووردەکەوتنەوە و پەنایان بۆ ماڵی شێخێك یان ئاغایەك یان پیاوماقولێکی ناوچەکەیان دەبرد.

کە دەچوونە ماڵی ئەو کەسەش، ئیدی جۆرە پارێزبەندی (حصانە)یەکیان دەبوو و هیچ کەسێك بووی نەبوو دەستدرێژی بکاتە سەریان، پاش ماوەیەك، کچەکە و کوڕەکە لە یەکتری مارە دەکران، ئینجا ئەو شێخە یان ئاغایە یان پیاوماقولە هەوڵی دەدا بنەماڵەی کچەکە و کوڕەکە ئاشت بکاتەوە، دوای ئاشتبوونەوە و ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە، بووك و زاوا دەگەڕانەوە گوندەکەیان و ژیانی خۆیان بە شێوەیەکی ئاسایی دەبردە سەر.

شایانی ئاماژەپێدانە، هەندێ جار کەسوکاری کوڕەکەش، نەخاسمە دایك و باوکی کوڕەکە ئاگاداری ئەو هەڵگرتنە بوون و جاری واش هەبوو هاوکار و یارمەتیدەریشی دەبوون، بەڵام جاری واش هەبوو، کوڕەکە بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری ئەوان، پەنای بۆ ئەو کارە دەبرد، جاری واش هەبوو کەسوکاری کوڕەکە دژی ئەو کارە دەوەستانەوە.

هەندێ جار خزم و کەسوکاری کچەکەش ئاگاداری ئەو هەڵگرتنە دەبوون، نەخاسمە دایکی کچەکە، بەڵام بۆ ئەوەی دووچاری کێشە نەبێت، وا خۆی دەردەخست کە بێئاگایە.

بەڵام گرنگە وەبیر خوێنەران بێنمەوە، کە هەڵگرتن، لە دەڤەری مزووری باڵا کارێکی پەسەند نەبووە، بەڵکوو وەك کارێکی ناشیرین و قێزەون سەیرکراوە.

• **نەریتی بووکگواستنەوە:** نەریتی بووکگواستنەوە لە دەڤەری مزووری باڵا بەر لە (٧٠ ساڵ، بەم شێوەیە بووە: ماڵی زاوا پێش چەند ڕۆژێك کەسێکی دەنارده ماڵی بووك، کە بە (پێپکێ سه)ی ناسرابوو.

لە کات و وادەی دیاریکراوی خۆیدا چەند کەسێك لە پیاوان و ئافرەتان دەکەوتنە ڕێ بۆ ماڵی بووك، بەمەبەستی گواستنەوەی بووکەکە. هەروەها ئەگەر لە دەستیان بهاتایە (١-٢ حەیوانێکیان بۆ ماڵی بووك دەبرد، بۆ ئەوەی لەوێ سەربیبڕن و خزمەتی میوانانیان پێ بکەن.

لە کاتی خۆسازکردن بۆ گەڕانەوە، یەکێك لە کەسە نزیکەکانی زاوا، دەستی بووکی دەگرت، بۆ ئەوەی بەرەو ماڵی زاوا بکەونە ڕێ، بەڵام یەکێك لە نزیکەکانی بووك، وەك برا یان خوشك یان برازا یان خوشکەزای بووك، دەرگای بەڕووی ئەواندا دادەخست و داوای (پشتەدەر)یان لێ دەکردن، ئەوانیش بە پێدانی پارە، ئەو کەسەیان ڕازی دەکرد، ئینجا دەرگایەکەی دەکردەوە و بووکیان بۆ ماڵی زاوا دەگواستەوە.

بەڵام نەریت وا بوو، چەند گەنجێکی ئەو گوندە، کە ماڵی بووکی لێبوو، لە پەنایەك خۆیان مەلاس دەدا، تاکوو بووکەکە دەهات، ئینجا ڕێیان لێ دەگرتن و داوای گیسکێکیان لێ دەکردن، کە بە (گیسکی گەنجان یان کوڕان) باو بوو!

زۆربەی جار ماڵی زاوا داواکاری گەنجانی بەهەند وەردەگرت و گیسکێکی دەدانێ بۆ ئەوەی بۆ خۆیان بکوژنەوە، بەڵام هەندێ جار کێشە و گرفت لە نێوانیاندا دروست دەبوو.

بۆ گواستنەوەی بووکیش، ئەگەر لە گوندێکی دیکە، یان لە شوێنێکی دوورە دەست بوایە، ئەوا بە ماین یان هێستر دەیان گواستەوە، چونکە لە دەڤەری مزووری باڵا کارێکی عەیبە بوو ئافرەت لە گوێدرێژ سوار بێت!

بەڵام ئەگەر ماڵی بووك نزیك بوایە، ئەوا بەپیادە دەیان گواستەوە بۆ ماڵی زاوا، کاتێ بووك دەگەیشتە پێش دەرگای ماڵی زاوا، نەریت وا بوو، زاوا بچێتە سەر بان، یان سەکۆ، یان شوێنێکی بەرز و بڵند و هەندێ گوێز و باوی یان هەر شتێك کە لەو سەردەمە هەبوایە هەڵی دەڕشتە سەر سەری بووکەکە و بە پێ، هەندێ خاك و خۆڵی دەهاوێشتە سەر سەری بووکەکە، هەروەها نەریت وا بوو، کەسێکی نزیك لە زاوا گوزەیەکی لە گڵ دروستکراو لە پێش پێیەکانی بووکدا بشکێنێت، وەك نیشانەیەك، بۆ قەدەمر خێری بووك، هەروەها دایك یان خوشك یان کەسێکی نزیك لە زاواش، هاوشێوەی زاوا، چوکلێت، یان گوێز یان باوی یان

ڤەسپی بەسەر سەری بووکدا هەڵدەڕشت، بۆ ئەوەی منداڵەکان ئەو نوقل و شیرینیانە بۆ خۆیان کۆبکەنەوە.

کاتێ بووکیان دەگواستەوە، تا دەگەیەندرایە ماڵی زاوا، دەمر و چاوی بەخێلییەك دەهاتە داپۆشین و کەس بووی نەبوو ببینێت!

ڕۆژانی دوایی، خزمر و کەس و ئاشنا و خەڵکی گوند و گوندانی دەوروبەر بە مەبەستی پیرۆزبایی، ڕوویان لە ماڵی بووك و زاوا دەکرد، بەمەبەستی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی و پیرۆزبایی بۆ بووك و زاوا و هەر یەکە بەپێی توانای دارایی خۆی، دیاری و خەڵاتیان بۆ ماڵی بووك و زاوا دەبرد، لەو لاشەوە کە بووك دەهاتە ماڵی زاوا، دیاری و خەڵاتی لەگەڵ خۆی دەهێنا؛ بۆ ئەوەی بداتە خزمر و کەسە نزیکەکانی زاوا و ئەو کەسانەی کە دیارییان پێشکەش بە ماڵی زاوا دەکرد. دیاریەکانیش، کە بووك لەگەڵ خۆی دەهێنان، بریتی بوون لە: گوریە، ساقە(١٥٤)، دەستماڵ، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، شانە و ئاوێنەشیان دەبرد.

لە کاتی بووکگواستنەوە، گۆرانییان دەچڕی، ئەمەی خوارەوە، کۆپلەیەکە لەو گۆرانییە:

بووکێ دەلالێ هەستە خۆ کارکە
شیشا گولاڤێ سەرێ خۆدا کە(١٥٥).

هەروەها دەوترا:

"بیننەدەر و بیننە دەر
بیننەدەرێ ل خانی
سیارکەن ل جانی
پیرۆزکەن ل خودانی
بیننەدەر و بیننەدەر
خزێمر شۆڕێ بیننەدەر."(١٥٦)

کە بووك دەگەیشتە پێش ماڵی زاوا، دەیانوت:

هەی تو زاڤا، تو زاڤا
خودێ ماڵا تە ئاڤا
تە....... کریە زاڤا.

---

(١٥٤) ساقە، وەك گورەوی وابوو، لە خوری دروست دەکرا، بەڵامر دوو سەرە بوو، لای خوارەوە تەسك بوو، لای سەرەوە بەرین (گوشاد) بوو، بۆ ئەوەی تا ژێر ئەژنۆ بگرێت، شایانی ئاماژەپێدانە، ساقە تەنیا لە وەرزی زستان و لە کاتی بەستەڵەك و شەختە لەپێ دەکرا. (نووسەر)

(١٥٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو زەینەب ئیسماعیل ستویەیی، لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٧

(١٥٦) لە دەستنووسی (گوندێ دێزۆ) وەرگیراوە.

• **نەریتی شایی و زەماوەند:** شایی و زەماوەند لە دەڤەری مزووری باڵا تایبەتمەندی خۆی هەبووە، لە کاتی گواستنەوەی بووکدا، ئەگەر باوکی زاوا کەسێکی دارا و هەبوون بوایە، خەبەری بۆ گوندەکانی دەوروبەری خۆیان دەنارد کەوا لە فڵانە ڕۆژ بووک بۆ کوڕەکەم دەگوازمەوە، بۆیە بانگهێشتی دەکردن کەوا بەشدار بن لە شایی و زەماوەندی کوڕەکەی دا.

ئەوانیش بەپێی توانا بەشدار دەبوون و ئەگەر دارا و هەبوون بونایە، دیارییان بۆ ماڵی زاوا دەبرد، وەك: مەڕ و ماڵات.

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمی گواستنەوە، پیاوان و ژنان و کوڕان و کچان دەستیان بە شایی و زەماوەند دەکرد، زۆربەی جار ئەم شایی و زەماوەندە ڕۆژێك پێش بووك گواستنەوە ئەنجام دەدرا، هەروەها (٢-٣) ڕۆژ و شەو پاش گواستنەوەش بەردەوام دەبوو. بەتایبەتی ئەگەر زاوا لە بنەماڵەیەکی بەگزادە یان میر یان ئاغا یان ناودار یان دارا و هەبوون بوایە. بەڵام وەك پابەندبوونێك بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، پیاوان و ژنان بە جیا شایی و زەماوەندیان دەکرد و زۆر کەم وا دەبوو ڕەشبەڵەك و جەرگەبەز بکەن.

جۆرەکانی شایی و زەماوەند لە دەڤەری مزووری باڵا زیاتر ئەمانە بوون: "شێخانی. گۆڤەند، ناڤچەلی، سینەم، سێ پێ و گوڵشێنی."

بەڵام وا نەبێت، هەر تەنیا لە ڕێوڕەسمی بووك گواستنەوەدا، شایی و هەڵپەڕکێ کرابێت، بەڵکوو لە زۆر بۆنەی دیکەدا، وەك جێژنەکان، دەنگی شایی و گۆڤەند بەرز دەبووە بۆ ئاسمان.

• **نەریتی گەڕانەوەی بووك بۆ ماڵی باوکی:** بەپێی دووری و نزیکی ماڵی باوکی بووك لە ماڵی زاوا، وادەی گەڕانەوەی بووك دیاری دەکرا، بۆ نموونە ئەگەر ماڵبابی بووك لە گوندێکی دوور بوایە، ئەوا دوای دوو هەفتە، ئینجا بووك دەگەڕایەوە ماڵی باوکی، بەڵام ئەگەر ماڵبابی بووك نزیك بوایە و هەر لە ناو گوندەکە بوایە، ئەوا دوای حەفتەیەك، بۆ بووك هەبوو بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی، کە بە (چوونەڤ بابا) ناسرابوو!

کاتێ وادەی گەڕانەوەی بووك دەهات، دایکی یان پووری یان پلکی، یاخود دوو سێ کەس لە نزیکەکانی، سەردانی ماڵی زاوایان دەکرد و بووکیان دەبردەوە بۆ ماڵی باوکی.

بەڵام پێش ئەوەی بووکەکە بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی، لەلایەن ماڵی زاواوە بەپێی توانا، هەندێ دیاری و خەڵات ئامادە دەکرا بۆ ماڵبابی بووکەکە، تاکوو بە دیاری بۆ خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی بباتەوە و بەسەریاندا دابەشی بکات.

مانەوەی بووکیش لە ماڵی باوکی، زیاتر لەسەر ڕێککەوتنی هەردوو لا، واتە ماڵی (بووك و زاوا)بوو. ئەگەر ماڵی باوکی نزیك بوایە (٢-٣) ڕۆژ دەمایەوە، ئەگەر دوور بوایە، ئەوا حەفتەیەك دەمایەوە.

کاتێ وادەی گەڕانەوەی بووکیش دەهات بۆ ماڵی هاوسەرەکەی، خزم و کەسە نزیکەکانی بووك، وەك مام و خاڵ و ئامۆزا و پلك و پوور و کەسە نزیکەکانی دیکەی، هەر یەکە و بەپێی توانای خۆی، دیاری و خەڵاتیان بۆ بووکەکە دەهێنا، جاری وا هەبوو بووکەکە چەندی مەڕ و ماڵات و خەڵاتی جیاجیای لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە بۆ ماڵی هاوسەرەکەی.

ئینجا لەلایەن ماڵی زاواوە، کەسێك یان چەند کەسێك دەچوون بۆ ماڵی بووك، تاکوو بە خێر و خۆشی بووکەکە بگەڕێننەوە بۆ ماڵی هاوسەرەکەی.

• **نەریتی فرەژنی:** نەریتی فرەژنی کەم تا زۆر لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە، ئەمەش چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بوو، لەوانە:

١. ئافرەتی کورد بەگشتی و ئافرەتی دەڤەری مزووری باڵا بەتایبەتی، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی ماڵەوەدا، واتە ئافرەت هاوشانی پیاو بووە لە گشت کارەکاندا، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر دیاردەی فرەژنی، چونکە ئەو پیاوەی زیاتر لە ژنێك و دووانی هەبوایە، تا ئەندازەیەك باری سووکتر دەبوو و باشتر کارەکانی خۆی ڕایی دەکرد.

٢. زۆر جار ئافرەتە بێوەژن و بێ سەمیان و بێکەسەکان بێ ناز دەکەوتن و وەك پێویست کەس نەبوو بەخێویان بکات و بەئاسانی نەیاندەتوانی خۆیان بژێنن. بۆیە ئەو جۆرە ژنانە پەنایان بۆ شووکردنەوە دەبرد و زۆربەی جار شوویان بە پیاوە خێزاندارەکان دەکرد.

٣. فرەژنی، لای هەندێ کەس نیشانەی زیرەکی و پیاوچاکی و بوێری بوو، بۆیە ئەگەر پێی بکرابایە، پەنای بۆ هێنانی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەمیش دەبرد.

٤. هەندێ جار میرات ڕۆڵی هەبوو لە هێنانی ژنێك زیاتر. بۆ نموونە: زۆر کەس چاویان دەبڕییە ئەو میراتەی کە پیاوە دەوڵەمەندە خێزاندارەکان لە دوای خۆیان بەجێیان دەهێشت. جا بۆ ئەوەی لەو میراتە سوودمەند بن، هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەو جۆرە ژنان دەکرد، کە پیاوەکانیان وەفاتیان دەکرد.

٥. هێنانی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم، بەپێی شەریعەتی ئیسلام، کارێکی ڕێ پێدراوە، بەمەرجێك دادپەروەری لە نێوانیاندا بەرقەرار بکرێت، ئەمەش هۆکارێك و هاندەرێك بووە بۆ فرە ژنی لە دەڤەری مزووری باڵا.

٦. وەچاخ کوێری هۆکارێك بووە بۆ فرەژنی: زۆرجار هێنانی ژنی دووەم، بۆ ئەوە بوود تا کابرا خۆی ڕزگار بکات لە وەچاخ کوێری. واتە ئەو کەسەی کە کوڕی نەدەبوو، ژنی دووەم، یان سێیەم و چوارەمیشی دەهێنا، بەشکم وەچەی نێرینە بخاتەوە، تا کەس پێی نەڵێت: فڵانە کەس پیاوێکی وەچاخ کوێرە!

٧. زۆر جار، کاتێ کەسێك لە بنەماڵەیەکدا دەمرد، یەکێك لە ئەندامانی ئەو ماڵە، بۆ نموونە: برا، براژنی خۆی مارە دەکردەوە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی منداڵەکانی بکات و خێزانەکە لەبەر یەك هەڵنەوەشێتەوە.

•**نەریتی (زاڤابەنی):** نەریتی (زاڤابەنی)، لە دەڤەری مزووری باڵا دیاردە نەبووە. بەڵکوو وەك حاڵەت لێرە و لەوێ هەبووە.

(زاڤابەنی) پەیمانێك بوو، لە نێوان باوکی کچێك و کەسێکی دیکەدا دەبەسترا، کە دەیویست ببێتە زاوای ئەو کەسە، جا هەردوولا لەسەر ئەو پەیمانە ڕازی دەبوون، بە مەرجێك زاوایەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیارکراو بۆ باوکی کچەکە کار بکات.

کاتێ هەردوو لا دەگەیشتە ڕێککەوتن، کچەکە لە کەسەکە مارە دەکرا، ئەو کەسەش پەیمان و بەڵێنەکەی دەبردەسەر و پێیەوە پابەند دەبوو، هەروەها بۆ خەزووری کاری دەکرد، تا وادەکەی تەواو دەبوو، کە وادەکەی تەواو دەبوو، ئیدی کەسەکە ئازاد دەبوو و پەیمانەکە هەڵدەوەشایەوە.

هەڵبەت، بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کە بۆ ئەم بابەت و مژارە کردوومە، گەیشتوومەتە ئەو دەرەنجامە، کە کاری (زاڤابەنی)، زیاتر دوو هۆکاری لە پشتەوە بووە، یەکەم: دیارە ئەو کەسە کە دەبووە (زاڤابەنی)، کەسێکی بێکەس و هەژار و بێ حاڵ و ماڵ بووە و هیچ داڵدە و پەنایەکی نەبووە، بۆیە بەناچاری ڕازی بووە بەرامبەر بە خێزاندار بوون، چەند ساڵێك خۆی بە کۆت و بەندی خەزوورەکەیەوە ببەستێتەوە و کاری بۆ بکات، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەسەش کە ئامادەیی دەردەبڕی بۆ ئەوەی کچی خۆی لە کەسێکی وا مارەبڕ بکات و بیکاتە (زاڤابەنی) خۆی، تاکوو بۆ چەند ساڵێك کاری بۆ بکات، یان خاوەن زەویوزار یکی زۆر و فرەکار بووە، یاخود لە ئاست کارەکانیدا دەستەوەستان بووە و فریای

کارەکانی نەکەوتووە و نەیتوانیوە هەموو کارەکانی خۆی بە چاکی ڕایی بکات، بۆیە ناچار بووە پەنا بۆ ئەو کارە ببات.

شایانی ئاماژە پێکردنە ئەو کەسەی کە دەبوو بە (زاڤابەنی)، دەبوایە توانای کارکردنی هەبوایە و کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو بوایە و لە مەیدانی کارکردندا ئەسپی خۆی تاو بدایە!

●**نەریتی ژن بە ژنە:** ژن بە ژنە وەك نەریتێکی کۆن، کەم تا زۆر لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە، بەڵام لە سەردەمی شێخەکانی بارزان، نەخاسمە لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە سنووری قەڵەمڕەوی دەڤەری بارزان قەدەغە و یاساغ کرا بوو، چونکە ئافرەت بە پلەی یەکەم دەبووە قوربانی و چەندین کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوتەوە.

هەموو کەسێك ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەزانێت کە چوار دڵ نابن بە یەك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باب و باپیرانمان ئەو کارەیان ئەنجام داوە، دیارە هۆکار و پاساوی خۆیان هەبووە، لە وانە:

١. جاران ڕێژەی ئافرەت لە دەڤەری مزووری باڵا کەم بووە، بۆیە هەموو کوڕێك نەیتوانیوە بە ئاسانی ژن بهێنێت، هەموو کچێکیش نەیتوانیوە بە ئاسانی شوو بکات. بۆیە بە ناچاری پەنایان بردووەتە بەر ژن بە ژنە.

٢. ژیانی جاران وەك ژیانی ئێستا ئاسان نەبووە، ئەمڕۆ دونیا بەهۆی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری (گلۆبالیزیشن)ەوە، وەك گوندێکی بچووکی لێ هاتووە و خەڵك بە ئاسانی دەتوانێ لەگەڵ هەر گەل و نەتەوەیەك لە سەرتاسەری دونیا پەیوەندیی دروست بکات.

لەم سۆنگەیەوە، ئێستا پرۆسەی هاوسەرگیری نەك سنووری گوند و شارەکان، تەنانەت سنووری کوردستانیشی تێپەڕاندووە و پەڵی هاوێشتووە بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان.

بۆ نموونە: ئێستا گەنجانی کورد بە ئاسانی دەتوانن لەگەڵ کچە فارسەکان یان عەرەبەکان یان تورکەکان یان ئەوروپی و ئەمریکی و ژاپۆنییەکان و هاوسەرگیری بکەن.

بەڵام ژیانی جاران پێچەوانە بوو، پەیوەندییەکان سنووردار بوون و لە چوارچێوەی خزمایەتی یان گوندایەتی دەرنەدەچوون و ژنهێنان لە دەرەوەی سنووری مزووری باڵا زۆر کەم و دەگمەن بووە و کچ و کوڕانی ئەو دەڤەرە دەرفەتێکی کەمتریان لەبەر دەستدا بووە، کە شوو بکەن یان ژن بهێنن، بۆیە زۆر کەس بەناچاری کەوتوونەتە ئەو تەڵەیەوە.

٣. ژن بە ژنە، کارێکی تا ئەندازەیەك ئاسان بووە، چونکە هەم دان بووە، هەمیش ستاندن. واتە جۆرە هاوسەنگییەکی لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا دروست کردووە، کە بە مەرجی یەکتری ڕازی بن و کەس مەرج بەسەر ئەوی دیکەدا نەسەپێنێت.

٤. هۆکارێکی دیکەی ژن بە ژنە، بۆ جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕایەوە، واتە هەندێ بەرەباب لە کۆندا، نەیان ویستووە کچەکانیان لە سنووری بنەماڵەکەیان بچنە دەرەوە و شوو بە کەسانی بیانی بکەن، جا بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایە، پەنایان بۆ ژن بە ژنە بردووە و لە چوارچێوە و سنووری ئەو بنەماڵەیەدا کچەکانی خۆیانیان بە شوو داوە.

• **نەریتی خوێنبایی:** خوێنبایی لە دەڤەری مزووری باڵا دیاردە نەبووە، بەڵکۆ حاڵەت بووە و تا ئەندازەیەکیش دەگمەن بووە، ئەویش کاتێ ئەو حاڵەتە ڕوو دەدا کە لە نێوان دوو خێزان یان دوو بنەماڵەدا کەسێك یان زیاتر لە کەسێك کوژرابوایە، جا چ بە قەزا و قەدەر بوایە، یان بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوایە، ئەو کاتە کەسانی پیاوماقول و ڕیشسپی و خاوەن سەنگ و دەنگ، هەوڵیان دەدا ئەو دوو بنەماڵەیە ئاشت بکەنەوە، کە بە (سوڵحی عەشائیری) باو بوو.

جا یەکێك لەو میکانیزمانە، کە دەگیرایە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ئەوە بوو کەسی بکوژ، دەبوایە کچێکی خۆی، یان خوشکێکی خۆی، یاخود کچێك لە بنەماڵەی خۆی، وەك (خوێنبایی)، واتە لەبڕی خوێنی کوژراوەکە، بداتە یەکێك لە خزمانی کوژراوەکە، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بێت.

هەڵبەت لەم میانەدا کچ دەبووە قوربانی، بەڵام وا نەبێت هەموو جارێ کچ بە زۆرەملێ لە کەسێکی دیکە مارە کرابێت، بەڵکوو جاری وا هەبووە کچەکە خۆی بەدڵی خۆی شووی بە کەسێکی ئەو بنەماڵەیە کردووە، لە پێناو ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بێت و کەسێکی دیکە لە نێوانیاندا نەکوژرێت، واتە خودی کچەکە ڕۆڵێکی ئاشتیخوازانەی بینیوە و هێما و هەوێنی ئاشتەوایی بووە.

• **نەریتی سەپانی:** نەریتی سەپانی لە کۆندا، لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە، چونکە لە کۆندا سیستمی دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی هەبووە و ئاغاکان لەو ناوچەیە باڵادەست و قسە ڕوویشتوو بوون، جا ئەو کەسانەی کە هەژار و دەستکورت و لێقەوماو بوون نەیان دەتوانی لە ناوچەکە خۆیان بژێنن، ناچار دەبوون ببنە سەپانی ماڵی ئاغا و، کار و کەسابەتیان بۆ بکەن، لەبڕی ئەوەش ئاغاکان، خواردن و جلوبەرگی ئەوانیان دابین دەکرد.

• **نەریتی سوخرەکاری (بێگاری):** لە کۆندا، نەریتی سوخرەکاری (بێگاری)، وەك باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان، کەمر تا زۆر لە دەڤەری مزووری باڵاش هەبووە، چونکە لە هەر شوێنێك ئاغاکان باڵادەست بونایە، سوخرە و بێگاری بوونی هەبوو.

سوخرە، واتە ئەو کەسانەی کە لە ژێر ڕکێفی ئاغادا دەژیان، واتە کرمانج بوون، دەبوایە ساڵانە بەپێی پێویست، چەند ڕۆژێك بەبێ بەرامبەر بۆ ئاغا کار بکەن، کارەکانیش زیاتر ئەمانە بوون: دەرهێنانی ئاو و دارهێنان و بڕین و سووتاندنی هێتوون و دروستکردنی خانووبەرە و ڕەز کۆلین و هتد.

هەڵبەت ئەو کەسانەش کە دەبوایە بۆ ئاغا سوخرەکاری بکەن، ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك پێشتر لەلایەن موختار (هەڵبژێردراو)ی گوندەکانەوە ئاگادار دەکرانەوە کەوا لە فڵانە ڕۆژ لە فڵانە شوێن ئامادە بن، چونکە کاری دەستەکۆیی (زبارەیی) بۆ ماڵی فڵان ئاغا دەهێتە ئەنجام دان.

• **نەریتی زێڕەسەر وەرگرتن:** کاتی خۆی لە دێر زەمانەوە نەریتی زێڕەسەر لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە، واتە ساڵانە ئاغایەکان، خزمەتکار و خولامەکانی خۆیانیان ڕادەسپاردن، کە زێڕەسەر لە خەڵکی ڕەش و ڕووت و جوتیار و وەرزێر و کاسبکار بسەنن، ئەمەش بۆ سێ هۆکاری سەرەکی دەگەڕایەوە:

١. کاتی خۆی ئەو زێڕەسەرە سەرچاوەیەکی زۆری داهات و درامەت بووە بۆ ئاغاکان.

٢. ئاغاکان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەو زێڕەسەرەوە هەیبەت و هەژموونی خۆیان بەسەر کرمانج و ڕەنجبەرەکاندا دەسەپاند.

٣. ئاغاکان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەو زێڕەسەرەوە، دڵنیا دەبوون کەوا خەڵکەکە لە ژێر ڕکێفی ئەواندا ماوە و وەلایان بۆ ئەوان ماوە یان نا، چونکە ئەگەر خەڵکەکە نەچووبانە ژێرباری دانی زێڕەسەرەوە، ئەوا بەڵگە بوو لەسەر ئەوە کەوا وەلا و ئینتیمایان بۆ ئاغاکانیان نەماوە و هەڵگەڕاونەتەوە.

• **نەریتی عەمبار پیوان:** ساڵانە لە کاتی دروێنە و پێگەیشتنی داهاتی چاندن، ئاغایەکان، لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان، کەسێکیان بەناوی (شانە) ڕادەسپارد، کە لەسەر خەرمان (جۆخین)ەکان بگەڕێت و لە هەر (١٠) تەنەکە لە گەنمر، یان جۆ، یان برنج، یەك تەنەکە بۆ ئاغاکان بپێوێت.

هەژماردنی ئەم جۆرە باجە ناچاری بووە، واتە جوتیار و وەرزێر و کاسبکاران ناچار بوون ئەو تەنەکەیە لە داهاتەکەیان بدەن بە ئاغاکانیان.

هەڵبەت مەبەستی ئاغاکان لە عەمبار پیوان ئەوە بووە کە هەم داهاتێك بۆ خۆیان کۆبکەنەوە و لەسەر داهات و ڕەنج و شانی جووتیار و وەرزێرەکان بژیێن، هەمیش پەیامێك بۆ ڕەعیەتەکانی خۆیان بنێرن، کە هێشتا ئەوان لە ژێر ڕکێفی ئاغاکانیان دان و دەبێت فرمانی ئەوان جێبەجێ بکەن.

• **نەریت و ڕێوڕەسمی بەهی و تازیەکان:** ئەگەر کەسێك لە گوندێکی دەڤەری مزووری باڵا بمردایە، خەڵکی ئەو گوندە خێرا لە ماڵی مردوو کۆدەبوونەوە، ئەگەر لەسەر کاریش بوونایە، ئەوا جاڕ دەدرا کەوا فڵانە کەس مردووە، ئەوانیش دەستبەجێ دەستیان لەکاری خۆیان هەڵدەگرت و بە کۆمەڵ دەگەڕانەوە و ڕوویان لە گۆڕستان دەکرد و گۆڕیان بۆ مردوو هەڵدەکەند. دوای هەڵکەندنی گۆڕەکە و شۆردن و کفنکردن و نوێژکردن لەسەر مردووەکە، جەنازەکەیان بە دارەبەست (تابوت) دەبردە گۆڕستان و بە خاك دەسپێردرا.

ئینجا خەبەریان دەنارد بۆ گشت گوندەکانی مزووری باڵا، کەوا فڵانە کەس مردووە و فڵانە ڕۆژیش پرسەکەیەتی، ئەوانیش بەپێی توانا بەشدارییان لە پرسەکەیدا دەکرد، زۆرجاریش چەند کەسێك بە نوێنەرایەتی گوندێك دەهاتن بۆ پرسەکە و ئەگەر ڕەوشی ئابووریشیان باش بوایە، ئەوا چەند مەڕ و ماڵاتێکیشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا بۆ خاوەن مردووەکە.

هەروەها نەریتیش وا بوو کەوا خەڵکی گوندەکە لە ڕۆژانی بەهی و تازیە، هەر یەك لەلای خۆیەوە خواردنێك ئامادە بکات و لە ڕۆژانی بەهی و تازیەدا، بۆ ماڵی خاوەن مردوو ببات.

هەندێ جاریش خزم و کەسانی مردوو بە پارە یان مەڕ و ماڵات یان کەلوپەلی خواردن، بەشدار دەبوون لە سووککردنی باری شانی خاوەن مردووەکە.

بەڵام جاری واش هەبووە، کەسوکاری مردووەکە بە تەنیا تێچووی مردووەکەیان لە ئەستۆ گرتووە.

شایانی ئاماژەپێکردنە، کاتی خۆی مردوو لە دەڤەری مزووری باڵا ڕێز و هەیبەت و حورمەتێکی زۆری هەبووە، تەنانەت کاتێ کەسێك لە گوندێك دەمرد، وەك ڕێزگرتنێك بۆ کەسی مردوو و خزم و کەسوکارەکانی مردوو، تا چەند ڕۆژ و حەفتەیەکیش شایی و

زەماوەندیان نەدەکرد و بە هەست و نەست و کردار، گوزارشتیان لە شیوەن و ماتەمینی خۆیان دەکرد بەرامبەر بە مردووەکە و کەسوکارەکەی.

تەنانەت لە هەندێ شوێنی مزووری باڵا، بۆ نموونە: لە گوندێکی وەکوو (دێزۆ)، نەریت وا بوو: تا کەسوکاری مردووەکە، نەچووبانە حەمام، کەس بۆی نەبوو سەری خۆی بشوات. بەڵام کە ماوەیەك بەسەر تازییەکەدا تێدەپەڕی، ئیدی کەسوکاری مردووەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەچوونە حەمام، بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ خەڵکی ئاواییش خۆش بکەن، تا بە شێوەیەکی ئازاد وسەربەست سەری خۆیان بشۆن.(١٥٧)

• **نەریتی پیتاك کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوان:** لە دەڤەری مزووری باڵا، نەریتێکی جوان و باو هەبوو، هەر کەسێك لەناو سنووری گوندەکانی عەشیرەتەکە، تووشی کارەساتێکی ماڵی ببوایە، بۆ نموونە: ئەگەر مەڕو ماڵاتی کەسێك بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە قڕی تێکەوتبا، ئەوا خەڵکەکە، دەستەوەستان نەدەوەستان! بەڵکوو وەك هاوکاری و هاوسۆزییەك بۆ ئەو لێقەوماوە و بەمەبەستی سووککردنی باری شانی ئەو کەسە، دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردن و هەوڵیان دەدا بەشێك لەو زیانە بۆ خاوەنەکەی قەرەبوو بکەنەوە و دەستی بگرن، بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێتەوە و جارێکی دیکە درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر ماڵێك بە پێی توانای دارایی خۆی، یارمەتی کەسەکەی دەدات، جا هەبوو مەڕێکی پێ دەبەخشی، هەبوو بزنێك، هەبوو گیسکێك، هەبوو کاریلەیەك، هەشبوو بەرخێك و هتد.

• **نەریتی خێر و شەڕی بە کۆمەڵ:** نەریتی خێر و شەڕی بەکۆمەڵ هەر لە کۆنەوە لەناو مزوورییەکاندا شتێکی باو بووە، بۆ نموونە ئەگەر مەترسییەکی سروشتی یان مرۆڤکرد یان مەترسییەك لەسەر ئەو دەڤەرە هەبوایە، ئەوا دانیشتوانی هەر گوندێکی دەڤەری مزووری باڵا پەنایان بۆ ئەنجامدانی خێر و شەڕی بە کۆمەڵ دەبرد و مەڕ و ماڵاتیان سەردەبڕی و بەسەر ماڵاندا دابەشیان دەکردن، هەروەها چوکلێت و شیرینی و پسکوێتیان دەکڕی و بەسەر مناڵاندا دابەشیان دەکردن و بە کۆمەڵ لە خودای دلۆڤان دەپاڕانەوە کەوا ئەو بەڵایەیان لەسەر لابات و لەو قاتی و قڕی و نەهامەتی و مەینەتییە ڕزگاریان بکات کە بەرەورووویان بووەتەوە.

---

(١٥٧) دەستنووسی گوندی دێزۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو. (نووسەر)

• **نەریتی کاری هەرەوەزی (زبارە):** نەریتی کاری هەرەوەزی (زبارە)، لە ناو مزووریەکان بەتایبەتی و، گەلی کورد بە گشتی، هەر لە دێر زەمانەوە هەبووە و ڕەگ و ڕیشەی لەناو گەلی کورددا داکوتاوە.

هەڵبەت ژیان لە زەمانی ڕابردوو، بەتایبەتی لە گوندە دوورە دەستەکان، لەوپەڕی سەختی و دژواریدا بووە و کەس بەتەنیا نەیتوانیوە گشت کاروبارەکانی خۆی ڕایی بکات، بۆیە گوندنشینان پەنایان بۆ کاری هەرەوەزی و زبارە بردووە و هاوکاریکردنی یەکتری وەك یاسایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەسەر زەمینی واقیع جێبەجێ کردووە، بۆ ئەوەی هەموان پێکەوە ئەم بەرپرسیارەتییە هەڵگرن و کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن و کەس لە کارەکانیدا دوا نەکەوێت و ڕەنج بەخەسار نەبێت.

چونکە سروشتی دەڤەری مزووری باڵا وا بووە، هەندێ کار هەبووە، دەبوایە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت، وەك دروێنەکردنی گیای ڕەسە (هەڵز)، ئەگەر ڕەسە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دروێنە نەکرابوایە، ئەوا زەردهەڵدەگەڕا و خاوەنەکەی سوودێکی ئەوتۆی لێ نەدەبینی و ڕەنجەکەی بەبا دەچوو و ڕەنج بەخەسار دەبوو! جا بۆ ئەوەی لە کات و ساتی خۆیدا بتوانن هەموو کارەکانی خۆیان بەڕێکوپێکی ئەنجام بدەن، پێویستییان بەهاوکاری یەکتری هەبوو.

گرنگترین ئەو کارانەش کە بە هەرەوەزی ئەنجام دەدران، بریتی بوون لەمانە:

- سووتاندنی هێتوون (بەردی کسڵ): ئەم کارە بە هەرەوەزی و دەستەکۆیی ئەنجام دەدرا و خەڵکێکی زۆر بەشدار دەبوون تێیدا، چونکە کارێکی زێدە قورس و سەخت بوو و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریشی دەویست.
- دروێنەکردنی گەنم و جۆ و گیا و ڕەسە بەهەرەوەزی و دەستەکۆیی ئەنجام دەدرا.
- کوڵین و هەڵپاچینی ڕەز و باخەکان بەهەرەوەزی و دەستەکۆیی ئەنجام دەدرا.
- بڕینی چولی (بڕینی گەڵا و پۆپی دارەکان)، بۆ مەڕ وماڵات، هەر بە هەرەوەزی و دەستەکۆیی ئەنجام دەدرا.
- دروستکردنی خانووبەرە بە هەرەوەزی بوو.
- ئەنجامدانی ئاخەبان (گڵەبان)، بە هەرەوەزی بوو.

کاری گاوانی و شوانیش لە دەڤەری مزووری باڵا بە نۆرە (گەڕ) بوو، واتە هەر ڕۆژێك کەسێك ئەرکی چەراندن (لەوەڕاندن)ی گا و مانگا و مەڕ و ماڵاتی گوندەکەی دەگرتە ئەستۆ.

هەندێ جاریش بۆ شوانی یان گاوانی، کەسێکیان بە کرێ دەگرت و لەگەڵی ڕێك دەکەوتن.[١٥٨]

•نەریتی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی: نەریتی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە دەڤەری مزووری باڵا، ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و زۆر بە باشی ڕەگی داکوتاوە، چونکە مزوورییەکان هەر لە کۆنەوە بە کەسانی لێبوردە و سینگفراوان و بەخشندە ناووبانگیان دەرکردبوو، بۆیە کاتێ کێشەیەك یان ناکۆکییە دەکەوتە نێوان دوو کەس یان دوو بنەماڵە یان دوو گوند، ئەوا ڕیشسپی و پیاوماقول و زانایانی ئایینی و کەسانی باڵادەست و خاوەن هەژمون نەیان دەهێشت کێشەکان زیاتر تەشەنە بکەن.

بۆیە بە جددی دەکەوتنە نێوانیان و لە ڕێگەی سوڵحی عەشائیرییەوە کێشەکانیان چارەسەر دەکرد و هەردوولایان ئاشت دەکردەوە و برینەکەیان سارێژ دەکردەوە.

•نەریتی منال بوون: نەریتی مندال بوون لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك زۆربەی شوێنەکانی دیکە بووە، بۆ نموونە: کاتی هاتنی وادەی مندال بوون، مامانەکان لە دەوری ئافرەتەکە کۆدەبوونەوە و یارمەتییان دەدا، تاکوو سکی خۆی دادەنا، دایك و باوك و خزم و کەسی منداڵەکەش چ شتێکیان لەو سەردەمە هەبوایە وەك: چوکلێت، شیرینی، قەسپ، مێوژ، گوێز و باوی و هتد. وەك ڕێز و حورمەت و دڵخۆشییەك بۆ منداڵی تازە لە دایکبوو، بە ناوی (گوڕگوڕك)، بەسەر ماڵەکان و منداڵەکاندا دابەشیان دەکردن.

ئەگەر منداڵی تازە لەدایکبووش، نۆبەرە بوایە و باوکی منداڵەکەش لە ماڵ نەبوایە، هەر کەسێك زووتر مژدەی پێ بدابایە، کە منداڵێکی هەیە، ئەوە لە لای باوکییەوە خەڵات دەکرا.

پاشان ڕێوڕەسمی ناولێنانی منداڵەکە ئەنجام دەدرا، هەروەها ئەگەر باوکی منداڵەکە کەسێکی دارا و هەبوون بوایە لە حەفتەمین ڕۆژی لە دایکبوونیدا، حەیوانێك یان دوو حەیوانی بۆ کۆرپە ساوایەکەی سەردەبڕی و بەسەر ماڵاندا دابەشی دەکرد، ئەگەر

---

(١٥٨) ئاخەبان (گڵەبان)، بریتی بوو لە سواخدانی بانی خانوو بەگڵ، واتە، کاتێ کەسێك خانووی لە دەڤەری مزووری باڵا دروست بکردایە، دوای تەواوکردنی دیوارەکە، هەڵدەستا بەدانانی کاریتە، ئینجا نیرە، ئینجا داری ئەسپندار، دوایی چولی یان زەلیان لەسەری دادەنا، ئینجا گڵەبان و سەرسواخی بۆ سەرخانووەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی لە کاتی باران بارینی وەرزی زستان دڵۆپە نەکات و نەڕووخێت، ئەم کارەش بەهەرەوەزی لە نێوان خەڵکی ئاوایی ئەنجام دەدرا و هەر ڕۆژێك بۆ ماڵێك گڵەبان دەکرا، تا خانووەکانی گوندەکە تەواو دەبوون لە سەرسواخ و گڵەبان کردن، لە هەر ماڵێکیش گڵەبانی بکردایە، نەریت وابوو، دەبوایە سەمیانی ماڵ، ژەمی دوای گڵەبانی هەموو پاڵە (کرێکارەکان) بگرێتە ئەستۆ و خواردن و خواردنەوەیان پێ بدات. (نووسەر)

منالەکەیان کوڕ بوایە، ئەوا هەر زوو و لە ماوەی کەمتر لە حەفتەیەك خەتەنە (سونەت) دەکرا.

●**نەریتی ڕێزگرتن لە میوان (میوانداری):** میوان و میوانداری، هەر لە دێر زەمانەوە لەلای مزووریەکان شوێن و پێگەیەکی تایبەت و ڕێزێکی زۆری هەبووە و تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت، مزوورییەکان بە مەردایەتی و جوامێری و سەخاوەت ناسراون و ڕێز و حورمەتێکی زۆر لە میوان دەگرن و هەرچی لە توانایاندا بێت، لە ڕێز و حورمەت، تەنانەت لە خواردن و خواردنەوەش، بە میوانی دەبەخشن.

لەمبارەیەوە مێژوونووسی ناوداری کورد (محەمەدئەمین زەکی بەگ)، باس لە جوامێری مزوورییەکان دەکات و دەڵێت: "مزوورییەکان بە جوامێری و سەخاوەت ناسرابوون و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەو نەریتە لە ناویاندا هەر ماوە."(١٥٩)

کاتێ میوانێك ڕێی دەکەوتە دەڤەری مزووری باڵا و دەبووە میوان، بە گەرمی لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێ دەکرا و ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێ دەگیرا.

چونکە پێیان وا بوو میوان میوانی خودایە و خێر و بەرەکەتی لەگەڵدایە، بۆیە هەمیشە بۆ میوانەکان دڵ و سینە فراوان بوون، کاتێ دەگەڕایەوە ماڵی خۆی، سەمیانی ئەو ماڵە زۆر بە جوانی و ڕووخۆشی بەڕێی دەکرد. ئەگەر داخاز و مرازێکیشی هەبوایە، یان بۆ داواکردنی شتێك بهاتایە و ڕووی لە ماڵی کەسێك بکردایە، ئەوا سەمیانی ئەو ماڵە هەرچی لە دەستی بهاتایە بۆی دەکرد و نەیدەهێشت میوانەکەی بەدەستی بەتاڵەوە بگەڕێتەوە ماڵەوە، بۆ ئەوەی هەم دڵی ئەو، هەم دڵی ماڵ و منداڵیشی خۆش بکات.

بۆیە کاتێك ڕێبوارێك یان کاروانچییەك یان جەلەبکرێك یان فرۆشیارێك یان بازرگانێك ڕێی بکەوتایە دەڤەری مزووری باڵا، زۆر ئاسوودە و دڵخۆش بوو، چونکە لەسەر و ماڵی خۆی ئەمین بوو و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرا و هەرگیز ناپاکی (خیانەت)ی لێ نەدەکرا، ئەگەر شتێکی نەخوازراویش بقەومابایە، ئەوا ڕیشسپی و پیاوماقولانی هەموو گوندەکان هاوکاریی دەبوون، تا بەتەواوی کێشەکەی چارەسەر دەکرا.

لەبارەی میواندۆستی خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، بەڕێز ڕەشید عەلی حەسەن ستوپەیی دەڵێت: "لە سەردەمی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول، شەوێك هێزێکی زۆری

---

(١٥٩) کتێبی خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، محمدأمین زکی بگ.

پێشمەرگە، کە ژمارەیان (١٢٠) پێشمەرگە دەبوو، بە سەرکردایەتی مستەفا نێروەیی ڕێیان کەوتە ستوپێ و شەوێك لەوێ مانەوە.

خەڵکی گوندی ستوپێ، بەوپەڕی دڵفراوانی و ڕووخۆشییەوە بەرەوپیریان چوون و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردن و بەسەر (١٥) ماڵدا دابەش کران، ماڵ هەبوو (١٠-١٥) پێشمەرگەی بەرکەوتبوو، ماڵیش هەبوو (٧-٨)پێشمەرگەی بەرکەوتبوو، ماڵیش هەبوو (٥-٦) پێشمەرگەی بەرکەوتبوو، بەپێی توانا و ئیمکانیات.

سەمیانی ماڵێك بەناوی (صادق عەبدوڕەحمان) عاجز و خەمبار دیار بوو! پێشمەرگەکان گوتیان: ئەم پیاوە بۆچی عاجز و خەمبارە؟

خەڵکەکە گوتیان: چونکە ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە چووەتە ماڵیان، حەز دەکات ژمارەیەکی زیاتری پێشمەرگە ببێتە میوانیان.

ئەو پێشمەرگانە تا بەیانی لە ستوپێ مانەوە و بە باشترین شێوە خزمەت کران.

بەیانیش، پێش ئەوەی گوندەکە بەجێ بێلن، دەستیان کرد بە شایی و هەڵپەڕکێ.

لە کۆتاییدا، مستەفا نێروەیی بە ناوی هەموو پێشمەرگەکانییەوە زۆر سوپاسی خەڵکی ستوپێی کرد، بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێیان کرا، ئینجا خوداحافیزییان لە خەڵکەکە کرد و گەڕانەوە.

هەڵبەت تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەو پەیوەندییە دۆستایەتییە لە نێوان خەڵکی ستوپێ و مستەفا نێروەیی نەپچڕاوە و هەر ماوە."(١٦٠)

هەر لەبارەی میواندۆستی خەڵکی ئەو دەڤەرە، بەڕێز ڕەشید عەلی حەسەن ستوپەیی گوتی: "ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، باپیرم (ئیسماعیل بابەکر شین سێلکی)، کە بە مەلا ئیسماعیل بەناوبانگ بوو، لە شێروان مەزن دوکانی هەبوو، ماوەیەکی زۆر لە ماڵیان مامەوە و خۆم فێری دروومان (خەیاتی) دەکرد.

باپیرم مرۆڤێکی زۆر مەرد و سەخی و میواندۆست بوو، ماڵیان هیچ شەوێك بێ میوان نەبوو، نەخاسمە ئەوانەی کە لە دوورەوە دەهاتە شێروان مەزن و فریا نەدەکەوتن بگەڕێنەوە، دەهاتنە ماڵی باپیرم.

شەوێك لە شەوەکان، من و باپیرم لەسەر سفرە دانیشتبووین، باپیرم ڕووی تێ کردم و گوتی: ڕۆڵە هەستە برۆ ناو بازاڕ (ناو دوکانەکانی شێروان)، بەشکم میوانێك پەیدا دەکەی و

(١٦٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕیز ڕەشید عەلی حەسەن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٥.

دەیهێنیەماڵەوە، بەو کەلامەی کە من خوێندوومە (مەبەستی قورئانی پیرۆز) بوو، خواردن بەبێ میوان لە قورگم ناچێتە خوارەوە!
منیش هەستام چوومە ناو دوکانەکانی شێروان، کەسێکم بینی، ناوی (ڕەشید شەنگ) بوو. خەڵکی گوندی (بۆسێ)ی دەڤەری مزووری باڵا بوو.
پێم گوت: باپیرم وتوویەتی بێتە ماڵمان.
گوتی بۆچی؟
وتم: نازانم، ئیشی پێتە!
پێکەوە چووینە ماڵی باپیرم، کە ڕەشیدی بینی، گوتی کەسێکی چاکت هێنا.
ڕەشید گوتی خێرە مەلا ئیسماعیل چی بووە؟
باپیرم گوتی: هیچ نەبووە، بۆ ئەوە بانگهێشتم کردوویت، تا نانێك پێکەوە بخۆین."(١٦١)

•**نەریتی کۆڵبەری و کاروانچێتی:** کۆڵبەری و کاروانچێتی لە دەڤەری مزووری باڵا نەریتی تایبەت بە خۆی هەبووە و هاولاتییانی ئەو دەڤەرە، کەم تا زۆر، لەو ڕێگەیەوە قۆناغی چەند ڕۆژێکیان بڕیوە، تاکوو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەستەبەر بکەن.

هەڵبەت جاران خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا یان بەهۆی کۆڵکێشان، یان بە ڕێگەی ڕەشە وڵاغەوە، وەك: (ئەسپ، ماین، هێستر و گوێدرێژ)، کاری کاروانچێتییان کردووە و لەو ڕێگەیەوە پێداویستییەکانی خۆیانیان دابین کردووە.

نەریتی چوونە کاروانیش لەو دەڤەرە بەم شێوەیە بووە:نەریتەکە وا بووە، کەس بە تەنیا نەدەچووە کاروان، بەڵکوو بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی دەستباری یەکتری بن و هاریکاریی یەکتری بکەن لە چوون و هاتنەوەدا.

بۆیە پێش ڕۆیشتن بۆ کاروان، خەڵکی دەڤەرەکە، نەخاسمە خەڵکی هەر گوندێك، بەتایبەتی خزم و کەسە نزیکەکانی یەکتری، یەکترییان ئاگادار دەکردەوە کە خۆیان ساز و ئامادە بکەن بۆ کاروان، چونکە لە ڕووی دابینکردنی وڵاغی بار و کەرەستە و کەلوپەلە پێویستەکانی وەك پارە و نانی ڕێگا و هتد. پێشتر دەبوایە خۆیان ساز و ئامادە بکەن، بەتایبەتی ئەگەر ڕێیەکە دوور بوایە، چونکە سروشتی کارەکە وا بوو، بە قافیلە هەموو پێکەوە دەچوون و دەگەڕانەوە، تاکوو لە ڕێ یارمەتیی یەکتری بدەن و بەرەوڕووی ئاستەنگ

---

(١٦١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەشید عەلی حەسەن ستوبەیی لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٥.

و مەترسییەکان ببنەوە، چونکە زۆرجار دز و جەردەکان دەهاتنە سەر ڕێگا و دەستیان بەسەر کەلوپەلی کاروانچییەکاندا دەگرت و تاڵانیان دەکردن!

جا ئەگەر کەسێك یان کاروانچییەك لە ڕێگەدا تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو و لەناکاو و ناخۆش ببوایە، ئەوا هاوڕێ و هاوسەفەرانی ئەو کەسە، بەهانایانەوە دەچوون و دەستباری دەبوون و نەیان دەهێشت ئەو کەسە لە کاروان دابڕێت، تا دەگەیشتەوە ئاوایی.

جاران، کاروانچییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، بۆ هێنانی ئازووقە و کەلوپەل و پێداویستییەکانی خۆیان، ڕێگایەکی دوور و درێژیان دەڕی، تەنانەت زۆرجار بۆ دابینکردنی کەلوپەلەکانی خۆیان دەچوونە وڵاتی ئێران، نەخاسمە شارەکانی: ورمێ و شنۆ و خانێ (پیرانشار) و نەغەدە، هەروەها لە ئێراقیش، زیاتر دەچوونە ئەم شار و شارۆچکانە: موسل، دهۆك، ئاکرێ، ئامێدی، شێروان مەزن، مێرگەسۆر، ڕواندوز و دیانا و ناو گەردییەکان و ناو ڕێکانییەکان و هتد.

هەڵبەت لە بەهار و پاییزدا زیاتر لە وەرزەکانی دیکە دەڕۆیشتن بۆ کاروان، چونکە لە وەرزی بەهاردا ئازووقە و کەلوپەلی خواردنیان تەواو دەبوو، لە پاییزانیش، خۆیان بۆ هاتنی وەرزی زستان ئامادە دەکرد، بۆیە دەبوایە لەو ڕێگەیەوە ئەو کەلوپەلانە بۆ خۆیان دابین بکەن.

شایانی ئاماژەپێدانە، ئەگەر کاروانچییەك، یان ڕێبوارێك لە کاتی کاروان، ڕووبەڕووی مەترسی بەفر و باران و کڕێوە ببوایەوە، یان بەدەست بەفرەوە گیری خواردبوایە، ئەوا هاوڕێکانی، بەهاریکاری خەڵکی نزیکترین گوند، بەهانایەوە دەچوون و لەو تەنگانەیە قورتاریان دەکرد.

لەمبارەیەوە بەڕێز ڕەشید عەلی حەسەن ستوپەیی دەڵێت: "گوندی ستوپێ کۆتا خاڵی سنووری بوو لە نێوان دەڤەری مزووری باڵا و عەشیرەتی شێروانی، هاتووچۆیەکی زۆر لەسەر ئەو ڕێگایە هەبوو. ساڵانە خەڵکێکی زۆر بەو ڕێگەیەدا هاتووچۆی دەکرد، لە وەرزی زستان بەفرێکی زۆر لە گەرووی ستوپێ، کە بە (زینا ستوپێ) ناسرابوو دەکەوت.

هەموو ساڵێك کە ڕێبوارەکان بەو ڕێگایەدا هاتووچۆیان دەکرد، زۆر جار لەناو بەفر گیریان دەخوارد و عاسێ دەبوون، جا تەقەیان دەکرد، تەقەکردنیش لە زینیا ستوپێ نیشانەی ئەوە بوو کە خەڵێك لەناو بەفر و کڕێوە عاسێ بووە. بۆیە هەر کە

خەڵکی ستوپێ گوێیان لە دەنگی تەقە دەبوو، یەکسەر هەر یەك لەلای خۆیەوە بەهانایانەوە دەچوون و لە مردن ڕزگاریان دەکردن.

تەنانەت جاری وا هەبوو بەهۆی بەفر و کرێوەوە، ڕێبوارەکان چەند ڕۆژێك بە وڵاغەکانیانەوە لە ستوپێ دەمانەوە، تا بە تەواوی ڕێگایەکان دەکرانەوە.

لەبیرمە ساڵێك کەسێکی خەڵکی (شەت یونس)، بە خۆی و ماینەکەی لە زینیا ستوێ عاسێ بوو بوون، ستوپەیەکان بەهانایەوە چوون و بە خۆی چەند ڕۆژێك لە ستوپێ مایەوە. ماینەکەیشی تا وەرزی بەهار لای ئێمە مایەوە."(١٦٢)

●نەریتی ڕنینەوەی بەرهەمە سروشتییەکان: زۆر بەرهەمی خۆڕسك (خۆزای) لە کوردستان هەن، نەخاسمە لە دەڤەری مزووری باڵا، کە هەندێکیان بۆ خواردن دەشێن. وەك: کەنگرۆك، تاڵك، قەزوانی کێوی و بەڕوو، هەندێکی دیکەش تەنیا سوودی تەندروستی و بازرگانییان هەیە، وەك مازوو و بنکی گیان.

ئەم بەرهەمە سروشتی و خۆڕسکییانە ملکی گشتی بوون و بە (ناوگوندی) ناسرا بوون، واتە هاووڵاتیانی ئەو گوندانە مافی ئەوەیان هەبوو لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی خۆیاندا، یان ئەو سنوورەی کە بۆیان دیاری دەکرا، سوود لەو بەرهەمە سروشتییانە وەربگرن، جا کاتی خۆی کە ئەم جۆرە بەرهەمانە پێدەگەیشتن، خەڵکی ئەو دەڤەرە وادەیەکیان دادەنا، کە بە (هەوار) ناسرابوو، وەك: (هەوارا مازیا) و (هەوارا کەنگرۆکا). واتە لە کات و سات و ڕۆژێکی دیارکراودا جاڕ دەدرا، هەموو خەڵکی دەڤەرەکەش یەکترییان ئاگادار دەکردەوە و پێکەوە دەچوونە شاخ و کێوەکان، بۆ ئەوەی سوود لەو بەرهەمە سروشتییانە وەربگرن و بەرەکەی بڕنەوە.

هەر کەسێکیش سەرپێچی بکردایە، ئەوا لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەڤەرەکەوە سزا دەدرا.

هەڵبەت ئەو بەرهەمانە ڕۆڵێکی مەزن و گرنگیان هەبووە لە ژیانی خەڵکیدا، واتە ئەو داهاتە خۆڕسکییانە سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ داهات و ئابووری خەڵك، چونکە ساڵانە بەهۆی ئەو بەرهەمانەوە، بڕە پارەیەکی باشیان دەست دەکەوت، بەو پارەیەش، زۆرێك لە کەلوپەل و پێداویستییەکانی خۆیانیان پێ دابین دەکردن، هەندێ جاریش ئەو بەرهەمانەیان دەبردە بازاڕ و بە خۆراك و پۆشاك دەیان گۆڕینەوە.

---

(١٦٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەشید عەلی حەسەن ستوپەیی، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٥.

●**نەریتی کاری خۆبەخشانە:** لە دەڤەری مزووری باڵا، سەرباری کاری هەرەوەزی، کاری خۆبەخشانەش هەبوو، کاری خۆبەخشانە، کارێکی جوامێرانە و مرۆڤدۆستانە بوو. نەریتی ئەو سەردەمە وا بوو: کەسێك بەبێ بەرامبەر، ئامادەیی خۆی دەردەبڕی بۆ ئەوەی بچێت هاوکاری هاوگوندییەکەی، یان خزم وکەسەکەی بکات لە چوارچێوەی گوندەکەی، یان لە دەرەوەی سنووری گوندەکەی.

زۆرجار مرۆڤی خۆبەخش بەبێ ئەوەی داوای لێ بکرێت، دەچوو کاری خۆبەخشانەی ئەنجام دەدا، بەتایبەتی ئەگەر بیزانیبایە ئەو کەسە پێویستی بە کۆمەك و هاوکارییە.

ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بوو، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زیادکردنی خۆشەویستی و تەبایی و زیادبوونی سۆز و میهرەبانی.

زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرە ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو کاری خۆبەخشانە ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نەخۆش بوون یان پەککەوتە بوون یان بێکەس و هەژار بوون، یاخود کەسیان نەبوو کاریان بۆ بکات.

بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك تاقانە بوایە، یان نەخۆش و پەککەوتە بوایە، یاخود فرەکار بوایە و فریای کارەکانی نەکەوتبایە، خەڵك بەهانایەوە دەچوو و بەبێ بەرامبەر ئیشەکانی بۆ جێبەجێ دەکرد.

ئەم کارە خۆبەخشانەیە وای کردبوو کەوا جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان خەڵکیدا دروست بێت و کەس هەست بەتەنیایی و خۆبەکەمزانی و بێبەشی نەکات و هەموان پێکەوە و بە شێوەیەکی ئاسایی ژیانی خۆیان بگوزەرێنن.

●**نەریتی پڕکردنی کونەبەفر:**ساڵانە لە وەرزی بەهار، پێش ئەوەی بەفر بتوێتەوە، خەڵکی زۆربەی گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا، هەندێ چاڵیان لەناو شاخ و چیاکان پڕ دەکرد لە بەفر، کە بە (کونەبەفر) ناسرابوون، بۆ ئەوەی لە وەرزی هاوین و لە کاتی گەرما و کار و کەسابەت و دروێنە و ڕنینی بەری ڕەز و باخەکاندا، هەروەها بۆ نەخۆشەکان و ئەوانەی حەزیان لە ئاوی سارد (تەزی) بوو، سوودی لێ وەربگرن، چونکە پێش ڕاگواستن، لە هیچ گوندێکی دەڤەری مزووری باڵا کارەبا نەبوو، تاکوو سوود لە بەفرگر و چاڵەبەفری کارەبایی وەربگرن.

●**نەریتی هەڵگرتن و کۆگاکردنی میوە بۆ وەرزی زستان:** هەروەك خۆیایە، جاران لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان میوەی زستانە نەبوو، چونکە کەشوهەوای کوردستان لەبار نەبوو بۆ پێگەیشتنی میوە لە وەرزی زستان.

بۆیە لادێنشینەکان، نەخاسمە لادێنشینانی دەڤەری مزووری باڵا، سوودیان لەو سەقە (کەشوهەوا)یە سارده وەردەگرت و کاتێ میوە پێ دەگەیشت، نەخاسمە لە وەرزی هاوین و پاییز، بڕێکی باشی میوەی وەك:کورێشی و تاڵك و هەرمێ و ترێ و کورسك و گڕك وهتد گڵدەدایەوە و لەناو هزێلێکدا ([163])هەڵیان دەگرت بۆ وەرزی زستان. جا کە وەرزی زستان دەهات، سوودیان لێ وەردەگرت و لە شەوە درێژەکانی زستاندا، لە کاتی شەوچەرە دەیان خوارد.

●**نەریتی ڕاوکردن:** بە قسەی شایەتحاڵەکان و ڕیشسپییەکانی دەڤەری مزووری باڵا، هەر لە کۆنەوە نەریتی ڕاو و نێچیر لەو دەڤەرە هەبووە.

هەڵبەت ڕاوکردنیش بۆ بەدیهێنانی چەند مەبەستێك بووە، لە وانە:

١. بۆ دابینکردنی گۆشت بۆ خۆیان، چونکە ئەو ڕۆژگارە، خەڵك هەژار و نەدار بووە و خۆراك و پۆشاك بە گشتی و، گۆشت بە تایبەتی کەم بووە و پێویستییان بە گۆشت هەبووە.

٢. بۆ دابینکردنی پارە لە ڕێی فرۆشتنی پێستی هەندێك ئاژەڵی ڕاوکراو.

٣. بۆ سەرگەرمی و تام و چێژوەرگرتن، چونکە ڕاو، تام و چێژێکی خۆشی هەیە و ڕاوچی هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکات.

زۆربەی ڕاوچییەکان لە هەرچوار وەرزی ساڵ، بەڵام زیاتر لە وەرزی زستان دەچوونە ڕاو و نێچیر، چونکە لە وەرزەکانی دیکە، بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە کار و کەسابەتەوە، کەمتر دەرفەتی ئەوەیان هەبوو بچنە ڕاو، بەڵام لە وەرزی زستان زیاتر ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسا، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە وەرزی زستان، کە بە وەرزی متبوون ناسرابوو، بەهۆی سەرما و سۆڵە و بەفر و بارانەوە، کەمتر ئیشیان دەکرد و پتر لە ماڵەوە بوون.

بۆیە ڕاوچییەکان ئەو دەرفەتەیان دەقۆستەوە و دەچوونە چیا و کێو و ئەشکەوت و شوێنە تایبەتەکان و، باڵندە و ئاژەڵە کێویەکانیان ڕاو دەکردن.

هەڵبەت ڕاوچییەکان زۆر کەم بە تەنیا دەچوونە ڕاو، زیاتر بە شێوەی گروپ ڕاویان دەکرد و چەند ڕاوچییەك پێکەوە دەچوونە ڕاو، نەخاسمە لە وەرزی زستاندا.

---

(١٦٣) هزێل: جێگەیەکی تایبەت بوو بەکۆگاکردنی میوە بۆ وەرزی زستان، لە دار و چیڵکە و گەڵای دارەکان دروست دەکرا. سەرەکەیشی بەگەڵای درەخت یان گژوگیا دادەپۆشرا، بۆ ئەوەی لە سەرما و سۆڵە و شەختەی زستان تێك نەچێت و پارێزراو بێت. (نووسەر)

بۆ نموونە: لە گوندی دێزۆ، کاتی خۆی نەریت وا بووە، ئەو کەسانەی دەچوونە ڕاو، چەکی گەرمیان بەکار نەدەهێنا، بەڵکوو هەوڵیان دەدا بە چەکی سارد، ئاژەڵە کێویەکان ڕاو بکەن، جا ئەو کەسەی کە پێش هەموو کەسێك ئاژەڵێکی کێوی ڕاو دەکرد، جگە لە بەشی خۆی، بەشە گۆشتێکی تایبەتی دیکەیشی پێی دەدرا، وەك سەر و پێ، هەروەها ئەو کەسەش کە ئاژەڵەکەی سەردەبڕی، بەشە گۆشتێکی تایبەتی پێی دەدرا، هەروەها بەشی ئەو کەسانەشیان دادەنا، کە پێشتر هاوکار و هاوپیشەیان بوون، بەڵام ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسابوو، لەگەڵیان بچنە ڕاو و نێچیر.(١٦٤)

ئامێرەکانی ڕاوکردنیش لە دەڤەری مزووری باڵا، ئەمانە بوون: (جفت، بڕنۆ، ڕەشۆکی و تۆتیك، کلاشینکۆف، تەڵە، داو، سیتە و دێمجامە و دوکانە و و تەپك و هتد(١٦٥).

●نەریتی دابەشکردنی ئاو بۆ ئاودێریکردنی زەویوزارە ئاوییەکان: لە چاخەکانی ڕابردوو، لە هەندێ گوندی دەڤەری مزووری باڵا، نەخاسمە ئەو گوندانەی کە ئاویان کەمبوایە، یان ئاوەکەیان هاوبەشبوایە لە نێوان دانیشتوانی گوندەکە، سیستمێکی تایبەتیان پەیڕەو دەکرد بۆ دابەشکردنی ئاو، بۆ ئاودێریکردنی زەویوزارە کشتوکاڵی و ئاوییەکانیان، تاکوو بە شێوەیەکی دادپەروارنە و یەکسان سوود لە ئاوەکەیان وەربگرن و کەس لێی بێبەش نەبێت و مافی کەس پێشێل نەکرێت. چونکە جاران، خەڵکی گوندەکانی ئەو دەڤەرە، جگە لە زەوییە دێمییەکان، سوودیان لە زەوییە ئاوییەکانیش وەردەگرت، بۆ بەرهەمهێنان و چاندنی گەنم و جۆ و هەرزن و تەڵەشامی و گەنمەشامی و نیسك و نۆك و کونجی و ماش و پیاز و تووتن و دارمێو و گوێز و باوی و هەرمێ، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی سەوزە و میوەی جیاجیای وەك: تەماتە و خەیار و بەتاتە و بامیە و لوبیا و بیبەر و کەلەرم و هتد.

هەڵبەت تا ئێستا مێژووی دانانی سیستمی دابەشکردنی ئاو لە دەڤەری مزووری باڵا نەزانراوە، بەڵام بەپێی قسەی ڕیشسپی و خاوەن ئەزموونەکانی ئەو دەڤەرە، ئەو سیستمە زۆر کۆنە، تەنانەت بۆ سەردەمی پێش پەیدابوونی سەعات لەو دەڤەرە دەگەڕێتەوە.

چونکە بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی ئەو سیستمە، پشتیان بە سەعات نەبەستووە، بەڵکوو پشتیان بە وەرزەکانی ساڵ و کاتەکانی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون و هەڵاتنی ئەستێرەکان و سێبەری شاخەکان و سروشتی دەڤەرەکەیان بەستووە.

هەر گوندێکیش سیستمی تایبەت بە خۆی هەبووە.

---

(١٦٤) سوود لە دەستنووسی (گوندی دێزۆ) وەرگیراوە، لە نووسینی ساڵح جبرائیل. (نووسەر)

(١٦٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیسا محۆ عیسا بژیانی، لە بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٥

بۆ نموونە خەڵکی گوندی پێندرۆ، ئاوی خۆیان بەشێوەی چارەك و نیو چارێك دابەش کردووە، کە هەر چارەکێك بەرامبەر بە سێ سەعات بووە. نیو چارێکیش بەرامبەر بە سەعات و نیوێکی ئێستا بووە.

لە ماوەی ٢٤ سەعاتیشدا، ٨ چارێکیان هەبووە.

بەڵام لەگەڵ گۆڕنکارییەکانی وەرزەکانی ساڵ و کورتی و درێژی شەو و ڕۆژەکان. گۆڕانکاری بەسەر چارێك و نیوچارێکەکانیشدا هاتووە.

ئیدی ساڵانە خەڵکی ئەو دەڤەرە بەتەبایی و ڕێکوپێکی ئاوی خۆیان دابەش کردووە و وەك سەرچاوەیەکی ئابووری، سوودیان لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان وەرگرتووە(١٦٦).

●**نەریتی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی جەژنی مردووەکان:** پێشان، کە لە دەڤەری مزووری باڵا کەسێك دەمرد، نەریت وا بوو، خەڵکی گوندەکە لە جەژنی ڕەمەزان و قوربان بە کۆمەڵ دەچوونە ماڵی مردوو و جەژنیان لە کەسوکاری مردوو پیرۆز دەکرد.

کەسوکاری مردووش، لە شوێنێك کۆدەبوونەوە و بەگەرمی پێشوازییان لە میوانەکان دەکرد و بۆ ئەو ڕۆژە خۆیان بەرهەڤ و ئامادە دەکرد و بەپێی توانای خۆیان، خواردنێکیان ئامادە دەکرد و لەسەر سفرە و خوان دایان دەنا.

ئەو ڕێوڕەسمە تا ساڵێك دوای مردنی مردووش جێبەجێ دەکرا.

مەبەستی خەڵك لەو کارە ئەوە بوو دڵی کەسوکارەکانی مردوو بدەنەوە و خەمەکانیان سووك بکەن و لە خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا پشکدار بن.

هەڵبەت ئەو نەریتە نەرێنی خۆیشی هەبووە، چونکە لە ڕۆژی جەژندا، لە ماڵی کەسوکاری مردووەکان، دەبووە شین و ماتەم و بەهی.

●**نەریتی شەڤبەرات (شەوی بەرات):** شەڤبەرات لە دەڤەری مزووری باڵا تایبەتمەندی خۆی هەبووە، کە شەڤبەرات دەهات، کە دەکردە شەوی پێش جەژنی ڕەمەزن، لە گوندەکانی دەڤەری مزووری باڵا نەریت وا بوو، هەر ماڵێك بەپێی توانای خۆی، خێر و سەدقەیەك بکات، یان شتێك ببەخشێت بە هاوگوندییەکانی، زۆر جار نانیان دەکردە خێر و سەدەقە و بەسەر ماڵەکاندا دابەش دەکرا، چونکە خەڵکی ئەوە زەمانە، وەك خەڵکی ئێستا ژیانێکی خۆشگوزەرانی نەبوو، تەنانەت زۆرجار جگە لە نان هیچ شتێکی دیکەی شك نەدەبرد کە ببەخشێت.

---

(١٦٦)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محەمەدعەلی سەعید پێندرۆیی، لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٢

ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری

ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان هەبووە و لە بۆنە و جێژنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام زیاتر زارەکی بووە، چونکە هیچ دەقێکی نووسراومان لەبەردەستدا نییە، کە وەك بەڵگەیەك بیخەینەڕوو، ئەگەر هەشبێت دەستمان نەکەوتووە.

گرنگترین بەشەکانی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری لە دەڤەری مزووری باڵا ئەمانە بوون:

١. بەیت: بەیت، وەك بەشێکی ڕەسەنی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری گەلەکەمان هەژمار دەکرێت، بۆیە باب و باپیرانمان لە دەڤەری مزووری باڵا لە بۆنە و جێژنە ئایینی و نەتەوییەکان دا، بەیتیان خوێندووەتەوە، نەخاسمە لادێنشینەکان، تام و چێژێکی زۆریان لێ وەردەگرت.

گرنگترین ئەو بەیتانەش ئەمانە بوون: بەیتی خانێ لەپ زێڕین، بەیتی یوسف و زولەیخا، بەیتی ئیمامی عومەر، بەیتی ئاڤدەل عومەرا، بەیتی ڕەش و بەیتی مەم و زین و هتد.

٢. چیرۆك: چیرۆك، بەشێکی سەرەکیی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری پێکدەهێنێت.

هەڵبەت بە درێژایی مێژوو، هەمیشە مرۆڤ بە چیرۆك و بەسەرهاتەکان کاریگەر و داخبار (متاثر) بووە، چونکە کاریگەریەکی زۆری لەسەر هەست و نەستی مرۆڤ جێهێشتووە و پەند و عیبرەتێکی زۆری لێ وەرگرتووە، بۆیە چیرۆك لە دەڤەری مزووری باڵا، وەك ناوچەکانی دیکەی کوردستان زۆر ڕەواجی هەبووە و هەمیشە لە شەوە درێژەکانی پاییز و زستان و بەرئاگردان و دیوەخانەکان دا، چیرۆك هەوێنی کۆکردنەوەی خەڵك بووە لە دەوری یەکتری و زۆرترین بیسەر و گوێگری هەبووە لەناو خەڵکیدا و ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژیانی تاکەکان.

٣. چیڤانۆك (ئەفسانە): چیڤانك (ئەفسانە)، ئەو چیرۆکەیە کە لە بەستێنێکی مێژووییدا دانراوە، بەڵام داگری توخمگەلی خەیاڵی و نامێژووییە، هەروەها ئەفسانە ئەو چیرۆکە زۆر کۆنەیە، کە بەڵگە بۆ سەلماندنی نییە.

هەڵبەت ئەفسانە وەك لقێکی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، لەناو هەموو میللەتاندا بوونی هەبووە، کوردیش وەك نەتەوەیەکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لە ئەفسانە بێبەش

نەبووە، بۆیە لە دەڤەری مزووری باڵا، کاتی خۆی ئەفسانە پانتایەکی زۆری داگیر کردبوو و وەك بەشێك لە کەلەپوور و کەلتووری خۆماڵی سەرەدەری لەگەڵدا دەکرا.

لە دەڤەری مزووری باڵا چیرۆکە ئەفسانەیەکان بەشێك بوون لە ئاگردانی ماڵ و دیوەخانەکان، بۆیە ئەفسانەبێژەکان، شەوانە چیرۆکی ئەفسانەییان دەگێڕایەوە، بەڵام زۆربەی چیرۆکە ئەفسانەیەکان درێژ بوون و بە چەندین شەو تەواو نەدەبوون، چونکە زیاتر لە خەیاڵەوە نزیك بوون تا واقع !

٤. پەندی پێشینان: پەندی پێشینان وەك لقێکی سەرەکی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری. لەناو هەموو گەلانی جیهان بوونی هەبووە، کوردیش وەك نەتەوەیەکی کەڤنار و دێرین. هەگبەکەی پڕ بووە لە پەند و بەسەرهاتی کوردەواری، کە هەموو ئەو پەندانە گوزارشتیان لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری کردووە و ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازار و خۆشی و ناخۆشی و شکست و سەرکەوتن و هات و نەهاتەکانی کۆمەڵگا بوون.

هەڵبەت پەندی کوردی پشتاو پشت لە باب و باپیرانمانەوە بۆ ئێمە بەجێماوە، بۆیە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، پەندی کوردی سەنگ و بەهای خۆی لە دەست نەداوە و هەر بە زیندوویی ماوەتەوە و لەناو مێشك و زەینی ئێمەدا چەسپاوە و ماوە.

پەندی کوردی لە زەمانی پێشان لە ناو گوندەکان، بەتایبەتی لە غیابی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانستی و گەیاندن و ڕاگەیاندندا، ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە لەناو خەڵکیدا، بە شێوەیەکی ئەوتۆ، بۆ هەر بابەتێك لە بابەتەکانی ژیان، بە دەیان پەندی کوردی لەلایەن ڕیشسپی و پیاوماقولان و دونیا دیدە و گەڕیدەکان بە نموونە دەهێنرایەوە و پەندەکان زۆرجار دەبوون بەسەر مەشق بۆ گەنجان و هەرزەکاران و تازە پێگەیشتووان، بۆ ئەوەی بە ئاراستەیەکی ڕاستدا بڕۆن و باشتر خۆیان بناسن و پەند لەو بەسەرهاتانە وەرگرن کە لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان مابوونەوە.

ئەمەش چەند پەندێك لە پەندەکانی پێشینان، کە لەسەر زاری خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا دەگوترانەوە:

- ئەوێ گوهێ خۆ نەدەتە مەزنا، دێ پێڤەهێن گوهێت بزنا
- چیا ب چیا ناکەڤن، بەلێ چاڤ دێ ب چاڤا کەڤن
- شوولکەرێ خۆبە، خۆشتڤی یێ خەڵکی بە

- پیرەژنێ، حەوجە بوومێ ب سویژنێ
- هەکە پیرا ب نڤێژ بیت، سالا بەردرێژە
- نەکەرا، خولی سەرا
- تۆبێ گورگی مەرگە
- ژن هەنە، ژنکۆك ژی هەنە
- هەمی چیچك ێێت هژیر خارنێ نینە
- سێ گدیێت ل دنێ، یێ دچیتە ڕێکێ بتنێ، یێ ل هەڤرازی دکێشیت تویتنێ، یێ مالا خۆ دبەتە نك مالبابا ژنێ
- نیڤ مێرە، نابیت تێرە
- فڕا مریشکێ کادینە
- شوولا ب وەختی، وەکی پاشایێ سەر تەختی
- ئاڤا خورتا سەرهەڤراز دچیت
- هەتا مرۆڤ بمینیت، دێ هەر عەجائیبیا بینیت
- بلا ئاڤ تە ببەت، بەلێ لسەر پرا نامەردیڕا نەچە
- ئاقلێ کرمانجی یێ پاشییە
- خارزا ددەنە ب خالانڤە
- سەرێ نەئێشیت، نە حەوجەی گرێدانێیە
- هەکە ئەجەلا بزنێ هات، دێ نانێ شڤانی خۆت
- ئەڤە لێلییە، هێشتا لۆلۆ یا مای
- هەکە قەسە کەفتە زارەکی، دێ کەڤیتە شارەکی
- ئەز چیا و تو چیا، گولك ما بێ گیا
- تڕانە دبنە مژانە، یان تڕانە دبنە مجتی!
- شێر شێرە، چ ژنە ژ مێرە
- بلا مرۆڤ شێرێ ڕۆژەکێ بیت، نە رویڤێ سالەکێ بیت
- جهێ شێرا، رویڤی لێ دکەن گێرا
- بەرێن بەستا بای برن، ئەو هەرێ ل کەنگرپەڕا دچیت

- هەسپی ل زەنگینا بکڕە، ژنا ژی ل ماڵباتێت هەژار بینە
- چاڤ ل دەری، خولی سەری
- ڕۆژا خۆش نەدە ب یا نەخۆش
- ژنا نەبژێرە، ئەسڵ خێرە
- یێ نەکەت ناخۆت
- مێڤان، مێڤانێ خودێیە
- تەڕ و هشك پێکڤە دهێنە سووتن
- ئێك ب زۆرا خەنی دبیت، بەلێ زۆر ب ئێکی خەنی نابن
- چێتبیتەڤە جهێ خەنجەرا، بەلێ چێنابیتەڤە جهێ خەبەرا
- کو کەر کەفت، کەس ژ خودانی فەرتر نییە ڕاکەتەڤە
- داوەتا میرا، گرێ فەقیرا
- ئەگەر با هات دێ بادێرین، ئەگەر نەهات دێ گوهدێرین
- مرن هەبا، پیری نەبا
- ب حەفتا نەدچۆ، ب هەشتا نەدهاتەڤە
- خودانێ ملکی، نائێخیت خولکی
- گوندەکە و گوندوورەك
- ژن مالە، بنیات خانی
- دراڤێ سپی بۆ ڕۆژا ڕەشە
- یا دیزێ دێ هێتە شکەفکێ
- هەتا سیار نەکەڤیت، نابیتە سیار
- چێلەك گاڕانەکێ تەڕۆ دکەت
- ماڵێ نەخۆری، دێ چیت ب دەڤێ چەکمەسووری
- مۆمێ ئاگر بەردا کۆمێ، ئەو بخۆ چوو سەرگا زۆمێ
- مێمێ یێت خۆ دبێمێ
- مێشێ دکەتە گامێش
- نیسکێ دکەتە گیسك

- کەرۆ نەمرە هەتا پیڤێر تێت
- نەجارڕ بنڤە وەکی هەر جار، خودێ ئێکە و دەرگەهـ هزار
- هەییبە، کوڕێ کەریبە
- بزن جهێ شەڤێ خۆش دکەت
- هەکە مرۆڤێ مرۆڤی گۆتە مرۆڤی ستێ، خەڵك دێ بێژیتێ زتێ
- ئێك نەوێرا ئێکی، ئینا گوتێ دو دو وەرەنە من
- ئەو گریا ب تبلا دهێتە ڤەکرن، ب دەستا ڤەنەکە (١٦٧)

٥. مەتەڵ:مەتەڵیش لقێکە لە لقەکانی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری هەر گەلێك، بۆیە گەلی کوردیش لە مەتەڵ بێبەش نەبووە و بە سەدان مەتەڵی جیاجیا لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا لە باب و باپیرانمانەوە بۆ ئێمە بە میرات ماونەتەوە.

هەڵبەت حیکمەت لە هەبوونی مەتەڵ زیاتر بۆ بەگەڕخستنی مێشك و بەهێزکردنی هزر و وروژاندنی ئەقڵ و هاندان بووە بەرەو بیرکردنەوهیەکی باشتر و سەرنجدان لە دونیاو بوونەوەر بەگشتی، هەروەها زیاتر مەتەڵ ڕۆڵی وێکچوواندن دەگێڕێت لە نێوان دوو شت دا، ئەمەش وا دەکات کەسەکان باشتر بیر بکەنەوە و سۆراغی شتەکان بکەن، تا دەگەنە وەڵامی ڕاست.

بێگومان مەتەڵ لە گوندەکان، زیاتر لە هەگبەی پیرەمێرد و پیرەژناندا هەبوو، چونکە ئەوان گەڕیدە و دونیا دیدە بوون و وەك دەقێکی نووسراو لەناو زێن و مێشکیاندا تۆمار کرابوو.

چەند مەتەڵێکی دەڤەری مزووری باڵا:

١. بەحرا شینە
ئاڤ تێنینە
دو مار تێدا حلیسینە
ئێك هەسپە و
ئێك ماهینە.

مەبەست (خۆر و مانگ)ن

---

(١٦٧) زۆربەی ئەم پەندانە لە زاری خەڵکەوە وەرگیراون، چەند پەندێکیش لە دەفتەری یاداشتە دەستنووسەکانی بەڕێز(تەها بەهائەدین پێندرۆیی) وەرگیراون. (نووسەر)

٢. دارەکا ل دنێ
پێنج تا دچنێ
دو ل تاڤێ، سێ ل سیبەرێ

مەبەست:نوێژە

٣. سەرڤە دەپە، نە دارە
بنڤە دەپە، نە دارە
گیای دخۆت، نە کارە
دچیت کونێڤە، نە مارە(١٦٨).

مەبەست:کیسەڵە

٦. ڕەوانبێژی (البلاغة): ڕەوانبێژی، لقێکی دیکەیە لە لقەکانی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، ئەم لقە لەناو هەموو گەلێکدا هەبووە و هەیە، لەوانەش گەلی کورد.

مەبەست لە ڕەوانبێژی، دەربڕینی ئەو دەستەواژە و ڕستانەیە، کە بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی دارێژراون و پشتا و پشت لە باب و باپیرانمانەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە و لەسەر زمان قورس و گرانن و بە ئەستەم هەموو کەسێك دەتوانێ دوو سێ جار لەسەر یەك ئەو جۆرە دەستەواژە و ڕستە ڕەوانبێژییانە دووبارە و سێ بارەی بکاتەوە.

مەبەست لە دەربڕینی ئەو جۆرە دەستەواژە و ڕستە ڕەوانبێژییانە ئەوەیە کەسەکە تاقی بکرێتەوە، ئاخۆ تا چەند کەسێکی زمان پاراو ڕەوانبێژە و تا چەند توانا و دەسەڵاتی بەسەر زمانی زگماکی خۆیدا دەشکێ و دەتوانێ ئەو جۆرە ڕستانە بە ئاسانی و بەبێ هەڵە و دامان بێنێتە سەر زمان.

بۆیە ئەم جۆرە ڕستە ڕەوانبێژییانە لە بۆنە و جێژن و سەیران و بەرئاگردان و دیوەخانەکاندا دەهاتنە گۆتن و کۆمەڵە خەڵکێك کۆدەبوونەوە و هەر کەسێك هەوڵی دەدا ئەو جۆرە ڕستانە بەبێ گرێ و هەڵە دەربڕێت، تاکوو ئازایی و لێهاتوویی خۆی بۆ ئەوانی دیکە بسەلمێنێ.(١٦٩)

---

(١٦٨) ئەم مەتەڵانەی سەرەوە، لە دەستنووسی (گوندێ دێزێ) وەرگیراون.

(١٦٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیسا محۆ عیسا بژیانی، لە بەحرکە، لە ڕێکەوتی ٣/ ٥/ ٢٠١٨

جلوبەرگی پیاوان

لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەی ڕابردوودا تا ئێستا، گۆڕانکارییەکی گەورە و ڕیشەیی لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر جڤاکی کوردستاندا هاتووە، کەم شت ماوە گۆڕانکاری بەسەریدا نەهاتبێت، تەنانەت جلوبەرگیش.

پێشان بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردیان لەبەر دەکرد، بەڵام ئێستا، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، نەخاسمە گەنجان، جلی کوردییان وەلاناوە و لاسایی جلی ئەم و ئەو و فلان و فیسار دەکەنەوە و زیاتر جلی مۆدە لەبەر دەکەن!

هەڵبەت پێشان لەناو جڤاکی کوردەواریدا، هەر ناوچەیەك جلوبەرگی تایبەت بە خۆی هەبووە.

دەڤەری مزووری باڵاش لەم حاڵەتە بەدەر نەبووە و لە ڕووی جلوبەرگەوە، جلوبەرگی ئەو دەڤەرە تا ئەندازەیەك لە دەڤەرەکانی دیکە جیاواز بووە.

گرنگترین جلوبەرگەکانی دەڤەری مزووری باڵا، تایبەت بە پیاوان، کە بەشی هەرە زۆریان دەستکردی خەڵکی دەڤەرەکە بوون و بەرهەمی خۆیان بوون، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١. **جامانە (جەمەدانی)**: جامانەی کوردی دوو جۆری هەیە:

- جامانەی سوور و سپی
- جامانەی ڕەش و سپی.

جامانەی سوور، تایبەتمەندی خۆی هەیە و زیاتر تایبەتە بە بارزانییەکانەوە، واتە زیاتر ئەو حەفت عەشیرەتە بارزانییە لەسەر دەکەن، کە بە بارزانییەکان ناسراون.

بەڵام جامانەی ڕەش و سپی تایبەتە بە شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جامانە ئەوەیە، تەنیا لەگەڵ جلوبەرگی کوردی لەسەر دەکەن، واتە لەگەڵ جلی ئەفەندی یان پانتۆڵ لەسەر ناکرێت. شێوازی گرێدانی جامانە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاواز بوو.

پێشان هەبوو جامانەی بەلفکەی لەسەر دەکرد، هەشبوو بەبێ لفکە.

هەروەها هەبوو دوو یان سێ جامانەی لەسەر دەکرد، هەشبوو یەك دانەی لەسەر دەکرد.

هەڵبەت تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، پیاوانی دەڤەری بارزان، بە مزووورییەکانیشەوە، هەر جامانەی سوور بەکاردێنن، بەڵام ئێستا سنوورەکەی بەرفراوان بووە و خەڵکی دیکەش وەك: ئێزدییەکان و هەندێ خەڵکی دەڤەری دهۆك، جەمانەی سوور لەسەر دەکەن.

جامانەی سوور

شیتك (پشتێن)

٢. **کولاف**: کولاف (کڵاو) لە داوی سپی دروست دەکرا، پتر لەگەڵ جەمەدانی بەکار دەهات و جەمەدانیان لێ دەئاڵاند.

٣. **پەشم بەرگیز**:پەشم بەرگیز (رانك و چۆغەل)، بە یەکێك لە جلوبەرگە ڕەسەنەکانی جڤاکی کوردەواری هەژمار دەکرێت، ئەم جلە لە دوو پارچە پێکهاتبوو، پارچەی یەکەم شەلوار بوو، تا کەمەر، دەڵنگەکانی بەرین بوون.

پارچەی دووەم لە کەمەرەوە تا شان و مل دایدەپۆشی.

پێشان وەستای تایبەت هەبوو بۆ دروستکردنی پەشم بەرگیز، کە پێیان دەگوترا (جۆلە).

هەڵبەت پەشم بەرگیز، لە مووی بزنی مەرەز دروست دەکرا و جلێکی زۆر ماقول و هەژی و کەشخە بوو، هەموو کەس نەیدەتوانی لەبەری بکات.

جوولەکەکانی دەڤەری مزووری باڵا، دەستێکی باڵایان هەبوو لە دروستکردنی پەشم بەرگیزدا، چونکە زۆر دەسترەنگین بوون، بەڵام جگە لە جوولەکەکان، چەندین وەستای جۆلە لە دەڤەری مزووری باڵا هەبوون، نەخاسمە لە گوندی ئەرگوش و شیڤێ، کە دواتر ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەین.

هەڵبەت، هەر وەستایەك، هەمبەر دروستکردنی جلی پەشم بەرگویس، بڕێك پارە یا ئەرزاقی لە کڕیار وەردەگرت.(١٧٠)

٤. **شەلوار**: لە قوماش دروست دەکرا و تا کەمەر بوو.

٥. **شیتك**: شیتك (پشتێن)، چەند مەترێك لە قوماش دەکرا بە شیتك. بەڵام ڕەچاوی ئەوە دەکرا، کە لەگەڵ ڕەنگ و جۆری جلوبەرگەکە گونجاو بێت و لەسەر ڕەنگی جلوبەرگەکە بێت.

نەریت وا بوو، کە شیتکیان لە کەمەر دەئاڵاند، گرێیان لێ دەدا و گرێیەکان، لە (٣-١٠) گرێ بوون، هەموو کەسێك نەیدەزانی بە جوانی و ڕێکوپێکی شیتك گرێ بدات، بەڵام هەندێك کەس لە دەڤەرەکە هەبوون، لە گرێدانی شیتکدا شارەزا و کارامە بوون.

---

(١٧٠) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز صدقی سەعدی غەفور ئەرگوشی و نایف صەبری ئاڵی شیڤی، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٠. (نووسەر)

٦. **گورەوی**: گورەوی لە خۆری و مووی بزن و مەڕ دروست دەکرا و زیاتر لە وەرزی زستان لەپێ دەکرا، چونکە بەرگەی سەرما و سۆڵەی دەگرت.

٧. **ساقە**: لە خوری دروست دەکرا و وەك گورەوی وا بوو، بەڵام هەردوولای کراوەبوو. لە وەرزی زستان لەپێ دەکرا، چونکە بەرگەی سەرما و سۆڵەی دەگرت.

٨. **لەوەندی**: پارچە قوماشێکی سپی بوو، بە ئەندازەی مەترێك دەبوو، پیاوان لە دەست و مەچەکی خۆیان دەئاڵاند، نەخاسمە لەگەڵ پەشم بەرگیزدا، جوانی و کەشخەیەکی زۆری بە پیاوان دەبەخشی و زیاتر لە بۆنە و هەڵکەفتەکاندا گرێ دەدرا.

٩. **چۆخك**: لە خۆری و مەرەز دروست دەکرا و وەك ئێلەك وا بوو، دەیانکردە شان و مل.

١٠. **کەپەن**: کەپەن پۆشاکێکی درێژ و یەك پارەچە بوو، لە خوری دروست دەکرا، هەر لە بنی پێ، تا شان و ملی مرۆڤ دایدەپۆشی.

شوانەکان لە وەرزی زستان و لە کاتی سەرما و سۆڵە دەیان پۆشی، تاکوو سەرمایان نەبێت، چونکە پۆشاکێکی زێدە گەرم بوو، شوان بە هۆی کەپەنەوە دەیتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر خۆڕاگرێت و بەرگەی سەرما و سۆڵە بگرێت.

١١. **دەرپێ**: لە چاپان یان خام دروست دەکرا و لە بن شەلوار لە پێیان دەکرد.

١٢. **ئێلەك**: ئێلەکیش وەك چۆخك وا بوو، بەڵام سادەتر بوو و لە قوماش دروست دەکرا.

١٣. **کراس**: پارچە قوماشێك بوو، لە کەمەرەوە تا شان و مل دایدەپۆشی.

١٤. **بنکراس**: هەر وەك لە ناوەکەی ڕا دیارە، پارچە قوماشێك بوو، لەژێر کراس لەبەر دەکرا.

١٥. **پێڵاڤ**: پێڵاڤ (پێڵاو)، تا ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش، پێڵاو لە دەڤەری مزووری باڵا نەبوو، یانیش کەم بوو، ئەوەی هەبوو، ڕەشك یان پێڵاوی لاستیك، یان کاڵك؛ یاخود پێڵاوی چەرم بوو، لە چەرمی گا یان مانگا دروست دەکرا.

١٦. **ڕەشك**: لە مووی بزن دروست دەکرا و دوو شریتی پێوە بوو، بۆ ئەوەی بە قاچەوە ببەسترێتەوە، ڕەشك پێڵاوێکی زۆر گەرم بوو، نەخاسمە بۆ سەرما و سۆڵەی زستان.

١٧. **کاڵك**: کاڵك لە چەرمی ئاژەڵ دروست دەکرا.



پێڵاوی ڕەشك

ئەم پێڵاوە، کە بە (ڕەشك) ناسراوە، لەلایەن بەڕێز بەهائەدین محەمەد پێندرۆیی دروست کراوە.

جلوبەرگی ژنان

جلوبەرگی ژنان، لە ڕووی جۆر و تایبەتمەندییەوە لە جلوبەرگی پیاوان جیاواز بوو. گرنگترین جلوبەرگەکانی ژنان لە دەڤەری مزووری باڵا، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١. **پۆشی**: جۆرە قوماشێك بوو، ڕیشاڵی پێوە بوو، ژنان، نەخاسمە ژنە بەتەمەنەکان. وەك جامانە لە سەریان گرێ دەدا.

٢. **دەستماڵ**: لە پارچە قوماشێك دروست دەکرا، ژنان، قژی سەر و ڕوومەتی خۆیانی پێ دادەپۆشی.

٣. **کولاڤ**: کڵاوی ژنان جیاواز بوو لە کڵاوی پیاوان، زیاتر ژنە بەتەمەنەکان بۆ جوانی بەکاریان دەهێنا، نەك وەك پێداویستی.

٤. **کراس**: یەك پارچە بوو، لە بنی پێ، تا شان و ملی ئافرەت دایدەپۆشی.

٥. **بنکراس**: پارچە قوماشێك بوو، نیو قۆڵ بوو، تا ئەژنۆ درێژ بوو، لە بن کراس لەبەریان دەکرد.

٦. **کورتەك**: یەك پارچە بوو، لە بنی پێ، تا شان و ملی ئافرەت دایدەپۆشی، بەڵام لە دیوی پشتەوە و زیاتر لەگەڵ کراس دەیان پۆشی و جوانی و ماقولی بە ژن دەبەخشی.

٧. **فیستان**: وەك کورتەك وا بوو، لە بنی پێ، تا شان و ملی ئافرەت دایدەپۆشی، بەڵام لە دیوی پێشەوە کراوە بوو، کەمەرەکەیشی کوریشك (لۆچ)ی هەبوو.

٨. **لەوەندی**: پارچە قوماشێك بوو، بە ئەندازەی مەترێك درێژ بوو، بە قۆڵی کراسەکەوە بوو. سەری هەردوو لەوەندییەکەیان لە دیوی پشتەوە، بە یەکەوە دەبەستەوە.

٩. **چارۆك**: له پارچه قوماشێکی ڕەش دروست دەکرا و دیوی پشتەوەی ئافرەتی دادەپۆشی و له بۆنه و هەڵکەفتەکاندا لەگەڵ کراس و فیستان بەکاریان دەهێنا.

١٠. **عەبا**: له پارچه قوماشێکی ڕەش دروست دەکرا، هەر له بنی پێ، تا سەری ئافرەتی دادەپۆشی.

١١. **گورەوی**: لەگەڵ پێڵاو له پێیان دەکرد.

١٢. **شاڵ**: پارچه قوماشێك بوو، ژنان، نەخاسمه ژنه ماقول و بەتەمەنەکان، وەك شیتك له کەمەری خۆیان دەئاڵاند.
هەڵبەت شاڵی بەڕیشاڵ و بێڕیشاڵیش هەبوو.

١٣. **کەمەر**:زیاتر له زێڕ یان زیو دروست دەکرا و بووکەکان زیاتر بەکاریان دەهێنا و له کەمەری خۆیان دەئاڵاند.

١٤. **هەڤاڵکراس (دەرپێ)**: له قوماش دروست دەکرا و لەژێر کراس و فیستان لەبەریان دەکرد.[١٧١]

(١٧١) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو زەینەب ئیسماعیل ستوبەیی، له بەحرکە، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٧.

ڕاگواستنی زۆرەملێی مزوورییەکان

بە پێی بەڵگە مێژووەکان، تەنیا لە سەدەی بیستەمدا، چوار جار هاووڵاتیانی دەڤەری مزووری باڵا بە زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمەکانی ئێراقەوە بۆ شوێنەکانی دیکە ڕاگوێزراون، بەم شێوەیە:

قۆناغی یەکەم: لەساڵی (١٩٣٢-١٩٣٥): دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان بە ڕابەرایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی ڕەش و ڕووتی ئەو دەڤەرە و کوردستان بە گشتی.

دەوڵەتی ئێراق بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەوە و بە پاڵپشتی هێزە ئاسمانییەکانی بریتانیای داگیرکەر پەلاماری دەڤەری بارزانی دا و تەڕ و وشکی پێکەوە سووتاند و زیانێکی زۆری بە خەڵکی مەدەنی و مەڕومەڵات و باخ و بێستانەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرەی گەیاند و هەوڵی دا دەست بەسەر دەڤەرەکەدا بگرێت.

لە هەمبەر ئەو هێرشە دڕندانەیەدا، شێخ ئەحمەدی بارزانی،کە ئەرکی ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشی لە ئەستۆ گرتبوو، ڕووبەڕووی ئەو هێزانە وەستایەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوسەنگی هێز لە نێوان هێزەکانی شێخ ئەحمەد و هێزەکانی دوژمن، دواجار شێخ ئەحمەد بڕیاری دا لەگەڵ (٤٠٠) کەس، بە ماڵ و منداڵەوە لە ناوچەی بارزان بکشێنەوە و بەرەو تورکیا کۆچ بکەن.

بەڵام حکوومەتی ئەوسای تورکیا، پێشتر شێخ ئەحمەدی بەهاوکاریکردنی شۆڕشی ئارارات تۆمەتبار کردبوو.

بۆیە لەپێناو تێکنەچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراقدا، شێخ ئەحمەدی ڕادەستی بەغدا کردەوە.

لەگەڵ ڕادەستکردنەوەیدا، لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بۆ شارەکانی باشووری ئێراق دوور خرایەوە، پاشان لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣٣-١٩٣٥) هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان و چەندین بنەماڵەی دیکەی ناوچەی بارزان، کە هەندێکیان خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا بوون، کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە دڕندانەیە و بەرەو باشووری ئێراق ڕاگوێزران، ئەمانە بەشێك لەو ڕاگوێزراوانە:

١. ژن و منداڵەکانی خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی([172]).
٢. ڕەشید یاسین پێندرۆیی.
٣. حەکیم یاسین تەها پێندرۆیی.
٤. سلێمان حەکیم یاسین پێندرۆیی.
٥. خەلیل حەکیم یاسین پێندرۆیی.([173])

خاتوو (ئامینا سەلیم خۆشەوی)، کە خۆی یەکێك بووە لە ڕاگوێزراوەکانی ساڵی ١٩٣٣ بۆ باشووری ئێراق و لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٢ بووە، لەمبارەیەوە لە زاری دایکییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئێمەی ژن و منداڵەکانی خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی، لە ساڵی ١٩٣٥ دوورخرابووینەوە بۆ باشووری ئێراق و هەر ڕۆژێك ئێمەیان دەبردە شارێك، وەك: مووسڵ و ڕومادی و تەلەعفەر، دوای سەربڕینی مام و باوکم واتە (خەلیل خۆشەوی) و (سەلیم خۆشەوی) لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، ڕێگەمان پێ درا کە بگەڕێینەوە زێدی خۆمان، واتە گوندی سێلکێ، لە ساڵی ١٩٣٧ دووبارە دوورخراینەوە بۆ گوندی بیراکەپرا لەناو زێبارییەکان."([174])

قۆناغی دووەم، ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٩): دوای لەناوبردنی خەرمان و خەباتی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥، پێشمەرگەکانی ئەو دەڤەرە، بە خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیانەوە، لەگەڵ هەردوو سەرکردەی شۆڕش، شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی ئاوارەی ئێران بوون و چالاکانە و لێبڕاوانە بەشدارییان لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا کرد.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش، بارزانییەکان، سەری بەرزی خۆیان بۆ شای ئێران شۆڕ نەکرد و دوای چەندین شەڕی دەستەویەخە، دواجار لە ساڵی ١٩٤٧بەرەو سنوورەکانی ئێراق کشانەوە و گەڕانەوە باشووری کوردستان.

هەرچەند سەرکردایەتی شۆڕش، هەوڵێکی زۆری دا، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق ڕێك بکەوێت و بارزانییەکان بگەڕێنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی خۆیان، بەڵام تاکە مەرجی دەوڵەتی ئێراق ئەوەبوو کە بەبێ مەرج خۆیان ڕادەست بکەنەوە.

---

(١٧٢) سەربۆرا تراژیدیایێن بارزانیان، ڕێکاری مزیری، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣

(١٧٣) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز قاسم سلێمان حەکیم پێندرۆیی، ڕێکەوتی ١٠/٩/ ٢٠١٩

(١٧٤) سەربۆرا تراژیدیایێن بارزانییان، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو مەرجەی ڕەتکردەوە، بۆیە دوای چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە لە نێوان جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی و ئەفسەرە کوردەکان، دواجار بڕیاردرا کەوا مەلا مستەفای بارزانی، لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی ئازا، کە ژمارەیان (٥١٨) کەس بوو، بچن بۆ سۆڤیەت.

ئەو پیاوە نەخۆش و بەساڵاچووانەش، کە لە توانایاندا نەبوو، بچن بۆ سۆڤیەت، بە خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان، لەگەڵ جەنابی شێخ ئەحەدی بارزانی، بگەڕێنەوە بۆ ئێراق و خۆیان ڕادەستی دەوڵەت بکەنەوە.

بەڵام دەوڵەتی ئێراق، هەمووانی لەناو تێلبەندی([١٧٥]) دیانادا دەستبەسەرکرد، هەر بەوەندەش نەوەستا، بەڵکوو شێخ ئەحمەدی بارزانی و گشت ئەو پیاوە بەساڵاچووانەشی. کە خۆیان ڕادەست کردبووە، لە ژن و منداڵەکانیان جیا کرانەوە و لە شارەکانی بەغدا و مووسڵ و کەرکووك خرانە زیندانەوە، دوایی ڕێ بە ژن و منداڵەکانیان درا تا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

هەڵبەت شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ ماوەی (١٢)ساڵ لە زینداندا مایەوە.

هەندێ کەسی دیکەش لە بارزانییەکان، حوکمی حەپسی ئەبەدیان بەسەردا سەپێندرابوو، یەکێك لە وانە (خالید یاسین پێندرۆیی) بوو، چونکە لە ڕیزی سوپاسی ئێراق هەڵهاتبوو و پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە کردبوو، بەڵام دوای چەندین ساڵ مانەوە لە بەندیخانە ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٤٩، حکوومەتی ئێراق، بەشی هەرە زۆری ئەو بارزانییانەی ئازاد کرد کە لە ساڵی (١٩٤٧) لە کەرکووك و مووسڵ و بەغدا زیندانی کردبوون، بەڵام مافی ئەوەیان نەبوو بگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵ و زێدی خۆیان، بەڵکوو بەپێی پیلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراو، دووری خستبوونەوە بۆ گوندەکانی دەشتی هەولێر، هەندێکیشیان ڕەوانەی سنووری پارێزگای دهۆك کرابوون و هەرچەند کەسێکی لە گوندێك نیشتەجێ کردبوو، دوایی ناچار کرابوون، ماڵ و منداڵەکانیشیان بگوازنەوە بۆ لای خۆیان.

---

(١٧٥) تێلبەندی دیانا، کە بەسیرمەی دیانا ناسراوە، سەربازگەیەك بوو، حکوومەتی ئێراق، بەمەبەستی دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی کوردە شۆڕشگێڕەکان دروستی کردبوو و هەرچوار دەوری تێلبەند کردبوو و وەك زیندانێکی مەزن وابوو، تاکوو کەس نەتوانێ لەناو ئەو تێلبەندە ڕابکات! (نووسەر)

یەکێك لەو دوورخراوانە، مراد عەبدوڵڵا هەمیرە پێندرۆیی بووە، کە بەسەرهاتێکی ناخهەژێن و دڵتەزێنی هەیە، بۆیە هەقوایە بەسەرهاتە دڵتەزێنەکەی بکرێتە ڕۆمان و هەموو کوردێك، نەوە دوای نەوە بیخوێنێتەوە و پەندی لێ وەرگرێت.

مراد عەبدوڵڵا هەمیرە لە گوندی پێندرۆ؛سەر بە دەڤەری مزووری باڵا، لە خێزانێکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ لە دایك بووە.

ساڵی ١٩٣٢ بەشداری لە شۆڕشی یەکەمی دەڤەری بارزاندا کردووە، دوای لەناوبردنی شۆڕش، خۆی و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی، ئاوارەی تورکیا بوون.

لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئاوارەیی گەڕاونەتەوە، بەڵام خۆی و وەسمانی مامی و محەمەدی خاڵی و مکایلی کوڕە خاڵی، لەلایەن دەوڵەتی ئەوسای ئێراقەوە گیراون، بە تۆمەتی ئەوەی گوایە نانیان بە شۆڕشگێڕ خەلیل خۆشەوی و هەڤاڵانی داوە.

بۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵ بێسەروشوێن کراون، دوای دوو ساڵ مانەوەیان لە ژوورە تاریکەکانی زیندانی بەسرەدا، بە بەخشینێکی گشتی (عفوعام)، ئازاد کراون.

ساڵی ١٩٤٣، دوای ئەوەی ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕاوەتەوە دەڤەری بارزان و بە گوندی پێندرۆدا تێپەڕیوە، مراد دووبارە چەکی کردووەتە شان و بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا کردووە.

ساڵی ١٩٤٥، مراد و خانەوادەکەی، هاوشانی بارزانییەکانی دیکە، ئاوارەی ئێران بوون و چەکی پێشمەرگایەتییان کردووەتە شان و بەرگرییان لە کۆماری کوردستان کردووە.

هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان، باوکی و مامی و خێزانی و دوو کوڕ و کچێکی لە ئێران کۆچی دواییان کردووە.

لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی بارزانیەکان بۆ ئێراق، ئیسماعیلی برای، لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی ڕۆیشتووە بۆ سۆڤیەت.

بەڵام خۆی، لەگەڵ خانەوادەکەی لەناو سیرمە (تێڵبەند)ی دیانا دەستبەسەر کراوە، دوایی خۆی و بارزانییەکانی دیکەی سەرووی (١٨)ساڵ، لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی دەستگیر کراون و گواستراونەتەوە بۆ زیندانەکانی مووسڵ و کەرکووك و بەغدا.

مراد، وەك زۆربەی بارزانیەکانی دیکە، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کەرکووك لە زینداندا ماوەتەوە، ئینجا ئازاد کراوە، بەڵام مافی ئەوەی نەبووە بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بۆیە

دوورخراوەتەوە بۆ گوندی شێخ مەموودانی سەر بە هاوینەهەواری پیرمام لە دەوروبەری هەولێر.

مەگرووم خانی کچی مراد، بەم شێوەیە بەسەرهاتی باوکی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "دوای ئازادکردنی باوکم لە زیندان، وا خۆی بە پیاوانی دەوڵەتی ئێراق ناساندبوو، کە کەسی نییە، بۆیە بەتەنیا دوورخرابووە بۆ گوندی شێخ مەموودانی سەر بە هاوینەهەواری پیرمام لە دەوروبەری هەولێر.

باوکم لە گوندی شێخ مەموودان، بەنهێنی و بەبێ ئەوەی پیاوانی دەوڵەت پێی بزانن، دەنێرێت بەدوای مندا، کە تەمەنم ئەو کاتە ١٥ ساڵ دەبوو، بۆ ئەوەی بچمەی لای باوکم جلەکانی بۆ بشۆم.

لەسەر ڕاسپاردەی داپیرم، لەگەڵ چەند کەسوکارێکم چوومە لای باوکم و لە گوندی شێخ مەموودان بە یەکتری شاد بووینەوە و یەکتریمان لە باوەش گرت.

باوکم ماوەیەك بوو، دایکی و عەبدوڵڵای کوڕە تاقانەکەی و کەسوکارەکانی نەبینیبوو و دڵی بۆیان تەنگ بوو بوو، بۆیە بەنهێنی و بەبێ ئاگاداری پیاوانی دەوڵەت و بە تەنیا چووە گوندی (پێندرۆ) و شەوێك لە ماڵی خۆی مایەوە.

بەڵام پیاوانی دەوڵەت پێیان زانی، کە گەڕاوەتە زێدی خۆی، بۆیە چەند سەربازێکی هێسترسواری ناردە گوندەکەمان و دەستەکانی باوکمی کەلامچە کرد و بە حەبلێك بەستیانەوە و سەرەکەی دیکەی حەبلەکەی لە دیوی پشتەوەی هێسترێکیان بەستەوە و سواری هێسترەکانیان بوون و ئەوان بە سواری و مرادیش بە پیادە، بەرەو شێروان مەزن، ئینجا مێرگەسۆر، ئینجا ڕواندوز و هەولێر بەڕێ کەوتن.

داپیریشم، کە دەکاتە دایکی (مراد)، لەگەڵ شوکری وەسمانی ئامۆزای باوکم، لەگەڵی چوون تا شێروان مەزن و مێرگەسۆر، بەڵام لە مێرگەسۆر، پیاوانی دەوڵەت ڕێگەیان نەدا چیتر لەگەڵی بڕۆن، بۆیە شوکری وەسمان بەناچاری گەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام داپیرم، نەیتوانی دەستبەرداری کوڕەکەی بێت و بڕیاری دا بە نهێنی سۆراغی کوڕەکەی بکات و، بەرەو گوندی شێخ مەموودان کەوتە ڕێ تا گەیشتە ئەوێ.

کە هاتە ئەوێ، دیتی کوڕەکەی لەوێ نییە و نەیان هێناوەتە ئەوێ، دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی و بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێ، لە ڕێ کاروانێکمان بینی ڕەژووی پێ بوو، لەگەڵ کاروانەکە دامانە ڕێ تا گەیشتینە هەولێر.

لە هەولێر سەردانی نەخۆشخانەی هەولێرمان کرد، کە ئێستا پێی دەڵێن (نەخۆشخانەی جمهوری)، بەشکم لە نەخۆشخانە بێت. چونکە باوکم لە ڕێ زۆر ئازاری چەشتبوو و نەخۆش کەوتبوو و تەندروستییەکەی تێکچوو بوو، سەربازەکانیش لە گەلی عەلی بەگ ناچار بوو بوون بە ئۆتۆمبێلێك بیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی هەولێر.

ئێمە ئەو ڕۆژە، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە، لە پێش دەرگای نەخۆشخانە ڕاوەستاین، چەندین جار داپیرم چووە بەر دەرگا، لە پاسەوانەکانی نەخۆشخانەی پرسی: مراد عەبدوڵڵا لێرەیە، هەموو جارێك دەیانگوت لێرە نییە، بەڵام بەسەر و سیمایانەوە دیار بوو کە نایانەوێ ڕاستییەکەی پێ بڵێن. ئیدی تا ئێوارە ماینەوە و هەوڵەکانمان بێ ئاکام بوون.

ئێوارە خۆمان ئامادە کرد، بۆ ئەوەی بەرەو نەخۆشخانەی شەقڵاوە بچین، بەشکم لەوێ بێت، لەو کاتە کەسێکی جوامێر و مرۆڤدۆستمان بینی، هەستی بەوە کرد کە ئێمە خەڵکی شاری هەولێر نین. گوتی بۆ کوێ دەچن؟ داپیرم بەسەرهاتی خۆی و کوڕەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەو پیاوە جوامێرە گوتی: ئەگەر ڕوپیەیەکت پێ بێت بمدەرێ، ئێستا دەچم تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانەی شەقڵاوە دەکەم، ئاخۆ کوڕەکەت لەوێیە یان نا؟ چونکە ڕێی شەقڵاوە دوورە، چۆن ئێوە بەو ئێوارەیە بە تەنیا دەدەنە ڕێ، دەترسم لە ڕێ تووشی کێشەیەك بن و شتێکتان بەسەر بێت.

لەو ئانوساتەدا، من پیاوێکم بینی بە جامانەی سوورەوە لە دوکانێك دەهاتە دەرەوە.

هاوارم کرد و ڕووم کردە داپیرم و پێم وت: داپیرە، ئەو پیاوە جامانە سوورە دەبینی؟

داپیرم ئاوڕی دایەوە، کە پیاوە جامانە سوورەکەی بینی، بلەز هەردووکمان ئەو پیاوەمان بەجێهێشت و بە غار چووینە لای ئەو پیاوە جامانە سوورە.

داپیرم، دوای سڵاو و چاکی و چۆنی، لەگەڵیدا کەوتە گفتوگۆ و دانوستان.

جامانە سوورەکە خۆی بە داپیرم ناساند و گوتی من (عەزۆ دری[١٧٦])م.

---

(١٧٦) عەزیز محەمەد دری، کە بە عەزۆ دری ناسراوە: خەڵکی گوندی (دری)ی دەڤەری (هەرکێ) بووە.

کاتێك ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی و هەڤاڵانی چوون بۆ سۆڤیەت، بە گوندەکانی هەرێکدا چوو بوون و چەند شەوێك لەوێ مابوونەوە.

دوای چوونیان بۆ سۆڤیەت. پیاوانی دەوڵەت چەند کەسێکیان لە دەڤەری هەرکێ دەستگیر کردبوو، گوایە نانیان بە مەلا مستەفا و هەڤاڵانی داوە. یەکێك لەو دەستگیرکراوانە عەزۆ دری بووە.

ناوبراو دوو ساڵ لە زیندانی کەرکووکدا ماوەتەوە، لەوێ مراد عەبدوڵڵای ناسیوە، دوای ئازادکردنیشیان، عەزۆ و مراد بۆ دەوروبەری هەولێر دوورخراونەتەوە. ئەو ڕۆژەی مرادیان هێناوە بۆ نەخۆشخانە، بەڕێکەوت عەزۆ لەوێ بووە و بینیویەتی کە لە

داپیرم پرسیاری کوڕەکەی لە عەزۆی کرد، چونکە دەیزانی پێشتر هەردووکیان هاوڕێی یەکتری بوون و لە زیندانی کەرکووك پێکەوە بوون.

ئەویش پێی ڕاگەیاند کە مراد نەخۆشە و لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریدایە و چەند ڕۆژێکە لەگەڵیدام، ئێستاش هاتووم شووتیی بۆ بکڕم.

ئینجا گوتی: من لە ئاسمان داوای ئێوەم دەکرد! کەچی لێرە ئێوەم دۆزییەوە!

داپیریشم، زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستە مرۆڤدۆستانەی عەزۆی کرد، ئینجا هەرسێکمان پێکەوە چووینە نەخۆشخانە.

من و داپیرم، گەیشتینە لای باوکم، بەڵام تەندروستییەکەی ناجێگیر بوو و لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوو، پێنج شەو لەگەڵیدا ماینەوە، بەڵام بەداخەوە، لە شەوی شەشەم، باوکم لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد و گیانی سپارد.

سەرەڕای خەمی لە دەستدانی جگەرگۆشەکەی، داپیرم لە خەمی ئەوەشدا بوو چۆن تەرمەکەی بشوات و کفنی بکات و بەخاکی بسپێرێت، چونکە کەسمان لە هەولێر نەدەناسی کە بەهانامانەوە بێت.

بەڵام پیاوێکی خێرخواز لەوێ بوو، گوتی: خەم مەخۆ، من ئەرکی شۆردن و کفنکردن و بەخاکسپاردنی کوڕەکەت دەگرمە ئەستۆ.

داپیرم زۆر هەوڵی دا هەندێ پارەی پێ بدات، بەڵام ئەو خێرخوازە ڕازی نەبوو پارەکەی وەربگرێت و پێی وت: من لە ڕێی خودا ئەم کارە دەکەم.

دوای شۆردن و کفنکردنی باوکم، لە قەبرستانی بەستەپیازەی شاری هەولێر بەخاك سپێردرا.

ڕۆژی دواتر من و داپیرم، چووینە سەر گڵکۆی باوکم لە قەبرستانی بەستەپیازە، ئینجا بە دەرد و کەسەر و چاوی پڕ فرمێسکەوە ناچار بووین قەبرەکەی بەجێی بێڵین و بگەڕێینەوە ماڵەوە."[١٧٧]

دۆخێکی خراپدایە، ئەویش وەك کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤدۆستانە چەند ڕۆژێك لە نەخۆشخانە لەگەڵیدا ماوەتەوە، تا دایکی هاتووە، ئینجا گەڕاوەتەوە ماڵی خۆی.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محەمەد عەزیز (عەزۆ) دری لە سۆران، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٣ (نووسەر)

[١٧٧] ئەم بەسەرهاتە دڵتەزێنە، لە زاری مەگرووم خانی کچییەوە (خودا لێی خۆش بێت)، گێڕدراوەتەوە و بەڕێز محەمەد عەلی سەعید پێندرۆیی، لە ساڵی ٢٠١٣ لای خۆی تۆماری کردووە. (نووسەر)

کاك عەدالەت عومەر ساڵح(178) لەبارەی گرتن و دوورخستنەوەی بارزانییەکانەوە دەڵێت: "هەر لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن ئەنجومەنی عورفی سەربازی بە شێوەی غیابی حکومی مردنی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و ١١٠کەس لە هاوڕێکانی دەرچوو. هەروەها حکوومەتی ئێراق دوای گەڕانەوەی بارزانیەکان بۆ ئێراق، بڕیاری گرتنی شێخ ئەحمەد بارزانی و براکانی: محەمەد سدیق و بابۆ و هەردوو کوڕەکانی: محەمەدخالید و جەمال و برازیەکانی دیکەی دەرکرد و هەموویان لە ئۆردوگای دیانا گواسترانەوە بۆ گرتووخانەی هەولێر، تا پاشتر بدرێن بە دادگای عورفی، دوایی گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی بەسرە. لە هەمان ساڵ لەو ئۆردووگایە حکومەتی ئێراق هەموو نێرینەکانی سەرووی ١٨ ساڵیان گرت و گواستەوە بۆ بەندیخانەکانی مووسڵ و کەرکوک و بەغدا.

بەگوتەی شایەتحاڵەکان (٥٠٠) بارزانی لە کەرکوک و (٦٠٠)ی دیکە لە مووسڵ و بەغدا دەستبەسەرکران، پاشان ماڵ و منداڵەکانیان بۆ دەشتی هەولێر و رانیە و بادینان ڕاگوێزران.

بەشێکی زۆر لە خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، لە ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٩) کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە زۆرەملێیە و بە ماڵ و منداڵەوە بۆ دەشتی هەولێر و سنووری پارێزگای دهۆك هاتنە ڕاگواستن، ئەمە ناوانەی خوارەوە، بەشێکن لەو کەسانەی کە کاتی خۆی لە دەڤەری مزووری باڵا کەوتبوونە بەر شاڵاوی ڕاگواستنی ساڵی ١٩٤٩ بۆ سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆك:

١. باپیر شێر شنگێلی
٢. ئەحمەد جلندی شنگێلی
٣. شێخۆ میرۆ شنگێلی
٤. عەلی یاسین شنگێلی
٥. مستەفا یاسین شنگێلی
٦. محەمەد یاسین شنگێلی
٧. محەمە تەیب شنگێلی
٨. تەیب سەلیم شنگێلی
٩. جەمیل تەیب شنگێلی
١٠. عومەر موسا شنگێلی

---

(١٧٨) بگەڕێوە بۆ "بارزانییەکان لە ڕاگوستنەوە تاکو جینۆساید بەپێی بەڵگەنامە فەرمی و مێژووییەکان، کوردستان- چەمچەماڵ، کۆنفرانسی جینۆساید لە ناسنامەوە بۆ پڕۆژە، نیسانی ٢٠١٦."
نووسینی عەدالەت عومەر سالح.

١١. خان ئەسکەندەر شنگێلی
١٢. ئیسماعیل مامر ڕەش شنگێلی
١٣. مامر ڕەش شەمدین شنگێلی
١٤. سامر حەسەن شنگێلی
١٥. ئەحمەد حەسەن شنگێلی
١٦. ئەمین محەمەد شنگێلی
١٧. محەمەد ئەحمەد شنگێلی
١٨. محەمەد ئەمین حەسەن شنگێلی
١٩. محەمەد ئەمین یاسین شنگێلی
٢٠. میرزا یاسین شنگێلی
٢١. جلندی محەمە شنگێلی
٢٢. حەجی عومەر شنگێلی
٢٣. مستەفا ڕەشید شنگێلی
٢٤. مەلا عەلی ئەحمەد عەلی شنگێلی
٢٥. ئەحمەد حەمۆ شنگێلی
٢٦. کەریمر ئەحمەد شنگێلی
٢٧. حەسەن ئەحمەد شنگێلی
٢٨. عەلی شینۆ شنگێلی
٢٩. عەبدوڵڵا شینۆ شنگێلی
٣٠. سلێمان شینۆ شنگێلی
٣١. چیچۆ شینۆ شنگێلی
٣٢. بابەکر سلێمان شنگێلی
٣٣. مەلا یونس محەمەد شنگێلی
٣٤. حەکیمر مەلا یونس شنگێلی
٣٥. حەجی محەمەدسەلیمر شنگێلی
٣٦. عەبدورەحمان حەجی شنگێلی
٣٧. مەلا محەمەد سەلیمر شنگێلی
٣٨. حەبیب مەلا محەمەد شنگێلی
٣٩. شەمدین حەتەمر شنگێلی

٤٠. ساڵح سەلیم حاجی شنگێلی
٤١. عەبدورەحمان ساڵح شنگێلی
٤٢. چەلەبی شکر محەمەد شنگێلی
٤٣. ساڵح چەلەبی شنگێلی
٤٤. قەتران ئارەب سێلکی
٤٥. بابەکر ئارەب سێلکی
٤٦. حەسەن ئارەب سێلکی
٤٧. سەبری ئارەب سێلکی
٤٨. عەشقی ئارەب سێلکی
٤٩. یاسین ناسر سێلکی
٥٠. نووری یاسین سێلکی
٥١. مستەفا محەمەد سێلکی
٥٢. حوسەین محەمەد سێلکی
٥٣. مەل عەبدوڵلا سێلکی
٥٤. عومەر مکایل سێلکی
٥٥. شەریف مکایل سێلکی
٥٦. عوزێر تەها سێلکی
٥٧. عەبدوڵلا سلێمان سێلکی
٥٨. عەبدوڵلا محەمەد سێلکی
٥٩. تەها عوزێر سێلکی
٦٠. عەلی تەها سێلکی
٦١. زێدین تەها سێلکی
٦٢. حەسەن ئیبراهیم سێلکی
٦٣. بابەکر ئیبراهیم سێلکی
٦٤. ساڵح عەلی سێلکی
٦٥. ئیسماعیل حەسەن سێلکی
٦٦. سوار ئیسماعیل سێلکی
٦٧. قادر ئیسماعیل سێلکی
٦٨. ئەحمەد ئیسماعیل سێلکی

٦٩. حوسەین محۆ سێلکی
٧٠. محەمەد حوسێن سێلکی
٧١. عومەر ئارەب سێلکی
٧٢. مستەفا ئارەب سێلکی
٧٣. ئەحمەد ناسر سێلکی
٧٤. ساڵح ناسر سێلکی
٧٥. سەلیم محەمەد بابسێفی
٧٦. ئیبراهیم محەمەد بابسێفی
٧٧. مەلا یونس محەمەد سەلیم بابسێفی
٧٨. سەلیم محەمەد بابسێفی
٧٩. ئەسعەد تەها بابسێفی
٨٠. مەجید بابەکر بابسێفی
٨١. تەها محەمە ئەمین بابسێفی
٨٢. ئیسماعیل ئیبراهیم بابسێفی
٨٣. مەڵکۆ محەمەد ئەمین بابسێفی
٨٤. حەسەن بابەکر بابسێفی
٨٥. سەعید ئەحمەد بابسێفی
٨٦. شینۆ حاجی شینۆ بابسێفی
٨٧. فرعو حاجی بابسێفی
٨٨. ئیبراهیم حەسەن بابسێفی
٨٩. سەلام ڕەشید بابسێفی
٩٠. ساڵح ڕەشید بابسێفی
٩١. زکری حەجی بابسێفی
٩٢. ئومەر محەمەد بابسێفی
٩٣. یاسین محەمەد بابسێفی
٩٤. ئەحمەد حەمید بابسێفی
٩٥. خواجە سلێمان ئەسعەد دێزۆیی
٩٦. حەجی ئەحمەد ئیبراهیم دێزۆیی
٩٧. مەحموود ئەحمەد ابراهیم دێزۆیی

٩٨. تەتوو ئەحمد ئیبراهیم دێزۆیی
٩٩. عەلی ئەحمەد ابراهیم دێزۆیی
١٠٠. عەزیز عەزیز گلاڤی دێزۆیی
١٠١. قادر سلێمان ئەسعەد دێزۆیی
١٠٢. خالید محەمەد یاسین دێزۆیی
١٠٣. یاسین محەمەد یاسین دێزۆیی
١٠٤. تاهیر نبی عەلی دێزۆیی
١٠٥. یوسف سەلیم حوسەین دێزۆیی
١٠٦. نەعمان حوسەین دێزۆیی
١٠٧. یاسین حوسەین دێزۆیی
١٠٨. قادر یەزدین دێزۆیی
١٠٩. محەمەد مراد دێزۆیی
١١٠. جادر مراد دێزۆیی
١١١. عوبدوڵا ئاڵی دێزۆیی
١١٢. مستەفا عەبدولحەمید گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٣. جادر عەلدولحەمید گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٤. شینۆ گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٥. ناسر شینۆ گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٦. ڕەشید ڕەسووڵ گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٧. فەقێ محەمەد گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٨. فەقێ حەسەن گویزی (گویزا وەلاتی)
١١٩. عوبێد حەسەن گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٠. چیچۆ عەزیز گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢١. سەید چیچۆ گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٢. تاهر محۆ لەشکری گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٣. لەشکری محۆ گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٤. دەروێش محۆ گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٥. جادر گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٦. فارس گویزی (گویزا وەلاتی)

١٢٧. زێدین حەسەن گویزی (گویزا وەلاتی)
١٢٨. بابەکر عومەر گویزا وەلاتی
١٢٩. مەلال زێڕۆ عەلی مووکی
١٣٠. عەلی زێڕۆ عەلی مووکی
١٣١. فەتاح ساڵح تەها مووکی
١٣٢. تەها ساڵح تەها مووکی
١٣٣. محەمەد ئەمین شین مووکی
١٣٤. خورشید سەلیم مووکی
١٣٥. مستەفا سەلیم مووکی
١٣٦. قادر بابێزدین مووکی
١٣٧. حوسەین بابێزدین مووکی
١٣٨. شەریف شێخ بەکر مووکی
١٣٩. بابەکر عەزیز بەکر مووکی
١٤٠. مەجید سەلیم مووکی
١٤١. سەلیم محەموود محێ مەموودی
١٤٢. شێخ لاچ حوسێن مەموودی
١٤٣. شێخۆ ئومیر مەموودی
١٤٤. زێدین محەمەد محێ مەموودی
١٤٥. شینۆ ئەحمەد حاجی مەموودی
١٤٦. شەریف فەتاح شەریف مەموودی
١٤٧. شاهین محێ بەهائەدین مەموودی
١٤٨. سمایل شاهین محێ مەموودی
١٤٩. مەحموود مح مەموودی
١٥٠. مەحموود یوسف پێندرۆیی
١٥١. خواجە حسێن پێندرۆیی
١٥٢. مراد عەبدوڵڵا پێندرۆیی
١٥٣. نەبی زولەیخا پێندرۆیی

١٥٤. جەسیم مەلا ئەحمەد پێندرۆیی
١٥٥. محەمەد جبرائیل پێندرۆیی
١٥٦. شین حوسێن پێندرۆیی
١٥٧. تەها ڕەشید پێندرۆیی
١٥٨. مستەفا جادر مێرۆزی
١٥٩. جانگیر جادر مێرۆزی
١٦٠. بکۆ جادر مێرۆزی
١٦١. یاسین بکۆ جادر مێرۆزی
١٦٢. محەمەد بکۆ جادر مێرۆزی
١٦٣. جادر جانگیر جادر مێرۆزی
١٦٤، عەلی جانگیر جادر مێرۆزی
١٦٥. محەمەدئەمین مکایل مێرۆزی
١٦٦. عەزیز سەلیم مەمر ستوپەیی
١٦٧. عومەر سەلیم مەمر سوتپەیی
١٦٨. سەلیم وەسمان سەلیم سوپەیی
١٦٩. عەبدوڕەحمان ساڵح ستوپەیی
١٧٠. حەسەن ئەسمەر ستوپەیی
١٧١. یاسین ئەحمەد ستوپەیی
١٧٢. رشید نووح محەمەد سپیندارى
١٧٣. مەمر حاجی سپیندارى
١٧٤. یاسین عەلی شەمدین سپیندارى
١٧٥. عیسا عەبدوڵڵا عیسا سپیندارى
١٧٦. حوسێن عومەر جبرائیل سپیندارى
١٧٧. حوسەین خانۆ داویدکی
١٧٨. محێ دین عەبدوڕەحیم داویدکی
١٧٩. مستەفا ماجد محەمەد داویدکی

١٨٠. ماجد محەمەد تاهیر داویدکی

١٨١. حەلیما دەروێش حەسەن داویدکی، (تاقانەیە)

١٨٢. شێخ محەمەد شێخۆ شیفکی

١٨٣. ڕەشید ئیسماعیل ئەحمەد شیفکی

١٨٤. باقر مەلا عەبدوڵڵا شیفکی

١٨٥. محەمەد ئەیوب چیچۆ شیفکی

١٨٦. عەزیز قاسم پاڵانی

١٨٧. حوسەین بابەکر پاڵانی

١٨٨. حەسەن عەبدوڵڵا حەسەن ئاڤەدوری

١٨٩. بەکر سلێمان باپیر ئاڤەدوری

١٩٠. خەلیل ئەحمەد عومەر کوڕانی

١٩١. نەبی مامك بۆسی

١٩٢. مارۆ بۆسی

١٩٣. محەمەد سەعید ناڤکوڕکی

١٩٤. شاکر شەمدین ئیسماعیل هیزانی

١٩٥. حەمر بناڤی.(١٧٩)

---

(١٧٩) ئەمر ناوانەی سەرەوە، لەمر بەڕێزانە وەرگیراون: ناوەکانی گوندەکانی (شنگێل، داویتکا، بابسێفا، شیفکێ، هیزان و ئاڤەدور)، لە ڕێکەوتی ١٧ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز م.فازل شەریف سلێمان، ئەفسەری ڕێکخستن لە هێزی ٣٢ی تایبەت و بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگە یاندنی بەتالیونی (٣)ێ وەرگیراون. ناوەکانی گوندی سێلکێ، لە ڕێکەوتی ١٧ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز عەلی دەسکۆ سێلکی وەرگیراون. ناوەکانی گوندی دێزۆ، لە ڕێکەوتی ٢٧ /٧/ ٢٠١٩ لە بەڕێز خالید یاسین دێزۆیی و فەخرەدین حەجۆ دێزۆیی وەرگیراون. ناوەکانی گوندی مووکا، لە ڕێکەوتی ١٨ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز سیروان شێخ حاجی شێخۆ مووکی وەرگیراون. ناوەکانی گوندی پێندرۆ، لە ڕێکەوتی ١٠/٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز ئەسعەد تەها پێندرۆیی و محەمەدعەلی پێندرۆیی وەرگیراون. ناوەکانی گوندی مێرۆز، لە ڕێکەوتی ٩/٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز عوسمان سەبری مێرۆزی وەرگیراون. ناوەکانی گوندی گویزا وەلاتی، لە ڕێکەوتی ١٨ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز ئیدریس سەلیم گویزی وەرگیراون،

ناوەکانی گوندی سپینداریێ، لە ڕێکەوتی ٢٠ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز نووح ڕەشید سپینداری وەرگیراون.

ناوەکانی گوندی ستوپێ، لە ڕێکەوتی ٥ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز حەکیم محەمەد حەکیم ستوپەیی وەرگیراون. ناوەکانی گوندی مەموودان، لە ڕێکەوتی ٢٠ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێزان: محێ سمایل مەموودی و خالید یاسین مەموودی و ئیبراهیم شەریف مەموودی وەرگیراون، ناوەکانی گوندی کوڕان، لە ڕێکەوتی ٢٠ /٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێز سلێمان وەحید کوڕانی وەرگیراون . ناوەکانی دیکە، لە ڕێکەوتی١٠/٨/ ٢٠١٩ لە بەڕێزان: ئەسعەد تەها پێندرۆیی وەرگیراون. (نووسەر)

قۆناغی سێیەم، ساڵی (١٩٧٥) : دوای نسکۆی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول، ڕژێمی بەعسی فاشی، کەوتە پیلانگێڕی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، یەکێك لەو پیلانانەش کە گرتیەبەر بریتی بوو لە ڕاگواستنی هاوڵاتییانی کوردستان بۆ باشووری ئێراق، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شۆڕش لە ناوچە کوردنشینەکان بەرپا نەبێتەوە، چونکە گرنگی گوندەکان بۆ پێشمەرگە، وەك گرنگی ئاو بوو بۆ ماسی!

بۆیە بەعسییەکان، زۆرێك لە گوندەکانی کوردستانیان خاپوور و وێران کرد و خەڵکەکەشیان بەرەو باشووری ئێراق ڕاگواست، یەکێك لەو دەڤەرانە، کە لە ساڵی ١٩٧٥ کەوتە بەر ئەو شاڵاوە دڕندانەیە، گوندەکانی وەلاتی ژێری بوون لە دەڤەری مزووری باڵا.

سەرەتا خانووەکانیان بە (TNT) و (دینامێت) تەقێندرانەوە و لەگەڵ زەوی تەخت کران، ئینجا دانیشتووانی ئەو گوندانە بە زۆرەملێ بۆ شارەکانی دیوانییە و عەفەك و جەحیش لە باشووری ئێراق ڕاگوێزران و تا ساڵی ١٩٨٠ لە باشووری ئێراق مانەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ گەڕێندرانەوە بۆ کوردستان و لە ئوردووگا زۆرەملێیەکانی قۆشتەپە و قودس نیشتەجێ کران.(١٨٠)

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە.(١٨١)

ژ	ناوی گوندەکانی وەلاتی ژێری (دەڤەری مزووری باڵا)	شوێنی ڕاگواستن	ساڵی ڕاگواستن
١	ماسەکا	دیوانیە- عەفەك، جەحیش- مەرەجوجە- خێرین- سەماوە- قۆشتەپە- قودس	١٩٧٥-١٩٨٠
٢	هیزان	= = =	١٩٧٥-١٩٨٠
٣	تێل	= = =	١٩٧٥-١٩٨٠
٤	ئاڤەدوور	= = =	١٩٧٥-١٩٨٠
٥	بابسێفا	= = =	١٩٧٥-١٩٨٠
٦	داویدکا	= = =	١٩٧٥-١٩٨٠
٧	شیفکێ	= = =	١٩٧٥-١٩٨٠

(١٨٠ (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی سەربۆرا تراژیدیاێن بارزانییان، ڕێکارێ مزویری، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

(١٨١) پرسیار و وەڵام لەگەڵ بەڕێز م. فازل شەریف سلێمان، ئەفسەری ڕێکخستن لە هێزی ٣٢ی تایبەت و بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەتالیونی (٣)، بە تەلەفۆن، ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٥.

٨	هەلەوین	= = =	١٩٨٠-١٩٧٥
٩	بێکۆل	= = =	١٩٨٠-١٩٧٥
١٠	شنگێل	= = =	١٩٨٠-١٩٧٥
١١	گەراڤێ	= = =	١٩٨٠-١٩٧٥
١٢	ئەردێل	= = =	١٩٨٠-١٩٧٥
١٣	بێکرۆب	= = =	١٩٨٠-١٩٧٥

قۆناغی چوارەم، ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨): ئەم قۆناغە لە ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨)، دەستی پێکرد و خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا، وەك زۆرێك لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان. لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشییەوە کەوتنە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و خەڵکەکەی بەزۆرەملێ بۆ ئوردووگایە زۆرەملێیەکانی قۆشتەپە و بەحرکە و هەریر و دیانا و گووڕەتوو ڕاگوێزران. ئینجا خانووەکانیشیان بە (TNT)و (دینامێت) تەقێندرانەوە و لەگەڵ زەویی تەخت کران.

هەڵبەت بەعسییەکان، لەو ڕاگواستنە دوو ئامانجیان هەبوو.

یەکەم: بۆ ئەوە بوو ناوچە سنوورییەکانی کوردستان چۆڵ بکات، تاکوو چیتر گوندنشینان بە گیان و ماڵی خۆیان، کۆمەك و هاوکاریی شۆڕش و پێشمەرگە نەکەن، چونکە لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، جەماوەری کوردستان بەگشتی و گوندنشینان بەتایبەتی، پشت و پەنای پێشمەرگە و شۆڕش بوون.

دووەم: نیازی گڵاوی بەعسییەکان وا بوو، لە قۆناغی یەکەم کوردەکان بگوازنەوە بۆ ئوردووگایە زۆرەملێیەکان، لە قۆناغی دووەمدا، بیانگوازنەوە بۆ باشووری ئێراق و جینۆسایدیان بکەن، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئێراق- ئێران لە لایەك و، شەڕی ئێراق- کوێت و ئێراق- ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەکی دیکەوە، نەیانتوانی ئەو پیلانە گڵاوە جێبەجێ بکەن و خەونەکەیان بردە ژێر گڵ!

هەڵبەت دوای ڕاپەڕین، دەرفەتێکی زێڕین بۆ خەڵکی دەڤەری مزووری باڵا هاتە پێشەوە، تاکوو سەرلەنوێ ناوچەکەیان ئاوەدان بکەنەوە و کۆتایی بە ئاسەوارە وێرانکارییەکانی بەعس بهێنن.

بۆیە خەڵکێکی زۆر بە جۆش و خرۆشەوە گەڕانەوە زێدی باب و باپیرانی خۆیان و گوندەکانی خۆیان ئاوەدان کردەوە، نەخاسمە لە ساڵەکانی ١٩٩٣- ١٩٩٤ز، بەڵام بەهۆی کێشە و ململانێی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)و دەوڵەتی (تورکیا)، لە چوارچێوەی

سنووری ئەو دەڤەرەدا، وای کرد کە سەقامگیری ئەو ناوچەیە تێکبچێت و جارێکی دیکە، خەڵکی ئەو دەڤەرە ئاوارە ببێتەوە و زێدی باب و باپیرانی خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بکەنەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە، تا ئێستا سێ کۆمەڵگای نیشتەجێبوون، لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە دروست کراون، یەکەمیان لە مێرۆز و دووەمیان لە سێلکێ و سێیەمیشیان لە دازان.

بەڵام کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی مێرۆز، تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ئاسایشەوە بەچۆڵکراوی ماوەتەوە.

خۆراکە ڕەسەنەکانی کوردەواری

دەڤەری مزووری باڵا لە ڕووی لێنان و ئامادەکردنی خۆراکە ڕەسەنەکانی کوردەوارییەوە. تایبەتمەندی خۆی هەبووە، واتە زۆربەی زۆری ئەو خۆراکانەی کە لە کۆندا لە دەڤەری مزووری باڵا دروست دەکران، مۆرکێکی کوردانەی پێوە بووە، بەشێکیش لەو خۆراکانە تایبەت بووە بە ناوچەی مزووری باڵاوە.

گرنگترین ئەو خۆراکانەش ئەمانە بوون:

- **دۆهین (دەوین):** لە دۆ و کودی و دانەوێڵە و نۆك ئامادە دەکرا.
- **ترشك**: لە کفتەی گۆشت و دۆشاوی تەماتە و نۆك و گەڵای سڵق ئامادە دەکرا.
- **کوتڵدۆك:** لە کفتەی کاکڵە گوێز و دۆ یان کەشکی تواوە و نۆك ئامادە دەکرا
- **ماش:** لە ماشی ڕەش ئامادە دەکرا.
- **نیسك:** لە نیسك ئامادە دەکرا.
- **ساڤار (برۆش):** لە گەنمی کوتراو و هاڕاو ئامادە دەکرا، هەندێ جاریش شلەساواری بەگۆشتیان دروست دەکرد و تامێکی خۆشی هەبوو.
- **دانەقوت:** لە دانەوێڵە و گەڵای سڵق و تەماتە دروست دەکرا.
- **دانەهێرك:** لە برنج دروست دەکرا.
- **پەلی سوورك:** لە دۆشا و ئارد و ڕۆن دروست دەکرا.
- **یاپراخ (دۆلمە):** لە پەڵکەمێو و پیاز و کودی و بایجانی ڕەش و تەماتە و کەلەرم ئامادە دەکرا.
- **برنجەشیر:** برنجەشیر لە شیر و برنج دروست دەکرا.
- **قەلی:** لە گۆشتی مەڕ یان گا یان گولك یان بزن و گیسك دروست دەکرا.
- **قەلی سێل:** قەلی سێل، وەك قەلی، لە گۆشتی مەڕ یان گا یان گولك یان بزن و گیسك دروست دەکرا، بەڵام تایبەتمەندییەکەی ئەوە بوو، لەناو سێل دروست دەکرا و تامێکی خۆشی هەبوو.
- **سەروپێ (کەلەپاچە):** سەروپێ یان کەلەپاچە، لە سەرو پێی مەڕ و ماڵات ئامادە دەکرا و یەکێك بوو لە خواردنە خۆشەکان، نەخاسمە لە وەرزی زستاندا.

•**ئافك (مەرەگە):** ئافك بە زۆر جۆر و شێوە و بە چەندین خۆراکی جیاجیا ئامادە دەکرا، وەك: ئافکی لۆبیا، فاسۆلیا، نیسك، بامیا، تەماتە، کودی، بایجان، گۆشتی سوور، گۆشتی مریشك، گۆشتی قەڵ و کەو هتد.

•**برنج (پڵاو):** برنج یان پڵاو، بە چەندین جۆر و شێوە دروست دەکرا، وەك: برنجی سادە (سپی)، برنجی بە کاردی، برنجی بەسۆریاز، برنجی بەلۆشە، برنجی بەچۆرین، برنجی بە سترك، برنجی بەگۆشت و هتد.

هەر چەند، تا ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، برنج لە دەڤەری مزووری باڵا زۆر کەم بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەسانی دارا و دەوڵەمەند، هەروەها ئەوانەش کە ئاوێکی زۆریان هەبوو، کەم تا زۆر، برنجیان دەست دەکەوت!

•**کەنگر:** لە کەنگری کوڵاو و سوورکراوە دروست دەکرا.

•**کڤارك (قارچك):** لە کڤارك یان قارچك ئامادە دەکرا و بە شێوەی برژاندن یان کوڵاندن و سوورکردنەوە دروست دەکرا.

جۆرەکانی نان

هەڵبەت نان لە چەرخەکانی ڕابردوو، لە کوردستان بەگشتی و لە دەڤەری مزووری باڵا بە تایبەتی، بایەخ و گرنگییەکی زۆر و لەڕادەبەدەری هەبووە، چونکە جاران خۆراك و خواردەمەنییەکان یان هەر نەبوون، یانیش کەم بوون و بەشی خەڵکەکەی نەکردووە.

هەر بۆیەش، نان سەرەکیترین خۆراکی پاڵە و کرێکار و جووتیار و ڕێنجبەر و وەرزێر و کاسبکاران و تەنانەت ماڵباتەکانیش بووە، واتە، زۆر جار، کاتێ پاڵە و جووتیار و کرێکار و وەرزێرەکان دەچوونە ئیش و کار، جگە لە نان، هیچی دیکەیان نەبوو لەگەڵ خۆیان ببەن، تەنانەت بە پێی قسەی شایەتحاڵەکان و ڕیشسپییانی دەڤەرەکە، زۆر جار نانی جۆ و گەنمیشیان دەست نەدەکەوت، تەنانەت بە نانی هەرزن و تەڵەشامی و ڕێتك[١٨٢] ڕازی بوون و هەر لە بەیانی تا ئێوارە بە نان و زك کاریان دەکرد.

شایانی ئاماژەپێدانە، هەر لە دێر زەمانەوە تا پێش قۆناغی ڕاگواستن، چەندین جۆرە نان لە دەڤەری مزووری باڵا هەبووە، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

---

(١٨٢)ڕێتك: جۆرە نانێك بوو، بەبێ هەویرترش (خەمرە) دروست دەکرا و دەیان شێڵا و لەسەر سێل (ساج) دەیان کردە نان. (نووسەر)

• **نانی سێل (ساج):** نانی سێل (ساج)، بە نانی تەنکیش ناسراوە، لە ئاردی گەنم دروست دەکرا، نانێکی ڕەسەن و خۆش و بەتام بوو، جاران ئەم جۆرە نانە زۆر دەهاتە پاتن، بەڵام ئێستا دوای گۆڕینی ستایلی ژیان و پەیدابوونی شارستانییەت و کۆچکردنی لادینشینەکان بۆ شارەکان، کەمتر بووەتەوە، هەرچەند لەم ساڵانەی دواییدا، خۆشبەختانە داواکارییەکی زۆر لەسەر ئەم نانە پەیدا بووە، بۆیە لە زۆرێك لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، زۆر شوێنی تایبەت بە پاتنی ئەم نانە کراونەتەوە و وەك نانێکی مەرغوب، لەسەر جادە و شەقامەکان و لە دوکان و سۆپەر مارکێتەکان دەفرۆشرێت.

هەڵبەت جاران نانی ساج، لەسەر ئاگر دروست دەکرا، ئەم نانە، چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو، لە وانە:بەرگەی سەرما و گەرما و شێی دەگرت و زوو زوو تێکنەدەچوو و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمایەوە. هەروەها بۆ تەندروستیش زۆر باش بوو، چونکە بە ئاسانی هەرس دەکرا، هەروەها بەبێ هەویریش دروست دەکرا و هیچ ماددەیەکی کیمیایی تێکهەڵ بە هەویرەکەی نەدەکرا.

•**نانی ستویرك (تەنوور):** ئەم جۆرە نانە، بە یەکێك لە خۆشترین جۆرەکانی نان هەژمار دەکرا، نەخاسمە لە دەڤەری مزووری باڵا، چونکە تام و چێژێکی خۆشی هەبوو، نەخاسمە بە گەرمی و کاتێ لەگەڵ ماست و قەیماغ و پەنیر و کەرە بوایە.

هەڵبەت ئێستاش لە گوندەکان دەیپێژن، جاران، کابانەکان بۆ پاتنی ئەم جۆرە نانە، تەنووریان بە داری وشك، داغ دەکرد، ئینجا ئەنگۆتکیان بە پەنجە و ناو لەپی دەستی خۆیان پان دەکردەوە و دەیانخستە ناو تەنوورەوە و بۆ خولەکێك یان چەند خولەکێك نانەکە بە جوانی سوور دەبووە، ئینجا دەریاندەهێنا و دەیان خستە ناو تریان (سەبەت)ەوە.

•**نانی ناڤسێلك:** ئەم جۆرە نانە، لە ئاردی گەنم دروست دەکرا، سەرەتا ڕۆنیان لەناو ئاغلەویك (تاوە) سوور دەکردەوە، ئینجا ئەنگوتکی هەویریان بە شێوەیەکی بازنەیی پان دەکردەوە و دەیان خستە ناو ڕۆنە داغەکەوە و بۆ ماوەیەك لەناو ڕۆنەکەدا دەمایەوە، تا هەردوو لایەکەی جوان سوور دەبووە، ئینجا دەریان دەهێنا و لەگەڵ پێخۆر، وەك: "ماست و پەنیر و شیر و ژاژی و خامە و قەیماغ و هتد." دەیان خوارد، نەخاسمە لە بەیانیان.

•**نانی ناسکەنان:** ناسکەنان لە ئاردی گەنم دروست دەکرا و بە شێوە و قەبارە، وەك نانی سێل وا بوو، تەنیا جیاوازییەکەی ئەوە بوو، دیوی سەرەوەی ناسکەنان ڕۆنی لێ دەدرا، بەڵام نانی سێل بێ ڕۆن و سادە بوو.

●**نانی کادە:** نانی کادە جۆرە نانێکی دیکە بوو، کاتی خۆی لە دەڤەری مزووری باڵا دەپێژرا، ئەم نانە لە ئاردی گەنم دروست دەکرا و کاکڵە گوێزیان دەکردە ناوی و نانێکی خۆش و بەتام و وزەبەخش بوو بۆ جەستە، چونکە بەرگەی برسێتی دەگرت و مرۆڤ کە دەیخوارد، زوو زوو برسی نەدەبوو.

●**نانی کلوورە:** نانی کلوورە، جۆرە نانێکی دیکە بوو، کاتی خۆی لە دەڤەری مزووری باڵا دەپێژرا، ئەم نانە لە ئاردی گەنم دروست دەکرا و کاکڵە گوێزیان دەکردە ناوی و وەك نانی کادە خۆش و بەتام و وزەبەخش بوو بۆ جەستە، چونکە بەرگەی برسێتی دەگرت و مرۆڤ کە دەیخوارد، زوو زوو برسی نەدەبوو.

●**نانی سێگۆشە:** نانی سێگۆشە، لە ئاردی گەنم دروست دەکرا و شێوەکەی سێگۆشە بوو، بە کاکڵەگوێز و ڕۆن دروست دەکرا و وەك نانی کادە و کلوورە خۆش و بەتام و وزەبەخش بوو بۆ جەستە، چونکە بەرگەی برسێتی دەگرت و مرۆڤ کە دەیخوارد، زوو زوو برسی نەدەبوو.

●**نانی ڕێتك:** نانی ڕێتك، یەکێکە لە کۆنترین نانەکانی دەڤەری مزووری باڵا، کاتی خۆی لە گەنمی بەهاری، یان ئاردی جۆ دروست دەکرا و بۆ خواردن سوودی لێ وەردەگیرا.

هەروەها چەندین جۆرە نانی دیکە لە کۆندا هەبووە، لە وانە: "نانی تاڵە، نانی هەرزن، نانی خرۆڤی، نانی جۆ، نانی کێدوومە، نانی گەنمەشامی و نانی تەڵەشامی و هتد."(١٨٣)



باگوردان

(١٨٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەبدولەتیف سەعید شەرەف)، ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٢ لە هەولێر. (نووسەر)

گەمە و یارییەکان

ژیانی لادێ لە زەمانی ڕابردوو، زێدە سەخت و دژوار بووە، چونکە خۆژیاندن، بە ڕەنجی شان بووە. هەر بۆیەش لادێنشینەکان بە شەو و ڕۆژ غاریان دەدا، بۆ ئەوەی ورگی خۆیان و منداڵەکانیان تێر بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتی دەستبەتاڵی، خەڵکی گوندەکان بە شێوەی گروپ و کۆمەڵەی بچووك و گەورە، یاری و گەمەی جیاجیایان ئەنجام دەدا و کەمێك لە ئازار و ماندووبوونی خۆیان لە ڕێگەی ئەو یارییانەوە بە فەرامۆشی دەسپارد.

بۆیە لە دەڤەری مزووری باڵاش، وەك باقی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کۆمەڵێك یاری فرەجۆر و فرەشێوە بەرپاکراون، لە خوارەوە ناوی بەشێك لەو یاریانە دەخەینە ڕوو: "بەرزکردنەوەی باگوردان، ماچیکرنا ب دیواریڤە، ڤێلیچێ بابەلیچێ، کتکێ میرا، گورزا کورا، نیسکێ نۆکێ، دەستەگوڵانێ، گوستیلانێ، کێلەبەرانێ، بڕانێ، بەرحەفتوکانێ، خڕانێ، ئاڤبسکانێ، ئاڤشلکانێ، ماتانێ، کێشکێشۆکانێ، بەشارکانێ، هەڵمەتڤانێ، پلیتانێ، خشۆکانێ، ئاشئاشۆکانێ، بازەنێریانێ، بزندزانێ، بێدبێدۆکانێ، پارسەنگانێ، پێنکولاڤکانێ، پشت کولاڤکانێ، پەرەقوشکانێ، تیر و کڤانانێ، تەپ و مستانێ، چەمبیل چەمبیلانێ، چیڤێ کورانێ، چەپانێ، چین چینۆکانێ، خانیچکانێ، دامانێ، سێ ڕێزکانێ، شتانێ، شلۆکانێ، ڤەشارکانێ، قاڕانێ، قەراقەرانێ، ڤیتارانێ، قەلەقنچکانێ، قۆچانێ، کولیکانێ، کابانێ، کونکونیشکانێ، گاگریسکانێ، گولمشکانێ، دەستڤەچەماندنانێ، کەت و جووتانێ."(١٨٤)

---

(١٨٤) ئاماری ئەم یارییانە، لە دەستنووسی گوندی پێندرۆ، لە نووسینی بەڕێز (محەمەد عەلی سەعید پێندرۆیی) وەرگیراوە، چاپ نەکراوە. (نووسەر)

سەرچاوە دارایی و ئابوورییەکان

دەڤەری مزووری باڵا، پێش قۆناغی ڕاگواستن، لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵییەوە دەڤەرێکی فرە سەرچاوە بووە. هەر بۆیەش هاوڵاتییانی ئەو دەڤەرە بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان پشتیان پێی بەستبوو، گرنگترینیان ئەو سەرچاوانەش ئەمانە بوون:

●**کشتوکاڵ و ئاودێری:** یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری و داهاتی دەڤەری مزووری باڵا لەسەردەمی کۆندا، بریتی بووە لە کشتوکاڵ، وەك: چاندنی گەنم و جۆ و برنج و تاڵە و هەرزن و گەنمەشامی و تەڵەشامی و نۆك و نیسك و ماش و دانەوێڵە و هتد.

مزووریەکان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان، پەنایان بردۆتە بەر کشتوکاڵ، چونکە کەش و هەوا و زەویوزاری ئەو دەڤەرە گونجاو بووە بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.

بۆیە ساڵانە لە ڕێگەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانەوە دەیانتوانی تا ئەندازەیەکی باش پێداویستییە خۆراکییەکانی خۆیان وەك گەنم و جۆ و دانەوێڵە و خۆراکەکانی دیکە دابین بکەن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی ئێراق، کە لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩، لە سەرتاسەری ئێراق بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان و مەڕوماڵات ئەنجام دراوە.

باس لە زەوییە کشتوکاڵییەکان دەکات کە کەوتوونەتە ناو مڵك و یەکە کشتوکاڵییەکان، هەروەها باس لەو زەوییانە دەکات کە ناحیەی مزووری باڵا گونجاون بۆ کشتوکاڵ.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە:

یەکەی کارگێری	ڕووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە، کە کەوتوونەتە ناو مڵك و یەکە کشتوکاڵییەکان	ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن
ناحیەی مزووری باڵا	٥٠٥٧ دۆنم	٥٠٥٧ دۆنم

لـواء اربيـل — ٧٧ —

جدول رقـم (١٨)

الاراضي القابلة وغير القابلة للزراعة

الوحدات الادارية	مساحة الاراضي الواقعة ضمن الملكيات والوحدات الزراعية مشارة	مساحة الاراضي القابلة للزراعة مشارة	مساحة الاراضي غير القابلة للزراعة مشارة
١ ـ مركز قضاء اربيل	٨٥٥٣٨٩	٨٥٤٨٨٦	[illegible]
٢ ـ مركز قضاء شقلاوة	٢٥٨٠	٢٥٨٠	—
٣ ـ ناحية ديرة حرير	٧٨٤٢٥	٧٨٠٠٢	٤٢٣
٤ ـ ناحية خوشناو	٢٩٢٣٢	٢٩١٤٢	٩٠
٥ ـ ناحية صلاح الدين	١١١٢٥٦	١١١١٨٣	٧٣
٦ ـ مركز قضاء مخمور	١٤٥٥٦٧	١٤٥٥٦٧	—
٧ ـ ناحية الكوير	١٩٥٩٢٤	١٩٥٩٢٤	—
٨ ـ ناحية كنديناوة	٣٢٥٠٣٣	٣٢٥٠٣٢	—
٩ ـ ناحية قراج	٣١٩٨٩٧	٣١٩٨٩٧	—
١٠ ـ مركز قضاء كويسنجق	١٠٠٧٣٨	١٠٠٧٣٨	—
١١ ـ ناحية طقطق	٨٥٧٢٤	٨٥٧٢٤	—
١٢ ـ مركز قضاء راوندوز	٧٠٩٠٦	٧٠١٧٣	٧٣٣
١٣ ـ ناحية بالك	٢٧٦١٣	٢٧٦١٣	—
١٤ ـ ناحية برادوست	٢٢٩٧٨	٢٢٩٧٨	—
١٥ ـ مركز قضاء الزيبار	١٠٠٨٣	٩٠٦٨	١٠١٥
١٦ ـ ناحية بارزان	١٠٧٠٣	١٠٣٣٨	٣٦٥
١٧ ـ ناحية مزوري بالا	٥٠٥٧	٥٠٥٧	—
المجموع	٢٣٩٧١٠٥	٢٣٩٣٩٠٣	٣٢٠١

جووتکردن لە گوندی پێندرۆ،سەر بە دەڤەری مزووری باڵا، ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو

لە ڕاستەوە: مامۆستا جەلال مەجید، ئیسماعیل ساڵح پێندرۆیی (خوا لێی خۆش بێت).

لە ئەرشیفی مامۆستا جەلال مەجید وەرگیراوە

هەروەها لە هەمان ئاماردا، ئاماژە بە ڕووبەری زەوییە دێمییەکان دەکات کە ئاو دراون، هەروەها ڕووبەری ئەو زەوییە ئاوییانە دەدات، کە ئاو دراون.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە.

یەکەی کارگێڕی	ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە دێمین و ئاو دەدرێن	ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە ئاوین و ئاو دەدرێن	کۆی گشتی
ناحیەی مزووری باڵا	٤٠١١ دۆنم	١٢٣٣ دۆنم	٥٢٤٤ دۆنم

- ٧٨ -

لواء اربيل

جدول رقم (٣٠)

الري

الوحدات الادارية	مساحة الاراضي التي تسمى ديمية	مساحة الاراضي التي تسقى سيحا	مساحة الاراضي التي تسقى بواسطة الدواليب الآلية	مساحة الاراضي التي تسقى بواسطة المضخات	مساحة الاراضي التي تسقى بوسائط ري اخرى	المجموع
	مشارة	مشارة	مشارة	مشارة	مشارة	مشارة
١ ـ مركز قضاء [illegible]	٨٥٣٠٢٠	١٨٦٦	—	—	—	٨٥٤٨٨٦
٢ ـ مركز قضاء [illegible]	١٦٣٣	٩٤٦	—	—	—	٢٥٧٩
٣ ـ ناحية ديرة حرير	٧٢٧٧١	٥٢٣١	—	—	—	٧٨٠٠٢
٤ ـ ناحية خوشناو	٢٧٣٥٩	١٧٨٣	—	—	—	٢٩١٤٢
٥ ـ ناحية صلاح الدين	١٠٦٤١٥	٤٧٦٨	—	—	١	١١١١٨٤
٦ ـ مركز قضاء مخمور	١٤٤٩٤٦	٦٥١	—	—	—	١٤٥٥٩٧
٧ ـ ناحية [illegible]	١٩٣٠٨٢	٣٦١	٢٠٦	٢٣١٠	٦٥	١٩٥٩٢٤
٨ ـ ناحية كنديناوة	٢٩٩٩٦٥	٢٥٠٦٨	—	—	—	٣٢٥٠٣٣
٩ ـ ناحية قراج	٣١٩٣٣١	٧٦	—	—	٣٥٠	٣١٧٩٥٧
١٠ ـ مركز قضاء كويسنجق	٩٩٠٦٣	١٦٧٥	—	—	—	١٠٠٧٣٨
١١ ـ ناحية طق طق	٨١٦١٨	٤٠٢٦	—	—	—	٨٥٦٤٤
١٢ ـ مركز قضاء راوندوز	٦٤٨٧٥	٥٢٩٨	—	—	—	٧٠١٧٣
١٣ ـ ناحية [illegible]	٦٦٥٥	٢٠٩٥٨	—	—	٣	٢٧٦١٦
١٤ ـ ناحية برادوست	١١٣٧٧	١١٦٠١	—	—	—	٢٢٩٧٨
١٥ ـ مركز قضاء الزيبار	٨٣٨٦	٦٨٢	—	—	—	٩٠٦٨
١٦ ـ ناحية بارزان	٦٧٩٦	٣٥٤٢	—	—	—	١٠٣٣٨
١٧ ـ ناحية مزوري بالا	٤٠١١	١٢٣٣	—	—	—	٥٢٤٤
المجموع	٢٣٠١٣٠٣	٨٩٦٦٥	٢٠٦	٢٣١٠	٤١٩	٢٣٩٣٩٠٣

هەروەها لە هەمان ئاماردا، ئاماژە بەو زەوییە کشتوکاڵییانە دراوە کە لە ساڵی (١٩٥٧-١٩٥٨) و (١٩٥٦-١٩٥٧) لە وەرزی چاندن، کێڵدراون و نەکێڵدراون، هەروەها ئەو زەوییانەی کراونەتە باخی میوەجات و ڕەزی ترێ، دیسان ئەو زەوییانەی کێڵدراون بۆ چاندنی ئاڵیك و لەوەڕی مەڕوماڵات.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە.

یەکەی کارگێڕی	ڕووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە لە ساڵی (١٩٥٧-١٩٥٨) لە وەرزی چاندن، کێلدراون	ڕووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە لە ساڵی (١٩٥٦-١٩٥٧) لە وەرزی چاندن، کێلدراون	ڕووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە لە ساڵی (١٩٥٧-١٩٥٨) نەکێلدراون	ڕووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە لە ساڵی (١٩٥٦-١٩٥٧) نەکێلدراون	ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە کراونەتە باخی میوەجات و ڕەز (باخی ترێ)	ڕووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە بە بەردەوامی کێلدراون بە بەرهەمهێنانی بەروبوومی لەوەڕگا
ناحیەی مزووری باڵا	٣٨٠٠ دۆنم	٣٧٢٤ دۆنم	٨٥٩ دۆنم	٩٣١ دۆنم	٣٥٨ دۆنم	٤٠ دۆنم



هەروەها لەو ئامارەدا، ئاماژە بە ژمارەی ئەو نێر و مێیانە کراوە، کە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا کار دەکەن و تەمەنیان لە سەرووی (١٤)ساڵییەوەیە، یاخود لە ١٤ ساڵی و خوار ١٤ ساڵییەوە.

هەمدیسان ئەو جووتیارانەش کە خاوەن زەوی کشتوکاڵین و ئەوانەش کە زەوییەکانیان بە پارە بە کرێ داوەتە جووتیارەکان.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکانی خوارەوە بکە.

ئەو کەسانەی لە ناو زەوی و یەکە کشتوکاڵییەکاندا کار دەکەن

